# یەکگرتن

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیوریە

هەواڵنامەی کتێب

ژمارە چوار
١٩٨٧

بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە (٤)
تشرینی دوەم
١٩٨٧

# یەکگرتن
Yekgirtin

گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆریە

دەستەی نوسەران: ا . ی . توانا
ئاوارە
ئەنجام

هەواڵنامەی کتێب

* "پێش ئەوەی یەکگرین ، بۆ ئەوەی یەکگرین ، ئەبێ بەر لە هەموو شتێك سنوری نێوانمان بێ سڵ کردنەوە و بە ڕوون و ئاشکرایی دیاری بکەین ." لینین

* "لەوانەیە جیاوازی بیروڕامان هەبێت ، بەڵام ئامادەم گیانی خۆم بەخت بکەم بۆ ئەوەی بتوانی داکۆکی لە بیروڕای خۆت بکەیت ." ڤۆلتێر

بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن بڵاوی دەکاتەوە

# ئەم گۆڤارە

یەکەم: گۆڤارێکی ڕۆشنبیری تیۆریە، تێدەکۆشێ بۆ هاندانی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانستی کۆمەڵایەتی - سیاسی دا و خەبات دەکات بۆ خۆشکردنی زەمینەی فیکری و تیۆری بۆ یەکگرتنی چەپە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و یەکێتی ڕیزەکانی گەلی کوردستان.

دووەم: گۆڤارێکی سەربەخۆیە، پێڕەوی تیۆری سۆسیالیزمی زانستی دەکات و لەپێناو ئامانجە ڕەواکانی گەلی کوردستاندا تێدەکۆشێ: واتە ڕزگاری نیشتمانی و دیموکراتیەت وسۆسیالیزم و یەکگرتنەوەی کوردستان.

سێیەم: گۆڤارێکە لاپەڕەکانی کراوەیە بۆ هەموو بیروڕایێکی پێشکەوتنخواز، بە مەرجێ لایەنی بابەتی و زانستی و جیددی پێویستی تێدا بێت. واتە گۆڤاری هەموو پێشکەوتنخوازەکانی کوردستانە لەگەڵ جیاوازی بیروڕا و تێڕوانینی سیاسیاندا.

چوارەم: گۆڤارێکە ئەزموون و شارەزایی خەباتی حیزب و مرۆڤە شۆڕشگێڕەکانی دنیا بە جەماوەری کوردستان دەناسێنێ بۆ سوود وەرگرتن لە وانەو بەندە دەوڵەمەندەکانیان.

بۆیە داوا لە هەموو لایەن و مرۆڤە شۆڕشگێڕ و دڵسۆزەکانی کوردستان دەکەین بەشداری کاریگەرانە لەم پرۆژە ڕۆشنبیری تیۆریەدا بکەن، کە دەمانەوێ بیکەینە هەنگاوێک لەسەر ڕێگەی سازکردنی ئامرازەکانی بزواندنی ڕۆشنبیری شۆڕشگێڕی لە کوردستان دا.

## ناونیشانی یەکگرتن:


YEKGIRTI
P.O BOX (227)
1502 København V
DANMARK

یان

YEKGIRTIN
P.A 1080 WIEN
POSTFACH (68)
AUSTRIA

ژمارەی بانك:

Bikuben:
Silkegade 8, DK-1113 Kbh.K/DANMARK
YEKGIRTIN- Konto nr. 274-02-64616 .


نرخی - ١٥ کرۆن + پەردی پۆست.

# ناواخن


چەند سەرنجێك دەربارەی جەنگی عیراق و ئێران ٥
خوێندكاران و ڕێكخراوە خوێندكارییەكانی دورە وڵات ٤٢
سەرنجێك لە " لاكردنەوەیەك لەكتێبی سەرمایە " ٥٦
ئازادی بۆ تێكۆشەرانی گەلەكەمان : ٦٦
مەلابەختیار ، مامۆستا بەكۆ ، شێخ عەلی
مەتریالیزمی مێژوو لەچی دەكۆڵێتەوە ؟ ٦٨
مێژووی جولانەوەی كرێكاری ٨٣
پاشكۆی ئەدەب و هونەر :
ئەدیب و دەروەستی ١١١
كەلچەری كوردی لە دوورە وڵاتیدا ١٣٣
گێژەن : تیا بزركردنی بنەمایەكی بنچینەیی هونەر ١٤٩
شێركۆ بێكەس : ڕوخساری شاعیرانەی تێكۆشانی گەلەكەمان ١٧٠
نەبیسترن مەچ زۆیە ؟! ١٧٢
زیندانی سێ ١٧٤
وتارێك ١٧٧
چوار پارچە شیعر ١٨٠
سەرچۆپی ١٨٣
رامانێك ١٨٧


هەواڵنامەی کتێب

# سەرنجێك

لەپێناو پەرەپێدانی گۆڤاری "یەكگرتن" و چاكتر بەشداریكردنی نوسەر و ئەدیب و هونەرمەندەكانی كوردستان لە ژمارەكانی ە بەچاكی دەزانین سەرنجی هەموو لایەك بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە رابكێشین :

١/ گۆڤاری "یەكگرتن" پێشوازی لە هەموو جۆرە بەشداریكردنێكی تیۆری و فیكری و ئەدەبی و هونەری ...هتد دەكات ( جا نووسراوبێ یان وەرگێڕدراو ) بەمەرجێك لایەنی بابەتی و زانستی و واقیعی پێویستی تێدا بێت و جەماوەر بەگیانی تێكۆشان و خۆشەویستی گەل و مرۆڤایەتی پەروەردە بكات و هانی بدات بۆ لێكۆڵینەوە و خۆ هوشیار كردنەوە .

٢/ بەپێی ئەستور بەو پرنسیپانەی گۆڤاری "یەكگرتن"ی لەسەر بیناكراوە ، ئامادەنین ئەو جۆرە بابەتانە بڵاوبكەینەوە كە لەقاڵبی ناكۆكی حیزبایەتی و شەخسیدا دادەڕێژرێن و دوورن لەكاری گۆڤارێكی ڕۆشنبیری تیۆری وەك "یەكگرتن"ەوە .

٣/ دەربارەی ئەو بابەتانەی بۆمان ڕەوانە دەكرێن چەند تێبینیەكمان هەیە :

* دوای یەك مانگ لە گەیشتنی بابەتەكە ، وەڵامی نێرەر دەدرێتەوە و لەبڵاوكردنەوە یان بڵاونەكردنەوەی ئاگادار دەكرێتەوە ، بەڵام لە هەردوو حاڵەتەكەدا دەست نووسینەكە بۆ خاوەنەكەی ناگێڕدرێتەوە .

* هەتا كاتی وەرگرتنی وەڵامی "یەكگرتن" ، نابێ نێرەری بابەتەكە هەوڵ بدات بۆ ڕەوانەكردنی هەمان بابەت بۆ گۆڤار و ڕۆژنامەی تر .

* واچاكە بابەتەكە بەشێوەیەكی ڕون و ئاشكرا بنووسرێ و ڕەچاوی پرنسیبەكانی نووسینی زانستی تێدا بكرێ و پەراوێز وسەرچاوەكانی بە ڕونی و ڕێكوپێكی دەست نیشان بكرێ .

* ئەگەر بابەتەكە وەرگێڕدراو بوو ، واچاكە وێنەیەكی نووسینە ئەسڵیەكەشی لەگەڵ ڕەوانەبكرێ ، بۆ بەراوردكردن و بڵاوكردنەوەی بابەتەكە بەشێوەیەكی زانستی و ڕێكوپێك .

* بابەتەكە یەكسەر و لەسەر یەكێك لەو دوو ناونیشانەی لە یەكگرتن دا هەیە ڕەوانە بكرێت بۆ بنكەی ڕۆشنبیری یەكگرتن .

٤/ ئەو بابەتانەی لە "یەكگرتن" دا بڵاودەبێتەوە تەنیا دەربڕی بیروڕای نێرەرەكانیانە و مەرج نیە لەگەڵ بیروڕای گۆڤارەكەدا جوت و تەبا بن ، بڵاوبونەوەشیان بەندە بەناوەڕۆكی بابەتەكانیانەوە .

سەروتار

# چەند سەرنجێك دەربارەی جەنگی عیراق و ئێران

## چەمکی جەنگ و چەند وشەیەکی پێویست

مێژووی دورودرێژی کۆمەڵگای چینایەتی ، ژمارەیەکی زۆر جەنگی بەخۆوە دیوە . لە ماوەی پێنج هەزار ساڵی ڕابردوودا ، گەلان بەدەست چواردە هەزار جەنگ زیاترەوە ناڵاندویانە . تەنیا لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ، مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی دوو جەنگی جیهانی بۆتەوە . هەروەها چارەنوسی هەموو هەنگاوێکی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا چینایەتیەکان ، جەنگ و پێکدادان و خوێن ڕشتنی لەگەڵدا بووە .

جەنگ چارەنوسێکی حەتمی گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نیە ، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویە ، لەسەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا سەری هەڵداوەو ڕۆژێکیش دێ جەنگی تیادا نامێنێ . بەواتایەکی تر جەنگ وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی - سیاسی لە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەکردنی مێژووی مرۆڤایەتیدا : قۆناغی شیبوونەوەی ڕژێمی کۆمونەی سەرەتایی و لە دایکبوونی شێوازی بەرهەمهێنانی کۆیلایەتی ، سەری هەڵداوە کە خاوەندارێتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان پەیدابووەو کۆمەڵگا دابەشبووە بۆ چینی چەوسێنەرو چەوساوە . ئەنگلز لەم بارەیەوە نووسیویەتی : " جەنگ چینەکان و جیاوازی ئاستی خاوەندارێتیی نەهێناوەتە ئاراوە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە خاوەندارێتیو دابەشبوونی کۆمەڵ بەسەر چینەکاندا جەنگیان هێناوەتە

ئاراوە " . بەو پێیەش جەنگ وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی هەمیشە لە خزمەتی ئامانجە سیاسیەکانی چەند چینێکی دیاریکراودا بووەو بۆ یەکەم جار لە کۆمەڵگای چینایەتیدا سەری هەڵداوە ؛ واتە بەرهەمی کۆمەڵگای چینایەتیەو لەگەڵیدا دەچێتە رێوە . ئەوەی شایانی باسە سەرهەڵدانی جەنگ و سروشت و شوێنەواری لە مێژوودا ، وەك هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویی تر ، بە پێی ئەو یاسایانەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دەچێتەرێوە کە مارکسیزم ـ لێنینزم دۆزیویەتیەوە.

جەنگەکان هەموو هاوشێوەنین و لەیەك ناچن . هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی هەلومەرجی مێژوویی سەرهەڵدانی جەنگ و هۆکانی هەڵگیرسانیو ئەو ئامانجانەی لەپێناویاندا بەرپاکراون . هەروەها جەنگەکان لە ڕووی چەك و تفاق ، شێوازی چالاکیەکان ، شوێن ، کات، ژمارەی بێکدادانەکان و بەرفراوانیەوە جیاوازیان هەیە . بەلاّم هەموو کاتێك جەنگ شێوەیەکی توندوتیژ بووە بۆ چارەسەرکردنی ململانێی کۆمەڵایەتی .

جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە بە شێوەیەکیتر . لە ڕوانگەی مارکسیزم ـ لینینزمەوە ، مەسەلەی سروشتی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی جەنگ ، مەسەلەیەکی بنچینەییە بۆ شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی جەنگەکە . چونکە ناسینی سروشتی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی جەنگ مانای دۆزینەوەی ناوەڕۆکە چینایەتیەکەیتی ، مانای دیاریکردنی ئامانجەکانی و بەرژەوەندی چین ودەوڵەتە دژبەیەکەکانە . جەنگ ڕەنگدانەوەی سیاسەتی ناوخۆی وولاتێکە بەر لە هەڵگیرسانی ، لێنین لەم بارەیەوە نووسیویەتی:
" جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە بەشێوەیەکیتر . هەموو جەنگێك پەیوەندیەکی لەپچڕان نەهاتووی لەگەڵ ئەو ڕژێمەدا هەیە،کە بۆتە هۆی سەرهەڵدانی . ئەو سیاسەتەی بەر لە هەڵگیرسانی جەنگ بە ماوەیەکی دوورودرێژ لە لایەن دەوڵەتێکی دیاریکراو یان چینێکی دیاریکراوی ناو ئەو دەوڵەتەوە پێڕەوی کراوە ، هەمان ئەو سیاسەتەیە کە ئەو چینە بە شێوەیەکی حەتمی لە ڕێڕەوی جەنگدا درێژەی پێدەدات ، بەلاّم بەشێوەیەکیتر" . بەو پێیە ناتوانین لە ناوەڕۆکی جەنگ بگەین ، ئەگەر نەتوانین لەپەیوەندی نێوان جەنگ و سیاسەتی پێشو بگەین و نەتوانین دیراسەی سیاسەتی دووفاقی جەنگەکە بکەین بەر لە هەڵگیرسانی .

جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتە بە ئامرازی بەزەبر ، جێبەجێکەری سیاسەتە لە ڕێگەی جەنگەوە . ئەمەش نیشانەی بنچینەی جیاکەرەوەی جەنگە ، بەلاّم ئەوە مانای ئەوەنیە هەموو پێکدادانێکی چەکداری بە جەنگ دابنێین . چونکە بەبێ هەبوونی ئامانجی سیاسی ، توند و

تیژترین پێکدادان بە جەنگ ناژمێردرێ . لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین، کە بەرژەوەندی سیاسی ئەو چین و دەوڵەتانەی لە جەنگدان، ئامانجی جەنگەکە دیاری دەکەن و، خەباتی چەکداریش تەنیا ئامرازێکە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە . ئەم دوو مەسەلەیەش پێکەوە ناوەڕۆکی جەنگ- وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی - دیاری دەکەن. بەواتایەکی تر ناوەڕۆکی جەنگ: مەسەلەی بریاردەر کە دەربری سروشتی جەنگ و جیاوازی چۆنایەتی نێوان جەنگ و ئاشتیە، بریتیە لەوەی کە جەنگ درێژەپێدانی سیاسەتی چین و دەوڵەت و هاوپەیمانیی دیاریکراوە لە ڕێگەی ئامرازی بەزەبرەوە .

ناوەڕۆکی سیاسی جەنگ لە ڕێگەی سروشتی ئەو ئامانجە سیاسیانەوە دەردەکەوێ، کە چین یان دەوڵەت و هاوپەیمانی دیاریکراوی دژبەیەك دەری دەبرن . ئەو ناوەڕۆکەش بەپێی سەردەمی مێژوویی گۆڕانی بەسەردا دێ، بۆ نموونە لە کاتێکدا جەنگی بۆرجوازیەت لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا ڕزگاریخوازو پێشکەوتنخوازانە بوو، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بووە جەنگێکی ئیمپریالیستی کۆنەپەرستانە . لەوانەیە ناوەڕۆکی سیاسی جەنگ لەلای هەردوو لایەنی جەنگەکە یەك بێ، وەك ئەوەی کاتی یەکەمین جەنگی جیهانی، بەلام لەوانەشە ناوەڕۆکی سیاسی جەنگەکە لەلای لایەنەکانی جەنگ جیاواز بێ، بە تایبەتی لەو کاتەدا کە جەنگەکە بۆ لایەك ڕەوابێ و بۆ لاکەی تریش ناڕەوابێ .

پێکدادانی چەکداری ئامرازی بنچینەیی و توخمی جیاکەرەوەی جەنگە، زۆر جار مێژووی دەست پێکردنی جەنگ دەگێردرێتەوە بۆ ڕۆژی دەست پێکردنی پێکدادانی چەکداری، بەلام جەنگ تەنیا پێکدادانی چەکداری نێوان لایەنەکان نیە، بەلکو ململانێی توندوتیژە لە نێوان سیاسەت، ئابوری، ئایدیۆلۆجیەتی لایەنەکاندا و، بەدەست پێکردنی جەنگ هەموو ئەو لایەنانە ئاراستەی سەرکەوتن و هێنانەدی ئامانجەکانی جەنگ دەکرێن . لێرەشدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە رابکێشین کە ئەگەر جەنگ بریتیبێ لە شێوەیەکی تایبەتی کاری سیاسی گرێدراو لەگەڵ تێکرای پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئەوا ئەو ناکۆکیە چینایەتیانەی لەکاتی ئاشتیدا لەشی کۆمەڵ کلۆر دەکەن، لەکاتی جەنگدا لەناوناچێ وململانێی چینایەتیش شوێن بۆ "ئاشتی چینایەتی" چۆڵ ناکات، بەڵکو شێوەو ئاقارەکەی بەهۆی جەنگەکەوە گۆڕانی بەسەردا دێت . لینین لەم بارەیەوە نووسیویەتی:" ئەو ململانێ چینایەتیەی لەشی گەلانی کلۆرکردوە هێشتا لە ئارادایەو لەکاتی جەنگدا بە شێوەی جەنگی خۆی دەنوێنێ " .

جەنگ بە خۆڕسکیانە ڕونادات، بەڵکو لە ئەنجامی ئەو پرۆسە خۆڕسکیە جۆراوجۆرانە دێتە ئاراوە، کە ڕژێمەکان ناتوانن ڕێگە لە سەرهەڵدان و گەشەکردنیان بگرن، وە لەلایەن چینە چەوسێنەرەکانەوە وبەنهێنی و هۆشمەندانە زەمینەی بۆخۆش دەکرێ و پێداویستیە سیاسی و ئابوری و سەربازی و ئایدیۆلۆجی و دیبلۆماسیەکانی بۆ ئامادەدەکرێ و لەکاتی گونجاو و لەبارێشدا هەڵی دەگیرسێنن.

ئەوەی شایانی باسە سیاسەت تەنیا ڕۆڵی کاریگەری لە سازکردنی جەنگدا نیە، بەڵکو دەورێکی زۆریشی لە ئاراستەکردنیدا هەیە. چونکە لینین وتەنی: جەنگ لە ئەلفەوە هەتا یا سیاسەتەو درێژەی جێبەجێکردنی ئامانجی چینەکانە بەشێوەیەکیتر. لەبەرئەوە سیاسەت کاردەکاتە سەر ستراتیجیەتی جەنگ و جۆروشێوازو ئامرازەکانی پێکدادانەکان. بەڵام بۆ ئەوەی سیاسەت بتوانێ ئەو لایەنانە ئاراستە بکات، دەبێ هەلومەرجی ئابوری و لایەنەکانی تری ژیانی کۆمەڵایەتی لەبەرچاو بگرێ.

جەنگ تەنیا پاشکۆیەکی سەلبی سیاسەت نیە، بەڵکو کار لەسیاسەت خۆیشی دەکات و دەبێتە هۆی خاوبوونەوە یان توندوتیژبوونی پرۆسەی خەملاندنی ململانێی کۆمەڵایەتی بزوێنەری کۆمەڵگای چینایەتی، ئەو کاریگەریەش لە سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەدا بەدی دەکرێ. هەر لەبەر ئەو هۆیەش شتێکی سەیر نیە ئەم یان ئەو دەوڵەت لەکاتی جەنگدا بەلایەنەکانی سیاسەتی خۆیاندا بچنەوەو لە خزمەتی جەنگ و پێداویستیە نوێکاندا بیخەنەگەڕ، بەڵام هیچ کاتێک ئەو گۆڕانکاریە مانای دەستبەرداربوونی ئامانج و بەرژەوەندیە تایبەتیەکان نیە، بەڵکو مانای گۆڕینیانە بەشێوەیەکی وەها کە بتوانن چاکتر خزمەتی ئامانج و بەرژەوەندیەکانی جەنگ بکەن.

کاتێ جەنگ دەستپێ دەکات، زەمینە بۆ بۆرجوازیەت سازدەبێ هەندێ شوێنەوار لە چینی کرێکار وەربگرێتەوەو هەلومەرجی جەنگ بقۆزێتەوە بۆ زەبروەشاندن لە پرۆلیتاریا و ڕەنجدەران و ڕێکخراوە شۆڕشگێریەکانیان. هەروەها بۆرجوازیەت هەوڵ دەدات لە ڕێگەی سیاسەتی دیماگۆگیانەی ساختەی خۆیەوە، ژمارەیەکی زۆر لە چەوساوەکان تووشی نەخۆشی شۆڤێنیزم بکات و لەو ڕێگەیەشەوە گەمارۆی جولانەوەی شۆڕشگێڕی بدات و کاریگەری کەم بکاتەوە. شان بەشانی ئەوە جەنگ یارمەتی قوڵبونەوەی تەنگوچەڵەمەکانی بۆرجوازیەت و پەرەسەندنی ململانێی چینایەتی دەدات و زەمینە بۆ سەرکەوتنی چینی کرێکار خۆش دەکات. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نیە کە پەیوەندی هۆ و ئەنجام لە نێوان جەنگ و شۆڕشدا هەیە. چونکە شارەزایی مێژوویی

ئەوەی دوپاتکردۆتەوە کە هۆی بڕیاردەری گۆرانکاری شۆڕشگێڕی، جەنگ نیە، بەڵکو ناکۆکیە کۆمەلایەتیەکان و گەشەکردنی خەباتی چینایەتی ناو وولاتەکەیە. ئەمەش لە هەلومەرجی دیاریکراودا جەنگ پەرە بە چالاکی رەنجدەران بدات و هانیان بدات بۆ کاری شۆڕشگێڕانە، بەلام لەوانەشە جەنگ ببێتە کۆسپی سەر ڕێگەی گەشەکردنی مێژوو. چونکە جەنگ ژیانی ئابوری دەشێوێنێ، پرۆسە کۆمەلایەتیەکان تێکدەدات و هوشیاری و رەفتاری جەماوەر دەگۆڕێ و دەکرێ وەک ئامرازێک بەکاربهێنرێ بۆ پاراستن و هێشتنەوەی ڕژێم و توندوتیژکردنی چەوساندنەوەو هەندێ کاتیش بەکاربهێنرێ بۆ وروژاندنی بیروباوەڕی کۆنەپەرستی خێلەکی و نەتەوەپەرستی بەرچاو تەنگ.

هەلومەرجی ئابوری و کۆمەلایەتی سەرهەلدانی جەنگ و ئامانجە سیاسیەکانی، ڕۆڵی جۆراوجۆر لە ژیانی کۆمەلدا هەیە. لینین ووتەنی «جەنگ مەسەلەیەکی یەکجار جۆراوجۆر و جیاواز و ئالۆزە، ناکرێ بە کلێشەی ئاسایی چارەسەر بکرێ»، بەڵکو پێویستە جەنگ لەڕێگەی شیکردنەوەی هەستپێکراوەوە هەلبسەنگێنرێ. چونکە هەموو جۆرە جەنگێک کە لە ئەنجامی ناکۆکیەکانی هەلومەرجێکی مێژوویی دیاریکراو سەرهەلدەدات، ڕوخساری تایبەتی خۆی هەیە و بەهۆی ئەوەوە لە جەنگی تر جیا دەکرێتەوە. بەلام ئەوە هەلسەنگاندنی کۆمەلایەتی جەنگ بەپێی سروشتی چینایەتی لایەنەکانی و ئامانجە سیاسیەکانی ڕەت ناکاتەوە. کارپێکردنی شیکردنەوەی هەستپێکراوی سروشتی چینایەتی جەنگ، یارمەتی دۆزینەوەی ڕوخسارەکانی ناوەرۆکی سیاسی و سروشتی کۆمەلایەتی جەنگ دەدات. دیاریکردنی ناوەرۆکی جەنگیش مانای تێگەیشتنە لە جۆری سروشتی چینایەتی جەنگ، مانای زانینی هۆی سەرهەلدانی جەنگ و ناسینی ماهیەتی ئەو چینانەیە کە هەلیدەگیرسێنن و جۆری ئەو هەلومەرجە مێژوویی - ئابوریەیە کە بۆتە هۆی سەرهەلدانی. ئەوەی شایانی باسە ئەگەر بێت و دیراسەی ناوەرۆک و ناقاری سیاسی بەر لە هەلگیرسانی جەنگ لەلایەن ئەو چین و دەولەتانەوە بکەین، ئەوا دەتوانین بەر لە هەلگیرسانی جەنگ یان لە ڕۆژانی سەرەتای دەستپێکردنی دا، سروشتی جەنگەکە دیاری بکەین. ئەم مەسەلەیەش گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ دیاریکردنی هەلوێستی ڕاست و دروستی چینە پێشرەوەکان بەرامبەر جەنگ: هەلوێستی پشتگیری کردن یان دژایەتی کردن.

ناوەرۆکی سیاسی جەنگ ڕۆڵی مێژوویی جەنگەکە لە ژیانی کۆمەلگای مرۆڤایەتیدا دیاری دەکات. بەو پێیەش جەنگ کاردەکاتە سەرگەشەکردنی دەولەتەکان و ئەمەش سروشتێکی پێشکەوتنخوازانە یان کۆنەپەرستانەی



هەواڵنامەی کتێب

هەبێت . تیۆری لێنینیزم بەرامبەر ناوەڕۆکی جەنگ بایەخێکی تیۆری بەرزو گرنگیەکی پراکتیکی مەزنی هەیە بۆ دەست نیشان کردنی راستی . ئەوەی شایانی باسە پەیوەندیەکی ئۆرگانیکی هەیە لەنێوان ناوەڕۆکی سیاسی جەنگ و هەڵسەنگاندنی کۆمەلایەتی جەنگدا وەك جەنگی ڕەوا و ناڕەوا . لێرەشدا هەمیشە هەڵسەنگاندنی مەعنەوی دیاردە مێژوییەکانی کۆمەڵگای چینایەتی ، مانایەکی سیاسی و چینایەتی خۆی هەیە . بۆیە سروشتی چینایەتی جەنگ لە ناسنامەی مەعنەوی ـ سیاسیدابەدی دەکرێ . ئەو ناسنامەیەش مەسەلەیەکی خۆبەخۆ نیە ، بەڵکو دەربڕی ڕۆڵی مێژوویی هەموو جەنگێکە لە هەلومەرجی مێژوویی دیاریکراودا . ئەوەی ڕاستیبێ جیاوازیەکی تەواو لە نێوان جەنگی ڕەوا و جەنگی ناڕەوادا هەیە ، جا ئەو جیاوازیە لەڕوی ئامانجی پێشکەوتنخوازی یان کۆنەپەرستی لایەنەکانی جەنگەکەوەبێ ، یاخود ڕزگاریخوازی یان دەستدرێژکەرانەی جەنگەکەوەبێ . لێرەدا پرسیارێك ڕوی دەمی خۆیمان تێدەکات و دەپرسێ : ئایا جەنگی ڕەوا و جەنگی ناڕەوا چین و دەبێ هەڵوێستی شۆڕشگێڕەکان بەرامبەر هەریەکێکیان چۆن بێ ؟

لەوەلامی ئەو پرسیارەدا دەڵێین : جەنگی ڕەوا ئەو جەنگانە دەگرێتەوە کە لە پێناو سەربەستیو پێشکەوتنی کۆمەلایەتیو ڕزگاربوون لە چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتیو داکۆکیکردن لەسەربەخۆیی نیشتماندا بەرپادەکرێ . جەنگی ناڕەواش ئەو جەنگانە دەگرێتەوە کە بۆ داگیرکردنی خاك و چەوساندنەوەی گەلان و تالانکردنی سەروەت و سامانەکانیان بەرپادەکریو ئامانجی وەستاندنی ڕەوڕەوەی گەشەکردنی کۆمەلایەتیە . ئەوەیشایانی باسە لینین هەمیشە داپەروەری و ڕەوابوونی جەنگی بەستۆتەوە بە پێشکەوتنخوازی جەنگەکەوەو لەم بارەیەوە نووسیویەتی : " ... جەنگی ڕەوا و ناڕەوا ، پێشکەوتنخوازانە و کۆنەپەرستانە هەیە : جەنگێك کەچینە پێشرەوەکان یان چینە دواکەوتووەکان بەرپای دەکەن ، جەنگێك کەخزمەتی چەسپاندنی چەوساندنەوەی چینایەتی دەکات و جەنگێك خزمەتی لەناوبردنی چەوساندنەوەی چینایەتی دەکات ". لەبەر ئەم هۆیەشە جەنگی کۆنەپەرستانە ناڕەوایە و جەنگی دەستدرێژکەرانەش لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەلایەتیدا ناکۆك و ناتەبایە . ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە نابێ بەشێوەیەکی وەستاو و ڕوت و ڕەها سەیری ڕەوابوون و ناڕەوابوونی جەنگ بکەین ، چونکە دەشێ جەنگێك لەیەکەمەوە بگۆڕێ بۆ دوەم و بە پێچەوانەوە ، بۆ نموونە جەنگی فەڕەنسا و بروسیا ( ١٨٧٠ ـ ١٨٧١ ) لە سەرەتادا ڕەوابوو و گۆڕا بۆ ناڕەوا .

دیاریکردنی سروشتی جەنگ یەکەمین هەنگاوی مرۆڤی مارکسیە

بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر جەنگەکە · حیزبە مارکسیە ـ لینینیەکان بانگەوازی خەبات لەدژی جەنگی دەستدرێژکەرانەو نارەوا بەرزدەکەنەوە هەتا دەی گەیەننە ئاستی شۆڕش · هەروەها بەهەموو شێوەیەك داکۆکی لە جەنگی ڕزگاریخوازانە و جەنگی ڕەوادەکەن · لێنین لە ساڵی ١٩١٦دا نووسیویەتی: " سۆسیالیستەکان هەمیشە لایەنگیری چەوساوەکانن ، بۆیە ناشێ دژی ئەو جەنگە بوەستن کە بە مەبەستی خەباتی دیموکراتی یان سۆسیالیستی لەدژی چەوساوەکان بەرپادەکرێ".

بەلاّم لەهەمان کاتیش دا حیزبە مارکسیەلینینیەکان دژی هەموو جۆرە جەنگێکی دەستدرێژکەرانەو نارەوا دەوەستن و تێدەکۆشن بۆ لابەلاکردنەوەی و خەبات لە دژی ئەو هەلپەرستانەش دەکەن کە لە ژێر پەردەی " داکۆکیکردن لە نیشتمان " دا لایەنگیری خۆیان بۆ چەوسێنەران و دەستدرێژکەران و هەڵگیرسێنەرانی جەنگ دەشاردنەوە ·

ئەوەی شایانی باسە ڕەچاوکردنی سروشتی ڕەوایی یان نارەوایی بۆ لایەنەکانی جەنگ پەیوەندیەکی لە پچڕان نەهاتووی لەگەڵ پۆل کردنی جەنگ دا هەیە · لێرەش دا پۆل کردنی جەنگ بەپێی جۆرەکانی ، لەسەر بنچینەی نیشانە بنەڕەتیەکانی سەردەمەکە دیاری دەکرێ و بەبێ تێگەیشتن لەو سەردەمەی جەنگەکەی تیا ڕوودەدات ، مەحالە لە جەنگ بگەین · ئەوەی پێویستە لەلامان ڕوون و ئاشکرا بێت ئەوەیە کەهەموو سەردەمێکی مێژوویی ناکۆکی جۆراوجۆرو تایبەتی خۆی و سروشتی جیاوازی خۆی هەیە · لە سەردەمی ئەمڕۆش دا جۆرەکانی جەنگ بەپێی جۆرە سەرەکیەکانی ململانێی کۆمەلایەتی لەسەر ئاستی جیهان دیاری دەکرێ و بریتی دەبێ لەم جۆرانە : ١) جەنگی نێوان دوو سیستەمی کۆمەلایەتی دژ بەیەك : سۆسیالیزم و ئیمپریالیزم · ٢) جەنگی ناوخۆی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرجوازیەت لە وولاتە سەرمایەداریەکان ، ٣) جەنگی نێوان گەلانی ژێردەست و ئیمپریالیزم، ٤) جەنگی نێوان وولاتە سەرمایەداریەکان · شایانی ئەوانە ئەشی جەنگ لەنێوان وولاتە تازەپێگەیشتووەکان " دا ڕوبدات ، ئیمپریالیزم هەمیشە زەمینەی بۆ ئەم جۆرە جەنگە خۆشکردوە، چونکە لەسود و قازانجی ئەودا بووە · پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە مەرج نیە ئەو جۆرانەی جەنگ بە شێوەیەکی " ڕوت " ڕوبدەن و لەوانەیە پەیوەندی لەنێوان ئەو جۆرانەدا هەبێ و ڕەگ و ڕیشەیان تێکەڵ بەیەك بن ، بۆ نموونە : زۆرجار شەڕی ناوخۆ لە دژی بۆرجوازیەت دەستێوەردانی بێگانەی تێدابووە ، جەنگی دەستدرێژکەرانە گۆڕاوە بۆ شەڕی ناوخۆ ·

مارکسیزم ـ لینینزم شان بە شانی دەست نیشان کردنی هۆکانی

هەڵگیرسانی جەنگ، ئەو ئامراز و ڕێگایانەی دیاریکردوە کەبۆ ڕێگەگرتن لە هەڵگیرساندن و لەناوبردنی یەکجارەکی جەنگ گرنگن. لەم بارەیەشەوە ئەو تیۆرە شۆڕشگێڕە هەمیشە ئەوەی دوپاتکردۆتەوە، کە تاکە ڕێگە بۆ ئەو مەبەستە ڕوخاندنی ڕژێمی چینایەتی و بنیاتنانی کۆمەڵگای سۆسیالیستیە. لینین لەم بارەیەوە نووسیویەتی: "هەمیشە پرۆلیتاریا خەباتی لەدژی جەنگ کردوە وبە شێلگیرانەش خەبات لەدژی دەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا بۆیەك چرکەش ئەوە لەیاد ناکات کە مەحاڵە بەبێ لەناوبردنی دابەشبوونی کۆمەڵ بەسەر چینەکاندا، جەنگ لەناوببرێ". هەروەها لینین نووسیویەتی: "هیچ ڕێگەیەك جگە لە شۆڕشی کرێکاری دژی ئەو سەرمایەدارانە نیە بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ... چونکە ئەو جەنگەی چینە دەسەڵاتدارەکان هەڵیان گیرساندوە، هیچ شتێك کۆتایی پێی ناهێنێ شۆڕشی کرێکاری نەبێ". خەبات لەدژی جەنگ و هێنانەدی ئاشتی ڕاستەقینە تەنیا لەو کاتەدا مەیسەر دەبێ، کە چینی کرێکار دەسەڵات بگرێتە دەست، لینین لەم بارەیەوە وتویەتی: "تەنیا چینی کرێکار دەتوانێ دوای دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا سیاسەتی ئاشتیخوازانە بەکردەوە نەك وتە پێڕەوی بکات" و "خەیاڵ پلاوییە جەماوەر بەوە هەڵخەڵەتێنین کەلە کاتی نەبوونی جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێڕیدا دەکرێ ئاشتی بێ لکاندن و چەوساندنەوەو تالانکردنی گەلان بهێنرێتەدی و ڕێگە لە هەڵگیرساندنەوەی جەنگ بگیرێ". بۆیە پێویستە لەکاتی هەڵگیرساندنی هەموو جەنگێکی ناڕەوادا، مارکسیە لینینیەکان خەبات بۆ ئەوە بکەن لە ڕێگەی گۆڕینی جەنگی ناڕەوا بۆ جەنگی ناوخۆ لەدژی دەسەڵاتدارانەوە، کۆتایی بە جەنگ بهێنن و زەمینەش بۆ ئەو جەنگە ناوخۆیە خۆش بکەن و کاری جیدی بۆ ئەنجام بدەن.

## جەنگی عێراق و ئێران

هەڵگیرساندنی جەنگی عیراق و ئێران ڕوداوێکی ڕێکەوت و کتوپڕ دابڕاو نەبوو لە گەشەکردنی ئابوری و کۆمەڵایەتی عیراق، بڕیاری تاکە مرۆڤ و چەند سەرکردەیەکی دەسەڵاتداری دیاریکراویش نەبوو. بەڵکو ئەنجامێکی لۆژیکی ئەو گۆڕانکاریە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسیانە بوو کە لە عیراق و ناوچەکەدا هاتبوونە ئاراوە. بەرهەمی تەنگژە چەڵەمەکانی ڕژێمی عیراق و نزیکبوونەوەی لە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەبوو، بەری سیاسەتی دیکتاتۆری فاشیانەی

ڕژێم بوو لە بەرامبەر گەلی عیراق و گەلی کوردستان ، دەربڕی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی بۆرجوازی بیروکراتی شەخۆربوو کە جەنگی بەدەرمانی چارەسەرکەری نەخۆشیەکان و ئامرازی فراوان بوونی دەسەلاتی و چالاکیەکانی خۆی دەزانی · واتە جەنگ درێژەپێدانی ئەو سیاسەتە بوو، کە بە درێژایی ماوەی پێش جەنگ لە ئارادا بووە و ماوەیەکی دوورودرێژ زەمینەی بۆ خۆشکراوە · بۆیە گرنگە دیراسەی ئەو بارودۆخەی بەر لە هەڵگیرساندنی جەنگەکە بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لە سروشت و ناوەرۆکی جەنگەکە تێبگەین و هەڵوێستی ڕاست و دروست بەرامبەری وەرگرین ·

## پوختەیەك دەربارەی مێژووی بەر لەجەنگ

لە کۆتایی شەستەکاندا ، بەتایبەتی پاش کارەساتەکەی پێنجی حوزەیرانی ١٩٦٧ ، ڕژێمی کۆنەپەرستی عارفیەکان لاوازببوو و دەسەلاتێکی ئەوتۆی بەسەر عیراق دا نەمابوو ، وولات لە تەنگوچەلەمەیەکی سیاسی و ئابوری قوڵ دا دەژیا ، ململانێی چینایەتی توندوتیژببوو ، خەباتی جەماوەری لە کوردستان و هۆزەکانی خوارووی عیراق گەشەی کردبوو· هەموو ئەوانە ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەیان شپرزە کردبوو ، بۆرجوازی عیراقیان ڕووبەرووی گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەی کوشندە و کوێرە ڕێگە کردبوووە · لەو هەلومەرجەدا ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنەپەرستانی ناوچەکە بە چاکیان دەزانی ڕژێمێك بێتە سەرحوکم و جێی ڕژێمی عارفیەکان بگرێتەوە ، کە بتوانێ بەرژەوەندیەکانیان دابین بکات و ڕێگە لەوەبگرێ گۆڕانکاری شۆڕشگێری بێتەدی · بۆ ئەم مەبەستەش حیزبی بەعسی فاشیان بە باشترین هاوپەیمان و گونجاوترین بەدیل دەزانی · بەڵام حیزبی ناوبراو ئەو کاتە ولەبەر سیاسەتە فاشیەکانی ساڵی ١٩٦٣ خاوەنی ڕێکخراوێکی حیزبی و سەربازی پتەو نەبوو ، پلەوپایەیەکی ئەوتۆشی لەناو جەماوەردا نەبوو ، لەو بارودۆخەدا نەی دەتوانی دەسەلات بگرێتە دەست ، بۆیە هانی هەندێ بەکرێگیراوی خۆیان دا لە حکومەتی عارف دا ( واتە عبدالرزاق النایف و عبدالرحمن الداود ) یارمەتی حیزبی بەعس بدەن · ئەوەبوو لە ١٧ ی تەموزی ١٩٦٨ دا حیزبی بەعس بە یارمەتی و هاوکاری ئەو بەکرێگیراوانە ولەڕێگەی کودەتایەکی "سپی" یەوە دەسەلاتی گرتە دەست و ڕژێمێکی تاڕادەیەك ئارامی لە عیراق دا دامەزراند ·

حیزبی بەعس کە نوێنەری وردە بۆرجوازی نەتەوەپەرستی عەرەبی بوو ، ویستی لەڕێگای سیاسەتی دیماگۆگیانە و تیرۆرەوە حوکمەکەی خۆی

بچەسپێنێ • بۆیە لەلایەکەوە ڕوی کردە : چارەسەرکردنی سەرزارەکی مەسەلەی کورد ، خۆمالی کردنی بۆرجوازیانەی نەوت ، باوەڕهێنان بە ئەلمانیای دیموکراتی ، مۆرکردنی پەیمانی دۆستایەتی لەگەلّ سۆڤیەت، پێکهێنانی بەرە لەگەلّ حیزبی " شیوعی " عیراقی‌دا ، وە لەلایەکی تریشەوە ڕژێمێکی دیکتاتوری خوێناوی بەسەر گەلدا چەسپاندو دەستی‌کرد بە هاڕین و دامرکاندنەوەی هێزە سیاسیە نیشتمانیەکان ، زەوتکردنی مافە دیموکراتیە سەرەتاییەکانی جەماوەر ، سەپاندنی ئایدیۆلۆجیەت و بالادەستی تاکە حیزب • هەموو ئەو کارانەی سەرەوەش زەمینەیان بۆ پتەوبوونی بنکەی کۆمەلایەتی بۆرجوازیەت سازکرد و ڕێگەیان خۆش‌کرد بۆ ئەوەی لق و پۆپ بەرەو لادێکان بهاوێژێ •

کەلّەکەبوونی پارەیەکی زۆر لەئەنجامی خۆمالی‌کردنی نەوت و بەرزبوونەوەی نرخەکەی بەهۆی شەڕی تشرینی ۱۹۷۳ وزیادکردنی بەرهەم و فرۆشتنی لەلایەن عیراقەوە ★ ، زەمینەیان بۆ ئەوە خۆشکرد توێژە دەسەلاتدارەکانی ڕژێم (سەرکردەو کادیرەکانی حیزبی بەعس و فەرمانبەرەگەورەکان ) وردە وردە بگۆڕێن بۆ بۆرجوازی بیروکراتی • نەخشەی پەرەسەندنی خێراش ، کەلە ئەنجامی کەلّەکەبوونی پارەی نەوت دانرابوو ، بواری بۆ بەلێنەرو بازرگانەکان ڕەخساند لەڕێگەی چالاکی مشەخۆرانەی خۆیانەوە قازانجێکی زۆر بکەن و پارەیەکی زۆر کەلّەکە بکەن • ریفۆرمی بۆرجوازیانەی زەویش زەمینەی بۆ پەرەسەندنی سەرمایەداری خۆشکردو بۆرجوازی کشتوکالّی لە ئەنجامی یارمەتی دەولّەت و پەیوەندی لەگەلّ بۆرجوازی بیروکراتی‌دا پەرەی‌سەندو بووە مایەی هەژاری و بێدەرەتانی جوتیاران و مایەپوچی و کۆچ کردنیان بۆ شارەکان • سەرەڕای ئەوانە ڕژێم لەڕێگەی قەرزو چاوپۆشین لە باج و گومرك و پاداشت و شتی لەو جۆرەوە ، زەمینەی بۆ تەشەنەکردنی ئاسۆیی ( افقي ) سەرمایەداری تایبەتی خۆشکرد و گەیاندیە ئەو پلەیەی بۆرپۆرێن لەگەلّ کەرتی دەولّەتدا بکات و جێی‌پێ‌لەق بکات •

ئەو گەشەکردنەی سەرمایەداری شان بەشانی پەرەسەندنی خێرایی پەیوەندیەکانی ڕژێم لەگەلّ بازاڕی سەرمایەداری‌دا دەچووە ڕێوە • ئەوە بوو ڕژێم بە بەهانەی " بەشداری کردن لە پرۆسەی پەرەسەندن و سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆجیا " دەرگای‌خستە سەرگازی پشت بۆ پرۆژەی مۆنۆپۆلەکانی دنیاو چالاکیەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی ،

★ داهاتی نەوت سالّی ۱۹۷۳ ( ۵۰۰ )ملیون دولار بووە سالّی ۱۹۷٤ بووە (۵۲۰۰) ملیون دولار •

رەبواری هاوکاری و پەیوەندی لەگەڵ وولاتە سۆسیالیستەکاندا تەسك کردەوەو لە زۆر لایەنەوە سڕی کرد. لە ئەنجامی ئەوانە پەیوەندی ئابوری و بازرگانی عیراق لەگەڵ وولاتە سەرمایەداریەکاندا (ئەوروپای ڕۆژئاوا و یابان) گەشەی کردو عیراق بووە بازاری ساغ کردنەوەی کەرەسەکانی ئەوان و خستنەگەڕی سەرمایە ماڵی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان★.لەو ڕێگەیەشەوە پاشکۆیەتی ئابوری و سیاسی عیراق بۆ جیهانی سەرمایەداری چەسپی و گەشەکردنی شێوازی سەرمایەداری تەشەنەی کردو ڕواڵەتەکانی تەنگوچەڵەمەی سەرمایەداری: هەڵئاوسان★★، گرانی، خراپ بوونی ئاستی ژیانی جەماوەر، تەنگوچەڵەمەی دەوری، سەریان هەڵدا و بەرژەوەندی و پێداویستیە گرنگەکانی جەماوەر پشتگوێ خران و نەبوونی و گیروگرفتی خانووبەرەو گواستنەوە قوڵتربووەوە و بۆگەنی و بەرتیل و نەخۆشیە کۆمەڵایەتیەکانی تر تەشەنەیان کرد، شان بەشانی ئەوەش سامانی نیشتمانی لەدەستی بۆرجوازی بیروکراتی و مشەخۆرو سەرمایەداری کۆمپرادۆری کۆن و نوێدا خڕبووەوە.

ئەوەی شایانی باسە ئەو گۆڕانکاریە ئابوری و کۆمەڵایەتیانەی لە عیراق دا هاتنەئاراوە، کاریان کردە سەر ڕێبازی سیاسی ڕژێم و هەڵوێست و هاوپەیمانەکانی لەسەر ئاستی ناوەوە و دەرەوەی وولات. لەسەر ئاستی ناوەوەی وولات ڕژێم وردە وردە لەو ڕیفۆرمە کۆمەڵایەتی و ئابوریانە پاشگەزبووەوە، کەلە سەرەتای حوکمەکەی دا هێنابوینە ئاراوە، چونکە ببونە کۆسپی بەردەمی چالاکی مشەخۆرانەی ئەوان و ناکۆك و ناتەبابوون لەگەڵ بەرژەوەندیە پێگەیشتووەکانی دەسەڵاتدارەکاندا. ئەوەبوو بەیاننامەی ١١ی ئازاری ٩٧٠ پوچەڵکرایەوەو شەڕی مان و نەمان لە دژی گەلی کورد بەرپاکراو لەبەر بێ توانایی یەکلاکردنەوەی پەیمانی ٦ی ئازاری ٩٧٥ لەگەڵ شای کۆنەپەرستی ئێراندا مۆرکراو واز لە بەشێکی زۆری خاك و نیشتمانی عیراق و

★ئەوەی شایانی باسە قەبارەی پەیمانی کارکردنی کۆمپانیا بێگانەکان لە ساڵی ١٩٧٨ دا گەیشتە ١٠٦٥ر٥ ملیون دۆلار، لەوانە ٩٠٪ ی لەگەڵ وولاتە سەرمایەداریەکاندا بوو ٦٪ لەگەڵ وولاتە سۆسیالیستیەکان. ئەمە لە لایەك، لەلایەکی تریشەوە ساڵی ١٩٨٠ هێنانی کەرەسە لەلایەن وولاتە سەرمایەداریەکانەوە ٨٥٪ ی سەرجەمی هێنانەکانی دەرەوەی عیراق بووە بەلام لەلایەن وولاتە سۆسیالیستیەکانەوە تەنیا ٦ر٩٪ ی سەرجەمی هێنانەکانی دەرەوەی عیراق بوو.

★★ساڵی ١٩٨٠ هەڵئاوسانی ماڵی و گرانی گەیشتە ڕێژەی ١٨٪.

یەندرتن

( شط العرب ) هێنراو ، بالادەستیو کوێخایەتی شا بەسەر کەنـــداودا قبولکرا . ئەوەی راستیبێ ئەو نزیکبوونەوەیەی رژێم لە شای ئێران، یەکەم هەنگاوی گۆڕانکاری ئاشکـــــــــرای سیاسـەتی رژێم و نزیکبوونەوەی لە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو ئیمپریالیزم بوو ، کاری زۆری لە سیاسەتەکانی دوایی رژێم و بارودۆخی شۆڕشگێڕانەی کەنداو و نـــاوچەکە کرد . شان بەشانی ئەوە هەڵمەتی تیرۆر و سەرکوتکردن دژی هێزە نیشتمانی و دیموکراتیەکان و گشت توخمەکانی ئۆپۆزسیۆنی عیراق و کوردستان پەرەی‌سەند ، هاوپەیمانەکانی رژێم لە " بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز " دەرپەڕێنران ، دەیان یاسای دیکتاتۆریانەی جۆراوجۆر دانران بۆ سەرپێ شۆڕکردنی گەل و کپ کردنەوەی دەنگی ناڕەزایی و بێزاری هەرچەندە بچووکیش بێ ، دەیان دەزگای کارتۆنی وەك " ئەنجومەنی نیشتمانی" دروستکران بـــۆ پوچەڵکردنەوەی مافەکانی جەماوەر و شێواندنی خەباتیان ، ململانـــێی نێو باڵەکانی رژێم توندو تیژ بووەوەو لە ڕێگەی پاکۆدانی خوێناوی یەوە چارەسەرکراو ، لە ئەنجامدا بەقازانجی سەدام حسین شکابـــەوەو دیکتاتۆریەتی تاکە کەس باڵیکێشا بەسەر دیکتاتۆریەتی تاکە حیزب و وولاتدا ، ئەمەش گۆڕانکاریەکە لە هەموو حیزبێکی فاشیدا ڕوودەدات .

لەسەر ئاستی دەرەوەی وولاتیش ئەو گۆڕانکاریە ئابـــوری و کۆمەلایەتیانە رژێمیان بەرەو هاوپەیمانیکردنی راستەوخۆ و ئاشکرای کۆنەپەرستەکانی دنیاو ناوچەکەو عەرەب برد و بەشێوەیەکی بابەتیانە خستیانە خزمەتی پیلان و سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزمی جیهانیەوە . ئەوەبوو پەیمانی سەرشۆڕانە لەگەڵ ئێراندا مۆرکــراو هاوکاری دوو لایەنی بۆ لەناوبردنی جولانەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و جولانەوەی رزگاریخوازی کەنداوو ناوچەکە پەرەی‌سەند . لە ئابی ١٩٧٨دا پەیمانی هاوکاری ئاسایشی لەگەڵ رژێمی تورکیای سەگی پاسەوانی ناتۆدا مۆرکـــرا ، دورکەوتنەوە لە رژێمە پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و دژایەتیکردنیان پەرەی‌سەندو شان بەشانی ئەوەش نزیکبوونەوە لە رژێمە کۆنەپەرستەکانی عەرەبی وەك سعودیەو ئوردن و ئەوانی تـــر گەشەی کردو تەوەری ئاسایش لەگەڵیاندا دروستکرا ، دۆستایەتـــی رژێمی کامپ دێڤید دەستی‌پێ کردەوە ، سیاسەتی دیماگۆگیانە بەرامبەر مەسەلەی فەلەستین پێڕەوی کراو پیلانی تێکدانی ریزەکانی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین ســـازکرا ، بانگەوازی " هاوکاری عەرەبـــی " کۆنەپەرستانە بلاوکرایەوەو دژایەتیکردنی وولاتە سۆسیالیستیەکــان وکۆمۆنیزم پەرەی پێدرا .

لەو پوختە مێژوویەی بەرلەجەنگ؟ ئەوەمان بۆدەردەکەوێ رژێـــم

هەواڵنامەی کتێب

لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوە لە تەنگو چەڵەمەیەکی قووڵ و گۆشەگیرییەکی کوشندەدا ژیاوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی دەنگی ناڕەزایی جەماوەر بەرزبووەوە و چالاکیی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی وڵات پەرەی سەند وە سیاسەت و هەڵوێستەکانی ڕژێم بەو جۆرەیان لێهات لەگەڵ پیلان و سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی جیهانیدا تەبا و گونجاو بن و لە خزمەتیاندا بکەونەگەڕ.

## شۆڕشی گەلانی ئێران و
## کاریگەری لەسەر هەڵگیرساندنی جەنگ

سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (بەواتای شۆڕشی سیاسی نەك کۆمەڵایەتی) و ڕووخاندنی ڕژێمی شا، کە پۆلیسیترین ڕژێمی ناوچەکە وپتەوترین بنکەی ئیمپریالیزمی جیهانی بوو، ڕووداوێکی زۆر گرنگ بوو و زەبری کوشندەی لە پایەو بەرژەوەندییەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی وەشاندو لەئەنجامیدا تەرازووی هێزەکان لە دژی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستەکانی ناوچە شکایەوە و قازانج و بەرژەوەندییەکانی خستنە مەترسییەوە. بۆیە ناچاربوون بارودۆخی نوێ و تەرازووی هێزەکان بەجۆرێك ڕێك بخەنەوە، کە بەرژەوەندییەکانیان لەناوچەکەدا بپارێزن. بۆ ئەو مەبەستەش چەند بۆیان کرابێ نەخشەو پیلانی جۆراوجۆریان سازکردوە بۆ نابوتکردنی شۆڕشەکەو گێڕانەوەی تەرازووی هێزەکان بۆ شوێنی جارانی خۆی. یەکێك لەو پیلانانەش بریتیبوو لە هەڵگیرساندنی جەنگێکی ناوچەیی قورسی وەها کە بتوانێ دەستکەوتەکانیان سۆگەر بکات، لەوانە: ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران و گێڕانەوەی ئێران بۆ ژێر ڕکێفی خۆیان، ڕێگە لە تەشەنەکردنی نموونەی شۆڕشی ئێران و دووبارەبوونەوەی بگرن و ڕژێمە لەرزۆکەکانی کەنداو لە مەترسی دووبارەبوونەوەی ئەو "کارەساتە" واتە شۆڕشەکە بپارێزن، یان بەلای کەمەوە هەلومەرجێکی وەها بێتە ئاراوە حوکمێکی کۆنەپەرست بێتە پێشەوەو ڕێگە لە دەست پێشکەری هێزە شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان بگرێ و لە ڕووی بابەتییەوە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی ئەواندا بێ، خولقاندنی بارودۆخێکی وەها کە بتوانن هێزەکانی خۆیان بهێننە کەنداو و چاکتر شوێن پێی خۆیان لەناوچەکەدا قایم بکەن، زۆر بۆ ڕژێمی ئێران بهێنن بارمتەکانی ئەمەریکا ئازاد بکات، لوتی ڕژێمی ئێران بشکێنن و ڕژێمی سەدام بکەنە سەگی پاسەوانی ناوچەکە، سەرنجی جەماوەری پێشکەوتنخوازی عەرەب و ناوچەکەو دنیا لەسەر مەسەلەی فەلەستین هەڵگرن و بەرەو ڕووداوێکی لابەلای بەرن و بەو جۆرەش پیلانەکانی

کامپ دێبێدو سازشی خۆبەدەستەوەدان جێبەجێ بکەن ... هتد .

کاتێ نیقۆلای یەکەمی قەیسەری روسیا دەنگوباسی شۆڕشی ١٨٤٨ی فەڕەنسای بیست ، بەتاو بەرەو هۆڵی ئاهەنگ و سەما ڕای کرد کە هەندێ سەرکردەی سوپای لێبوو، وەپڕ بەدەم هاواری کرد: "ئەسپەکانتان لغاو کەن ئەی ئەفسەرەکان ، چونکە لە فەڕەنسا شۆڕش ڕوی داوە " .

ئەوەی لە ڕوسیای قەیسەری ڕوی دا ، لە عیراق دووبارە بووەوە. چونکە هەر لە یەکەمین ڕۆژی ڕوخاندنی ڕژێمی شاوە لەلایەن شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە ، ڕژێمی سەدام بێزاری و نارەزایی خۆی‌نشاردۆتەوەو هەمیشە دژایەتی ئەو شۆڕشەی کردوەو بە هەموو شێوەیەك هەوڵی‌داوە لەناوی بەری. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو شۆڕشە دۆست و هاوپەیمانێکی گرنگی ڕژێمی عیراقی ڕماندبوو و تەرازوی هێزەکانی لەدژی بەرژەوەندیەکانی ئەو گۆڕیبوو ، کارێکی گەورەی کردبووە سەر قوڵکردنەوەی تەنگوچەڵەمەکانی ناوەوەی عیراق و پەرەسەندنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرو گەشەکردنی خەباتی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان .

لەبەر ئەو هۆیانەو کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەی لە پوختەکەدا باسمان کرد ، ڕژێمی عیراق ڕازی بوو ببێتە ئامرازیکی ملکەچ بۆ جێبەجێکردنی نەخشەو پیلانەکانی ئیمپریالیزم و، ئامادەبوو جەنگ لە دژی ئێران هەڵگیرسێنێ. مەبەستیش لەوە ئەوەبوو : ١) لەژێر دروشمی " جەنگ دژی دەرەوە ، جەنگ لەپێناو ناوەوە " دا پەردەیەك بەسەر گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەکانی ناوەوەدا بهێنێ وکاریگەریان سڕبکات و کورسیەکانی دەسەلاتدارەکان بپارێزێ. ٢) یارمەتی ڕوخاندنی ڕژێمی ئێران و هاتنەسەرکاری ڕژێمێکی لەو جۆرە بدات کە تەرازوی هێزەکان بگێڕێتەوە بۆ شوێنی جارانی خۆی ، یان بەلای کەمەوە ڕژێمی ئێران ناچار بکات بەمەرجی نوێ و لە بەرژەوەندی ڕژێمی عیراقی " بەهێز " دا پەیمانێکی تری بەسوودتر مۆربکات . ٣) بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسی گرنگ و گەورەی لەو جۆرەی وا لە ڕژێمی عیراق بکات ببێتە هێزێکی هەرێمی مەزن و بالادەست لەناوچەی کەنداوداو جێی ڕژێمی شای ئێران بگرێتەوە. ٤) فراوانکردنی چالاکی مشەخۆرانەی بۆرجوازی بیروکراتی دەسەلاتداری عیراق و دروستکردنی دەوڵەتی عەرەبی گەورەی هاوچەرخ لەڕێگەی داگیرکردنی ناوچەی عەرەبستانی ئێران و لکاندنی بە عیراقەوە .

ڕژێمی سەدام بۆ ئەوەی مەبەستە ڕاستەقینەکانی خۆی بۆ هەڵگیرساندنی جەنگەکە بشارێتەوە ، چەندین دروشمی دیماگۆگیانەی بەرزکردەوەو دەیان بەهانەی بێبناغەی هێنابەوە ، لەواتە : دەرخستنی جەنگەکە وەك جەنگی ڕزگاریخوازی عەرەب بۆ " پاراستنی " سنوری

ڕۆژهەلاتی نیشتمانی عەرەب و عروبەی کەنداو و ڕێگەگرتن لە ئامانجە گڵاوەکانی " فارسە مەجوسیەکان " ، وەرگرتنەوەی مافە مێژوییەکانی عیراق لە " شط العرب " دا کە خۆی دەست بەرداری ببووبۆ شا ، ڕزگارکردنی دورگەکانی ( طنب الصغرئ ـ طنب الکبرئ ـ ابو موسی )ە ناوی جەنگە شوماکەی نا " قادسیەی دوەم " . ئەوەی شایانی باسە جەنگەکە یەکسەرو لەماوەی چەند ڕۆژێکدا هەڵنەگیرسا ، بەڵکو بەر لە ڕودانی لەلایەن ڕژێمی عیراقەوە زەمینەی بۆخۆشکرابوو ، ئەوەبوو هەر لەسەرەتای ڕوخاندنی ڕژێمی شاوە لەلایەن شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە دەستی‌کرد بە هەڵمەتی ئایدیۆلۆجی شۆڤێنستانەی دژی " فارسەکان " و دروستکردنی گیروگرفت لەسەر سنوری نێوان عیراق و ئێران و ،ئێرانی بەوە تاوانبار دەکرد کە دەست دەخاتە کاروباری ناوخۆی عیراقەوە ، دەیان هەزار خێزانی عیراقی بە تاوانی ئێرانی‌بوونیان ڕەوانەکردە ئەودیوسنور و سەروەت و سامانەکانیانی تالانکرد ، دەستی‌کرد بە هاندانی عەرەبەکانی خوزستان بۆ جیابونەوە لە ئێران ، دەیان پیاوی شا وکۆنەساواکی لە عیراق کۆکردەوەو ئێستگەی دژ بە ئێرانی بۆ دامەزراندن و سەدان بەکرێگیراوی ناردە عبادان و ئەهواز بۆ ئاژاوەنانەوە و تەقاندنەوەی بۆریەکانی نەوت ، دەستی گرت بەسەر " شط العرب " دا و بڕیاری دا هەموو پاپۆڕێك کە پیایدا تێدەپەڕێ ئاڵای عیراق بەرزبکاتەوە ، دوابەدوای ئەوانەو لە ١٧ی ئەیلولی ١٩٨٠ دا پەیمانی جەزائیری ١٩٧٥ ی لە لایەکەوە هەڵوەشاندەوەو لە ٢١ ئەیلولدا جەنگی دژی ئێران ڕاگەیاند و لە ٢٢ی هەمان مانگدا هێرشی بەرفراوانی بۆ خوزستان دەست پێکرد و هەزاران کیلۆمەتر دوجای داگیرکرد .

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین ڕژێمی سەدام لەو باوەڕەدابوو کە ئێران بە هۆی تەنگوچەڵەمەکانی ناوخۆ و شپرزەیی بەدەست دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوەو پەرەوازەیی هێزە چەکداریەکانی لە ئەنجامی لەسێدارەدانی جەنراڵەکانی پیاوی شاء توانای بەرەنگاریکردنی جەنگێکی لەوجۆرەی نیەو هێزەکانی عیراق دەتوانن بە جەنگێکی کتوپڕ و کورتی وەك جەنگی شەش ڕۆژەی " ئیسرائیل " دژی وڵاتە عەرەبیەکان ، هێزەکانی ئێران تێك بشکێنن و زەمینە بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی ئێران بخولقێنن و سەدامیش لە ئەنجامیدا دەبێتە " پاڵەوانێکی نەتەوەیی " و هێزێکی هەرێمی پتەو لەناوچەکەدا . وە ئەوەیان لەبیرچووبووە کە گەلانی ئێران لە سەردەمی هەڵچوونی شۆڕشگێڕیدا بوون و بە هەموو هێزوتوانا ناوە داکۆکی لە نیشتمان ئەکەن وە دەستی هەموو دوژمنێك دەشکێنن بیەوی زیانی پێبگەیەنێ ،

ئەوەشیان لەیاد کردبوو کە خوزستان ناوچەیەکی دەوڵەمەندی پڕ نەوتە و گەلان و ڕژێمی ئێران بەسووك و ئاسانی دەست بەرداری نابن و شەڕی مان و نەمانی لەسەر دەکەن .

## چەند تێبینیەك دەربارەی ڕێڕەوی جەنگەکە

جەنگی عیراق و ئێران هەر لە ڕۆژی هەڵگیرساندنیەوە هەتا ئەمڕۆ، بەچەندین قۆناغی جۆراوجۆردا تێپەڕیوە ، چەندین گۆڕانکاری بەسەر سروشت و ناوەڕۆکی جەنگ، ئاستی پێکدادانەکان ، جۆری چەکە بەکارهاتووەکان ، مەرجەکانی ڕاگرتنی جەنگ ، هەڵوێستی لایەنەکانی جەنگ و هاوپەیمانەکانیاندا هاتووە .

هەر بەدەستپێکردنی جەنگ هێزەکانی عیراق بەهۆی بالادەستی هێزی زەمینی و ئاسمانیەوە توانیان هەنگاو بەهەنگاو بچنە قوڵایی خاکی ئێرانەوەو لە ماوەیەکی کەمدا نزیکەی ٦٠٠٠ میل[2] یان لەناوچەکانی خوزستان داگیرکرد و خستیانە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە . ئالەم ماوەیەدا و بۆ بەپێی زیاتر داگیرکردنی خاك و پتر قوڵ بوونەوەی گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەکانی ئێران، ڕژێمی عیراق مەرجەکانی خۆی بۆ ڕاگرتنی جەنگ ئاشکرا دەکرد . ئەوەبوو لەسەرەتادا داوای ئەمانەی کرد : ١) دان نانی ئێران بە مافەکانی عیراق لە (شط العرب) و ناوچەکانی (زین القوس) ، ٢) وازهێنانی ئێران لەدەست خستنە ناو کاروباری ناوخۆی عیراقەوە ، ٣) دەستهەڵگرتنی ئێران لە دورگەکانی (طنب الکبرئ - طنب الصغرئ - ابو موسئ) . ئینجا مەرجی سەربەخۆیی یان ئۆتۆنۆمی خوزستان خرایە پاڵ مەرجەکان و لە دواییشدا مەرجی "مافی زیادە" و پارچەپارچەکردنی ئێران هاتە ئاراوە .
بەڵام مەرجەکانی ئێران بۆ وەستاندنی جەنگ لەو ماوەیەدا بریتیبوو لە : ١) کشانەوەی بێقەیدو شەرتی هێزەکانی عیراق بۆ سەر سنوری دەوڵەتی ، ٢) دیاریکردنی تاوانبارو سزادانی ، ٣) بژاردنی زیانەکانی جەنگ .

بەڵام کار بەو جۆرە نەڕۆیشت و بەدڵی ڕژێمی سەدام نەچووە ڕێوەو لە بەهاری ١٩٨٢ دا لە ئەنجامی فراوانبوونی سنوری بەرەکانی جەنگ بۆ عیراق و بێتوانایی کۆنترۆڵکردنی و خۆ ڕاگرتنەوەی هێزەکانی ئێران و ئارامی ناو دەسەڵاتدارەکانی ، وە پاش جەنگی خوێناوی (خورەمشهر) هێزەکانی عیراق توشی تێکشکاندن بوون و ڕژێمی عیراق ناچاربوو پاشەکشە بکات و دەست لە هەموو ناوچە داگیرکراوەکان هەڵگری، جگە لە چەند ناوچەیەکی ستراتیجی نەبێ . شان بە شانی

کشانەوەش مەرجەکانی بۆ ڕاگرتنی جەنگ بەرەو نیشتنەوە دەچـــون و لەدوا ئەنجامدا گەیشتە ئاستی وەستاندنی بێ‌قەیدو شەرتی جەنگ و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی نێوان هەردوولا بەپێی پەیمانی جەزائیری ١٩٧٥ کە سەدام خۆی هەڵیوەشاندبووەوە، دەستبینی لەو ئامانجـــــە نەتەوەییانە هەڵگرت کە جەنگەکە "لەپێناویاندا" هەڵگیرسابوو . بەڵام مەرجەکانی ئێران مەرجی تری هاتە سەر : ڕوخاندنی ڕژێمی ســـەدام و دامەزراندنی ڕژێمێکی ئیسلامی لە عیراقدا ، بۆ ئەو مەبەستـــــە دەسەڵاتدارەکانی ئێران جەنگەکەیان ڕانەگرت و بەردەوام بوون لەسەر هێرشکردن و دەیان ناوچەی عیراق و کوردستانی باشوریان داگیرکردو ئاڵۆزی جیدیان لە بەردەمی هێنانەدی ئامانجەکانی گەلی کوردستان و عیراق دا دروستکرد . ئەوەی شایانی باسە مەبەستی ئـــــەو دەسەڵاتدارانەی ئێران لە بەردەوامی جەنگ و داگیرکردنی خاکی کوردستان وعیراق ئەوەیە : یەکەم/ بارودۆخی ناو ئێران بەو جۆرە ڕێکبخرێتەوە کە یارمەتی چەسپاندنی پایەی بۆرجوازی بازاڕ و موڵکدارە گەورەکـان بدات . دووەم / بۆ دنیا دەربکەوێ ئێران "هێزێکی مەزنی" ناوچەکەیـە و دەتوانێ بەشداری لە بەرقەرارکردنی هێمنی و ئارامی و لەنگەربەستنی ناوچەکەدا بکات و یارمەتی پاراستنی دەوڵەتەکانی ناوچەکە بدات ، واتە وەك وەرەقەیەکی شازشکردنی ئێرانە لە مەیدانی ململانـــێی هەرێمی و نێونەتەوەیی دا .

لەو باسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە سروشت و ناوەڕۆکی جەنگی عیراق و ئێران وەستاو نەبووەو لە ڕێڕەوی جەنگەکەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە . لە سەرەتادا جەنگەکە ڕەوا و ڕزگاریخوازانە بوو بۆ ئێران و دەستدرێژکەرانەو ناڕەوا بوو لەلایەن عیراقـــەوە . ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوە نەبوو کە ڕژێمی عیراق دەستی بـــە هێرشکردن و هەڵگیرساندنی جەنگ کردبووە، بەڵکو لەبەر ئەوە بـــوو دژی گەلانی ئێران بوو کە بە خەباتی خوێناوی و چالاکی دلێرانـــەی جەماوەریی ڕژێمی شای کۆنەپەرستیان ڕوخاندبوو و یەکێك لـــە پایەگاکانی ئیمپریالیزمی جیهانیان لەناوبردبوو . بەڵام پاش شەڕەکانی خورەمشەهرو پاشەکشەی هێزەکانی عیراق و سوربوونی دەسەڵاتدارەکانی ئێران بۆ داگیرکردنی خاکی عیراق و سزادانی سەدام لەڕێگـــــەی ڕوخاندنی ڕژێمەکەیەوە ، ناوەڕۆکی جەنگەکە گۆڕانکاری بەسەرداهات و لەلایەن ئێرانیشەوە بووە جەنگێکی دەستدرێژکەرانەو ناڕەوا . بـــەو جۆرەش جەنگەکە بووە جەنگـــی ناڕەوای نێوان دوو ڕژێمی بۆرجوازیەتز بە بەرژەوەندی گەل و توێژە چەوساوەکان . لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین بارودۆخی نوێ ، ناوەڕۆکی دەستدرێژکەرانەی جەنگەکەو

هەواڵنامەی کتێب

ڕژێمی عیراقی نەگۆڕیی و دروشمی " داکۆکیکردن لە نیشتمان " کە ڕژێم بەرزی کردەوە تەنیا بۆ شێواندنی ڕاستیەکان بووە چونکە سروشتی ڕژێم و ناوەڕۆکە بنچینەییەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و نە بەپێی پێداویستیە ڕاستەقینەکان ئەو هەڵوێستەی وەرگرتووە ، واتە لە ناچاری دا ئەو دروشمەی بەرزکردۆتەوە .

لە ڕووی جۆری پێکدادانەکان و چەکە بەکارهاتووکانیشەوە ، جەنگی عیراق و ئێران لەدوای شەڕەکانی خورەمشەهر فراوانتر بووەوە و سەرتاپای سنووری نێوان هەردوو وڵاتی تەنیەوە ، بەرەکانی جەنگیش پێکدادانی جۆراوجۆری بەخۆوەگرت کە زۆربەیان توندوتیژو خوێناوی بوون . لە ئەنجامی ئەوانە جەنگەکە گۆڕا بۆ " حرب الاستنزاف " و ژمارەیەکی زۆر هێزی سەربازی و چەکی جۆراوجۆری تیادا خرایە گەڕ . لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٤ ەوە ڕژێمی عیراق پەرەی بە جەنگەکەو جۆری پێکدادانەکان داو سنووری فراوانترکردنەوەو جەنگی شارەکان و کەشتیەکانی هەڵگیرساندو چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی بەکارهێنا . ئەوەش لەبەر ئەو زیانە بێ شومارانە بوو کە لە ئەنجامی هێرشەکانی ئێران لەعیراق کەوتبوو ، بۆ ئەوەبوو جەنگەکە بەرەو " بە عەرەبکردن و نێو دەوڵەتی کردن " ببات و فشار بخاتە سەر ئێران بە مەبەستی هێنانەدی گۆڕانکاری سیاسی وەها لەناو ئێران دا کە

شوێنەواری هێزەکانی ناو دەسەڵات بگۆڕێ و هەندێکیان بەرەو ناچاری ڕاوەستاندنی جەنگ بەرن ، یان وای لێ بکات بەکاری سەرچاڵەی هەڵسێ و " مضیق هرمز " دابخات و بەو بۆنەیەش بەهانە بداتە دەست ئیمپریالیزمی جیهانی ( لەپێش هەموویانەوە ئیمپریالیزمی ئەمەریکی ) ڕاستەوخۆ بەشداری لە جەنگەکەدا بکات . بەڵام لەبەر کاردانەوەی (رد الفعل) توندوتیژی ئێران و بۆردومانکردنی بەغدا بە موشەکی زەمین بە زەمین ، ڕژێمی عیراق ناچاربوو جار بەجار دەست لەو جۆرە جەنگە هەڵگرێ و پەنا بەرێتە بەر شێوازی تری جەنگ . لەئەنجامی ئەو جۆرە پەرەپێدانی جەنگە نە کۆتایی بەجەنگەکە هات و نە لەخزمەتی هیچ لایەکدا لایەلاکرایەوە ، بەڵکو زیانێکی زۆر لە سامانی مرۆیی و ئابووری هەردوو وڵاتەکە کەوت و گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەکانیان قووڵتربووەوە ، ململانێ و پێشبڕکێی وڵاتە ئیمپریالیستیەکانیش بۆ جێ پێ قایمکردنی چاکتر لەناو وڵاتەکانی کەنداو و ڕاوکردنی ماسی زیاتر لە ناو بۆگەنەکەیدا پەرەی سەند و کەنداو بووە عەمباری چەکی هەمە ڕەنگ و مەیدانی تەراتێنی ئیمپریالیزمی جیهانی .

هەواڵنامەی کتێب

# بیروڕا و هەڵوێست بەرامبەر جەنگی عیراق و ئێران

لەو ڕۆژەوە کە جەنگی عیراق و ئێران هەڵگیرساوە ، چەندین بیروڕای جۆراوجۆر و هەڵوێستی جیاجیا لەناو هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق و کوردستان دا سەریان هەڵداوە ، چەندین دروشم لەرێڕەوی جەنگەکەدا بەرزکرانەوە و هێنرانە خوارەوە . لێرەدا بەچاکی دەزانین دەربارەی ئەو سێ بیروڕا و هەڵوێستە جیاوازە بدوێین کە لەناو ڕیزی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکاندا باو و بلاوبوون و کاری سیاسی ئەوانی ئاراستەکردووە ئەوانەش بریتین لە : "ڕوخاندنی ڕژێم و ڕاوەستاندنی جەنگ" ، "داکۆکی کردن لە نیشتمان" ، "ڕاوەستاندنی یەکسەری جەنگ و ڕوخاندنی ڕژێم". دوابەدوای ئەوەش هەوڵ دەدەین بیروڕا و هەڵوێستی ڕاست و دروست بەرامبەر جەنگەکە دیاری بکەین .

## "ڕوخاندنی ڕژێم و ڕاوەستاندنی جەنگ"

ئەوەی ڕاستی بێ ئەم دروشمە لەسەرەتای جەنگەکەدا دروشمی زۆربەی هەرە زۆری هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق و کوردستان بوو ، دەربڕی هەڵوێستی مرۆڤانە و پێشکەوتنخوازانەی ڕاست و دروست بوو بەرامبەر گەلانی ئێران کە جەنگێکی ناڕەوایان بەزۆرەملێ بەسەردا سەپێنرابوو ، نواندنەوەی ئەو بیروڕا بەبوو کە دەڵێ : بەبێ ڕوخاندنی ڕژێم و لەناوبردنی دەسەلاتی هەڵگیرسێنەرانی جەنگ ، مەحاڵە کۆتایی بە جەنگەکە بێت . بەلام باش ئەوەی ئەو هێزانە نەیان توانی خۆیان بەو شێوەیە سازبکەن کە یارمەتی پەرەپێدانی خەبات و ڕوخاندنی ڕژێم بدات و ، نەیانتوانی سوود لەو دەرفەتە مێژوویبە وەربگرن کە هەڵگیرساندنی جەنگەکە بۆی ڕەخساندبوون ، وە پاش گەشەکردنی جەنگەکە و گۆڕانی بۆ جەنگێکی ناڕەوا و دەستدرێژکەرانە لەلایەن ڕژێمی ئێرانیشەوە ، هەندێ لە هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق و کوردستان پاشەکشەیان لەو دروشمە کرد و ڕژێمی ئێران و هێزە ئیسلامیەکانیشیان بەشانی باقی هێزەکانی تر دروشمەکەیان بەرزکردەوە و هەتا ئەمڕۆش بەردەوامن لەسەر بەرزکردنەوەی .

شایانی باسە ، ڕژێمی ئێران پاش تێکشکاندنی هێزەکانی عیراق و کشانەوەیان بۆ سەر سنوری دەوڵەتی نێوان عیراق و ئێران ، ڕازی نەبوو جەنگەکە ڕابگرێ و ، چارەنوس و کۆتاییهێنانی جەنگەکەی بەستەوە



هەواڵنامەی کتێب

بە ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام و دامەزراندنی ڕژێمی ئیسلامیەوە لە عیراق. بۆ ئەم مەبەستەش بەرەی بە چالاکیە سەربازیەکانی خۆیدا و لەڕێگەی هێرشی گەورە و ناو جۆراوجۆرەوە چەندین ناوچەی کوردستان و ناوەڕاست و خوارووی عیراقی داگیرکرد. شان بەشانی ئەوەش دوور لە ویست و ئیرادەی دانیشتوانی عیراق "ئەنجومەنی بالای شۆڕشی ئیسلامی عیراق"ی پێکهێنا و شەرعیەتی سەرکردایەتیکردنی شۆڕشی عیراقی پێبەخشی ، بەبێ ئەوەی ئەو ئەنجومەنە شیاو و شایستەی ئەو سەرکردایەتیکردنە بێ و بەبێ ئەوەی هەلومەرجی شۆڕشێکی "ئیسلامی" یش لە ئارادابێ. لێرەشدا ڕژێمی ئێران ئامانجە دەستدرێژکاریەکانی خۆی لەژێر پەردەی کۆمەڵێك بیروباوەڕی دیماگۆگیانەدا دەشاردەوە ، لەوانە: "ڕوخاندنی ڕژێم و ڕزگارکردنی "موستەزعەفین"ی عیراق لەدەست سەدام و هەڵبژاردنی جۆری ڕژێم لەلایەن گەلی عیراقەوە و بەسەربەستانە".

بێگومان ئەو هەڵوێستەی ڕژێمی ئێران شتێکی سەیر و کتوپڕ نەبوو و بەرێکەوتیش دروست نەبووە ، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکاریانە بووکە لەناو ڕژێمی ئێراندا ڕوی دابوو ، دەسەلاتی بۆرجوازی بازاریان بالادەست کردبوو و چاوچنۆکی و چلێسیان پەرەپیدابوو و لیکیان بۆ سەروەت و سامانی عیراق ڕژاندبوو. هەروەها هەڵوێستی هێزە ئیسلامیەکانیش لەبەر بێتوانابیان بۆ هێنانەدی هیچ گۆڕانکاریەك و بێ دەسەلاتیان لە ڕوخاندنی ڕژێمدا ، وە لەبەر نەبوونی سەربەستی بڕیاری سیاسی و بیروباوەڕی ئیسلامی "سەروو نەتەوەکان" و ڕاڕەوی "ولایەتی فەقیهە" شتێکی لۆژیکی و ئاسایی بوو.

هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق و کوردستانیش کە سەرەڕای گۆڕانکاریەکانی جەنگ و سروشتەکەی هەر باوەڕیان بەو دروشمە هەبوو ؛ واتە ڕوخاندنی ڕژێم و ڕاوەستاندنی جەنگ ، ئەو هێزانەن کە لەبەر پێکهاتنی چینایەتی و ئایدیۆلۆجیەتی خۆیان نەیانتوانی سوود لە جەنگەکە وەربگرن و دۆخی شۆڕشگێڕی بخەملێنن. ئەوانەن کە تووشی ڕەشبینی و بێهیوایی بوون لە سەرکەوتنی شۆڕشی جەماوەری و ڕوخاندنی ڕژێم و باوەڕیان بە هێزوتوانای لەبن نەهاتوی گەل و کاری شۆڕشگێڕانەی درێژخایەنیان و ڕێکخستنی چەوساوەکان نەماوە. بۆیە هەموو هیوایەکیان بەوەیە ڕژێمی ئێران پەرە بە جەنگەکە بدات و لەڕێگەی هێرشی گەورەوە ڕژێمی عیراقیان بۆ بڕوخێنێ و دەسەلاتیان وەك کاکڵە گوێز بداتە دەست ، یان بەلای کەمەوە دەرفەتی ئەوەیان بۆ بڕەخسێنێ بەردەوامی بەژیانی گیانی ئیفلیج بووی خۆیان بدەن و لەناونەچن.

ئەوەی شایانی باسە هەڵوێستی ئەو هێزانە هەڵوێستێکی براگماتیستانە و خۆبەرستانەیە و مانای نابووتی و مایەبوچی سیاسیە.

چونکە ئەو هێزانە ڕوخاندنی ڕژێم و هاتنەسەرکاری ڕژێمێکیتر دەبەستنەوە بە فاکتەرە دەرەکیەکانەوە و ئەوەیان لە یادکردوە کە شۆڕش پرۆسەیەکی هوشیارانەیە و لە ئەنجامی گەشەکردنی یاسا بابەتیەکانی ناو وڵات و کارلێکردنی فاکتەرە بابەتی و خۆییەکان هەڵدەگیرسێ و دەچێتە ڕێوە و مەحاڵە فاکتەرە دەرەکیەکان بتوانن بەبێ ئامادەیی فاکتەرە ناوەکیەکان زەمینەی سەرکەوتنی شۆڕش و ڕوخاندنی ڕژێم سازبکەن . هەروەها ئەو هێزانە ئەوەیان لە بیرکردوە کە سروشت و ناوەڕۆکی جەنگەکە گۆڕانکاریان بەسەردا هاتووە و جەنگەکە گۆڕاوە بۆ جەنگی ناڕەوای نێوان دوو ڕژێمی بۆرجوازی دژ بەگەل ، شتێکی ئاشکرایە ئەو هێزانە مەحاڵە بتوانن بەبێ ڕەچاوکردنی ئەم گۆڕانکاریانە هیچ هەڵوێستێکی ڕاست و دروست بنێن . سەرەرای ئەوەش ئەو هێزانە ئەوەیان لە یادکردوە کە مەحاڵە ڕژێمی ئێران ئەو هەموو خۆبەختکردنە بتوێنێ و ئەو زیانە ئابوری و ماڵی و مرۆییە گەورانە بگرێتە ئەستۆی خۆی و ڕژێم بڕوخێنێ و لە دوائەنجامدا بیداتە دەستی گەلانی عیراق . پەیوەندی باڵادەستانەی ئەو ڕژێمە ورەفتاری خۆبەزلزانانەی لەگەڵ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق و کوردستان ( تەنانەت هێزە ئیسلامیەکان و"ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی عیراق "یش) خەیاڵ پلاوی ئەو بیرورایە دەسەلمێنن، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە ئەگەر ڕژێمێك هێزە پێشکەوتنخواز و چەپەکانی وڵاتەکەی خۆی و گەلی کوردی کوردستانی ڕۆژهەلاتی سەرکوت کردبێ و هەموو مانێکی سەرەتایی مرۆڤی زەوت کردبێ ، چۆن دەتوانێ یاریدەدەری هێزە سیاسیەکانی عیراق و کوردستان بێ ؟!

## " داکۆکی کردن لە نیشتمان "

لایەنگیرانی ئەم دروشمە ئەوە دەردەبڕن کە پاش تێکشکاندنی هێزەکانی عیراق و کشانەوەیان بۆ سەر سنوری نێوان عیراق و ئێران و ، دوای بەردەوام بوونی ڕژێمی ئێران لەسەر جەنگ و داگیرکردنی خاکی عیراق ، سروشتی جەنگەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بۆتە جەنگێکی ناڕەوا و دەستدرێژکەرانە لەلایەن ئێرانەوە و نیشتمانپەروەرانە لەلایەن عیراقەوە . لایەنگیرانی ئەو دروشمە : ناسیۆنالیستەکانی عەرەب و سۆسیال شۆڤینیستەکانی ناو گروپە خۆ بە کۆمۆنیست زانەکان ، تووشی هەڵەیەکی گەورەبوون کاتێ دروشمی " داکۆکیکردن لەنیشتمان " هەروا بەڕوتی و بێ هەڵسەنگاندنی بابەتیانەی واقیع وەردەگرن . لەئەنجامی ئەوەش چەندین ڕاستی وەلاوە دەنێن ، کە دەکرێ لە ڕوی

تیۆریەوە پشتگوێ بخرێن ، بەڵام ناکرێ لەواقیعی بابەتی دا چاویان لێ بپۆشرێ ، لەوانە :

١/ ڕژێمی عیراق هەڵگیرسێنەری جەنگ بووە و جەنگەکەشی لەپێناو " ئاکۆکیکردن لەنیشتمان " دا بەرپانەکردوە ، بەڵکو بۆ ئەو مەبەستانە بووە کە لەوەوپێش پەنجەمان بۆ ڕاکێشاوە . هەروەها جەنگەکەزیانێکی مرۆیی و ماڵی و ئابوری زۆری هەبووە و عیراقی ڕووبەڕووی مەترسی گەورە کردۆتەوە و هیچ کاتێك تێکشکاندنی هێزەکانی عیراق و پاشەکشەیان ، ڕژێم لەو ئازارانە گەورانە قوتار ناکات کە دەرهەق بە گەلانی عیراق کردویەتی .

٢/ دروشمی ڕوتی " ئاکۆکیکردن لە نیشتمان " لە پراکتیکدا مانای ئەوەیە هێزەکان لەژێر سەرکردایەتی ڕژێمی عیراق دا ڕیزببەستن و بەشداری لە جەنگێکی ناڕەواو کۆنەپەرستانەدا بکەن . لێرەدا پێویستە سەرنج بۆئەوە ڕابکێشین کە یەکەمین مەرج بۆ گۆشکردنی جەماوەر بۆ جەنگێکی ئاکۆکیکردن لە نیشتمان ئەوەیە ڕژێمێکی دیموکراتی لەسەر حوکم بێ و نوێنەری جەماوەری گەل بێ و لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەواندا بێ . بەڵام ڕژێمی عیراق لە ئەنجامی تێکشکاندنی هێزەکانی عیراق و پاشەکشەیان بۆ سەر سنوری نێوان عیراق و ئێران، ناوەڕۆکی چینایەتیو ڕێبازە سیاسیەکەی نەگۆڕاوەو بەرزکردنەوەی دروشمی " ئاکۆکیکردن لە نیشتمان " یش لەلایەن ڕژێمەوە بۆشێواندنی هوشیاری جەماوەرو کڵاو لەسەرنانیەتیو لەپێناو پاراستنی کورسیەکانی حوکمەکەیانە و هیچیتر .

٣/ ڕژێمی عیراق لەبەر پێکهاتنی چینایەتی و پاشکۆیەتی بۆ ئیمپریالیزمی جیهانیو کۆنەپەرستانی عەرەب ، ناتوانێ ئاکۆکی لە نیشتمان بکات . چونکە ئەو ڕژێمەی دەست لە خاکی عیراق هەڵگرێ بۆ کۆنەپەرستەکانی وەك ئەردەن و سعودیەو ئامادەبێ خاکی وڵات بخاتە ژێر بەزەیی لولەی تفەنگەکانی ڕژێمی تورکیاوە ، ناتوانێ ئاکۆکی لە وڵات بکات . بەڵکو زیاتر دوچاری سەرشۆڕیو پارچەپارچەیی ومەترسی گەورەی دەکاتەوە .

٤/ دروشمی " ئاکۆکیکردن لە نیشتمان" لەهەلومەرجی توندوتیژبوونی جەنگەکەو بەردەوام بوونی هێرشەکانی ئێران بۆ ڕوخاندنی ڕژێم و ئامادەیی ڕژێم بۆ ڕێکەوتن و ڕاوەستاندنی جەنگدا ، دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی جەماوەر و دروستکردنی خەیاڵ پڵاوی لەو جۆرەی ئاکۆکی نێوان جەماوەر و ڕژێم دەسڕێتەوە . بەو جۆرەش ئاکۆکیەکی بنچینەیی وەها خامۆش دەکرێتەوە ، کە بە ڕوخاندنی ڕژێمی عیراق نەبێ چارەسەر ناکرێو یەکالا ناکرێتەوە .

هەواڵنامەی کتێب

## " ڕاوەستاندنی یەکسەری جەنگ و ڕوخاندنی ڕژێم "

ئەم دروشمە پاش تێکشکاندنی هێزەکانی عیراق و پاشەکشەیان بۆ سەر سنووری دەوڵەتی، سووربوونی ڕژێمی ئێران لەسەر بەردەوام بوونی جەنگ و داگیرکردنی عیراق و کوردستان وگۆڕینی ڕژێمەکەی و دوای هاتنەکایەی ئاڵوزیەکانی ناوچەی کەنداو لەلایەن هەندێ هێزی ئۆپۆزسیۆنی "کۆمۆنیستی" عیراقەوە بەرزکرایەوە. هۆکانی بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە وەك لایەنگیرانی دەری‌دەبڕن بریتیە لە:

١/ جەنگەکە کە زیانێکی مرۆیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی زۆری بەهەردوو وڵاتەکە گەیاندوە، هەژاری و بێ دەرەتانی جەماوەری زیاترکردوەو گیروگرفتەکانی قوڵترکردۆتەوەو شان بەشانی ئەوانەش دەسەڵاتی ڕەشی دیکتاتۆریانەی ڕژێم پەرەی سەندوەو توندوتیژتر بۆتەوە.

٢/ بەردەوام بوونی جەنگ بەرەوەدات بە هەڵمەتی دەستدرێژکەرانەی ئیمپریالیزمی جیهانی ( بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی) بۆسەر هەردوو وڵاتەکە و ناوچەی کەنداو و مەترسی بۆسەر ئاشتی جیهان دروست دەکات. ٣/ بەردەوام بوونی جەنگ و سووربوونی ڕژێمی ئێران لەسەر داگیرکردنی عیراق و ڕوخاندنی ڕژێمەکەی بێگوێدانە ویستی گەلانی عیراق، دەسەڵات و سەربەخۆیی وڵات دەخاتە ژێر مەترسی زۆر گەورەوە. ٤/ بەردەوام بوونی جەنگ پێگەیشتنی دۆخی شۆڕشگێری ئاڵوزتر دەکات، بەڵام ڕاوەستاندنی ڕژێم ڕووبەڕوی سزا و لێپرسینەوەی گەل و سەربازەکان دەکاتەوەو توانای سەرکوتکردن و مناوەرە و هەڵخەڵەتاندنی سردەکات و بێزاری و ناڕەزایی جەماوەر دەتەقێنێتەوەو گەشە بە خەباتی چینایەتی دەدات و دۆخی شۆڕشگێری دەخەملێنێ و ڕۆژی سەرکەوتن و ڕوخاندنی ڕژێم نزیکتر دەکاتەوە.

جا ئەگەر بێینە سەر شیکردنەوەی هۆکانی هەڵگرتنی دروشمی " ڕاوەستاندنی یەکسەری جەنگ و ڕوخاندنی ڕژێم " لەلایەن هەندێ هێزەوە، ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە هەموویان هۆی زانستی و واقیعی نین، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەش وا ئەم چەند تێبینیە دەربارەیان دەنووسین :-

١/ ڕاستە جەنگەکە زیانێکی مرۆیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی زۆری بە هەردوو وڵاتەکە گەیاندوەو هەژاری و بێدەرەتانی جەماوەری زیاترکردوە و گیروگرفتەکانی قوڵتر کردۆتەوە، بەڵام کۆمۆنیستەکان هەمیشە و بە پێچەوانەی بۆرجوازیە سازشکەرەکانەوە هەڵوێستی مەبدەئیان بەرامبەر

جەنگەکە وەرگرتووە و لە پەیوەندی حەتمی نێوان جەنگ و خەباتی چینایەتی گەیشتوون و دەزانن بەبێ لەناوبردنی چینی بۆرجوازی هەڵگیرسێنەری جەنگ و بەبێ گۆڕینی جەنگی نارەوای نێوان دوو ڕژێمی بۆرجوازی دژ بەگەل، مەحاڵە ئاشتی راستەقینە بێتەدی. بۆ ئەو مەبەستەش هەمیشە سوودیان لەو تەنگوچەڵەماتە وەرگرتووە، کە لە ئەنجامی جەنگەکە هاتونەتە ئاراوەو بۆ خەملاندنی دۆخی شۆڕشگێڕی خستویانەتە گەڕ.

٢/ جەنگ وەکو هەموو دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی کاریگەری سەلبی و ئیجابی هەیە لەسەر شۆڕش و خەملینی پێداویستی و فاکتەرە بابەتی و خۆییەکانی و ئەشێ ڕێگربێت لەبەردەمی گەشەکردنی دۆخی شۆڕشگێڕی دا و ئەشکرێ ببێتە یاریدەدەری پێگەیشتنی ئەو دۆخە شۆڕشگێڕیە. ئەوەش لەسەر چالاکی هێزە شۆڕشگێڕە پێشڕەوەکان دەوەستێ و پشت بەوە دەبەستێ هەتا چ رادەیەك سوود لە تەنگوچەڵەمەکانی جەنگ و ئەنجامە خراپەکانی وەردەگرن و لە خزمەتی جەماوەر و جولانەوەی شۆڕشگێڕی دا دەیخەنە گەڕ. بەهەمان شێوە سەردەمی ئاشتی و ئارامی کاریگەری سەلبی و ئیجابی هەیەو ڕاست نیە یەك لایەنی سەیری هەلومەرجی ئاشتی و دوای کۆتایی هاتنی جەنگ بکەین. چونکە جەماوەر خۆبەخۆ و ئەنجامی کاری خۆڕسکیانەو بەبێ هەبوونی پێشڕەوی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە، نەك هەر ناتوانێ لە سەردەمی دوای جەنگدا سزای ڕژێم بدات، بەڵکو لە توانایدا نیە بێزاری و نارەزایی ئاشکرای خۆیشی دەربڕێ. ڕوداوەکانی دوای کارەساتەکەی ١٩٧٥ و هەرەس هێنانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی ئەیلول، ڕاستی ئەو تێبینیەی ئێمە دەسەلمێنن.

٣/ شتێکی سەیرە هەندێ لە لایەنگیرانی ئەو دروشمە گلەیی لە ڕژێم دەکەن چونکە بە هۆی جەنگەکەوە "هەڵمەتی دیکتاتۆریانەی خۆی زیاترکردووە و دەیان هەزار لاوی کرێکار و جوتیار و خوێندکاری بردۆتە بەرەکانی جەنگ و نەیهێشتووە ئەوان سوود لە تەنگوچەڵەمەکانی جەنگەکە وەرگرن و دۆخی شۆڕشگێڕی بخەملێنن". چونکە ڕژێمی عیراق بەپێی سروشتی چینایەتی خۆی و بۆ پاراستنی کورسیەکانی دەسەڵات و پاراستنی گیانی بەرگری لەبەرەکانی جەنگدا دەبێ ئەوە هەڵوێستی بێ. بەڵام لایەنگیرانی ئەو دروشمە بەو پێیەی خۆیان بە پێشڕەو دەزانن دەبوایە هەلومەرجی وەهایان بۆخۆیان بخوڵقاندایە کە بتوانن لە خراپترین و ئاڵۆزترین بارودۆخدا خەباتی خۆیان بکەن و سوود لە تەنگوچەڵەمەکانی جەنگ وەرگرن و زەمینە بۆ خەملینی دۆخی شۆڕشگێڕی خۆش بکەن.

٤/ دەسەلاتی و سەربەخۆیی وڵات کە بەهۆی هێرشەکانی ڕژێمی ئێرانەوە کەوتۆتە مەترسیەوە ، تەنیا بەڕاوەستاندنی جەنگ و بێ لەناوچوونی ڕژێمی عیراق مەیسەر نابێ . چونکە ئەو ڕژێمە بە حوکمی سروشت و بەرژەوەندیەکانی خۆی و بۆ پاراستنی دەسەلاتی خۆی ، ئامادەیە دەست لە هەموو شتێك هەڵبگرێ . ڕێکەوتنامەی جەزائیر و دەست بەرداربوونی خاکی نیشتمان بۆ شای ئێران و بەخشینی هەندێ جێ بە سعودیەوئەردەن، وە ڕازی بوونی لەسەر دەستدرێژیەکانی ڕژێمی تورکیا بۆسەر خاکی کوردستان بەڵگەی ئەو ڕاستیەن .

ئەوەی شایانی باسە لایەنگیرانی ئەو دروشمە هەر لەسەرتاوە هەتا ئەمڕۆ، نەیانتوانیوە ئەوەمان بۆ ڕون بکەنەوە چۆن دەتوانن دو دروشمی گەورە و ئاڵۆزی وەك " ڕاوەستاندنی یەکسەری جەنگ " و " ڕوخاندنی ڕژێم " پێکەوە بەرزبکەنەوە و بەچ ڕێگەو شێوازێك پێکەوە گرێیان دەدەن و لەچ ئاستێکدا هەر یەکێکیان دادەنێن؟ وە ئەوەیان دەرنەخستووە بەچ ڕێگایەك ڕاوەستاندنی جەنگ مەیسەر دەکەن؟ بە فشاربردن بۆ ڕژێمی ئێران بۆ ڕاگرتنی جەنگ ، بە هاندانی سوپا بۆ یاخی بوون و شەڕنەکردن بۆ ڕژێمی عیراق ، بە گۆشکردنی جەماوەر بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە دژی جەنگ ، بە کاریگەری دەوڵەتەکانی " ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی " ... هتد . تەنانەت کاتێك ڕودەکەنە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی دوروشمەکەش ، دوچاری ئاڵۆزی و گیروگرفت و ناکۆکی دێن و دەچنەوە خانەی لایەنگیرانی دروشمی " ڕوخاندنی ڕژێم و ڕاوەستاندنی جەنگ " . ئەوەتا دەڵێن : " تەنیا حکومەتێکی نیشتمانی دیموکراتی ئیئتلافی پشت ئەستور بە هاوپەیمانێتی هەموو هێزە نیشتمانی و دیموکراتیەکان دەتوانێ بە شێوەیەکی تەواو و هەمەلایەن جەنگ ڕابگرێ و لەناوبردنی هۆکان و شوێنەوارە دێزەکانی لەڕێگەی ڕێکەوتنێکی ئاشتیخوازانە و دیموکراتیانەوە مەیسەر بکات " . جا ئەگەر ئەم وتانە مانای پلە یەکەمی ڕوخاندنی ڕژێم و بەدواهاتنی ڕاوەستانی جەنگ نەبێ ئەی مانای چیە ؟!

ئێمە لێرەدا ئەوە دەڵێین کە بەرزکردنەوەی دروشمی " ڕاوەستاندنی یەکسەری جەنگ و ڕوخاندنی ڕژێم " بەر شێوە ئاڵۆز و نادیار و ڕوتە، مانای دواخستنی ڕوخاندنی ڕژێمە لەڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕیەوە ،مانای بێ هێزی و کەم دەسەلاتی ئەو هێزانەیە لە بواری ڕابەریکردنی خەباتی جەماوەریدا ، مانای لاوازی و دەور تەئسیربانە لەسەر ڕوداوە گرنگ و ئاڵۆزەکان ، مانای چاوەڕوانکردنی هێزێکی " غەیبیە " بۆ ڕزگارکردنی گەلانی عیراق لە چنگی جەنگ و ڕژێمی عیراق . لێرەدا چەند پرسیارێك ڕوبەڕوومان دەبنەوە : ئایا ئەو دو ڕژێمە بۆرجوازیە دەسەلاتدارەی

عیراق و ئێران دەتوانن ڕێککەوتنێکی ئاشتیخوازانە و دیموکراتیانە بەرقەرار بکەن و جەنگ ڕابوەستێنن ؟ ئایا بەبەرزکردنەوەی دروشمی ڕاوەستاندنی جەنگ و پڕوپاگەندەکردن لەدژی جەنگ و ئەنجامەکانی ، ئاشتی ڕاستەقینە دێتەدی ؟ لەوەڵامی ئەوانەدا دەڵێین : جەنگ بەویست و بڕیاری هێزە سیاسیەکان و ڕێککەوتنی ئۆپۆزسیۆنەکانی هەردو دەوڵەتی دژبەیەك و بەرزکردنەوەی دروشمی بریقەدار و پڕوپاگەندەی ڕوتی وەك " ڕاوەستاندنی یەکسەری جەنگ " و بانگ ڕاهێشتنی خێرخوازانە کۆتایی پێنایەت • هەروەها لەو بڕوایەدا بن کە ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانی عیراق و ئێران لەبەر سروشتی چینایەتی و بەرژەوەندیە دەستدرێژکاریە چەپەڵەکانی خۆیان و کاریگەری ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە ، لەتوانایاندا نیە ڕێککەوتنێکی ئاشتیخوازانە و دیموکراتیانە بەرقەرار بکەن و کۆتایی بە جەنگ بهێنن • بۆیە خەیاڵ پلاویە جەماوەر بەوە هەڵخەڵەتێنین کە ئەکرێ لەکاتی لاوازی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی و تەنگوچەڵەمەی هێزە سیاسیەکان و تەختەملێنی دۆخی شۆڕشگێڕانەدا ، ئاشتی بێ لکاندن و چەوساندنەوە و تالانکردنی گەلان بهێنرێتەدی و ڕێگە لە هەڵگیرساندنەوەی جەنگ بگیرێ •

## دروشم و هەڵوێستی ڕاست

لەو باسانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو سێ دروشمەی هێزە سیاسیەکانی عیراق و کوردستان بەرزیان کردۆتەوە ، دروشمی یەك لایەنی و ناواقیعی و نازانستین و ناتوانن دەستکەوتی چاك بهێننەدی و لەتوانایاندا نیە گەلانی عیراق بگەیەننە کەناری ئاسودەیی و ئارامی• بۆیە باشترین و ڕاسترین دروشم لەم بارودۆخەدا ئەوەیە کە دەڵێ : گۆڕینی جەنگی ناڕەوا و دەستدرێژکەرانە لەلایەن گەلانی عیراق و ئێرانەوە بۆ جەنگی ناوخۆ بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بورجوازی هەردولا • بێگومان جێبەجێکردنی دروشمێکی تیۆری وەها لە واقیعی پراکتیکی وهەلومەرجی تەنگوچەڵەمەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی هەردوو وڵات دا و پێنەگەیشتنی ئەڵتەرناتیفی ( بەدیلی ) شۆڕشگێڕی : حیزبی بۆلشەفیکی ، و یەکگرتنی هێزە نیشتمانیەکانی هەردو وڵاتدا ، مەحاڵە جەنگی ناڕەوا بگۆڕدرێ بۆ جەنگی ناوخۆ و مەحاڵێنە ئاشتی ڕاستەقینە بهێنرێتەدی •

ئەوەی شایانی باسە کاتێ ئێمە دەڵێین بەبێ چارەسەرکردنی تەنگوچەڵەمەی شۆڕشگێڕی هەردو وڵات و لەدایکبوونی ئەڵتەرناتیفی شۆڕشگێڕی جەنگی ناڕەوا ناگۆڕدرێ بۆ جەنگی ناوخۆ بۆ ڕوخاندنی ڕژێمەکان ، مەبەستمان ئەوە نیە دەبێ جەنگ هەتا ئەو سەردەمە



هەواڵنامەی کتێب

بەردەوام بێ وەبا وەرێشمان بەوەنیە بەبێ ئەوچارەسەرکردن و لەدا بکەونە کۆتایی بە جەنگ تایبەت . بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە بەبێ هاتنەسەرکاری ئەو بارودۆخە گونجاوە ، راوەستاندنی جەنگ هەر لەسەر لاشەی گەلانی عیراق و ئێران و گەلی کوردستان دەبێ و لەخزمەتی بەرژەوەندیەکانی دەسەڵاتدارەکانی هەردوو لا و ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا دەبێ . ئەو ئاشتیەش کە لە ئەنجامی دێتەدی ئاشتیەکی ساختە دەبێ و لکاندن و زەوتکردنی مافی گەلان و ناوکی هەڵگیرساندنەوەی جەنگێکی تر لەگەڵ خۆیدا دەهێنێتە ئاراوە . بۆیە ئەرکی سەرشانی چەپە شۆڕشگێڕەکانی عیراق و ئێران و کوردستانە ئەم حاڵە لەبەرچاو بگرن و کۆتایی بەو وەزعە نالەبارەی وڵاتەکانیان بهێنن و جەوساوەکان لەو مەترسیە چاوەڕوانکراوانە قوتاربکەن .

# ئەنجامەکانی جەنگی عیراق و ئێران

ئەوەی راستی بێ جەنگی عیراق و ئێران کوێرەوەری وماڵوێرانیەکی زۆری بۆ گەلانی هەردوولا دروستکردووە ، نزیکەی دو ملیۆن کەسی کوشتار و بریندار و پەککەوتە هەبووە ، بەشی هەرە زۆری پڕۆژە و دامەزراوە ئابوریەکانی هەردوولای وێرانکردووە کە دەیان ساڵە بە ئارەقی ناوچەوانی جەماوەر و سامانی نیشتمانی بیناد‌ەکرێن ، باشکۆیەتی هەردوولا بۆ ئیمپریالیزم زیادی کرد و دیکتاتۆریەتی ڕەشبان بەسەر گەلاندا سەپا ، زەمینە بۆ کنەکردنی ئیمپریالیزمی جیهانی و جڕی کۆبونەوەی هێزەکانیان لە کەنداودا خۆشتربوو ، دەیان پیلانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست جێبەجێکران . شان بەشانی ئەوانە جەنگەکە ڕوی راستەقینەی ڕژێمی عیراق و فاشیەتی حوکمەکەی ئاشکراکرد و ئەوەی دەرخست کە ئەو ڕژێمە ڕژێمێکی دیموکراتی شۆڕشگێڕ نیە و ناتوانێ سۆسیالیزم بینا بکات و سەدام حوسەینیش فیدل کاستروی عیراق نیە ، بەڵکو دیکتاتۆرێکی بێ وێنەی ئەم سەردەمەیە و ڕژێمەکەشی ڕژێمێکی بۆرجوازی وابەستەیە و لەخزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدایە هەروەها جەنگەکە خەیاڵ پلاوی چەمکی " شۆڕشی ئیسلامی " و " نە شەرقی و نە غەربی "هەڵوێست ی دەرخست و ناوەڕۆکی راستەقینەی ئاخوندەکانی بەتەواوی ئاشکراکرد .



هەواڵنامەی کتێب

# کاریگەری جەنگەکە لەسەر عیراق

جەنگی عیراق و ئێران زیانێکی گەورە و بێ وێنەی لە زیانی گەل داوە گەورەترین و دیارترینیان ئەو زیانە مرۆییانەیە کە ڕژێم دەیەوێ بە هەموو شێوەیەك پەردەی بیرچوونەوەی بەسەردا بکێشێ ٠ وەك ئامارەکان دەری دەخەن زیانە مرۆییەکانی عیراق لە جەنگەکەدا بەم جۆرەیە : ٣٠٠ هەزار کوژراو ، ٤٥٠ هەزار بریندار ، ٧٠ هەزار دیل ، ٥٠ هەزار سەربازی ئیعدام کراو لەبەرەکانی جەنگدا ، ٧٥٠ هەزار ئاوارەی ناوچە جیاجیاکانی جەنگ ( جا لەدەرەوەی وڵات بن یاخود ناوەوە ) ٠ هەموو ئەوانەش لە ڕەنجدەران و ڕۆشنبیرانی لاوی شار و لادێکان پێکهاتوون ، کە بە لە دەستدانیان ئابوری نیشتمان تووشی زیانێکی زۆر دەبێ ٠

لەڕوی ئابوریشەوە جەنگەکە بووە هۆی : کاول کردن و وێرانکردنی دامەزراوە ئابوری و بەرهەمهێنەرەکان ، لە پێش هەموویانەوە پیشەسازی نەوت و پیترۆکیمیاری و دەزگاکانی وزەی کارەبایی ٠ بەرزبوونەوەی بودجەی جەنگ بۆ نزیکەی ٢٠٠ ملیار دولار و هاتنە خوارەوەی داهاتی نیشتمانی ٠ کەم بوونەوەی بەرهەمی نەوت بۆ ٣٥٪ بە هۆی لێدانی بیرەکانی نەوت و گیروگرفتەکانی ڕێگای ناردنە دەرەوە ٠ سەرف کردنی زۆربەی هەرە زۆری ئاڵتون و پارەی بێگانەی کەڵەکەبوو ( لە ٣٧ ملیارەوە بووە ٢ ملیار وکەمتر ) و دابەزینی نرخی دیناری عیراقی بۆ ئەو ئاستەی یەکسان بێت بە ٣٠٠ فلسی کوێتی ٠ زۆربوونی قەرزەکانی ڕژێم بەو جۆرەی ئابوری عیراق و باری پشتی جەماوەر گرانتربوو ، بۆ نمونە عیراق ٨٠ ملیار دولاری ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی کەنداو و ٢٥ ملیار دولاری کۆمپانیا جۆراوجۆرەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و یابان و ئەمەریکا قەرزارە ٠ پەك کەوتنی ژمارەیەکی زۆری دامەزراوە بەرهەمهێنەرەکان و کەرتەکانی فریاگوزاری و کاول بوونی کشتوکاڵ لە سەرتاسەری عیراق دا وکۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە جوتیارەکان بۆ شارەکان ، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەش ژمارەیەکی زۆر جوتیار لە وڵاتە عەرەبیەکانەوە هێنران بۆ شوێنەکانیان ، بەڵام هەرسەرکەوتوو نەبوو ٠ بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیە گرنگەکانی ژیان و ئاڵۆزی و بێ سەروبەری لەدابەشکردنیاندا و تەشەنەکردنی بازاری ڕەش و بەرتیل و بۆگەنی ئیداری ٠ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسا ئابوریانەی لەسەرەتای حوکمی بەعس دا و لەخزمەتی کریکارانو جوتیاران و توێژە هەژارەکانی تردا دانرابوون ٠ فرۆشتنی دامەزراوە ئابوریەکانی وڵات بە بۆرجوازی بیروکراتی و مشەخۆری عیراق و دەرگا خستنە سەر گازی پشت بۆ زیاتر هاتنی کەرەسەکانی وڵاتە

سەرمایەداریەکانی جیهان . لە ئەنجامی ئەوانەش رەنجدەران و توێژە هەژارەکانی تر دووچاری بێدەرەتانی و هەژاری و نەبوونی زیاتربوون ، سەروەت و سامانی زۆرتر لەلای بۆرجوازی بیروکراتی و مشەخۆر و بەڵێندەرەکان کەڵەکەبوو ، کرمپاتیا فرە رەگەزەکان زیاتر کنەیان کردە ناو وڵات و تازانجێکی زۆریان کرد لە فرۆشتنی کەرەسەی جەنگی و نا جەنگیەکان و زیاتر عیراقیان بەستەوە بەبازاری سەرمایەداری جیهانیەوە . لەدوا ئەنجامیشدا تەنگوچەڵەمە و گیروگرفتەکانی رژێم قوڵتر بووەوە و ناکۆکی و ململانێی کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکان توند و تیژتر بووەوە .

هەروەها لەکاتی جەنگی عیراق و ئێران دا سیاسەتی دابڵۆسین و سەرکوتکردن و کوشتن و برین پەرەی سەند و گەیشتە دوایلە . ئەوەبوو رژێم بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و بۆ دامرکاندنەوەی بزوتنەوەی نیشتمانی و دیموکراتی گەلی عیراق و بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان و خنکاندنی هەموو جۆرە دەنگێکی نارەزایی و رەخنەگرتن ، بەدڕندانەترین شێوە و نامرۆڤانەترین رەفتار کەوتە وێزەی نیشتمان پەروەرەکانی عەرەب و کورد وکەمە نەتەوەییەکانی تر و سادەترین مافی مرۆڤی لێ زەوتکردن و دەیان یاسای فاشیانەی دەرکرد بۆ سەرپێ داتەواندن و کەسابر کردنی جەماوەر و ، زیندان و گرتوخانەکانی پڕکرد لە هەزاران هاوڵاتی بێ تاوان و تێکۆشەری گەلانی عیراق و بە هەزاران خێزانیشی ئاوارەی ئەودیو سنورکرد و بەهەزاران سەربازی لەسێدارەدا، چونکە رازی نەبوون ببنە سوتەمەنی جەنگەکەی . شان بەشانی ئەوانە سیاسەتی شۆڤێنیستانەی بەرامبەر گەلی کورد پەرەپێدا و سەدان گوندی تری وێرانکرد و هەزاران خێزانی بێ جێ و ئاوارە کرد و هەندێکیشی بەرەو خوارووی عیراق برد . هەربەوەشەوە نەوەستا ، بەڵکو موشەکی کیمیاوی لەدژی دێهاتەکانی کوردستان بەکارهێنا و سەدان پیر و ژن و منداڵی شەهید و پەك كەوتەکرد . سەرەرای ئەوانە رێکخراوە سەندیکالی و پیشەیی و کۆمەڵایەتیەکانی وەك كرێکاران و جوتیاران و خوێندکاران ولاوان و ئافرەتان و مامۆستایان و ئەوانی تری بەتەواوەتی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە و کردنیە دەزگای جاسوسی و سەرکوتکردن و تۆقاندنی جەماوەر .

لە ئەنجامی ئەو گیروگرفتانەی بەهۆی جەنگەکەوە هاتبوونە ئاراوە،رژێم زیاتر بەرەو رێگای خیانەتکردن لە بەرژەوەندیە نیشتمانی ونەتەوەییەکان رۆیشت و ئەمرۆ رۆڵێکی تێکدەرانە دەبینێ لەناو وڵاتە عەرەبیەکان دا ، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی : ١/ رژێم بە ئاشکرا و بێ رویانە بەرەو کامپ دێڤید بڕوات و واز لە بڕیارەکانی کۆنگرەی بالای بەغدا بهێنێ و باوەڕ بە پەیمانی میسر - " ئیسرائیل " بکات و هانی

ئەردەن بدات لەگەڵ " ئیسرائیل"دا رێك بکەوێ وەباوەڕ بە " ئاسایشی ئیسرائیل " بکات و هەوڵ بدات رژێمی میسر بهێنێتەوە بۆ ناو ریزی وڵاتە عەرەبیەکان و جامعەی وڵاتە عەرەبیەکان . ٢/ هاریەیمانی خۆی لەگەڵ رژێمە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەدا - بەتایبەتی ئەردەن وسعودیە- بتەو بکات و بەشداری لە پێکهێنانی تەوەری سەربازی - سیاسی لەو جۆرە بکات کە خزمەتی ئامانجە ستراتیجیەکانی ئەمەریکا و " ئیسرائیل" دەکات لە ناوچەکەدا . ٣/ پشتگیری کردنی هێزە فاشیەکانی لبنان و رازی بوونی بەکردەوە لەسەر ئەو هەڵوێستانەی حکومەتی لبنان کە نزیکە لە پیلان و نەخشەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی و ناتۆ و " ئیسرائیل" ەوە . ٤/ هاوکاریکردن لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشی چەواشە لەیەمەنی دیموکراتی و هەندێ ناوچەی عەرەبی تر . ٥/ بەرەپێدانی پەیمانی " ئاسایش " ی سنور لەگەڵ رژێمی تورکیا و رازی بوونی بە هەموو دەستدرێژیەکانی بۆ سەر خاکی کوردستانی خوارور . ٦/ بەستنەوەی پەیوەندی ئاشکرا لەگەڵ ئەمەریکادا و بەرەپێدانی پەیوەندی وهاوکاری لەگەڵ وڵاتە سەرمایەداریەکانیدا . لەئەنجامی هەموو ئەوانەی سەرەوەش رژێمی عیراق سودێکی زۆری بە ئیمپریالیزمی جیهانی گەیاند و زەمینەی بۆ کنەکردن و جێگیربوونی لە ناوچەکەدا خۆشکرد .

## کاریگەری جەنگ لەسەر لەباربردنی شۆڕشی گەلانی ئێران

هێشتا ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕوخاندنی رژێمی شاو سەرکەوتنی خەباتی گەلانی ئێران تێنەپەڕیبوو ، پیلانی شۆڕشی چەواشەی کۆنە ساواکیەکان و هەرەشەو گوڕەشەی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی کۆتاییان پێنەهاتبوو ، شۆڕشی گەلانی ئێران ڕوبەڕوی دووڕیانێکی مێژوویی و بڕیاردەر بووەوە : یان هەنگاونان بەرەو سەرکەوتنی یەکجارەکی وتەواوکردنی قۆناغە سروشتیەکانی شۆڕش ، یان پاشەکشەو پوچەڵ بوونەوەی ناوەڕۆکی شۆڕش . ئەوەش گرێدرابوو بە تەرازوی هێزی نێوان ئەو لایەنە جۆراوجۆرانەی لە هەڵگیرساندنی شۆڕش و ڕوخاندنی رژێمی شادا بەشداریان کردبوو . بەلام لەبەر نەبوونی رابەری راستەقینەی جەماوەرو پارچەپارچەیی ریزی هێزە چەپ وپێشکەوتنخوازەکان و ململانێی توندوتیژی نێوانیان و دەست پێشکەری نەکردنیان ، ئاقاری شۆڕشەکە کەوتە دەستی ئەو لایەنەی بە پێی سروشتی چینایەتی و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان نەئەکرا بەرەو سەرکەوتنی بەرن ؛ واتە هێزە کۆنەپەرستەکان و ئاخوندەکان . لە دوا ئەنجامیشدا ئەم هێزانە



هەواڵنامەی کتێب

شۆڕشەکەیان بەو شێوەیە ئاڕاستەکرد کە خزمەتی بەرژەوەندی و ویستە چینایەتیەکانی خۆیان بکاتو پایەگاو دەسەلاتیان بچەسپێنێ. ئەوەبوو دەستکرا بە پوچەڵکردنەوەی ئەو دەستکەوتە دیموکراتیانەی لە سەرەتای شۆڕشەکەدا بە خوێنی هەزارەها ڕۆڵەی چەوساوە مسۆگەرکرابوو ، هێرش لەدژی هێزە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان دەستیپێکردو هەڵمەتی شۆڤێنیستانە دژی گەلی کوردستانی ڕۆژهەلات بەرپاکرا .

ئا لەو سەردەمەدا جەنگەکەی ڕژێمی عیراق دژی ئێران دەستی پێکردو زەمینەی بۆ جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی هێزە کۆنەپەرستەکان و ئاخوندەکان و هێزەکانی شۆڕشی چەواشەی ناوڕژێم و پیلانەکانی ئیمپریالیزمی جیهانیو کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە خۆشکردو کاریکردە سەر تەرازوی هێزی نێوان هێزە کۆنەپەرستو پێشکەوتنخوازەکان و ململانێی نێوان هێزە جۆراوجۆرەکانی ئێران و لە خزمەتی بۆرجوازی بازاڕو مولکدارەکاندا یەکالای کردەوە . لە ئەنجامی ئەوەش هەموو دەستکەوتەکانی شۆڕش هەڵوەشێنرایەوە ، مافە سەرەتاییە سادەکانی مرۆڤ لە ئێران زەوتکرا ، زەبری کوشندە لە هێزە پێشکەوتنخوازو چەپەکان وەشێنراو چالاکی سیاسیان قەدەغەکرا ، هەڵمەتی شۆڤێنیستانە دژی گەلی کوردستانی ڕۆژهەلات گەیەنرایە دوایلە ، سیاسەتی پێشکەوتنخوازانە بەرامبەر ئیمپریالیزم و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی جیهانی گۆڕانی گەورەیان بەسەرداهات بەو پێیە ناوەرۆکی شۆڕشەکە پوچەڵکرایەوە ، دیکتاتۆریەتی ئاخوندەکان چەسپیو جەنگی عیراق و ئێران گۆڕا بۆ "حرب الاستنزاف" و ڕژێمی عیراقیش تاوانێکی گەورەی دەرهەق بە گەلانی ئێران کردو خزمەتێکی زۆری کۆنەپەرستەکانی ئێران و ئیمپریالیزمی جیهانیو کۆنەپەرستەکانی ناوچەکە کرد .

## کاریگەری جەنگ لەسەر
## بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی عەرەب

جەنگی عیراق و ئێران بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی عەرەب و ناوچەکەی ڕوبەڕوی مەترسی گەورەو جیدی کردەوەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەنجامەکانی ڕەنگدانەوەی لەناو بزوتنەوەکەو دەوڵەتە عەرەبیەکاندا بەدی دەکرا ، لەوانە :

١/ لە کاتێکدا پیلانی کامپ دێڤید هەڕەشەی لە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی عەرەب و شۆڕشی فەلەستین دەکردو پێویست بوو هەڵوێستێکی یەکگرتوو بەرامبەر ئەو پیلانەو هاوپەیمانی "ئیسرائیل" و ڕژێمی سادات وەربگیرێ ، بارودۆخی عەرەب تێکچوو و بارچە بارچەیی کەوتە نێوان دەوڵەتە عەرەبیەکانەوە و سیاسەتی

تەوەرەکان "المحاور" هاتە ئاراوە و عیراق چووە ناو تەوەری ئەردەن - یەمەنی سەروو - مەغریب - ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی کەنداو کە تەواوکەری تەوەری میسر - سودان بوو .

٢/ بە هەڵگیرساندنی جەنگەکە مەسەلەی فەلەستین بووە مەسەلەیەکی لاوەکیو جێی بۆ جەنگەکەو دابین کردنی ڕێگای نەوت چۆڵکرد . بەو پێیەش مەسەلەی فەلەستین و خوارووی لوبنان کە هەمیشە لە سایەی هێرشەکانی زایۆنیزمەکانەوە لە دۆزەخدا دەژیان لەناو مەسەلەی جەنگ و نەوتدا ون بوون .

٣/ لە سایەی سیاسەتی تەوەرەکان و پارچە پارچەیی ڕیزەکانی عەرەبەوە ، هەندێ وولات زاتی ئەوەیان کرد بڕیارەکانی کۆنگرەی بالای بەغدا هەڵوەشێننەوە و لە ڕژێمی کامپ دێڤید نزیک ببنەوەو بەو جۆرەش زەمینەیان بۆ جێبەجێبوونی سیاسەتی سازشی خۆ بەدەستەوەدان و گەڕانەوەی ڕژێمی میسر بۆ ریزی "جامیعەی وڵاتە عەرەبیەکان" خۆشکرا .

٤/ پەیمانی "ئاسایش" ی لە نێوان وڵاتەکانی کەنداو پێکهات و لە ژێر ناوی "ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو" دا ڕاگەیەنرا .

٥/ بەهەڵگیرساندنی جەنگەکەو سەرقاڵ بوونی عیراق بە ئێرانەوەو دورکەوتنەوەی لە "بەرەی ڕۆژهەلات" زایۆنیزمەکان دەرفەتیان بۆ ڕەخسا هێرش بەرنە سەر خوارووی لوبنان و فەلەستینیەکان لەناوبەرن و سیاسەتی سازشی خۆبەدەستەوەدانی ئەمەریکی - ئیسرائیلی - میسری بەزەبری تفەنگ بچەسپێنین .

٦/ جەنگی عیراق و ئێران تەرازوی هێزەکانی لە ناوچەکەدا گۆڕی و زەمینەی بۆ پاشەکشەی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازو شۆڕشگێڕی و بەپۆلی کۆنەپەرستی عەرەبی-ئەمەریکا خۆشکرد .

## جەنگ و کۆنەپەرستانی ناوچەکە وئیمپریالیزمی جیهانی

ڕوخاندنی ڕژێمی شا شلەژانێکی گەورەی لە بارودۆخی ناوچەکەدا دروستکردو گۆڕانی زۆری بەسەر تەرازووی هێزەکانی ناوچەکەدا هێناو ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەو کەنداوی هێنا بە لەرزەو ناچاری کردن بارودۆخی نوێ بە جۆرێك ڕێك بخەنەوە کورسیەکانیان بپارێزن و بەرژەوەندیەکانیان دابین بکات . هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە کەوتنە دژایەتیکردنی ناڕاستەوخۆ و دڵ ڕاگرتنی سەرزارەکی ئێران و لەترسی دوبارەبوونەوەی شۆڕشێکی لەو جۆرە ، کەوتنە سازکردنی هاوپەیمانی ئاسایش و هاندانی

ڕژێمی عیراق بۆ هەڵگیرساندنی جەنگ لەدژی ئێران ، مەبەستیشیان لەوانە ڕوخاندنی ڕژێمی ئێران و هێنانە سەرکاری ڕژێمێك بوو تەرازوی هێزەکان بگێڕێتەوە شوێنی جارانی خۆی ، هەروەها گەرەکیان بوو لە ڕێگەی جەنگەکەوە هێزو توانای عیراق لاواز بکەن و تێکی بشکێنن و لوتی ڕژێمی عیراق بدەن لەزەوی و زیاتر بەرەو تەوەری کۆنەپەرستی بەرن ، بەو جۆرەش دەسەلاتی خۆیان زیاتر بکەن و دەست بەسەر ناوچەی کەنداودا بگێڕن ، ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی تری وەك ئەردەن و میسریش لەبەر ئەو گۆرانکاریانەی لەناو ڕژێمی عیراق دا ڕوی دابوو و لە تەوەری کۆنەپەرستی نزیکیان کردبووە ، وە لەبەر سەرقاڵ کردنی جەماوەری وڵاتەکانیان و ناوچەکە بە مەسەلەیەکی لاوەکیەوەو دورخستنەوەیان لە مەسەلەی فەلەستین و زەمینەخۆشکردن بۆ سازشی خۆبەدەستەوەدان ، هەر لە ڕۆژی یەکەمی جەنگەکەوە پشتگیری خۆیان بۆ ڕژێمی عیراق دەربڕی و بوونە لایەنگیری عیراق لە جەنگەکەدا ،

ئەوەی شایانی باسە ئەو کۆنەپەرستانەی کەنداو بە هەمور شێوەیەك یارمەتی ڕژێمی عیراقیان داوەو گیروگرفتە ئابوری ، سەربازی ، سیاسیەکانیان بۆ چارەسەرکردوەو لە ڕێگەی یارمەتی ماڵی و قەرزەوە ، کەلێن و کەلەبەرەکانیان بۆ پڕکردۆتەوە ، شان بە شانی ئەوەش دەزگاکانی سیخوری و جاسوسیشیان خستە خزمەتیەوەو زەمینەی لەباریان بۆ هاوپەیمانیەکانی ڕژێمی عیراق لەسەر ئاستی جیهان ڕەخساند ، ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی ئەردەن و میسر و ئەواتی تریش جگە لەو جۆرە یارمەتیانە ، هێزی سەربازی و چەکی خۆیان خستە بەردەمی ڕژێمی عیراق و بوونە بەشداربکەرێکی ڕاستەوخۆی جەنگ ،

پاش پەرەسەندنی جەنگەکە و ئاڵۆزبوونی لە ئەنجامی شەڕی کەشتیەکان و دەستپێکردنی هەڕەشەو گوڕەشەکانی ئێران ، دوای ئەوەی جەنگەکە بووە مایەی مەترسی بۆ ڕژێمە کۆنەپەرستەکانی کەنداو و بەرژەوەندیەکانیان و بە ویست و ئارەزوی ئەوان نەچووە ڕێوەو لە ڕوی پارەو پولیشەوە بووە بارێکی گرانی ئەستویان ، دەنگیان بەرزکردەوە بۆ ڕاگرتنی جەنگ و پاش چەندین ساڵ ماڵ وێرانی و هەزارەها کوشتار ، ئینجا " ویژدان " یان بزوا و لە بەرامبەر ئەو کارەساتە گەورەیەی جەنگ ڕاچڵەکین ، شان بە شانی ئەوەش وڵاتەکانی خۆیان کردە عەمباری چەك و بنکەی هێزەکانی ئیمپریالیزمی جیهانی و پەرەیان بە " ئەنجومەنی هاوکاری کەنداو " داو کەوتنە خەملاندنی زەمینەی نێودەوڵەتی بو ڕاوەستاندنی جەنگ و ڕێگرتن لە گەشەکردن و ئاڵۆزبوونی ڕوداوەکان بەو شێوەیەی لە بەرژەوەندیان دا نیە ،

ئیمپریالیزمی جیهانیش ( لە پێش هەموویانەوە ئیمپریالیزمی

ئەمەریکی ) بە ڕوخاندنی ڕژێمی شا و سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، بنکەیەکی گرنگی خۆیان لەناوچەکەدا لەدەستداو تەرازوی هێزەکان لەدژی ئەوان گۆڕانی بەسەردا هات. بۆیە دەستیان کرد بە زەمینە خۆشکردن بۆ جەنگی عیراق و ئێران و پاش هەڵگیرسانیشی هەتا بۆیان کرابێ بەتزینیان بە ئاگرەکەیدا کردوە، مەبەستی ئەوانیش لەوە بریتی بوو لە : ١/ ڕوخاندنی ڕژێمی ئێران یان دەستەمۆکردن وگێڕانەوەی بۆ ژێر ڕکێفی خۆیان، لاوازکردنی هێزوتوانای عیراق و زیاتر ڕاکێشانی بەرەو تەوەری کۆنەپەرستیو باوەشی پڕ سۆزی خۆی. ٢/ زۆرکردنی هەبوونی سەربازی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداودا. ٣/ مۆرکردنی پەیمانی سەربازی و ئاسایشی دووقۆڵیو چەندقۆڵی لەگەڵ کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەداو لە دژی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی و هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ناوچەکەوسۆڤیەت. ٤/ دورخستنەوەی تواناو وزەی گەلان لە بەشداریکردنی بەکردەوەی خەباتی گەلی فەلەستینداو چەسپاندنی "ئیسرائیل"و زەمینە خۆشکردن بۆ جێبەجێکردنی پیلانی کامپ دێڤید و سازشی خۆبەدەستەوەدان. ٥/ زیاتر فرۆشتنی چەك نەك هەر بە عیراق و ئێران، بەڵکو بە ڕژێمە لەرزۆکەکانی کەنداویش.

ئەوەی ڕاستی بێ تاکە لایەن کە سوودی زۆری لە هەڵگیرساندن و بەردەوام بوونی جەنگ وەرگرتبێ، ئیمپریالیزمی جیهانی بوو ( بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی ) . چونکە توانیان لە ئەنجامی ئەوە: نەخشەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن و پایەو هەبوونی سەربازی و سیاسی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداودا زیاتر بکەن، هێزی سەربازی و کەشتی جەنگی زۆر بە بەهانەی پاراستنی بیرەکانی نەوت و زامن کردنی ڕێگەی گەیشتنی بە وڵاتەکانیان و ڕزگارکردنی ناوچەکە لە"مەترسی سۆڤیەت"بهێنە ناوچەی کەنداو، چەکێکی زۆر بە عیراق و ئێران بفرۆشن و وڵاتەکانی کەنداو بکەنە بنکەی هێزەکانی خۆیان و عەمباری گەورەی چەکەکانیان و، ئاشتی جیهان و چارەنووسی گەلانی ناوچەکە بخەنە مەترسیەوە. شان بە شانی ئەوەش توانیان ڕژێمی عیراق بە تەواوەتی بخەنە باوەشی خۆیان و کنە بکەنەوە ناو ئێران، دەستیشیان بەرەڵابوو سیاسەت و پیلانەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جێبەجێ بکەن. هەر لەبەر ئەو هۆیانەش بوو ئەگەرچی بە سەرزارەکی لەگەڵ ڕاوەستاندنی جەنگ بوون، بەڵام لە واقیعدا هەمیشە ئاگرخۆشکەری بوون.

## جەنگ و مەسەلەی کورد

هەتا ماوەیەکی دوورودرێژ ئەو باوەڕە لەناو جەماوەرو هێزە

سیاسیەکانی کوردستاندا باوبوو، کە هەڵگیرساندنی جەنگی عیراق و ئێران سوود و قازانجێکی زۆری بۆ گەلی کورد دەبێ و دەبێتە یاریدەدەری ڕزگاربوون و سەرفەرازی لە چەوساندنەوەو شادبوون بە ئامانجە ڕەواکان ۰ هەڵبەتە ئەو باوەڕەش لەو مەسەلەیەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە جەنگەکە داگیرکەرانی کوردستان بەشەڕی یەکتری کوشتنەوە سەرقاڵ دەکات و هێزو توانایان لاواز دەکات و هەڵمەتی شۆڤێنیستانەیان کەم دەکاتەوە ؛ لە ئەنجامی ئەوەش هەلێکی چاك بۆ پەرەسەندنی خەباتی شۆڕشگێڕانە دەرەخسێ، تایلەنگی تەرازوی هێزەکانی گەلی کورد و دوژمنان هەڵدەگەڕێتەوە، زەمینە بۆ ڕوخاندنی ڕژێم و سەرکەوتنی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان خۆش دەبێ ۰ بەلاّم ڕوداوەکانی ڕۆژگاری جەنگ‌و پەرەسەندن و فراوانبوون و ئاڵۆزبوونی جەنگەکە چەوتی و نادروستی ئەو باوەڕەیان سەلماند ۰

هەڵگیرساندنی جەنگی عیراق و ئێران و سەرقاڵ بوونی داگیرکەرانی کوردستان بە جەنگ‌و بێداویستیە گرنگەکانیەوە، دەسەلاتی هێزەکانی ئەوانی لە کوردستاندا لاوازکرد و دەرفەتی ئەوەی بۆ هێزەکانی کوردستان خولقاند ببوژێنەوە، ئاسۆی کاری جەماوەری فراوانتر بکەن، پەرە بە چالاکی پێشمەرگانە بدەن ۰ بەلاّم ئەو هێزانە لەبەر پێکهاتنی چینایەتی خۆیان و بالادەستی عەقلیەتی سیکتاریزمانە لە ناویاندا، نەیان توانی سوود لە تەنگوچەڵەمەکانی ڕژێم لە کاتی جەنگدا وەرگرن و ڕیزەکانی خۆیان یەك بخەن و ناکۆکیەکانی نێوان خۆیان خاوبکەنەوە و پەرە بە خەباتی شۆڕشگێڕانە بدەن ۰ بەڵکو ڕویان کردە سیاسەتی تەوەرەکان و هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لەدژی یەك ؛ بەو جۆرەش دەرفەتی مێژوویی زۆریان لەدەست دا و کەوتنە دوای بزوتنەوەی جەماوەریەوەو داگیرکەرانی کوردستانیشیان بەو بارودۆخە دڵشاد و کامەران کرد ۰

هەروەها زۆری پێنەچوو ڕەشەبای ماڵ وێرانکەرەی جەنگی عیراق و ئێران کوردستانیشی گرتەوە و ئەنجامە خراپەکانی شوێن پەنجەیان لەناو ژیانی گەلی کوردا بەجێ هێشت ۰ ئەوەبوو هەزاران ڕۆڵەی گەلەکەمان لەبەرەکانی جەنگ‌و ئەنجامی هێرشەکان بۆسەر شار و دێهاتەکان کوژران، هەزارەها خانووبەرە کاول و تەخت کران، برسێتی و بێ کاری و بێ دەرەتانی پەرەی سەندو ئاوارەییەکی زۆر دروست بوو، سیاسەتی شۆڤێنیستانەی ڕژێمەکان دژی گەلەکەمان: کوشتن و گرتن و زەوت کردنی سەربەستیە دیموکراتیەکان و سڕینەوەی سروشتی نەتەوایەتی، پەرەی سەند ۰ دوا بەدوای ئەوەش کە جەنگەکە گوێزرایەوە بۆ کوردستان، مەینەتی و ناڵەباری و ماڵ وێرانی و ئاوارەیی بێ سنور

پەرەیان سەندو، بیلانی ڕژیمی تورکیا بۆسەر وڵاتەکەمان دەستیپێکردەوە وکوردستان و گەلەکەی ڕووبەڕووی چارەنووسی نادیار بوونەوە و خاکی نیشتمانەکەمان وەك سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەوی بووە مەیدانی تەراتێنی هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان .

سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە جەنگەکە مەترسیەکی زۆری بۆسەر چارەنووس و سەربەخۆیی هێزە سیاسیەکان دروستکرد ، ئەوەبوو ڕژێمی عیراق و ئێران کەوتنە کۆشش کردن بۆ بەکارهێنانی مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان و وەگەڕخستنی لەپێناو لەسەنگکردنی تەرازووی هێزەکانی جەنگدا . بۆ ئەو مەبەستەش هەردوو ڕژێمەکە دەستیان کرد بە پەیوەندیکردن بە هێزە سیاسیەکانی کوردستانەوە و کۆمەکی کردن و یارمەتیدانیان بۆ " هێنانەدی " مافە ڕەواکانی گەلی کورد . هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش بە پێی پێکهاتنی جینایەتی خۆیان بەدەنگ ئەو هەنگاوانەی داگیرکەرانەوە چوون : هێزە سیاسیەکانی کوردستانی خواروو پەیوەندیان لەگەڵ ئێراندا پتەوبوو ، هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش پەیوەندیان لەگەڵ عیراقدا خورتبوو . بەو پێیەش داگیرکەرانی کوردستان دەستیان خستە ناو سیاسەتی ئەو هێزانەوەو لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی خۆیاندا خستیانە کار .

گەربێت ئەمڕۆ سەیری بارودۆخی کوردستان بکەین و لە کاریگەری جەنگ لەسەر هەلومەرجی ژیانی گەلەکەمان بکۆڵینەوە ، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەو جەنگە و بەردەوام بوونی هیچ سوود و قازانجێکی گەلی کوردی تێدا نیە ، بەڵکو زیانێکی زۆری پێدەگەیەنیو ڕووبەڕووی داهاتوویەکی ئاڵۆزو نادیاری دەکاتەوەو تاقە ڕێگایەك بۆ ئەوەی کوردستان لەو بارودۆخە نالەبارە ڕزگاربکەین ئەوەیە هێزە سیاسیەکان بە هەستکردن بە مەسئولیەتەوە ڕەفتار لەگەڵ جەنگەکەدا بکەن و گەلی کورد نەکەنە تەرەنداری هیچ لایەنێك .

## ئاسۆی جەنگی عیراق و ئێران

ئەوەی ڕاستی بێ جەنگی عیراق و ئێران تووشی کوێرەڕێگە بووە و ئاسۆی کۆتایی پێهاتنی نادیارو ئاڵۆزە . چونکە هیچ یەکێك لەو دوو ڕژێمە ئامادە نیە دەست لە مەرجەکانی خۆی هەڵگرێ و لە توانایدا نیە ڕێکەوتنێکی دیموکراتیانەی ڕەوا بهێنێتە ئاراوەو پێی ناکرێ لەڕێگەی سەرکەوتنێکی سەربازیەوە کۆتایی بە جەنگەکە بهێنێ . هێزە ئۆپۆزسیۆنە تەقلیدیە باڵادەستەکانی عیراق و ئێرانیش لە

تەنگوچەڵەمەیەکی توڵدا دەژین و ناتوانن ڕژێمەکان بڕوخێنن و کۆتاییەك بۆ ئەو وەزعە نالەبارە دابنێن ، هێشتا هێزە پێشڕەوە ڕاستەقینەکانی عیراق و ئێرانیش لەدایك نەبوون هەتا بتوانن شان بە شانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی‌تر جەنگی ناڕەوا بگۆڕن بۆ جەنگی ناوخۆ بۆ ڕوخاندنی ڕژێمە بۆرجوازییەکانی هەردوو دەوڵەت . هەوڵ تەقەلای دەزگا مرۆڤایەتی‌و جیهانییەکانی وەك " ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی" یش لە توانای‌دا نیە لەڕێگەی بڕیاری ئیدارییەوە جەنگەکە ڕابگرێ ، چونکە ڕاوەستاندنی جەنگ بە چارەسەرکردنی هۆکانی بەردەوام بوونیەتی‌و مەحاڵە جەنگ بە بڕیارێکی دەزگایەکی نێودەوڵەتی ناشێلگیرو بەردەوام بوونی فرۆشتنی چەك بە هەردوو ڕژێمی عیراق و ئێران و پەرەسەندنی دەستدرێژی ئیمپریالیزمی جیهانی لە ناوچەی کەنداودا کۆتایی پێ‌بێ . بۆیە جەنگەکە هەتا ماوەیەکی تریش بەردەوام دەبێ و ئاسۆیەکی ڕونی نابێ و لە هەلومەرجی ئەمڕۆی ناوچەکەو عیراق و ئێرانیشدا کۆتایی هاتنی هەر لەسەر حیسابی گەلانی عیراق و ئێران و ناوچەکەو لە بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆنەپەرستاندا دەبێ .

---

● بۆ نووسینی ئەم بابەتە سوودمان لەم سەرچاوانە وەرگرتووە :

/١ مارکسیزم - لینینیزم و مەسەلەکانی جەنگ و سوپا .

/٢ هەڵبژاردەکانی لینین لە هەشت بەرگدا - بەرگی ٥ و ٦ .

/٣ بڵاوکراوەکانی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عیراق و کوردستان .

/٤ بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی عەرەبی و ناوچەکە .

دورە وڵات

# خوێندکاران و ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی دورە وڵات

چەند خوێندکارێک

## سەرەتایەکی گشتی

خوێندکاران کەرتێکی کۆمەڵایەتی گرنگی هەموو کۆمەڵگایەک پێک دەهێنن . لەبەر شوێنەوارییان لە بوارێ ڕۆشنبیریدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە بڵاوکردنەوەی خوێندەواریو ڕۆشنبیری هاوچەرخ و هوشیار کردنەوەی چینە زەحمەتکێشو چەوساوەکانی کۆمەڵدا . وە لەبەر ئەوەی بەشێک لەلاوان پێک دەهێنن ، خاوەنی ئامادەیی و وزەو جۆشو خرۆشێکی زۆرن ، عاشقی سەربەستیو بەدەستهێنانی گۆڕانکاری نوێو جێ گیرکردنی دەریتە بەرزەکانن ، حەزیاری فێربوونی بیروباوەڕی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازینو ئامادەن بۆ جێ بەجێ کردنیان تێ بکۆشنو گیانی خۆیان لەپێناویدا بەخت بکەن . بۆیە دەورێکی کاریگەریان دەبێ لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیو دیموکراتی گەلان بۆ هێنانەدی سەربەخۆیی و دیموکراتیەت و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی . بەڵام شان بەشانی ئەو سروشت و ڕوخسارە ئیجابیانە ، نابێ ئەوەمان لەیاد بچێتەوە کە خوێندکاران خاوەنی هەندێ سیفاتی سەلبین وەک : بێ ورەیی و پشووکورتی و کەم تەجروبەیی و ڕاڕایی ... کە ڕێگە خۆشکەرن بۆ ئەوەی هێزەکانی شۆڕشی چەواشە سوودی لێ وەربگرن و لە ڕێگەی ئەوانەوە بێ هیوایی و ڕەش بینی لە نێوانیاندا بڵاوبکەنەوە و هانیان بدەن بۆ گرتنەبەری ڕێگەی کۆنەپەرستی و بێ بایەخیو سەرچڵانەی کوشندە .

خوێندکاران وەک کەرتێکی کۆمەڵایەتی فراوان ، چینێکی کۆمەڵایەتی

هەواڵنامەی کتێب

دیاریکراو پێك ناهێنن . بیروڕای ئایدیۆلۆگەکانی بۆرجوازیەتیش دەربارەی ئەو مەسەلەیە ، زۆر دوورە لە هەڵسەنگاندنی زانستیو پێکهاتنی کۆمەلایەتی چینەوە . چونکە ئەو پێناسەیەی لینینی مەزن دەربارەی چین نووسیویەتی و لە نامیلکەی " دەست پێشخەری مەزن " دا هاتووە بەسەر خوێندکاراندا ناچەسپێ ، لەبەر ئەوەی ئەوان بنچینەیەکی کۆمەلایەتی یەکگرتوو و هاوبەشیان نیە، هەریەکەیان لە چینێکی دیاریکراوەوە هاتوون : کرێکاران ، جوتیاران ، بۆرجوازیەت ...... هتد ، وە شوێنەواریان نیە لە سیستەمی بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتیدا . هەر لەبەر هەمان هۆش خوێندکاران بە توێژێکی کۆمەلایەتی ناژمێردرێن ، چونکە " توێژ " ووشەیەکە بۆ بەشێك لە چینێکی دیاریکراو بەکار دەبرێ ، وەك ووردە بورجوازیەت کە بەشێك لە بۆرجوازیەت پێك دەهێنێ . بەواتایەکی تر خوێندکاران چین یان توێژێکی کۆمەلایەتی پێك ناهێننو لەسەر چینەکانیشەوە نائژین . بەڵکو کەرتێکی فراوانی ناسەقامگیرو خاوەن بەرژەوەندی جۆراو جۆرنو دەکەونە ژێر کاریگەری ئایدیۆلۆجیەتو فیکرو سیاسەتو سایکۆلۆجیەتی چینو توێژە کۆمەلایەتیەکانەوە ، لە هەموو نۆرماسیۆنێکی کۆمەلایەتی ئابووریدا دەکەونە ژێر کاریگەری دوولایەنەوە : کاریگەری چینە دەسەڵاتدارەکان و کاریگەری چینە ژێر دەستەکان،هەر لایەنەی هەوڵ دەدات بۆ لای خۆی ڕای بکێشێو بە پێی جیهانبینی خۆی پەروەردەی بکات .

بزووتنەوەی خوێندکاری ، کەبەشێکی لە بڕان نەهاتووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیو ڕزگاریخوازی گەلانی دنیایە : بزووتنەوەیەکی خوێندکاری ، دیموکراتی ، پێشکەوتنخوازی، بابەتیە ، بزووتنەوەیەکە خەبات دەکات بۆ دابین کردنی مافە تایبەتیەکانی خوێندکارانو مسۆگەرکردنی ڕۆژگاریکی بەختەوەر بۆیان ، بزووتنەوەیەکە بەشداری دەکات لە تێکۆشانی سەرجەم جەماوەری گەلدا بۆ هێنانەدی مافە نیشتمانیە گشتیەکان ، بزووتنەوەیەکە بێ هاوکاریکردن لەگەڵ بزووتنەوەی چینە زەحمەتکێشەکانی تری کۆمەڵدا ، مەحاڵە بتوانێ هیچ یەکێك لە ئامانجەکانی خۆی دابین بکات .

بزووتنەوەی خوێندکاری لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە بۆتە بزووتنەوەیەکی کاریگەرو گرنگو فراوانو شوێنێکی تایبەتیو بەرچاوی لە ناو خەباتی گەلاندا بە دەست هێناوە . بەو جۆرەی لێ هاتووە کە هەم پارتو ڕێکخراوە سیاسیە شۆڕشگێڕەکان حیسابی بۆ بکەنو هەوڵی لەگەڵدا بدەنو لە خزمەتی بەرژەوەندیە گشتیەکانی جەماوەردا بیخەنەگەڕ ، هەم هێزەکانی شۆڕشی چەواشە هەوڵی تێکدانی ڕیزەکانیو لەخشتەدانی ڕێبازەکەی بدەنو لە پێناو بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیاندا بیخەنەکار. هۆی هەموو ئەوانەش دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بەشداریە فراوانو هەمەلایەنەی



هەواڵنامەی کتێب

خوێندکاران لە خەباتی دژی سەرمایەداریو ئیمپریالیزمو خەباتی ڕزگاریخوازی گەلاندا .

ڕێکخراوە خوێندکاریەکان لەئەنجامی پێداویستیەکی بابەتیو حەتمی لەدایک دەبێ بۆ کۆکردنەوەی هەموو خوێندکاران ( بێ گوێدانە بیروڕای سیاسی و تێڕوانینی فیکریان ) بۆ خەبات و ئاراستەکردنیان بەرەو ئامانجەکانی خۆیان و ناکۆکردنی لە بەرژەوەندیە ڕاستەو خۆو کۆتاییەکانیان . ئەو ڕێکخراوانە لە بۆتەی خەباتی شۆڕشگێڕیو ناوجەرگەی تێکۆشاندا باسکیان پتەو دەبێ و گەشە دەکەنو هەنگاو بەرەو پێش دەنێن . ڕێکخراوە خوێندکاریەکان یەکێکن لە جۆرەکانی ڕێکخراوە جەماوەریەکانو جولانەوەی شۆڕشگێڕی ناتوانێ دەست بەرداریان بێ . چونکە هەتا جولانەوەی شۆڕشگێڕی فراوانتر بێ ، خەباتی جەماوەری زیاتر گەشەدەکات و زیاتر پێویستی بەو جۆرە ڕێکخراوانە دەبێ بۆ کۆکردنەوەو گۆشکردنی جەماوەر بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانە .

لێرەدا پرسیارێك خۆی لەبەر دەممانندا قوت دەکاتەوەو دەڵێ : ئایا ئەرکی ڕێکخراوە خوێندکاریەکان تەنها ئەوەیە لە پێناو ئامانجە تایبەتیەکانی خوێندکاراندا تێبکۆشن . لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا سێ ئاقار ڕووبەڕوومان دەبنەوە :

ئاقاری یەکەم / کە باسر لەمەترسی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوە خوێندکاریەکانو سیاسەت دەکەنو داوای ئەوە لەو ڕێکخراوانە دەکەن خۆیان دوور لە سیاسەت ڕابگرن . ئەمەش ئاقارێکی هەلپەرستی ڕاستڕەوانەیەو لە خزمەتی دوژمنانداپە ، چونکە ئامانجی دور خستنەوەی خوێندکارانە لە چالاکی نیشتمانی و سیاسیو، مەبەستی گۆشەگیرکردنی ئەو ڕێکخراوانەشە .

ئاقاری دووەم/ کە داوای ئەوە دەکات ڕێکخراوە خوێندکاریەکان بخرێنە ناو چالاکی سیاسیو فیکری لەو جۆرەوە کە لەگەڵ سروشتی حزبێکدا دەگونجێو لە توانای ڕێکخراوێکی لەو جۆرە بەدەرە . ئەمەش ئاقارێکی "چەپڕەوی" مندالانەیەو دەبێتە هۆی ئەنجام دانی کاری خۆتریێنو لەدەست دانی ( مبرری ) هەبوونی ڕێکخراوی خوێندکاریو دابڕانی ژمارەیەکی زۆر خوێندکار .

ئاقاری سێیەم / کە دەرك بە جۆرو سروشت و گرنگی ڕێکخراوی خوێندکاری دەکاتو خەباتی تایبەتی لەگەڵ خەباتی نیشتمانی گشتی دا پێکەوە گری دەدەن .

لەوەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوی کە خەباتکردنی ڕێکخراوە خوێندکاریەکان لە پێناو ئامانجە تایبەتیەکاندا مانای ئەوە نیە واز لە خەباتی سیاسیو نیشتمانی گشتی بهێننو خۆیان لە سنوری خەباتی

خوێندکاری تەسکدا بهێڵنەوە ، بەڵکو دەبێ ڕێکخراوێکی تێکۆشەرانە بن و بەشێك لە جولانەوەی شۆڕشگێڕی پێك بهێنن . چونکە ئەگەر وانەبێ ئەو ڕێکخراوانە تووشی گۆشەگیری و کلکایەتی دەبن و خوێندکارانیش بۆ سیاسەت و ئایدیۆلۆجیەتی کۆنەپەرستانەی دوژمنان جێ دەهێڵن .

## جیاوازی نێوان

## ڕێکخراوی سیاسی و ڕێکخراوە خوێندکاریەکان

ڕێکخراوی خوێندکاری و ڕێکخراوی سیاسی دوو جۆری جیای ڕێکخستنن و جیاوازیەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە ، جا لەڕوی سروشت و پێکهاتنەوە بێ یان ئەرك و فرمان ، ئەو جیاوازیانەش لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆ دەکرێنەوە :

١- ڕێکخراوی سیاسی هەمیشە خاوەنی چەمکێکی فیکری (ئایدیۆلۆجیەت) تایبەتیە و بە هۆیەوە دەست نیشانی ئەو ڕژێمە کۆمەلایەتیەدەکرێ کە لە پێناویدا تێ دەکۆشێ ، تێڕوانینی خۆی بۆ کۆمەڵ و هێزە بزوێنەرەکانی گەشەکردنی کۆمەلایەتی پێ دەردەبڕدرێ ، هەڵوێست بەرامبەر چینە کۆمەلایەتیە جۆراوجۆرەکان دیاری دەکرێ و ئەرکی هەموو ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە ( تەنانەت ئەوانەش کە لە ڕێکخراوە خوێندکاری و جەماوەریەکانی تردا کار دەکەن ) پێڕەوی بکەن ، بەلاّم ڕێکخراوی خوێندکاری ئەرکی ئەوەنیە ئایدیۆلۆجیەتێك بۆ خۆی هەڵبژێرێ و پێڕەوی بکات وەبەپێی ئایدیۆلۆجیەت و سیاسەتی هیچ لایەنێکیش کارەکانی خۆی ئەنجام نادات .

٢- ڕێکخراوی سیاسی مرۆڤی خاوەن یەك ئایدیۆلۆجیەت و بیرو ڕای سیاسی لە ریزەکانی خۆیدا کۆدەکاتەوە ، بەلاّم ڕێکخراوی خوێندکاری مەرج نیە ئەو مرۆڤانە بگیرێتەوە کە خاوەنی یەك ئایدیۆلۆجیەت یان یەك ڕێبازی سیاسین و ئەشێ هەموو جۆرە مرۆڤێکی خاوەن ئایدیۆلۆجیەت و ڕیبازی سیاسی جۆراوجۆری تێدا کۆببێتەوە .

٣- ڕێکخراوی سیاسی خاوەنی پێڕەوێکی ناوخۆی توندوتۆڵ و ڕێکخستنێکی پۆلاّیینەو بە نهێنی کاردەکات ، بەلاّم ڕێکخراوی خوێندکاری پێڕەوەکەی نەرمترو ڕێکخستنەکەی ئاشکراترو دیموکراتی ترە .

لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە تێکەڵ کردنی سروشتی ڕێکخراوی سیاسی و خوێندکاری و لەناوبردنی سنوری دیاریکراوی نێوانیان دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕێکخراوی سیاسی بۆ ڕێکخراوێکی تەسکی گۆشە گیری نقوم بوو لە خەباتی خۆڕسکی جەماوەردا ، ئەمە لەلایەك لە لایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی گرانکردنی باری کۆڵی ڕێکخراوی خوێندکاری و دەیگۆڕێ بە ڕێکخراوێکی لەو جۆرەی لەگەڵ ناوەڕۆکی خوێندکاریدا ناتەبابێ . چونکە ئەگەر هاتوو ئامانج و دروشمەکان و جۆری کارکردنی ڕێکخراوی وەك ئەوەی

ڕێکخراوێکی سیاسی بێ ، ئەوا ئیتر بوونی وەك ڕێکخراوێکی تایبەتی لە پێناوێچی دایەو بۆچی ئەندامەکانی ناچنە ناو ڕێکخراوە سیاسیەکەوە و لە ڕێگەی ئەوەوە کاربکەن ؟!

## سەربەخۆیی ڕێکخراوە خوێندکاریەکان و پەیوەندیان لەگەڵ ڕێکخراوە سیاسیەکاندا

سەربەخۆیی ڕێکخراوی خوێندکاری یەکێکە لەو مەسەلە گرنگانەی بنچینەن بۆ بەرپێوەچوون و گەشەکردنی ئەو ڕێکخراوە، مەرجێکی سەرەکیە بۆ مانەوەی پەیوەندی نێوان ڕێکخراوەکەو ئەو ئەندامانەی جیاوازی فیکری و سیاسی و ئایدیۆلۆجیان هەیە . یەکێکیش لەو مەترسیانەی دەبێتە هۆی لاوازی ڕێکخراوی خوێندکاری ئەوەیە سەربەخۆیی خۆی لەدەست بدات و بچێتە ژێر ئالای ڕێکخراوێکی سیاسی دیاریکراوەوە . چونکە لەکاتی لە دەستدانی سەربەخۆیی دا لە بری جێ بەجێکردنی بڕیارو بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە ، کە بە دیموکراتیانەو لە لایەن گشت ئەندامانەوە پەسەندکراوە ، سیاسەتی ئەو ڕێکخراوە سیاسیە جێ بەجێ دەکات ، وە لەکاتی چونە ژێر ئالای ڕێکخراوێکی سیاسیشەوە جگە لەوەی پێشووە هەموو ئەو ئەندامانەی لەو ڕێکخراوە سیاسیەدا نین یان باوەڕیان پێی نیە لە ڕێکخراوی خوێندکاران دوردەکەونەوە . لە هەردوو حالەتیش دا ڕێکخراوی خوێندکاری دەبێتە ( واجهة ) و سروشتی ڕێکخراوێکی دیموکراتی جەماوەری لە دەست دەدات . لێرەدا پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە ڕاستە ڕێکخراوی سیاسی دەتوانێ لەڕوی سیاسیەوە ئاڕاستەی ڕێکخراوی خوێندکاری بکات ، بەڵام ئاڕاستەکردنی سیاسی شتێکەو خۆسەپاندن و بالادەستیش شتێکی ترە . چونکە خۆسەپاندن و بیروڕا سەپاندن بەسەر جەماوەری ئەو ڕێکخراوەدا ، ئەگەر ڕاست و بە سودیش بێ ، بێ باوەڕهێنان و ڕازی بوونی ئەو جەماوەرە زیانی بۆ ڕێکخراوی خوێندکارانیش دەبێ و ئیفلیجی دەکات و پوچەڵی دەکاتەوە .

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی مەسەلەی سەربەخۆیی ئەم چەند خاڵە دەخەینەڕوو:

١- مەسەلەی سەربەخۆیی مانای ئەوەیە ڕێکخراوی خوێندکاران خاوەنی ڕێکخستنی سەربەخۆبێ و بڕیارەکانی لە ڕێگەی دەزگاکانی خۆیەوە ، کە بەدیموکراتیانە هەڵدەبژێردرێن ، دەربکات .

٢- مەسەلەی سەربەخۆیی مانای ئەوەیە ڕێکخراوی خوێندکاران بێ دەست تێ وەردان: بەرنامەی خۆی دابڕێژێ ، ئامانجە تایبەتی و گشتیەکان دیاری بکاتە بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆی پەیوەندی لەسەر ئاستی وولاتو ناوچەکەو جیهان ببەستێ، سەربەخۆبێ لە کاری ڕاگەیاندن و هەڵوێست وەرگرتندا ، بە هەڵبژاردنی دیموکراتیانە نەك " تەعیین کردن " و لیستە دابەزاندن نوێنەرو سەرکردەکانی خۆی لە کۆنگرەو کۆنفرانسەکاندا هەڵبژێرێ .

٣ـ چەمکی سەربەخۆیی مانای ئەوە نیە ئەندامی ڕێکخراوە سیاسیەکان لە ناو ڕێکخراوی خوێندکاری دا کار نەکەن و نەچنە ناو سەرگردایەتیەکەیەوە. بەڵکو مانای ئەوەیە لەکاتی کارکردنیان لە دەزگا جۆربەجۆرەکانی خوێندکاراندا، ڕێزی کەسایەتی و دەستورەکانی بگرن و بریارەکانی بە بەشداری هەموان و بەشێوەیەکی گشتی دابڕێژن و بەدڵسۆزانە کار بۆ جی بەجێ کردنیان بکەن.

٤ـ سەربەخۆیی مانای ئەوە نیەنابێ ڕێکخراوە خوێندکاریەکان لە ڕووی فیکری و سیاسیەوە لە حیزبێك یان بەرەیەکی نیشتمانی نزیك بێت. بەڵام بە مەرجێك ئەو نزیك بوونەوەیە لە ئەنجامی بریاری دیموکراتیانەی گشت ئەندامان بێ و نەبێتە هۆی لە دەست دانی کەسایەتی تایبەتی ڕێکخراوەکە. لەم بوارەشدا پێویستە ڕێکخراوی خوێندکاری ڕێزی هاوکاری و یارمەتی هەموو ڕێکخراوێکی سیاسی بگرێ، بەڵام ڕێگە بەوە نەدات لەڕێگەی ئەو هاوکاری و یارمەتیانەوە دەست بخەنە کارەکانیەوە و سەربەخۆیی زەوت بکەن.

## یەکگرتنی ڕێکخراوە خوێندکاریەکان

یەکێك لە ئامانجە سەرەکیەکانی بزووتنەوەی خوێندکاران ئەوەیە ڕیزەکانی گشت خوێندکاران یەك بێ و تێکۆشانی ڕێکخراوە خوێندکاریە جۆراوجۆرەکان لە سەرتاسەری وڵاتێك یەك بگرێ. چونکە بێ ئەو یەکبوون و یەکگرتنە محاڵە ئامانجەکانی خوێندکاران بێتە دی و بەرژەوەندیەکانیان مسۆگەر بکەن.

یەکگرتنی ڕێکخراوە خوێندکاریە جۆراوجۆرەکانی وڵاتێکی دیاریکراوەکە لە ئەنجامی هەلومەرجێکی نائاسایی و کاریگەری جیاوازی سیاسی لایەنەکان و شۆڕبوونەوەی بۆ ناو ڕێکخراوە جەماوەریەکان بە گشتی و خوێندکاران بە تایبەتی هاتۆتە ئاراوە، لە بۆتەی کاری ڕۆژانەو ناو جەرگەی خەباتی بەردەوام و بە هەنگاو دا دێتەدی و گەشەدەکات. چونکە یەکگرتنێکی لەو جۆرە بە ویستی خۆیی و داواکاری و بریاری ئیداری سەپێنراو ئایەتەدی و زەمینەو زەمانی تایبەتی خۆی هەیەو پرنسیپ و دەستوری تایبەتی گەرەکە. پێویستە سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین کە یەکێك لەو فاکتەرە سەلبیانەی ڕێگە لە یەکگرتنی ئەو ڕێکخراوانە دەگرن، هەوڵدانی ناعەبدەئی و چەوتی هەندێ لایەنی سیاسی و ئەندامانی سیاسی ناو ڕێکخراوە خوێندکاریەکانە، کە لە ڕێگەی سەپاندنی تیڕوانین و زەوتکردنی سەربەخۆیی ڕێکخراوەیی و کاری ترەوە ڕێکخراوەکان دەکەنە دوژمنی یەکتری و بواری یەکگرتنیان نادەن.

ئەوەی شایانی باسە یەکگرتنی ڕاستەقینەو پولایین لەبنکەی ڕێکخراوە خوێندکاریەکان و ناو جەماوەری خوێندکارانەوە سەرچاوە دەگرێ، وە لەسەر بنچینەی هوشیاری و باوەڕومتمانەو چەسپاندنی پرنسیپی دیموکراتیەت دادەمەزرێ، نەك لە ئەنجامی دابەشکردنی ئەرك و دەسەڵات لەنێوان سەرکردە ی

ڕێکخراوە خوێندکاریەکانو ڕێکەوتنی ( فەوقی ) . لێرەشدا مەرج نیە ڕێکەوتنی نێوان ڕێکخراوە سیاسیەکانی وولاتێکی دیاریکراو یەکسەرو بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ببێتە هۆی نەمانی ناکۆکی نێوان ڕێکخراوە خوێندکاریەکان و چۆن ڕێکەوتنی نێوان ڕێکخراوە سیاسیەکان ماوەیەکی دوورودرێژ تێکۆشانێکی زۆری پێویستە ، بەو شێوەش یەکگرتنی ڕێکخراوەخوێندکاریەکان تێکوشانێکی زۆری پێویستەو ، زەمینە خۆشکردنی زۆری گەرەکە ، بەلام لەگەڵ هەموو ئەو گیروگرفتانەشدا یەکگرتنی ڕێکخراوە خوێندکاریەکان لەهەموو ولاتێکدا ئامانجێکی خوێندکارانو ئامرازێکی کاریگەری گەشەکردنی خەباتی ئەوانە ر گەلە .

## بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستان لە دوورە وڵات

پاش دووەمین جەنگی جیهانیو داتەپینی فاشیزم ، بزووتنەوەی دیموکراتی خوێندکارانی جیهان گەشەی کرد ، خوێندکاران هاتنە سەر شانۆی خەبات لە دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستیو لە پێناو ئاشتی و دیموکراتیەتدا و ، لە چەندین بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیدا بەشداریان کردو دەیان داستانی پڕ سەروەریان تۆمار کرد .

لەژێر کاریگەری ئەوبزووتنەوەیەو چەوساندنەوەی نەتەوایەتیوچینایەتی بێ ئەندازەدا ، کۆمەڵێك خوێندکاری کورد کە لە ئەورووپا دەیان خوێند ، بیریان لە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی خوێندکاری تایبەتی کردەوە، بۆکۆکردنەوەو یەکخستنی ڕیزەکانی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ، خزمەتکردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان لەناوەوەی وولات ، ناساندنی ڕوی ڕاستەقینەی خەباتی گەلی کوردو مافە ڕەواکانی بەگەل و هێزەپێشکەوتنخوازەکانی جیهان و بە دەستهێنانی پشتگیری و داکۆکی ئەوان . ئەوە بوو لە مانگی ئابی ١٩٥٦ دا ( کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ) لە شاری " فیزبادن " ی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا و لەسەر بنچینەی ( کوردستانیەت ، دیموکراتیەت ، سەربەخۆیی ، پێشکەوتنخوازی ) دامەزراو توانی چەندین خوێندکاری کورد لە چواردەوری خۆی کۆبکاتەوەو چەندین چالاکی بنوێنێ .

بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستان لەدوورە ولاتی دا ، کە لە ئەنجامی چالاکیەکانی کۆمەڵە و ئاوارەبوونی هەندێ خوێندکاری کورد لەدا بکەبوو و گەشەیکرد ، بزووتنەوەیەکی بابەتیە و دەربڕی پێداویستیەکانی خوێندکارانی کوردە لەدوورە ولاتی، بەشێکی لەبڕان نەهاتووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستانە ، تەواوکەری بزووتنەوەی خوێندکارانی بەشە داگیرکراوەکانی کوردستانەو ناتوانێ جێی هیچ یەکێکیان بگرێتەوە . ئەو بزووتنەوەیە بە

درێژایی تەمەنی خۆی چەندین کاری مەزنی ئەنجام داوەو دەستکەوتی چاکی بە دەست هێناوە ، بەلام شان بەشانی ئەوەش تووشی چەندین کۆسپو تەگەرەی گەورە بووە ، دوچاری چەندین هەڵەی کوشندە هاتووە ، کە هەتا ئێستاش بە دەست چەندینیانەوە دەنالێنێ و کاری سەلبیان کردۆتە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری و چالاکیەکانی کەم کردۆتەوە . یەکێک لەو هەڵە پڕ مەترسی و کوشندانەی بەرۆکی بزووتنەوەی خوێندکارانی گرتووە ، پارچە پارچەبی بزووتنەوەکەیە ، دابەشبونیەتی بەسەر چەندین ڕێکخراوی جیاجیادا . هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکی و ململانێ توندو تیژەی لە نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستاندا هەبووەو شۆڕ بونەوەتەوە ناو ڕێکخراوە جەماوەریەکانی ناوەوەو دەرەوەی وڵات ، بە تایبەتی لەدوای هەرەس هێنانەکەی ١٩٧٥و دروست بوونی چەندین هێزی سیاسی ناکۆک ناتەبا . ئەوەبوو یەکەمین دابەش بوونی بزووتنەوەکە و پارچە پارچەبی ڕیزەکانی لە کۆنگرەی (١٠)هەمی سالی ١٩٧٦دا هاتە ئاراوە و ( کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ـ ئەکسا ) لە ( کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ) جیابوەوەو خۆی کردە میراتگری بزووتنەوەی خوێندکارانی پێشکەوتنخوازی کوردستان و هۆی ئەم هەنگاوەشی گێڕایەوە بۆ ئەوەی : " سەرکردایەتی کۆمەڵە لە پاش هەرەسهێنانیش دەی ویست کۆمەڵە ببەستێتەوە بەو سەرکردایەتیەوە کە بلاوەی بە شۆڕش کردبوو ، هەتا ماوەیەکی زۆر ڕێبازی کۆنەپەرستانەی بەسەردا سەپاندبوو و پرنسیپە بنچینەییەکانی: کوردستانیەت دیموکراتیەت ، پێشکەوتنخوازی ، سەربەخۆیی ، لەناو بردبوو ". دوا بە دوای ئەو دابەشبوونە و لە ئەنجامی پارچە پارچە بوونی هێزە سیاسیەکانی کوردستان و توندبوونەوەی ململانێی نێوانیان ، چەندین کۆمەڵەی خوێندکاری تر دروست کران و بار گەیشتە ئەو وەزعەی ئێستا لە بەر چاومانە* . کار هەر لە دابەشبوون و پارچەپارچەبووندا نەمایەوەو ململانێی نێوان ئەو ڕێکخراوە خوێندکاریانە توندو تیژ بووەوەو گەیشتە ئاستی لە سەر یەکتر نوسین و قسە بە یەکتر وتن و ئەو ڕێکخراوانە بوونە گۆڕەپانی ململانێی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان و لە ناوەڕۆکە خوێندکاریەکەی دورکەوتەوە . لە ئەنجامی ئەوەش بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات زیانێکی زۆری لێ کەوت و هێزو توانای پەرەوازە بوو ، ڕێز و پایەی لە ناو بێگانەدا

---

* ئێستا ئەم ڕێکخراوانە و چەندینی تر لە ئارادان : کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا (ناوەندی بەرلینی ڕۆژئاوا) و ( ناوەندی براگ )، کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات ( دو ناوەندی جیاواز )، کۆمەڵەی لاوان و خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا ، کۆمەڵەی خوێندکارانی سۆسیالیستی کورد لە ئەوروپا ... هتد .

کەم بووەو توانای ڕاپەڕاندنی کاری جیدی و بەرهەمداری نەماو ژمارەیەکی زۆر خوێندکاری کوردی گۆشەگیر کرد و سنووری جەماوەری خۆیشی تەسک کردەوە .

لەماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوودا ، چەندین جار هەوڵ دراوە بۆ یەکگرتنەوەی لایەنەکانی بزووتنەوەی خوێندکارانی کوردستان لە دوورەوڵات و دەیان جار کۆبونەوەو گفتووگۆی دروقۆڵی و چەند قۆڵی لە نێوانیاندا ڕووی داوە، بەڵام هەمووی بێ سەمەرو بێ ئەنجام بووە . هۆی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناکۆکی و ململانێی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان هێشتا لە ئارادا بووەو ڕەنگدانەوەی لەناو لایەنەکانی بزووتنەوەی خوێندکاریدا بەدی کراوە، ئەمە لە لایەک ، وە لەلایەکی تریشەوە ئەو لایەنە خوێندکاریانە لە سروشتی ڕێکخراوی جەماوەری و دیموکراتی دەرچووبوون و ببوونە ( واجهة )ی هێزێک یان چەند هێزێکی سیاسی ناتەباو ناکۆکی لەو جۆرەی نەدەکرا کۆبکرێنەوە .

لەم یەک دوومانگەی دواییدا ، وە پاش نزیک بوونەوەی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی خوارووکۆتایی هێنان بەشەڕی ناوخۆ ، لایەنەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری جارێکی تر کۆبونەوەو گفتوگۆیان سازکردو کەوتنە مشت ومڕکردن لەسەر مەسەلەی یەکگرتنەوەی ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی کوردستان لە دوورە وڵاتی . کۆبونەوەو مشتومڕ زۆری خایاندو گەیشتە ئاستی بەستنی کۆنگرەی یەکگرتنەوە ، کەچی کتوپڕ بەر لە کۆنگرەکە بە چەند ڕۆژێک ئەو ئاواتە مەزنە هەڵوەشایەوەو وەک کەپەنەکی بەر بارانی لێ هات و لە بری کۆنگرەی یەکگرتنەوە ، کۆبونەوەی جیاجیای لایەنەکان سازکراو هەر لایەنێکیش تۆباڵی ئەو یەک نەگرتنەی خستە ئەستۆی لایەنەکانی تر .

ئێمە وەک هەموو کوردێکی پێشکەوتنخوازو دڵسۆز لەو بڕوایەدایـن یەکگرتنەوەی ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی کوردستان لە دوورە وڵاتیدا و یەکێتی ڕیزەکانی خوێندکارە ئاوارەکان ، یەکێکە لە داخوازیە سەرەکیەکانی خوێندکارە پێشکەوتنخوازەکان وئەرکی سەرشانی هەموو لایەکە خەبات بۆهێنانەدی بکەن. بەڵام باوەڕیشمان وایە کە ئەو داخوازیە لە ئەنجامی ویستی خۆیی و هەڵچوونی کاتی و یەکگرتنی هێزە سیاسیەکان و دور لە ئیرادەی جەماوەری ئەو ڕێکخراوانە نایەتە دی وە پێویستی بەوە هەیە بەر لە هەموو شتێک ڕابردووی بزوتنەوەی خوێندکاری کوردستان لە ئەورووپا هەڵ بسەنگێنرێ و لایەنە ئیجابی و سلبیەکانی دەستنیشان بکرێ ، هۆی پارچە پارچەیی و فاکتەرە یاریدەدەرەکانی دیاری بکرێ و چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوەو جەماوەری ئەو ڕێکخراوانەی لێ ئاگادار بکرێتەوەو بەشداریان پێ بکرێ لەو هەنگاوەدا . چونکە بەبێ ئەو مەسەلانەو تێگەیشتن لێیان،هەوڵدان بۆ یەکگرتنەوە کاڵ و کرچ و نەزۆک دەبێ و لەناو لانکەدا دەمرێ . لێرەش پێویستە سەرنج بۆئەوە ڕابکێشین کە بایەخ دان بە پرنسیپە بنچینەییەکانی ڕێکخراوی خوێندکارانی کوردستان لە دوورەوڵاتیدا : کوردستانیەت ، دیموکراتیەت ، سەربەخۆیی

، پێشکەوتنخوازی ، و پێڕەوی کردنیان یەکێکە لەو نامرازانەی زەمینەی نزیکبوونەوە و یەکگرتن خۆشتر دەکەن .

شان بەشانی پارچە پارچەیی و پرش و بڵاوی ڕیزەکانی بزوتنەوەی خوێندکاران چەندین هەڵەی پڕ مەترسی و چەوتی تر هەیە پێویستە باسیان لێوە بکرێ ، لەوانە ئەمانەی لای خوارەوەیە :

١ـ تێکەڵ کردنی سروشتی کاری ڕێکخراوی خوێندکاری و ڕێکخراوی سیاسی و زاڵ کردنی جۆری دوهەم بەسەر جۆری یەکەم دا : ئێمە لەو بڕوایەدایین کە باری دۆخی کوردستان و وەزعی چەوساندنەوە و تێ هەڵکێشی مەسەلەکان بۆتە هۆی ئەوەی خوێندکارانی کوردستان بگەنە ئەو باوەڕەی بە بێ یەکالاکردنەوەی ناکۆکی نێوان بەرەی گەل و بەرەی دوژمنان و بەبێ کارێکی سیاسی کاریگەرانە ناتوانن ئامانجەکانی خۆیان سۆگەر بکەن ، هەر لەبەر ئەوەش زیاتر دەم لە سیاسەتەوە دەژەنن تا خەباتی دیموکراتی تایبەتی . بەڵام ئەوە نابێ خوێندکاران بگەیەنێتە ئەو ئاستەی جیاوازی لە نێوان سروشتی کاری ڕێکخراوێکی دیموکراتی وەك خوێندکاران و ڕێکخراوێکی سیاسی دا نەکەن و لە بری کاری دیموکراتیانە گری درا و لەگەڵ خەباتی سەرجەمی جەماوەر بروبکەنە ئەو جۆرە کارەی زیاتر لە کاری ڕێکخراوی سیاسیەوە نزیکە نەك ڕێکخراوێکی خوێندکاری . بۆ نموونە : ناونانی ڕاپۆرتی گشتی کۆنگرەکان بە "ڕاپۆرتی سیاسی" و داڕشتنی ناوەڕۆکەکەی وەك ڕاپۆرتی ڕێکخراوێکی سیاسی ، هەڵوێست وەرگرتن بەرامبەر ناکۆکیە ئاڵۆزەکانی سەر ئاستی جیهان و بەخشینەوەی سروشتی سۆسیالیست بوون یان ئیمپریالیزم بوون ، پێشکەوتنخوازی یان کۆنە پەرستی بەسەر ئەم دەوڵەت و ئەو لایەنی سیاسی دا ، وەتەرخانکردنی زۆربەی کاتی کۆنگرەکان بۆ یەکالاکردنەوەی گیروگرفتی لەم جۆرەو وەلاوەنانی مەسەلە خوێندکاری و نیشتمانیەکان . ئەمانە هەموو کاری ڕێکخراوێکی سیاسین نەك خوێندکاری و پێویستە بزووتنەوەی خوێندکاری لە دوورە وڵاتی دا ڕەچاوی بکات و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە . چونکە ئەگەر چارەسەری ئەوانە نەکات و هەروا بمێننەوە ، ئەوا هۆی هەبوونی ڕێکخراوی خوێندکاران لە دەست دەچێ و چاکتر وایە ئەندامەکانی ئەو لایەنە خوێندکاریانە بچنە ناو ڕێکخراوە سیاسیەکانەوەو لە ڕێگەی ئەوانەوە ئەوکارانە ئەنجام بدەن و ڕێکخراوە خوێندکاریەکانیش بۆ ئەندامە ڕاستەقینەکانی جێ بهێڵن .

٢ـ مەسەلەی سەربەخۆیی ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی کوردستان لە دوورە وڵاتی دا : بەر لە قسەکردن لەسەر ئەم خاڵە پێویستە ئەوەمان لەلاڕوون بێ کە بزووتنەوەی خوێندکاری دوورە وڵاتی ، بەشێکی لە پچڕان نەهاتووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستانەو لێی سەربەخۆنیە ، بەڵام نابێ سەر بە هیچ هێزێکی سیاسی یان چەند لایەنێکی سیاسی بێ و ڕاستیش نیە پێڕەوی بەرنامەو ئایدیۆلۆجیەتی هیچ یەکێکیش بکات .

چا وخشاندنێك بەبارودۆخی بزووتنەوەی خوێندکاری کوردستاندا لە دوورە ولاتیدا ، سەیرکردنێکی بەرنامەو هەلویست و کاری ڕۆژانەی ڕێکخراوە خوێندکاریەکان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە ئەو ڕێکخراوانە هەتا ڕادەیەکی زۆر سەربەخۆ نین و وابەستەی ئەم یان ئەو ڕێکخراوی سیاسی کوردستانن و سروشتی ڕێکخراوێکی خوێندکاری دیموکراتیان پێوە نەماوە وەك " نوسینگەی خوێندکاری - مکتب طلابي " هێزە سیاسیەکانیان لێ هاتووە . ئەم دیاردەیەش ئەوەندە زەقەو لە لای جەماوەر ئاشکرایە کە تەنیا ناو هێنانی یەکێك لەو ڕێکخراوە خوێندکاریانە بەسە بۆ دەست نیشان کردنی ئەو هێزە سیاسیەی پێوەی گرێ دراوە و پێڕەوی ڕێبازەکەی دەکات ، بۆ نموونە : کاتێك باسی KSSE - ناوەندی بەرلینی ڕۆژئاوا دەکرێ پارتی وهاوپەیمانەکانی دێتە یادمان ، کاتێ باسی AKSA - دەکرێ یەکێتی و دۆستەکانی دێتە یادمان ، کاتێ لە KSSE - ناوەندی براگ دەدوێین حیزبی شیوعی دێتە یادمان ، بەو جۆرەش UKSYE - گەل دێنێتە یادمان و SOKSE - یش پاسۆك .

ئەوەی شایانی باسە ئێمە لاریمان لەوە نیە ڕێکخراوە خوێندکاریەکان لەڕوی فیکر و سیاسەتەوە نزیك بن لە ڕێکخراوێك یان بەرەیەکی سیاسی دیاریکراوەوە ، بەلام بە مەرجێ ئەو نزیکیە نەبێتە هۆی لەدەستدانی سەربەخۆیی ڕێکخراوەکەو گۆڕینی سروشتە دیموکراتیە خوێندکاریەکەی ، وە بە بڕیارو ڕەزامەندی گشت ئەندامان ئەنجام درابێ ، هەروەها دژی ئەوە نین ڕێکخراوە سیاسیەکان ڕێکخراوی خوێندکاری تایبەتی بە ئاقارە سیاسیەکانی خۆیان دابمەزرێنن بەلام بەمەرجێك ئەو ڕێکخراوانە بە ڕێکخراوی گشت خوێندکاران دانەنێن و بەشداری کاریگەرانە بکەن لە ڕێکخراوە خوێندکاریە دیموکراتیە سەربەخۆکەدا و جیاوازی نێوان هەردوو جۆری ڕێکخراوی خوێندکاران دەرك پێ بکەن و سنوری نێوانیان نەسڕنەوە .

لەبەر ڕۆشنایی ئەو قسانەی سەرەوەو بە پێی ئەو پرنسیپانەی سەربەخۆبوون کە لە سەرەتای ئەم وتارەدا باسکراوە ، ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی دوورە ولاتی نەیان توانیوە ببنە نوێنەری هەموو خوێندکارە ئاوارەکان و هیچ یەکێکیان بەتەنیا ناتوانێ نوێنەری ئەوان بێ . تەنانەت یەکگرتنی هەموو ڕێکخراوە خوێندکاریەکانیش بە بێ وەگەڕخستنی ئەو ژمارە زۆرەی خوێندکارە بێ لایەنەکان و بە بێ چەسپاندنی پرنسیپی سەربەخۆبوون و دیموکراتیەت ناتوانێ ڕێکخراوێکی خوێندکاری پێشڕەوی خوێندکارە ئاوارەکانی کوردستان بهێنێتە ئاراوە .

٢- مەسەلەی پێکهاتنی ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی کوردستان لە دوورە ولاتیدا : ئەوەی ڕاستی بێ دروست بوونی ڕێکخراوی خوێندکاری کوردستانی لە دوورە ولاتیدا جیاوازیەکی زۆری لەگەڵ ئەوەی ناوەوەی وولات هەیە ، جا لە

ڕووی پێکهاتنەوە بێ ، یاناما نج و جۆری کاری ڕۆژانەو شتی ترەوە ۰ ڕێکخراوی خوێندکاری لەدوورە وڵاتیدا بۆ ئەوە دروست کراوە کە خزمەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەمان بکات و ڕووی ڕاستەقینەی خەباتی کوردستان و مافە ڕەواکانی گەلەکەمان بە گەل و هێزە بێگەوتنخوازەکان بناسێنن و پشتگیری و دا کۆکیان بەدەست بهێنن ، شان بە شانی ئەوەش خوێندکارە ئاوارەکانی بەشەداگیرکراوەکان لە یەك نزیك بکەنەوە و کاریان یەکخەن - واتە کاری ئەو ڕێکخراوە خوێندکاریە زیاتر کاری کۆمەڵێکی کەلتوری یان ڕێکخراوێکی لاوانەو ئەو کارەش ڕەنگدانەوەی لە پێکهاتنی ئەندامانی ڕێکخراوە خوێندکاریەکەدا دروست دەکات و گیرو گرفتو ئالۆزی بۆ دێنێتە ئاراوە ۰ بۆیە چاکتر بوو ئەو ڕێکخراوە خوێندکاریانە بە ناوی لاوانەوە کاربکەن نەك خوێندکاران ، ئەوەش تەنیا لەبەر ئەو کارانە نیە کە لە دەرەوەی وڵات ڕووبەڕووی ئەو ڕێکخراوانە بوونەتەوە ، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە لە دەرەوەی وڵات خەبات کردن بۆ مافە خوێندکاریەکان و مەسەلە تایبەتیەکانی خوێندکاران ئەوەندە لە ئارادا نیە و ژمارەی خوێندکارانیش لەناو ئاوارەکاندا ئەوەندە زۆر نیە و ڕووبەڕووی چەرساندنەوەی مەترسەرجی خوێندن و بەرسەندنی ڕۆشنبیری نەبوونەتەوە ۰

بە هەرحاڵ گەر بێت و ئەو قسانەی سەرەوە وەلانێین و سەیری واقعی ڕێکخراوە خوێندکاریەکان بکەین ئەوا هەمان سەرئەنجامان دەست دەکەوێ ۰ چونکە بە پێ ی پێناسەی ڕێکخراوی خوێندکاری، خوێندکاربوون مەرجێکی گرنگی بوونە بە ئەندامە ۰ کەچی سەیرکردنێکی پێکهاتنی زۆربەی ئەو ڕێکخراوانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە کە بەشی زۆری ئەندامەکانیان خوێندکار نین و تەنانەت لەکاتی هاوسەنگی کردنی تەرازووی هێزی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستاندا ، پێداویستیەکان بە کرێکار و بێ کاری کورد پڕکراونەتەوە لەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە چاوخشاندنێك بە خەباتی ئەو ڕێکخراوانەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەرنامەو کاری ڕۆژانەشیان بۆکاری نیشتمانی و سیاسی تەرخان کراوە و مەسەلەی خوێندکاری تیایاندا نامۆیە ۰

٤_ مەسەلەی کوردستانی بوونی ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی کوردستان لە دوورە وڵاتیدا : پرنسیپی کوردستانیەتی ڕێکخراوە خوێندکاریەکان مانای ئەوەیە ئەو ڕێکخراوانە خوێندکارانی هەموو بەشە داگیر کراوەکانی کوردستان بگرنە خۆیان بەبێ گوێ دانە بیروڕای سیاسی و تێڕوانینیان ، ە ڕە خەباتەکەیان بەشێکی لەبڕان نەهاتووی خەباتی بەشە داگیرکراوەکان بێ و لە خزمەتی ستراتیجیەتی گشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و لە پێناو هێنانەدی مافی دیاریکردنی چارەنووس دا بێ ۰

سەیر کردنێکی بارودۆخی ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی کوردستان لە دوورە وڵاتیدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە هیچ یەکێك لەو ڕێکخراوانە نەی توانیووە پرنسیپی کوردستانی بوون بچەسپێنێ ، چونکە : ١ / هیچیان نەیان توانیوە

خوێندکارانی هەموو بەشە داگیرکراوەکانی کوردستان کۆبکەنەوە و تەنها خوێندکارانی ئەو بەشانەیان لە سنووری خۆیاندا کۆکردوتەوە کە بیروڕای سیاسیان لەیەك نزیکەو ڕێکخراوە سیاسیەکانیان تەبان . ٢ / هیچیان نەیانتوانیووە بە تەواوی خزمەتی ستراتیجیەتی گشتی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بکەن و زیاتر لە بەرژەوەندی لایەنێك یان بەشێکی داگیرکراودا کاریان کردوە . ٣ / هەموو باوەڕیان بە مافی دیاریکردنی چارەنووس نەبووەو ئەوانەشکە باوەڕیان پێی بووە لە پراکتیکدا پێچەوانەی ئەوکاریان کردوە .

٥- مەسەلەی دیموکراتیەت لە ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی کوردستان لە دوورە ولاتیدا : ئاشکرایە دیموکراتیەت یەکێکە لەو پرنسیپە بنچینەییانەی کە ڕێکخراوی خوێندکاری لەسەر بینادەکرێو بەبێ هەبوونی ئەو دیموکراتیەتە محالە ڕێکخراوێکی خوێندکاری ڕاستەقینە دابمەزرێ و ژیان بەرێتە سەر . پرنسیپی دیموکراتیەت مانای ئەوەیە : هەموو دەزگاکان بە هەڵبژاردنی ڕاستەو خۆ لە لایەن ئەندامەکانەوە هەڵبژێردرێن ، ڕێکخستن بە شێوەی هەرەمی بینا بکرێ و دەزگا بالاکان جێ بە جێ کەری ئیرادەی دەزگاکانی خوارەوەبن و دەزگاکانی خوارەوەش بڕیارەکانی دەزگا بالاکان جێ بەجێ بکەن ، هەموو ئەندام و دەزگاکان بە بڕیاری بە کۆمەڵ و شێوەی دیموکراتیانە کارەکان ئەنجام بدەن ، کۆنگرەی گشتی دەربڕی ویست و ئیرادەو بڕیاری هەموو ئەندامان بێ و بە شێوەیەکی دیموکراتیانە بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆ دابڕێژرێو کارەکانی خۆی ئەنجام بدات . . . . هتد .

ئەگەر بێت و سەیری ڕەوتی کاری ڕێکخراوە خوێندکاریەکانی دوورە ولاتیدا بکەین ، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو ڕێکخراوانە لەژێر کاریگەری نەبوونی سەربەخۆیی و چەوتی کاری خوێندکارانەدا دیموکراتیەتیان بە تەواوەتی جێ بەجێ نەکردوەو لە زۆر لایەنەوە وەلاوەیان ناوە ، بۆ نموونە : لەبری هەڵبژاردنی دیموکراتیانەی ڕاستەوخۆی دەزگاکان ، تەعین کردن و لیستە دابەزاندن بەکارهێنراوە ، لەبری ئەوەی دەزگا بالاکان دەربڕی ئیرادەی دەزگاکانی خوارەوەبن ، دەربڕی ئیرادەی کۆمەڵێك ئەندام بوون کە بە شێوەیەکی بیروکراتیانەو دور لە ویستی هەمووان کارەکانیان ئەنجام داوە . لەبری کاری بەکۆمەڵ، کاری تاکەکەسی زاڵ بووە . لەبری بەستنی کۆنگرەی گشتی بەپێی پێڕەوی ڕێکخراوەکەو لەسەر بڕیاری ئەندامەکان ، کۆنگرە بەبێ گوێدانە ڕای هەموو ئەندامان و بۆ مەبەستی تایبەتی ڕێکخراوی یان چەند ڕێکخراوێکی سیاسی سازکراوە . لەبری داڕشتنی بەرنامەو پێڕەو ر

بڕیارەکان بەپێی بەرژەوەندی ڕێکخراوە خوێندکاریەکە ، بەرنامە و پێڕەو و بڕیارەکانی لە خزمەتی ڕێکخراوە سیاسیەکاندا داڕێژراون ... هتد .

لەو خالانەی سەرەوە ئەوە هەڵ دەهێنجین کە بزووتنەوەی خوێندکارانی

کوردستان لە دوورە وڵاتیدا لە تەنگوچەڵەمەیەکی قووڵدا دەژی و ڕێکخراوە خوێندکارییەکانیش لە گۆشەگیری تەواودا ژیان دەبەنەسەر . ئێمە لەو بڕوایەداین هەتا ئەو هەڵەو کەموکوڕیانەی سەرەوە چارەسەر نەکرێن ئەو بزوتنەوەیە لە تەنگوچەڵەمە ڕزگاری نابێ و ڕێکخراوە خوێندکارییەکانیش هەر گۆشەگیر دەمێننەوە. لەم حاڵەتەشدا ئەو ڕێکخراوانە ناتوانن ڕۆڵی کاریگەری خۆیان ببینن و ناتوانن ئەو ئەرکانە جێبەجێ بکەن کە لەپێناویدا دامەزراون . بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموولایەکە ڕێکخراوە خوێندکارییەکان لەو تەنگوچەڵەمەو کەموکوڕیانە ڕزگاربکەن و تەکان بە خەباتی ڕۆژانەیان بدەن بۆ خزمەتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان .

هەواڵنامەی کتێب

## یەکگرتن

بخوێننەوە و بڵاوی بکەنەوە ، تێبینی و ڕەخنەی خۆتانی لەسەر دەربڕن ، پێشنیارو بابەتی سوودبەخشی بۆ بنێرن ، کۆمەکی بکەن .

**ڕەخنە**

# سەرنجێك لە "لاكردنەوەیەك لەکتێبی سەرمایە"

خ. ئەحمەد. ش

هەواڵنامەی کتێب

"" ئیمپریالیزمی خۆراوایی‌و مارکسیزم‌و مافی خۆبڕیارداني چارەنوس" ناونیشانی ووتارێکە لەلایەن ماموٚستا (کەمال میراودەلی) یەوە لە دوو ژمارەی (٣، ٤) ی گۆڤاری (پەیڤ)دا بلاوکراوەتەوە ·

هەروەك بە ناونیشانی ووتارەکەدا دیارە ئەم ووتارە سێ بابەتی گەورەی: "١) ئیمپریالیزم ٢) مارکسیزم ٣) مافی خۆبڕیارداني چارەنوس"ی لەخۆگرتوە · جا پێش ئەوەی بێینە سەر مەبەست‌و بنەمای ڕەخنەکەمان؛ ئەوە دەست نیشان دەکەین کە ماموٚستا هەر لە سەرەتایی هەڵبژاردنی بابەتەکەیەوە هەڵەیەکی یەکجار گەورەی کردوە کە ئەم سێ بابەتە گەورەو فرەلایەنانەی هێناوە پێکەوە لە ووتاری سیمینارێکدا لێکی داوون و بەناچاری هێندەی کورت کردونەتەوە کە بە زبانی ڕۆحی زانستیانەی بابەتەکە تەواوبوە . بێگومان هەرکەس ئاگاداریەکی لە زانستی "شێوازناسی" ی بنەمای دیالەکتیکانەی هەر بابەتێکدا هەبێ دەزانێ هەر بابەتێك پێویستی بە فەزایەکی دیاریکراو هەیە کە لە پێویستیە ناوخۆیەکانی هەڵسورانی ئەو چمك‌و کاتیگۆریانەوە سەرهەڵئەداکە دەربڕی خودی مەبەستی بابەتەکەن وە کورتکردنەوەی هەر مەودایەکی (زەمانی یان مەکانی) لەو فەزا پێویستە بۆ هەڵسورانی هەریەك لەو چمك‌و کاتیگۆریانە بەناچاری دەبێتە ڕێگرێك لە بەردەم هاتنەکایەوەی هەر دەرەنجامێکی زانستیانە (کە هەمیشە دەبێت دەرەنجامی زانستیانە ئەنجامی ڕەوتی بێبەرهەڵستی‌و دیالیکتیکیانەی ناوخۆیی بابەتەکەبێت) و

زیاتر بابەتەکە بەرەو وەستاوی ( سکون ) و لەئەنجامیشدا میتافیزیکیانە دەبات و هەردەرەنجامێکیشی لێبگیرێ بەناچار هەڵدەدەکەوێتەوە .

لەبەر هەمان ئەو ڕۆشنایی‌یەی لای سەرەوەدا ئێمە ئەهاتووبین پێ‌بەدینێ لەسەر شێوازی مامۆستا لە کاتێکدا ڕەخنە لە ( دراو ) و ( خستنە بەرچاوەکانی ) مامۆستا بگرین ، لە هەریەک لەو سێ بابەتەدا ، بەخێرایی‌و بەو شێوازە تێکترێنجراوی‌یە بۆچوونی خۆمان بەرامبەر ئەم بابەتانە دەربڕین . چونکە کارێکی وا تەنها لەئەستۆی بابەتێکی ڕەخنەگرانەدا نی‌یە ، بەڵکو لەتوانای هیچ وتارێکی بەشێوە زانستیانەشدا نی‌یە .

بۆیە بە ناچاری هاتوین یەکێک لە مەبەستەکانی مامۆستامان هەڵبژاردوە کە ویستویەتی ڕوونی بکاتەوە - بێگومان گرنگترین پارچەی بابەتەکە پێک دەهێنێ‌و وەک دواتر شی‌دەکەینەوە کە ڕەخنە لەو بابەتە ، کرۆکی باسەکەی مامۆستا دەگرێتەوەو بە ناچاریش پەل دەکێشێ بۆ هەرسێ بابەتەکەی لەباسەکەدا خۆیان دەبیننەوە .

ئەو بابەتەی ئێمە مەبەستمانە و دەیکەینە سەردێڕێک بۆ ڕەخنەکەمان " ئاوردانەوەیەکە لە کتێبی سەرمایە " کە لە بەشی دووەمی بابەتەکەی مامۆستادا ، واتە ( مارکسیزم ) ، هاتووە . بێگومان بۆ ئەوەی نەکەوینە ئەو هەڵەیەی مامۆستا تێی کەوتوە ئێمەش نەهاتوین لە ڕەوتی بابەتەکەدا " ئاورێک لە کتێبی سەرمایە بدەینەوە " و هەر کەسێکیش مەبەستی لەم بابەتەبێ ، ئەوا جگە لە خودی کتێبەکە دەیان و سەدان سەرچاوە لەسەر ئەو کتێبە هەیەو دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرچاوانەو تەنانەت ئاورێکیش لە خودی کتێبەکە بداتەوە . بۆیە مەبەستی ئێمە لەم بابەتەدا شیکردنەوەی بۆچونەکانی مامۆستا کەمالە دەربارەی ئەو کتێبە ، بێگومان لە ڕوانگەی خودی (مارکسیزم)ەوە . پاش ئەوەش کەهەڵەیی مامۆستامان لەم ئاوردانەوەیەدا بۆ دەرکەوت ( وەک لە دواتر دێت ) ، ئەو کاتە دەتوانین لە چەند خاڵێکی دڕشتدا چەند تێشکێکیش بخەینە سەر سەرجەمی بابەتەکەی مامۆستاو بەو شێوەیە خۆمان لەو ڕەوتە نادیالیکتیکیانەیە بپارێزین کە بابەتەکەی مامۆستا کەماڵ گرتویەتیە خۆی .

مامۆستا دەنوسێ : " بەشێوەیەکی سادە سەرمایە ئەو کۆمەڵە پارەیەیە کەسێک هەیەتی‌و لە مەسرەفی خۆی زیادەو ئەیەوێ کاسپی پێوە بکا . واتە دەیەوێ بیخاتەگەڕ " .

بێگومان جگە لە هەڵەیی‌و بێ بناغەیی ، ئەم پێناسەیە ، هێندە بازاڕی‌و عەوامانەیە کە تەنانەت ئابوری‌ناسە بۆرژواکانیش بەمجۆرە دەریان نەبڕیوە . سەرمایە هیچ کاتێ (کۆمەڵێ پارە)نی‌یە ، بگرە هەر (پارە)نیە

ـ ئەگەرچی پارە یەکەمین شێوەیە کە سەرمایەی تێدا دەرئەکەوێ ـ بەڵکو سەرمایە پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی نێوان مرۆڤەو ( بەها ـ قیمة ـ یەکە بەدەست سەرمایەدارەوە کە لە ڕێی بەکاربردن ـ استثمار ـ ی هێزی کارەوە بۆ بەدەستهێنانی زێدەبایی بەکاردەهێنرێ ، وەلەم ڕووەوە سەرمایە نیشاندەری پەیوەندیەکی بەرهەمهێنانە لە نێوان خاوەن ئامرازەکانی بەرهەم هێنان و خاوەن هێزی کاردا .

پاشانیش دەنوسێ : [ جۆری ئەو کاسبیە ، یان ئەو نیەی سەرمایەی تێدا بەکاردێ دەشێ دانانی کارگەیەك یان دروستکردنی کارخانەیەك یان ڕێکخستن و پیشەسازیەکی بچوك بێت ، یان جۆرە بازرگانیەك بێت ، لەهەر حاڵەتێکدا بەشێکی سەرمایە وەك دەستمایە ( واتە سەرمایەی وەستاو ـ ثابت ) دەچێتە ئیشەکەوە ، واتە پەیداکردنی هۆی بەرهەمهێنانی ( مەکینە ، کەرەسە ، خانو ، هێزی کرێکارەوە... ) ]. لێرەشدا مامۆستا کەوتۆتە هەڵەیەکەوە کە سەرجەم بنەمای دۆزینەوەکانی ( مارکس ) ی لەسەر وەستاوە،هەڵە لەم بابەتەدا ئەگەر نەڵێم وەستانەوەیە دژ بە مارکسیزم، ئەوا تێنەگەیشتنە لە مارکس.

جگە لەوەی مامۆستا نەهاتوە شێوازی سوود بەدەستهێنان لەهەر یەك لە کارگا یان کارخانە لە لایەکەوەو سودی بازرگانی لە لایەکەوە دەستنیشان بکا ... هەڵەی گەورە لێرەدایە ؛ مامۆستا هاتوە دەستمایە ( سەرمایەی ثابت ) بۆ برە پارەیە دانەنێ کە هۆکانی بەرهەمهێنانی : مەکینە ، کەرەسەی خاو ، خانوو ، هێزی کرێکار ، پێ بەدەست دێت . جا ئەگەر وەك ئەم دەربڕینەی مامۆستا دەستمایە ( هێزی کرێکاریش ) بگرێتەوە ، جا دەبێت سەرمایەی بگەڕ ( متغیر ) چی بێت ؟

دەستمایە ( خانو ، کەرەسەی خاو ، مەکینە ... ) دەگرێتەوە ، بەڵام بەهیچ کلۆجێك ( هێزی کرێکار )، واتە هێزی کار ناگرێتەوە ، ئەو برە پارەیەی لە لایەن سەرمایەدارەوە بۆ کڕینی ( هێزی کرێکار ) دەخرێتەگەڕ،( سەرمایەی بگۆڕ ) پێك دەهێنێت ، وەك ووتیشمان ئەم خاڵە لە دووبابەتی گرنگدا ناوەرۆکی بۆچوونی مارکسیزم، سەبارەت ئابوری سەرمایەداری، لە خۆی دەگرێ ، ئەوانەش بریتین لە :

١) زێدەبایی :

دەستمایە لە ڕەوتی بەرهەمهێناندا بەکاردەهێنری واتە ( استهلاك ) دەکرێ و ( بەها ) کەی دەگوێزرێتەوە بۆ ناو ئەو کالایانەی لە سنوری

ئەو (خانو ، کەرەسەی خاو ، مەکینانە ...) ی تێیدا بەرهەم دەهێنرێ ، ئەوەی ئەم بەهایەش( واتە ئەم دەستمایەیە) بەرهەم دەهێنێتەوە ، هەمان ئەو (هێزی کارەیە) کە بریتییە لە سەرمایەی بگۆڕو ، مامۆستا زۆر بەهەڵە داویەتیە پاڵ دەستمایە . ئەمە جگە لەوەی سەرمایەی بگۆڕ ، نرخی خۆشی و (زێدەبایی)یش دەخولقێنێ . بەکورتی دەستمایە نەك هەر ناتوانێ سوودو قازانج بخولقێنێ ، بەڵکو لە توانایدا نییە کە چووەکاروە( واتە گۆڕا بە خانو ، کەرەسەی خاو ، مەکینە ...) خۆشی بەرهەم بێنێتەوە .

## ٢) پێکهاتنی ئۆرگانیکی سەرمایە :

واتە چۆنیەتی ڕەوتی سەرمایەی بگۆڕ بۆ دەستمایە ، ئەم بابەتەکەمێ دواتر لێی دەدوێین .

ئەمانە گشت لە کاتێکدا کە بەندی شەشەمی ، بەرگی یەکەمی سەرمایە تایبەتە بە سەرمایەی بگۆڕو دەستمایە ، بۆیە لێرەدا گومان دەکرێ زۆر لەمێژێ مامۆستا کەمال (سەرمایە)ی نەخوێندبێتەوە ، ئەگەر خوێندبێتیەوە !!؟

ماموستا دەڵێ : " دەستمایە خۆی نرخی نییەو نابێتە هۆی قازانج و کۆکودنەوەی ئەو سەرمایەیەئەگەر نەگەڕێ "..... ئەمە ئەو دەرئەنجامە هەڵەیەیە ، کە لەو بۆچوونە ئەقەت و هەڵەیە دەگیرێ . وەك ووتمان دەستمایە نەك هەر نابێتە هۆی قازانج بەڵکو ئەگەر لە بەرەکەتی (سەرمایەی بگۆڕ) ەوە نەبێ ، ئەوا خۆشی کە بووە (کەرەسەی خاو زەوی و مەکینە ...) لەبەر باوبۆران دا لەنێو دەچێ ... بێگومان ئەم دەربڕینە خەیاڵییەو، ئەو دەربڕینە نادروستەی مامۆستا ئەم بابەتە بەم چەشنە دەخاتەوە، ئەگینا ڕەوتی خستنەکاری دەستمایە هەمیشە بەستراوە بە سەرمایەی بگۆڕەوە ، سەرمایەی بگۆڕیش کە ووتمان سوودو قازانج دەخولقێنێ ، لە ڕەوتی پرۆسێسی بەرهەمهێناندایە کە بێگومان دەستمایەشی تێدا بەشدارە .

پاشان مامۆستا هاتووە زنجیرەیەکی بۆ ڕەوتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری نەخشاندوەو دەڵێ " شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەم چەشنەی لێدێ : سەرمایە ـ بەرهەمهێنان ـ سەرمایەی زیاتر ـ بەرهەمهێنانی زیاتر ـ سەرمایەی زیاتر ـ بەرهەمهێنانی زیاتر .... بەبێ کۆتایی . "

لەم زنجیرە بێ کۆتاییەدا کە مامۆستا نوسیویە تەنها حەلقەی یەکەمی ڕاستە[ ئەویش نەك بەو شێوە دەربڕینە ، بەڵکو بە شێوە

دەربڕینی ( پول - کالا - پول )، چونکە وەك سەرەتا ووتمان سەرمایە پارەوپول نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتییە ] بەڵام چیتر ئەو ( سەرمایە زیاترە ) وەك ئەو زنجیرەیە کارناکات ( ئەمە ناوەڕۆکی ئەو بابەتەیە کە ناومان برد بە پێکهاتنی ئۆرگانیکی سەرمایە) و وەك ئەم شێوەی خوارەوە خۆی دەبینێتەوە :

زیادە لەو ( سەرمایەی زیاترەدا ) بریتییە لە ( سود ) کە بە زێدەبایی ناودەبرێت • ئەم زێدەبایییە هەندێکی دەگۆڕێ بە سەرمایەی نەگۆڕ ( دەستمایە ) و لە کاتێکداوجارێکی‌تر سەرمایە نەگۆڕەکە بەتێکڕا ( واتە سەرمایەی یەکەم • ئەو برە لە سود کە گۆڕا بە سەرمایەی نەگۆڕ ) دەچنەوە ڕەوتی بەرهەمهێنان • بەو پێیەی نرخی زێدەبایی نەگۆڕە ، نرخی سودیش پەیوەندیەکی پێچەوانەی هەیە لەگەڵ سەرمایەی نەگۆڕداو،.. تا بری سەرمایە نەگۆڕەکەڕوو لە زیادبوون بێ ، لە بەرانبەر سەرمایەی بگۆڕدا ، نرخی سوود دێتە خواری • مارکس ئەم بابەتە ناودەبات بە ( تبیر معدل الربح الی الهبوط - ڕەوتی کۆی قازانج بەرەو خوار ) ، کە مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ بەلاداهاتنی سەرمایەداری •

هەر بەو پێیەو لە ئەنجامی ئەو شیکردنەوە نادروستانەوە ئەو دروشمە وەك پەیامێکی نادروست ئەداتە پاڵ بۆرژوا کە گوایە پەیامی بۆرژوا بریتییە لە خرکردنەوە لەپێناو خرکردنەوەدا ، بەرهەمهێنان لەپێناو بەرهەمهێنان دا •

بێگومان ئەم دروشمەش زۆر دورە لەو دروشمەی مارکس وەك پەیامێك داویەتیە پاڵ بۆرژواو دەڵێ پەیامی ئەو چینە بریتییە لە: بەرهەمهێنان لەپێناو سودو قازانج دا • ئەگەر کەسێك کەمێك ئاگاداری لە مانای ئابوریانەی ( قازانج ) و بەرهەمهێنان و خرکردنەوە هەبێت ، دەگاتە ئەو ئەنجامەی ئەو دروشمەی لای مامۆستا هەر هێندە ڕاستی لە خۆی گرتوە کە بڵێ ٢ لە ٧ گەورەترە •

پاشتر مامۆستا دێتە سەر ئەو یاسا بابەتییەی کە زاڵ دەبێت بەسەر ڕەوتی بەرهەمهێناندا - یاسای مونافەسە - ، بەڵام بێ ئەوەی باس لە ڕەنگدانەوەی ئەم یاسایە بکات لەناو دەوڵەتێکی سەرمایەداریدا ، یەکسەرە بازی داوە بۆ مونافەسە لە نێوان وولاتاندا ...و هیچ ئاوڕێکی لە لێکدانەوەکانی مارکس لەم بارەیەوە نەداوەتەوە وە باسێکی لە چۆنیەتی تێکشکانی ووردە کالایی و کالایی سادەی نەکردوە کە بێگومان بنەمای یاسای مونافەسەیە •

لە لایەنی جیهانیشدا ، پاش ئەوەی دەست نیشانی چەند هۆیەك دەکات کە دەتوانرێت لە لایەن سەرمایەدارییەوە هانایان بۆ ببرێ بۆ

خۆگرتن لە بەردەم ئەو باسابەدا ، دەنوسێ "بەلاّم گرنگی ئەمانە زۆر بڕ ناکا ... چونکە جاری وا هەیە کەرەسەو کەلوپەلی بناش دێتە بەرهەم ، بەلاّم لەناوخۆدا بازاڕی نی‌یە - بە قودرەتی متعالی - ونافرۆشرێت " . بۆ چارەسەریش ، ناچاردەبێت لە بازاڕی ناوخۆ تێپەرکات و خۆی بگەیەنێتە ناوچەی نوێ ." بازرگانی دەرەوە زیاد بکا و بە کورتی وەك مارکس دەلّێ بازاڕی جیهانی دروست بکات ، ئەو بازاڕەیە کە سەرمایە لە (سەرمایەی وەستاو )ەوە دەکاتە سەرمایەی بگەڕ ...".

ئەگەر ئەمە لێکدانەوەی مارکس بێت و بەم جۆرە کتێبی سەرمایە شی‌کرابێتەوە ، دەبێت کاریکاتێری مارکسیزم کامە بێت ؟...

مامۆستا باسی لە باسای موناقەسە کرد لە بەرهەمهێناندا و ئێستا لەجیاتی کالاّ ( سەرمایە ) دەنێرێتە دەرێ .. وادیارە مامۆستا هیچ ئاگاداریەکی لە جیاوازی نێوان ناردنەدەرەوەی ( کالاّ ) و ناردنەدەرەوەی ( سەرمایە ) نی‌یە ، جگە لەوەی کەس نەبینیویەتی و نەبیستراوە ( مارکس ) لە کتێبی ( سەرمایە ) دا باسی‌لەناردنە دەرەوەی سەرمایە کردبێ‌و ، ئەم بابەتە لە سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمەوە چەندین سالّ دوای مردنی مارکس باس کراوە ...

ئەم وتەیەشی کە دەلێت بازاڕی جیهانی ئەو بازاڕەیە کە سەرمایە لە ( سەرمایەی وەستاو ) ەوە دەکاتە سەرمایەی بگەڕ .... ئەوە ئەبێ مرۆڤ ناچار دەکات خەم بۆ تێنەگەیشتنی مامۆستا بخوا لە ( سەرمایە ) هیچی تری لەسەر ناوترێ .... خۆ ئەگەر بەر لە بازاڕی جیهانی ، سەرمایەی بگەڕ نەبووبێ ... دەبێ ( زێدەبایی ) لەکوێ‌وە بەرهەم‌بێ؟ ئەم بابەتە پێشتر لێی دواین .

لێرەدا بە هۆی دروست بوونی بازاڕی جیهانی‌یەوە ( کە مامۆستا بەو هەموو هەلّەیەوە دەی‌بڕی ) لە ڕەوتی بۆچونەکانی مارکس دا - بێ‌گومان زۆر بە دروستی - بۆرژوازی ئەورویی وەك مامۆستا دەلّێ ( بەلای مارکس‌وە ئەرك و پەیامێکی شۆڕشگێڕانەی لەسەرشان بوو ) ئەویش ( بەراکێشانیان بۆناو جوغزی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری ). بێ‌گومان مامۆستا ئەم بۆچونانەی ( مارکس ) ی بەلاوە دروست نی‌یەو سەرجەمی ئەو بیروبۆچونانەی لەم ڕووەوە لە مانیێفیستدا دەربڕاون ، وەك دواتر بە چەند نوکە قەلّەمێکی دڕشت هێمایان بۆ دەکەین ، لای ماموستا هەلّەن و بۆنی شیعرو ڕۆمانسیەت و ( مطلق )ی و ( مجرد )ی و میسالیەتی هیگلّیان لێدێ ...

جا لێرەدا هەوڵ دەدەین بەکورتی بیروڕای خۆمان سەبارەت بە سەرجەمی بیروبۆچونەکانی مامۆستا لە چەند خالێکدا ڕون بکەینەوە :

١ / بەوەی ماموستا زۆر بە هەڵە لە سەرمایە گەیشتووەنەیتوانیوە ڕەوتێکی مێژوویی دروست بدابە باسەکەی و چۆنیەتی پرۆسێسی سەرمایەداری لە سەرەتاوە تا ئەمرۆ بدا بەدەستەوە ، هەروەها نەیتوانیوە کاریگەریێتی ڕژێمی سەرمایەداری لەسەر وولاتانی بەناو جیهانی سێیەم بدا بەدەستەوە، بۆیە بە ناچاری پەنای بردۆتە بەر کۆمەڵێ بۆچونی هەڵەو بۆرژوازیانە ( چ وەك سەرەتایەك بۆ پرۆسێسی خڕبونەوەی سەرەتایی سەرمایەو چ وەك ڕۆلی سەرمایەی ڕۆژئاوا لەسەر وولاتانی "جیهانی سێیەم" ).وەك سەرەتایەك بۆ ڕەوتی سەرهەڵدانی سەرمایەداری ماموستا نوسیویەتی:"دەوری یەکەم بۆ گواستنەوە لە قۆناغی دەرەبەگایەتییەوە بۆ بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بە پلەی یەکەم بۆ تایبەتێتی شێوە بەرهەمهێنانی قبوبالی ئەورووپی نا گەڕێتەوە ، بەڵکوبۆ تالانکردنی کۆلۆنیالانە و بازرگانی دەرەوە ئەگەڕێتەوە. دیارە لەگەڵ ئەم هۆکارە سەرەکیەوە هۆکاری تری یاریدەدەر هەبوون کە گرنگەکەیان پێش کەوتنی زانین و تەکنیکی سەروەتی ئەورووپا بوو" . دوا بەدوای ئەمە وتەیەکی نیولاپەڕەیی لە جەیمس ویلیامسۆن دێنێتەوە، کە شێوە دارشتنێکی ترە لە ووتەکانی ماموستا و هەر هێندەی زیادە کە "سامانێك کە بریتی بوو لە ژوورێکی پڕ لە زێڕو زیو هێزێکی دینامیکی بوو ، خڕبوونەوەی دەسەڵات بووە شایانی ئەوە بوو لە هەر ئاقار ومەیدانێکدا بخرێتەکار ".

گومان لەوە نییە کە تالانکردنی کۆلۆنیالانەو بازرگانی دەرەوە هۆیەکی کاریگەر بوو ـ بۆ خڕبونەوەی سەرەتایی ، بەلام هۆی بنەڕەتی نەبوو. مارکس خۆی لە سەرمایەداری دا نوسیویە:" خڕبوونەوەی بەناو سەرەتایی ... جگە لە ڕەوتی مێژوویی جیابوونەوەی بەرهەم هێنەر لە هۆکانی بەرهەمهێنان شتێکی تر نییە ". ئەم ڕەوتەش بۆ یەکەم جار لە ئینگلستاندا ڕوویدا و ماوەیەکی مێژوویی لە کۆتایی چەرخی پانزەهەمەوە تا ناوەڕاستی چەرخی نۆزدەهەمی گرتۆتەوەو شێوازی ( مصادرة ) ی زەویی لە جووتیاران لەخۆ گرتبوو، بەناچاری هەژار دەکەوتن و جگە لە فرۆشتنی ( هێزی کار ) هیچێکی تریان بۆ نەدەمایەوە . ئەم فاکتەرەش لەگەڵ بوونی ئاستێکی بەرز لە بەرهەمهێنانی کالایی سادە ، ڕەوتی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریان هێنایە کایەوە ... خۆ ئەگەر ئەم دوو فاکتەرە نەبوایە و ( ژوورێکی پڕ لە زێڕو زیو هێزێکی دینامیکی بوایە !؟ دەبووایەسەرمایەداری هەر لە سەردەمی کۆیلایەتییەوە بهاتایە ئاراوە).

واتە وەك ووتمان گواستنەوە بۆ سەرمایەداری دوو خاڵی گرنگی دەوێت :

١) کۆبونەوەی بڕێ پوڵ (لەو ڕەوتە مێژوییەدا کە مارکس دەڵێ)و ئاستێکی پێگەیشتوو لە بەرهەمهێنانی کالای سادە.

٢) بوونی کەسانێکی دابڕاو لەهەموو ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

ئەم دوو خاڵەش لە خودی دەروونی فیودالی ئەوروپییەوە خۆی نواند، بۆیە ئەنگلز ووتویەتی "سەرمایەداری لە دەروونی فیودالیزمەوە سەری هەڵدا."

٢ / لەسەر هەمان بنەمای هەڵە ماموستا بۆچونێکی J.M.Blaut ی هێناوەتەوە، کە دەڵێ: "لە ساڵی ١٤٩٢ وە بەرماوەیەداری لەهەموو شوێنەکانی دنیادا ـ لە نێوەندە سەرمایەداریەکانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپادا وەك یەك لەپەرە سەندندابوو، و وەك یەك نزیك یان دور لە حزەی سەرکەوتنیدا بوو ـ کە بریتی بوو لە شۆرشی بۆرژوازی".

جا ئەگەر گواستنەوە بۆ شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تەنیا گەڕێتەوە بۆ قۆناغی فیودالیزمی ئەوروپی، بۆچی ئەفریقایەکان یان ئاسیایەکان، ئەوروپایان ئەکردە کۆلۆنیالی خۆیان، دیسانەوە ئەگەر سەرمایەداری لە هەموو ئەو ناوەندانەدا لەپەرەسەندندابوو، کواتە خرپبوونەوەی سەرەتایی بۆ هەریەك لەو ناوەندە سەرمایەیانە بەر لەو ساڵە لە کوێوە هاتبوو؟... ئەم ووتەیەی ماموستا خۆی لە خۆیدا ڕەتکردنەوەی ئەوبۆچونەیەتی کە دەڵێ: خرپبونەوەی سەرمایەی سەرەتایی لە ئەنجامی کۆلۆنیال کردنەوە بەدیهات، چونکە بەرلەو ساڵــــە ئاسیایەکان بڕێکی زۆری ئەوروپایان لەژێردەستدابوو.

٣ / ماموستا سەبارەت بە مانیفێست دەڵێ: "زیاتر ڕۆحێکی شیعری و ڕۆمانسی شۆرشگێڕانەیان هەبوو، بیروباوەڕەکانی مارکس و ئەنگلز بە ئاشکرا کارتێکردنی هیگڵ و سەرجەمی کلتوری بۆرژوازیان پیێوە دیارە". دوابەدوای ئەم ووتەیەی لەبری ئەوەی باس لە دراوەکانی مانیفێست بکا، تا ئەم ووتەیەی خۆی بسەلمێنێ، هاتووە بە نیـو لاپەڕەیەك بۆچوونی هیگڵی بەرامبەر مێژو دەربڕیوەو دواجار لێکدانەوەیەکی میکانیکی دەداتە پاڵ مارکس و ئەنگلز، گوایا (تزێکی ماتریالیزمیان لەجێی (تزە) ئایدیالیزمیەکەی هیگڵ داناوە، واتـــە هەمان ڕەوتی ئایدیالیزمی هیگڵیان ڕەچاوکردوە !!؟

ئەم ڕەخنەیەی ماموستا زۆر دەمێکە یەکالاکراوەتەوە و ـ بێگومان نەك بەو جۆرەی ماموستا دەڵێ ـ گومان لەسەر کاریگەری هیگـــڵ لەسەر مارکس و ئەنگلز نەماوە، بەلام ئەو کاریگەرییە ماوەیەکی زۆر کەمی خایاندووە وەك ئاڵتوسەر بە دروستی دەستنیشانی کردوە تا ساڵی (١٨٤٥) ی خایاندوە، لەو ساڵە بەدواوە چیتر نەك هەر (تێز) ەکانی مارکس و ئەنگلز ماتەریا نەبوون، بەڵکو سەرجەمی دەزگای

شێوازی لێکۆڵینەوەکانیشیان شێوازێکی دیالیکتیکی ماتەری بەخۆوە گرتووە. مانیفێستیش وەك بەرهەمێکی پرشنگداری سەر بە ماتریالیزمی دیالیکتیکی خۆی دەبینێتەوە، ئەو دراوانەشی لەوکتێبەدا دراون بە دەستەوە، شێوازێکی ( مجرد ) و ( مطلق ) یان نییە ، بەڵکو شێوازێکی ( تجرید ) ی و ( کلی ) یان تیا بەکارهاتوە ...

٤ / دواتر ماموستا رەخنە لە ووتەیەی مارکس و ئەنگلز دەگرێ کەدەڵێن( نرخی هەرزانی شتومەك ئەو تۆپە قورسانەن کە هەموو دیوارەکانی چین دائەرمێنێ و سەربەو بەربەریانە ئەوی دەکەن، کە زۆر کەللە رەقانە رقیان لە بێگانە دەبێتەوە .... ناچاریان دەکات شارستانێتی بەرێتە نێوانیانەوەو وەك خۆی بیانکات بە بۆرژوازی، بەیەك ووشە : بۆرژوا جیهان لەسەر شێوەی خۆی دروست دەکات ) . وەماموستا وەك بلێی دڵی بە حالێ ئەو خەڵکە بسوتێ کە دەکەونە بەر شالاوی ( پەیوەندی بۆرژوازییەوە ) ، بۆیە بۆچونێکی ئەخلاقیانە بەرچاوی لێگرتوە لەوەی سەرنجێکی رەوتی مێژوو بدات و بزانێ ، یەکەم پەیوەندیە بۆرژوازیەکان لە چاو پەیوەندیەکانی بەر لە خۆیدا، شارستانیانەترو پێش کەوتوخوازترن و، دوەم بۆرژوازی بە ناردنی پەیوەندی سەرمایەداریانەی خۆی بۆ دەرەوەی ئەوروپا ، بەناچاری ئەو گەلانەی لەخەوی چەندین ساڵەیان راتەکاندو گورتەوژمێکی بێ ووێنەی دایە رەوتی مێژووی ئەو گەلانە .... و مارکس و ئەنگلز دوور لە هەر بۆچونێکی ئیحساسی و ئەخلاقیانە ، کرۆکی بابەتەکەیان خستۆتەروو ، نەك وەك ئەوەی ماموستا دەڵێ " تەنیا پەیامی ئیمپریالیستانەی بۆرژوازیان بەرێگای پەرەسەندنی شارستانی گەلانی ناتەورووپی دانەنا " .

وادیارە ماموستا لە دەقەکەی مارکس و ئەنگلز تێنەگەیشتووە - کە خۆی بە نموونەی هێناوەتەوە - لە کاتێکدا مارکس دەڵێ " نرخی هەرزانی شتومەك " مەبەستی هەرزانی کەل و پەل نییە ، بەڵکو مەبەستی ئەو پەیوەندییە کە ئەو شتومەکە لە خۆی دەگرێ و بریتییە لە پەیوەندی بۆرژوازیانە . ئەو دەمەش مارکس ئەو ووتەیەی نوسیبوە، جگە لە ئەوروپا گشت ناوچەکانی تری جیهان لە پەیوەندیەکی بەر لە سەرمایەداریدا دەژیان و بێگومان ئاگاداری گشت ئەو بەدبەختی و ماڵ وێرانی و کوشت و برینەش بووە کە ئەو پەیوەندی یە نوێیە توانیویەتی لەو خاکەی بۆی چووە ، بەلام لە پشت گشت ماڵ وێرانیەکەوە، رەوتی مێژوویی لەیاد نەکردوە، بۆیە نوسیویە:" لەگەڵ گشت ئەو کشت وبڕە نامرۆڤانەی ئینگلیز لە هیندا ئەنجامی ئەدا، ئەم وولاتە - واتە ئینگلترە - ئامرازی نائاگای مێژووە بۆبیرادرکردنەوەی

هیند " ـ لێرەوە دەگەینە ئەوراستیەی مارکس و ئەنگلز پشتگیریان لە پەیوەندی بۆرژوازیانە کردوە لە بەرامبەر پەیوەندیە دەرەبەگایەتی و کویلایەتی ...و بە گشتی بەر لە سەرمایەداریەکاندا ، نەک پەیامی ئیمپریالیستانەی بۆرژوازی وەک مامۆستا دەڵێ ·

ئەمە بوو بەچەند خاڵێکی درشت ئەو مەبەستانەی دەمان ویست روونی بکەینەوە لە نوسینەکەی مامۆستادا و وەک وتمان ئێمە زیاتر بابەتێکمان هەڵبژارد ، ئەگینا ـ زۆر بەداخەوە جگە لەچەند کەم و کورتیەک لە بۆچونەکانی تریشیدا سەبارەت بە ئیمپریالیزم و مەسەلەی خۆبڕیاردانی چارەنوس، لە زۆر جێگادا مامۆستا کەوتۆتە هەڵەی تیۆریانەوەو ئێمە ئەم دوو بابەتمان باس نەکردوە ·

بەلاَم لەگەڵ گشت ئەمانەدا ـ دەتوانم بڵێم ئەوە یەکەم نوسراوێکە هەوڵی دابێ لەو بیروبۆچونە دۆگماتیی و هاوکێشەییانە دەرباز بووبێ ، کە زۆر بەداخەوە بیری زانستی لەم ناوچەیەدا و بە تایبەت لە عیراق دا بەدەستیەوە ئەناڵێنێ . هیوادارین ببێتە سەرەتایەک بۆ لێدوان و یەکلاکردنەوەیەکی زانستیانەی کە لە ژێر هەنگاوی ستالینیەتدا گیریان کردوە و ـ چ بەداخەوە کە بە ناوی بیری زانستیەوە دەرخواردی ئەو خەڵکە ئەدرێن ـ

بانگەواز

# ئازادی بۆ تێکۆشەرانی گەلەکەمان

## مەلا بەختیار، مامۆستا پشکۆ، شێخ عەلی

یەکگرتن

ئەی ئازادیخوازانی کوردستان!
ئەی تێکۆشەرانی عیراق!
ئەی پێشکەوتنخوازەکانی دنیا!

دووساڵ زیاترە (لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١١/٢/١٩٨٤ەوە) تێکۆشەرانی گەلەکەمان: مەلا بەختیار، مامۆستا پشکۆ، شێخ عەلی، لەسەر جیاوازی بیروڕا و هەڵبژاردنی سەربەستانەی ڕێبازی سیاسی و بە تاوانی "تێکدانی شۆڕش" و "دەستەگەری" و "جیا خوازی" لەلایەن سەرکردایەتی "یەکێتی نیشتمانی کوردستان" ەوە گیراون و جگە لە سوکایەتی پێ کردن و سەرپێ شۆرکردن، پەشیمان نامەیان پێ پڕکراوەتەوە، لەکونجی تاریك و نوتەکی گرتوخانە توندکراون، لە هەموو جۆرە سەربەستیەکی سروشتی مرۆڤانە و بەندکراویش بێبەش کراون. تاوانی ڕاستەقینەی ئەو تێکۆشەرانە ئەوەبوو پاش ناکۆکی و ململانێیەکی فیکری چەند ساڵە، بڕیاریان دابوو بەئاشکرا و بێ ترس و هەڵخەڵەتاندن و بەئاگاداری هەموان ڕیزەکانی (ی.ن.ك) بەجێ بهێڵن و بەئازادانە ڕێباز و ڕێکخراوی سیاسی نوێ بۆ خۆیان هەڵبژێرن و درێژە بەو خەباتە بدەن کە لەدوای کارەساتی هەرەسهێنانەکەی ٩٧٥ و هەلومەرجی ئاڵۆز و بێ هیوایی و ڕەشبینی دا دژی ڕژێمی فاشی عیراق دەستیان پێ کرد بوو.

ئێمە لەو بڕوایەداین دەبێ بەندیخانە و گرتوخانەکانی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان جێی ئەو جاش و خۆفرۆشانە بێت کە بەخوێنی پێشمەرگە و ڕۆڵەکانی کوردستان دەستیان سوور بووە ، جێی ئەو سەرباز و جەیشی شەعبیانە بێ کە دەیانەوێ بە لولەی تفەنگ و چەکی هەمە جۆر گەلەکەمان لەناو بەرن و سروشتی نەتەوایەتی کوردستان بسڕنەوە ، نەک شوێنی تێکۆشەرانی گەلەکەمان و مرۆڤانی خاوەن بیروڕای سیاسی جیاواز و هاوڕێ و هاوسەنگەری پێشوو و خۆشەویستەکانی جەماوەر و چەوساوەکانی کوردستان . بۆیە لەگەڵ جیاوازی بیروڕامان لەگەڵ ئەو تێکۆشەرانەدا و ، شان بەشانی هەموو ئازادیخواز و لایەنگیرانی دیموکراتی ڕاستەقینەی گەلەکەمان ، دەنگی ناڕەزایی و بێزاری خۆمان بەرامبەر ئەو کارە دژ بە دیموکراتیەت و مافی مرۆڤە دەردەبڕین و ، داوا لە سەرکردایەتی ( ی ن ک ) دەکەین کە دروشمی دیموکراتیەتی بەرزکردۆتەوە و بەرنامەکەی خۆی پڕ کردوە لە داواکاری بۆ بەرقەرارکردنی دیموکراتیەت و مافە سروشتیەکانی مرۆڤ و ئەیانجار بۆ ئازادکردنی تێکۆشەرانی گەلەکەمان پەنای بردۆتە بەر دەزگا جیهانیەکانی مافی مرۆڤ ، ئەو تێکۆشەرانە ئازاد بکەن هەتا بتوانن بەشداری ئاشکرانە لەو خەباتەدا بکەن کە دژی ڕژێمی فاشی عیراق بەرپا بووە و پێویستی بە هێز و توانای هەموو دڵسۆزێک دەبێ . هەتا کاتی ئازادی ئەو تێکۆشەرانە بەدەر مەسئولیەتی پاراستنی ژیان و تەندروستیان دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان .

هەروەها داوا لە هەموو مرۆڤە ئازادیخوازەکانی کوردستان و ڕۆژنامە و گۆڤارە سەربەخۆ و دیموکراتیەکان و مەڵبەند و بنکە ڕۆشنبیریەکانی دەرەوەی وڵات و تێکۆشەرەکانی عیراق و پێشکەوتنخوازەکانی دنیا دەکەین ، بەدەم بانگەوازی ئازادکردنی ( مەلا بەختیار ، مامۆستا بەشکۆ ، شێخ عەلی بەدوە ) بێن و پێکەوە هەموو تێبکۆشین بۆ ئەوەی سەرتاڵی بەجەنگی عیراق - ئێران و نزیکبوونەوەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان نەبێتە هۆی لەبیرچوونەوەی ئەو تێکۆشەرانە و لەڕێگەی کاری جەماوەری و ئیمزا کۆکردنەوە و کۆڕ سازکردن و دەنگ گەیاندن بە دەزگا جیهانیەکانی مافی مرۆڤەوە ، سەرکردایەتی ( ی ن ک ) ناچار بکەن بۆ ئازادکردنیان و گەڕانەوەیان بۆ سەنگەری تێکۆشان و کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە لە دژی ڕژێمی فاشی عیراق .

هەواڵنامەی کتێب

**فەلسەفە**

# مەتریالیزمی مێژوویی لەچی دەکۆڵێتەوە؟

و: کەمال ڕەشید

هەواڵنامەی کتێب

مارکس و ئەنگلز ، ئەوەیان دەرخست کە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، هەر ، خاوەن خاسیەتی زانستیانە ، وەک لەکتێبەکانیاندا : بە ... مێژوویش هەر ، چەشنی زانستەکانی دیکەی وەکو فیزیا و کیمیا ، بۆی شیاوە بەرێتە ژێر لێکۆڵینەوەی ورد و زانستیانەوە . ئەم دوو فەیلەسوفە تیۆری زانستی‌ی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییان ( واتە ماتریالیزمی مێژووییان ) دارشت . پێش ئەوەی لە ماتریالیزمی مێژوویی بکۆڵینەوە سەرەتا ئەو شۆڕشە دەخەینە ژێر باری سەرنجەوە ، کە مارکسیەت لە بواری تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان و مێژوودا هێنایە ئاراوە .

## ١- نەشونما و کامڵبوونی ماتریالیزمی مێژوویی - شۆڕشێك لە کۆمەڵناسیدا :

فەیلەسوفە گەورەکان ، هەمیشە لە گەڕان بەدوای ئەوەدا بوونە کە لە بنچینەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تێ بگەن و ، باری یاسابێتی‌ی پەرەسەندن و کرۆکی ئەو یاسایانە بدۆزنەوە ، هەروەها بگەنە ئەوەی کە ئایا ئەم یاسایانە ئەنجامی ڕێکەوتن ، وەیان بەپێچەوانەوە : پێویست و بابەتییانەن؟ ئەگەر پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی سەبارەت بە چەند هۆکارێك بێ ، ئایا ئەو هۆکارە بنچینەییانە کامانەن و ، بنچینەی ژیانی کۆمەڵایەتی چی یە؟ خستنەرووی ئەم

جۆرە پرسیارانە ، شتێکی ئاسایی بووە ، چونکە مرۆڤ لە کۆمەڵگادا دەژێت و وابەستەیە بە کۆمەڵێک هەل و مەرجی زۆرەوە .

پێش مارکسیەت ، زانایان گەلێک تیۆری راستیان لە بارەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییەوە خستۆتە روو ، بۆ نموونە: ماتریالیستییەکانی چەرخی هەژدەیەمی فەرەنسا ئەوەیان دەرخستووە ، کە بیروانین و رەفتاری مرۆڤ ئەنجامی کارتێکردنی هەمیشەیی دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەیە . مێژوونووسە بۆرژواکانی فەرەنسا: " گیزو – تیری – میتە " بوونی چینە دژ بەیەکەکان و ململانێی چینایەتی نێو کۆمەڵگایان پیشان داوە ، زانایانی ئابووری ئینگلیزیش: " ئادەم سمیت – دیڤید ریکاردۆ " ، هەوڵی ئەوەیان داوە بایەو بنچینەیەکی ئابوری بۆ بوونی چینەکان لەناو کۆمەڵگادا رەچاو بکەن ، نەک شتی دیکە . سۆسیالیستە خۆزگە خوازەکانیش ، وەک " سان سیمۆن – فۆریە – ئۆین " تایبەتمەندی و سەرەتاکانی کۆمۆنیستی ئایندەیان پێشبینی دەکرد . هەروەها دیموکراتییە شۆڕشگێڕەکانی چەرخی نۆزدەیەمی سۆڤیەتیش ، وەکو " بلینسکی – هرزن – چرنیشفسکی " رۆڵێکی گەورەیان لەبواری هێنانە ئارای تیۆری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا هەیە . تێڕوانینی ئەوانی کەنیشمان بردن ، لەبارەی رۆڵی ئابوری لەسەر پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ، پایەی مرۆڤ وەکو دروستکەری راستەقینەی مێژوو ، هەبوونی ناکۆکی و ململانێی چینایەتی نێوان چەوساوان و چەوسێنەران ، خاسیەتی چینایەتییانەی ئەڵقەبە و هونەر و ئەدەب و ... هتد ، بەگوێرەی سەردەمی خۆیان ، تا پلەی قووڵ و بایەخدارن .

لەگەڵ ئەمانەشدا کۆمەڵناسیی پێش مارکسیزم زانستیانە نەبووە . پێش فەلسەفەی مارکسیزم ، ئایدیالیزم فەرمان رەوا بووە بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا . ماتریالیستییەکانی فەرەنسا دەستنیشانی کاریگەری دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکانیان کردووە لەسەر مرۆڤ ، بەڵام هەوبا و لێکدانەوەی ئەم دەستنیشان کردنە نادروست بووە . پوختەی بیروڕای ئەوان لە بارەی کۆمەڵگاوە ئەوە بووە ، کە " بیروباوەڕەکان فەرمان ڕەوان بەسەر جیهاندا " ، ماتریالیستییەکانی دیکەی پێش مارکسیزمیش دیسان تێڕوانینی ئایدیالیستییانەیان بووە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ، چییەتی " ماهیەت " نازانستیانەی گریمانەکانیان دەربارەی گۆڕانکاری و نەشونمای کۆمەڵگا ، خۆی لە خۆیدا دیار و بەڵگەنەویست بووە .

هیگڵ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەندێشە و بۆچوونەکانی دەربارەی پێویستی مێژوویی ، بایەخێکی بەهاداری لەبواری فەلسەفەدا هەیە و

گەرچی تێکۆشاوە لە دیدو جیهان بینییەکی دیالەکتیکیانەوە بۆ کۆمەڵگا بڕوانێ ، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئەنجامێکی هەڵە گەیشتووە کە دەڵێ " .. خواستی خوداوەند فەرمان ڕەوا و بالادەستە بەسەر کۆمەڵگادا " ، " .. خوداوەند فەرمان ڕەوایە بەسەر جیهاندا و ناوەڕۆک و ماهیەتی ئەو فەرمان ڕەواییەش لەوەدایە ، کە تەواوی ئەندێشە و بیرکردنەوەمان بەستراوە بەوەوە و ئەو دەیهێنێتە دی و ، ئەوە خوڵقێنەری مێژووی مرۆڤایەتی " ، ئەمە چڕکردنەوەیەکی فەلسەفەی " هێگڵ " ، بۆ مێژوو .

کەم و کورتییەکی دیکەی کۆمەڵناسیی پێش مارکسیزم، لێکۆڵینەوەی ئایدیالیستیانەی کۆمەڵگایە . کۆمەڵناسیی پێش مارکسیزم ئەوە دەردەخات کەتەنها ( بیروڕا ) فەرمان ڕەوایە بەسەر جیهاندا . ئەم بیروڕا و باوەڕانەش بە بڕوای ئەوان تەنها کەسانی دکۆمەتند هێناویانەتە کایەوە ، وەک: پاشاکان ، فەرماندەکانی سوپا و لەشکرەکان ، زاناکان ... ئەوان بەم کارەیان دەگەنە ئەو خاڵە چەوتەی کە تەنها پیاوانی گەورە خوڵقێنەری ڕەوتی مێژوویین و ، ئیتر ڕۆڵ و دەوری زۆربەی زۆری جەماوەر لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا دەخەنە لاوە و لەبەر چاوی ناگرن .

کۆمەڵناسیی پێش مارکسیزم بە هەمان شێوە ، لە پیشاندان و دەرخستنی ڕووی ڕاستی و لۆجیکی ڕەوتی پەرەسەندنی مێژوویی دا دەستە پاچە بوون . ئەوان مێژوویان واپیشان دەدا ، کە بریتییە لە کۆمەڵێک ڕووداوی بێ سەرە و بەرەو پچڕ پچڕ و بەیەکەوە گرێ نەدراو . ئەوان لەژێر فشاری بیروباوەڕی ئایدیالیستیانەیاندا توانای ئەوەیان نەبوو ، کە یەکێتی و وابەستەیی و هاوسەنگی زیانی کۆمەڵایەتی و ، هێزە بزوێنەرە ڕاستەقینەکانیان و سەرچاوەی ماتەریالانەی ڕووداوە مێژوویییەکان دەرک پێ بکەن .

مارکس و ئەنگلز یەکەمین کەسانێکن لەم بوارەدا ، کە چییەتی و ناوەڕۆکی کۆمەڵگایان بە شێوەیەکی زانستیانە ناسی و شی کردەوە ، پەرەسەندن و ئاڵۆزی و تایبەتمەندی کێشەکانیان زانی و ، ڕووی ڕاستییان ئاشکرا کرد . ئەوان زۆر شارەزایانە مەتریالیزمی مێژووییان هێنایە ئارا ، واتە تیۆرێک کە لە باری چلۆنایەتییەوە تەواو نوێ بوو . ئەمەش بووە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕشێکی گەورە لە بواری تیۆرەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا .

مارکس و ئەنگلز ئایدیالیزمیان لە زانستی کۆمەڵگا بژار کرد و خستیانە لاوە ، مەسەلە بنچینەییەکانی فەلسەفەیان لەگەڵ کۆمەڵگای

مرۆڤایەتیدا تەباکرد . ئەوان بنەما بنچینەییەکانی مەتریالیزمی مێژووییان بەم شێوەیە دارشت :

## بوونی کۆمەڵایەتی
## دەستنیشانکەر و بەدیارخەری هوشیاری کۆمەڵایەتییە

بوونی کۆمەڵایەتی ، ژیانی مادییانەی کۆمەڵگا و ، لەسەر هەموویانەوە چالاکی جوڵانەوەی بەرهەم هێنان و پەیوەندییە ئابوورییەکانی مرۆڤ ـ لە پرۆسەی بەرهەمهێنان دا دەگرێتە خۆیەوە .

## هوشیاری کۆمەڵایەتی :

بریتییە لە ژیانی مەعنەوی " رۆحی " ، ئەندیشەکان و ، ئەو تیۆرییانەی کە دەبنە رۆنیشاندەر و رێنمایی کەری مرۆڤ .

مارکس و ئەنگلز بە پێشاندانی ئەوەی ( بوونی کۆمەڵایەتی ) دەکەوێتە پێش ( هوشیاری کۆمەڵایەتی ) بەوە ، ئەوەیان دەرخست کە مرۆڤەکان پێش ئەوەی بە کاری زانست ، هونەر ، فەلسەفە هەستن ، دەبێت عەودالی خۆراک ، بژێوی ، پۆشاک ، جێگای حەوانەوە بن ، پێویستە پێش گشت شتێکی دیکە ، پێویستییەکانی ژیانیان دابین و مسوگەر بکەن ، لە پێناو بەردەوامی ژیانیان دا . بێ گومان ئەمەش تەنها لە رێگای کارکردن و رەنجەوە دێتەدی و ، پێویستە هەستن بە بەرهەمهێنانی ئەوەی کە پێویستیانە .

لەم رووەوە دەگەینە ئەو بەرئەنجامەی کە بەرهەمهێنانی مادییانەی سەرەتایی بۆ بژێوی و گوزەران ، لە ئەنجامیشدا ئاستی پەرەسەندنیان بۆ ئاستێکی پێشکەوتووتر ، دەبێتە خوڵقێنەری بوارەکانی دیکەی وەک : دەوڵەت ، چەمکی یاسایی ، هونەری و تەنانەت تیۆرە ئایینیە مەزهەبییەکانیش دێتە کایەوە . کەواتە دەتوانین پێشکەوتن وهاتنەکایەی هەر یەکێک لەوانە ، ئەمجا چ سەرەتاکانی دەوڵەت ، وەیان چەمکە هونەر ، یاسایییەکان و ئەوانی دیکە ، بەوە کێشانەوە بەراورد بکەین ، کە ئاستی بەرهەمهێنانی مادی لە کوێدایە ، نەک بە پێچەوانەی ئەمەوە .

## ماتریالیزمی مێژوویی بریتییە لە چەمکی ماتریالیزمی راستەقینە و دروست لە مێژوودا

مارکس و ئەنگلز لە نێوان بۆتە و پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتیدا ، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی ئابوورییان بە خاڵی

سەرەکی لە پێرجا و گرت، بەم شێوەیەش گەیشتنە ئەو چەمکەی کە شێوەبەندی ئابوری - کۆمەڵایەتی، تێگەیشتنی تەواوی ماتریالیزمی مێژووییە .

شێوەبەندی ئابوری - کۆمەڵایەتی بریتییە لە کۆمەڵێك دیاردە و رێچکەی کۆمەڵایەتی "وابەستە بە ئابوری، ئایدیۆلۆجی، خێزان، جۆرو چونیەتی ژیان "، کە ئەمانیش بنیادنەرو دروستکەر و پێك هێنەری شێوەبەندی یەکی ئابوری - کۆمەڵایەتیین، بەرەو شێوە و فۆرماسیۆنێکی پێشکەوتوتر، لەهەمان کاتدا ئەمیش بۆ خۆی شۆرشێکە لە گشت بوارەکاندا، مێژووی مرۆڤایەتی، هەر لە کۆمۆنەی سەرەتاییەوە، ئاکویلایەتی، لەوێشەوە بۆ قۆناغی فیودالیزم و، دوای ئەویش سەرمایەداری و سەرئەنجام قۆناغی کۆمۆنیستی، بەڵگەی سەلماندنی ئەم چەمکەیە .

## ٢- بابەتی ماتریالیزمی مێژوویی :

بابەتی ماتریالیزمی مێژوویی بریتییە لە شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگاو یاساکانی و بوارن بەرەوسەندنی لەهەمان کاتدا، ئەم یاسایانەش بابەتین، واتە هەروەك یاساکانی سروشت سەربەخۆن لە هۆشی مرۆڤەوە و ئەم یاسایانە هەروەك یاساکانی دیکەی سروشت دەناسرێن و تەعامولیان لەگەڵدا دەکرێت، بە هۆی مرۆڤیشەوە لە رەوتی چالاکییەکانی ژیاندا بەکار دەبرێن .. لەگەڵ ئەوەشدا نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت، کە جیاوازیەکی سەرەکیش هەیە لە نێوان یاسا سروشتییەکان و یاساکانی ژیانی کومەلایەتیدا: یاسا سروشتییەکان دەنگدانەوەو بەر ئەنجامێکی پرۆسەی خۆبەخۆیییەکانی هێزە سروشتییەکانن، لە کاتێکدا یاساکانی نەشونما و پەرەسەندنی کۆمەلایەتی هەردەم بە هۆی مرۆڤەکانەوە دێنە سەر ژیان، کە ئەوانیش کۆمەڵێك هیوا و ئامانجیان لەبەردەمدایە وە بۆ گەیشتن بەو هیوا و ئامانجانەش تێ دەکوشن .

یاساکانی ژیانی کۆمەڵگا نەك تەنها بە هۆی ماتریالیزمی مێژووییەوە، بەڵکو بە هۆی زانستە کۆمەلایەتییەکانی تریشەوە، لێی دەکۆلرێتەوە، لەوانە: زانستی سیاسی، ئابوری، مێژوو، جوانی ناسی "ئستاتیکا"، پەروەردەو فێرکردن ... هتد. بەلام گشت ئەو زانستانەی کە ناومان هێنان، تەنها لە بەشێکی دیاری کراو لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵنەوە، بۆ نمونە: ئابوری سیاسی پەیوەندی و هۆکارەکانی بەرهەم هێنان و لەهەمان کاتدا پەیوەندیان



هەواڵنامەی کتێب

بە مرۆڤەوە شی دەکاتەوە ، مێژوو لە گەشەکردن و نوێ دانی کۆمەڵگا دەدوێت لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی نەتەوە جیاوازەکان دا ، جوانی ناسی تایبەتە بە بواری ئەدەب و هونەر .

ماتریالیزمی مێژوویی - بە پێچەوانەی گشت زانستەکانی دیکەوە- گشتی ترین یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەگرێتە خۆی ، هەروەها بەشێکی گرنگ و تەواوکەری جیهان بینی مارکسیسم - لینینزمە و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەو دیالەکتیکی لەبارەی دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەدات بەدەستەوە بێگومان ئەم زانستە هەڵدەستێت بە شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەمەسەلە گشتی و گرنگەکانی نەشو نمای رەوتی مێژوویی ، وەك پەیوەندی نێوان ژیانی کۆمەڵگا و هوشیاریش لەهەمان کات دا ، گرنگی و رۆڵی بەرهەم هێنان ماتریالی و ، پرنسیپە سەرەکییەکانی کۆمەڵ . ماتریالیزمی مێژوویی ئەو توانایەمان دەداتێ کە بزانین جەماوەر لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا چ دەورێکیان هەبووە؟ چینەکان و خەباتی و ململانێی چینایەتی چۆن سەریان هەڵداوە و کەی دەوڵەت هاتۆتە ئاراوە؟ هەروەها بۆچی و چۆن شۆرشەکان روودەدەن و دێنەکایەوە ، گرنگی و رۆڵیان بۆ کاروانی مێژوو چیە ؟ تەوە جگە لە کۆمەڵێك مەسەلەی گرنگی دیکە .

قەڵەمڕەوی گشتی پرۆسێسی ئەو یاسانەی کە ماتریالیزمی مێژوویی خۆی تێدا دەبینێتەوە ، یەکسان و وەك یەك نیە . برێك لەو یاسایانە لە تەواوی نەشو نمای قۆناغە کۆمەڵایەتیەکان فەرمان رەوان ، هەندێکی دیکەیان لە قۆناغێکی تایبەت دا . لە جۆری یاسای یەکەمیان ، نەخش و دیاریکەرێك کە هەبێت بوونی خودی کۆمەڵگایە و شان بەشانی ئەوەش هوشیاری و رۆڵی لەبواری بەرهەمهێنان دا ، ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری و دەوری هەیە لە کاملبون و گەشەکردنی کۆمەڵایەتی دا . بەلام لە جۆری یاسای دووەم دا،دەتوانین نێوی یاسای خەباتی چینایەتی بهێنین . ئەمیش بێگومان تەنها لە جۆرە کۆمەڵگایەك دا دەبینرێ ، کە چینە دژ بەیەکەکانی تیابێت، هەروەك پرۆلیتاریا و بۆرجوازی لە رژێمی سەرمایەداری دا .

هەروەها ماتریالیزمی مێژوویی برێکی زۆر بێژە ( مقولة ) وچەمکی دیکەی هێناوەتە کایەوە ، کە ئەمانیش خۆیان لە خۆیاندا گشتی ترین و بنچینەیی ترین لایەنەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەردەخەن . لە گرنگترین ئەو بێژانەش - "بونی کۆمەڵگا" ، "هوشیاری کۆمەڵایەتی" ، "شێوەکانی بەرهەمهێنان" ، "ژێرخان و سەرخان" ، تەنها کرۆکی ئەم چەمکانەیە ، کە رووکار و ناوەڕۆکێکی تەبا و هاوکێش دەربارەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەدات بەدەستەوە .

هەواڵنامەی کتێب

ماتریالیزمی مێژوویی ئەنجامی بڕۆبێسی گشتی ئەزموونەکانی جەماوەرە لە سەرانسەری مێژوودا و ، ئەنجامەکەشی ئەو دەستکەوتانەیە کە بەشێکی گرنگی زانستە کومەڵایەتیەکانە. بەبێ ماتریالیزمی مێژوویی ، بەبێ ناسینی یاسا گشتیەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لەلایەکی دیکەوە ، هیچ بەشێکی دیکە لە بەشەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان ناتوانێ بە جۆرێکی شیاو نەشو و نما بکات . ماتریالیزمی مێژوویی پایە و بنچینە "مێتۆدۆلۆجییەک" ی ، تەواوی زانستە کۆمەڵایەتییەکانە . مێژوونووسان و زانایانی ئابووری و گشت زاناکانی دیکە بە کۆمەکی ئەم زانستە فراوانە دەتوانن و ئەوەیان بۆ دەکرێت، کە ڕێگای ڕاستی خۆیان لە ئاستانەی دیاردە ئاڵۆز و دژوارەکانی کۆمەڵگادا بدۆزنەوە و دووربکەونەوە لە سەر لێشێوانی فکری و بیروباوەڕە پووچ و ئایدیالیستییەکانە. هەروەها دەتوانن شوێن و جێگا و گرنگی هەر دیاردەیەك دیاری بکەن لە ژیانی کۆمەڵگادا . مێژوونووسێك بەزانینی مەسەلە بنچینەییەکانی ماتریالیزمی مێژوویی، دەتوانێ دەربارەی ڕۆڵی تەواوەتی مرۆڤەکان لەپەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا قسەبکات و ، تایبەت مەندی واقعیاتەی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو ئاشکرا بکات . هەروەها مێژوونووسێك بە زانینی ئەوەی کە ژیانی مەعنەوی کۆمەڵگا وابەستەیە بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنانی نێوان مرۆڤ ، دەتوانێت دروست بوون و بنچینەی تیۆری و تێڕوانینە جۆراوجۆرەکان بە تۆکمەیی هەڵسەنگێنێت و ڕۆڵیشیان لە مێژوودا بدۆزێتەوە . کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ماتریالیزمی مێژوویی بۆ گشت زانستە کۆمەڵایەتییەکان گرنگییەکی تەواو گەورە و بەرجەستەی هەیە .

فێربوونی یاساکانی ماتریالیزمی مێژوویی ئەوتوانایەمان دەداتێ ، کە نەك تەنها دیاردە ئاڵۆزو دژوارەکانی کۆمەڵگا دەرك بکەین ، بەڵکو ئەو هێزەشمان دەداتێ ،کە بتوانین لەژیانی کۆمەڵگادا گۆڕانکاری نوێ دروست بکەین و ڕوویەکی وای بدەینێ کە لە بەرژەوەندی جەماوەری ڕەنجدەردا وەرچەرخێ . گۆڕانکاری لە بینای یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا مانای بەکارهێنانێکی نوێ تربەتی لە پەرەسەندنێکی پێشرەوتردا ، هەردەم لە ڕەوتی ئەم پەرەسەندنەشدا مرۆڤ دەگاتە ئازادی و سەربەستییەکی ڕاستەقینە . ئێستا با بزانین مەتریالیزمی مێژوویی چۆن لە "پێویستی" و "ئازادی" تێ دەگات.

## ٣ـ پێداویستی مێژوویی و ئازادی مرۆڤ :

پێداویستی یان حەتمیەتی مێژوویی لە دەروون و ناوەڕۆکی دیاردە

هەواڵنامەی کتێب

کۆمەلایەتییەکان جیا نابێتەوە و لەویشەوە سەرچاوەدەگرێت. بۆیە ستێکی پەیدا ویستییەوە و جێی گومان و دوودلّی نییە ، بۆ نموونە : بەرهەم هێنانی مەتربانی وەك پەیدا ویستییەك ، دیاری کەر و دەستنیشانکەری بوارەکانی دیکەی ژیانی کۆمەلّگایە . لە هەمان کاتدا نۆرنەکان و گۆڕان لە توانا و فۆرماسیۆنێکی دیاریکراوەوە بۆ یەکێکی پێشکەوتووتر پەیدا ویستییەکی لۆجیکییە ، لەسەردەمی ئێستاماندا سیستەمی کۆمۆنیستی بە شێوەیەکی گومان لێنەکراو ، جێگا بە سەرمایەداری لێژ دەکات و دەبێتە هۆی گۆڕکردنی .

کۆمەلّناسە کۆنەپەرستە بۆرژواکان و رابەرانی ئایدیۆلۆجیا نازانستییەکان ، حەتمیەتی مێژوویی دەرك ناکەن . ئەوان وا بلاودەکەنەوە ، کە گوایە تەواوی رەوتەکانی مێژوو لە ژێر رکێفی هێزەکانی ئەودیوی سروشتدایە؛ " میتافیزیکا " ، کەواتە هەر ئەمیشە دیاریکەری چالاکیەکانەوە ئادەمیزادیش وەك یارییەکە لەدەست ئەم هێزانەدا . لە یەکێك لە کتێبەکانی ئەم بەرمیەدا ، کە نێوی " تەورات " ە ئەمەمان دێتە بێرچاو : بەبێ دەسەلاّت و ئیرادەی هێزە میتافیزیکییەکان " هەتا نالّە موویەکیش لە سەری مرۆڤ ناکەوێتە خوارەوە " .

برێکی دیکە لە کۆمەلّناسانی بۆرجوازی ، چییەتی " ماهیەتی " بەرەسەندنی کۆمەلاّیەتیجەوت پیشان دەدەن و ، حەتمیەتی مێژوویی رەت دەکەنەوەو ، بەرگری یەکی تەواو لە ئیرمان رەوایی و سەربەستی رەهایی مرۆڤ دەکەن لەبواری چالاکیە کۆمەلاّیەتییەکاندا . بە بڕوای ئەم گروپە هیچ شتێك دەستنیشانکەر و دیاریکەری پرۆسیس و رەفتاری ئادەمیزاد نییە ، ئەو پرۆسیانەش بۆ خۆی پەیوەندی بە هیچ فاکتەرێکەوە نییە ، ئیرادەو ویستی ئادەمیزاد خۆی نەبێت . ئەوان گوایە و بەقسەی خۆیان مارکسیسم و مارکسییەکان بەوە تاوانبار دەکەن ، کە باوەری تەواوبەتییان بە پەیدا ویستی حەتمی مێژوویی هەیەو ، پەیدا ویستییە گرنگەکانی سەردەم و کۆمەلّگا رەچاو دەکەن . هەروەها ئەوەش دەلّێن کە ئادەمیزاد لە بەرامبەر یاساکانی بەرەسەندنی کۆمەلاّیەتیدا لاواز و دەستەپاچەیە .

ئایدیۆلوجیستە بۆرژواکان ، لە ژێر کاریگەرێتیی بۆچوونی جینایەتییە تەسکەکانیانەوە ، زۆر سەرسەختانە واقعیەتی حالّ و ئەو پەیدا ویستیە مێژووییانە رەت دەکەنەوە کە زامنکەری چالاکی هوشیارانەی ئادەمیزادەکانن ، وا بۆ دەچن کە مارکسیەکان بێ توانا و دەستەپاچەن لە بەرامبەر ئەوەدا کە یاسای نوێتر بۆ بەرەسەندنی کۆمەلاّیەتی بهێنێتە گۆڕێوە . بەلاّم ئەمە بێچەوانەی واقیعە

چونکە مارکسیزم ـ لینینیزم تەنها فەلسەفەیەکە ، کە توانای تەواوی ئەوەی هەبێ بەشێوەیەکی تۆکمە لە یاسا بابەتییەکان بگات و بە بارێکی گونجاویش بەکاری بهێنێت لە ڕەوتی مێژوویی کۆمەڵگادا . ئەزموون و تاقیکردنەوە زۆر و زەبەندەکانی لقەکانی زانست ئەوەیان سەلماندووە ، کە ئادەمیزاد دەتوانێت یاساکانی سروشت بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ، هەمان مەسەلەش ئەمڕۆ لە گشت بوارەکانی تەکنۆلۆجیادا و لەسەرتاسەری جیهاندا بەدی دەکرێ . هەر لەم حاڵەشەوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئازادی مانای ناسینی : ناسینێکی فراوانتر ، یاسا بابەتییەکان و بەکارهێنانیانە لە خزمەتی بەرژەوەندی و ئامانجە پیرۆزەکانی مرۆڤایەتی دا .

ئازادیش ئەو بەمانە فراوانەیە کە پێداویستیی بابەتی ڕەت ناکەنەوە ، واتە ئازادی مانای ئەوەیە ، مرۆڤ پێداویستییەکان بە شێوەیەکی گونجاو دەرک پێ بکات و بەکاری بهێنێت لە پێناوی هەواو ئامانجە ڕەواکانی خۆیدا . چالاکییەکانی مرۆڤ لە حاڵەتێکدا ئازادانەیە ، کە هاوجووت و هاوکێش بێت لەگەڵ پێداویستییە بابەتییەکانی کۆمەڵگادا . هەروەها ئازادی مرۆڤ مانای سەربەستی و سەربەخۆیی خەیاڵی ئەو نییە بەرامبەر بە کێشە و یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ، بەڵکو بریتییە لە ناسینی ئەو یاسایانە و توانای مرۆڤ بۆ سوود وەرگرتن لێیان و بەکارهێنانیان لە بەرژەوەندی زۆربەی زۆری جەماوەردا .

بێ گومان ئازادیش بەرهەمی پەرەسەندنێکی مێژوویی درێژخایانە . مرۆڤ بەهۆی پێشکەوتنی زانستەکانەوە کۆنترۆڵی سروشتی کردووە و خستوویەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێداویستییە بابەتییەکانی سروشتیان کردۆتە باشکۆی خۆیان ، بەڵام لێرەدا نابێت ئەوەش لەیاد بکەین کە کۆنترۆڵی ئەو بەسەر سروشتدا ، مانای ئەوە نییە ئەم فەرمان ڕەواییەی ئەو ، تەواوی لایەنەکانی دڵنیا کردووە ، چونکە پێداویستی مێژوویی و یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی پێش سەرهەڵدانی سۆسیالیزمی زانستی ئەو توانا و زانینە تەواوەیان نەداوە بە مرۆڤەکان هەتا بەچاکی ئەم لایەنە دەرک پێ بکەن ، بۆ نموونە یاسای ئەنارشیستیانەی بەرهەم هێنان و بوونی سانسۆر لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دا ، مرۆڤی کردووە بە یاری و ئامێرێکی ئاسانەی ڕووداوەکان و ، ئەو دەرفەتە تەواوەی نەداوەتێ کە لە ڕەوتی ژیاندا چالاکی گونجاوی خۆی بەپێی نەخشەیەکی شیاو ئەنجام بدات .

هەواڵنامەی کتێب

تەنها سۆسیالیزم یارمەتی مرۆڤ دەدات بەسەر پێداویستی مێژوویی‌دا سەرکەوێ و بەسەریدا زاڵ بێت و ئازادی خۆی زامن بکات. شۆڕشی سۆسیالیستی خاوەندارێتی کۆمەڵایەتی دێنێتە گۆڕێ وە ململانێی چینایەتی لەبەین دەبات، چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە گۆڕدەکات. بێگومان لە ئەنجامی ئەو هەنگاوانە مرۆڤەکان دەتوانن ژیانێکی هوشیارانە بگوزەرێنن، لە هەمان کاتدا بە سەرکەوتن و هاتنەکایەی سۆسیالیزم، کۆمەڵگا قۆناغێکی پڕ کوێرەوەری و چەوساندنەوە جێ دەهێڵێت و دەچێتە قۆناغی ئازادی و سەرفەرازییەوە. ئەوەی شایانی باسە بە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و هەنگاونانی بەرەو کۆمۆنیزم، ئازادی مرۆڤ فراوانتر و جۆراوجۆرتر دەبێت و شێوازی نوێتر بە خۆیەوە دەگرێت، لە هەمان کاتیشدا تێراتا و دەسەڵاتی لە ڕەوتە کۆمەڵایەتییەکاندا زیاد دەکات؛ کەواتە "مرۆڤ ئیتر دەبێت چۆن و بەچ شێوەیەك...؟! هیوا و ئاواتە خۆییەکانی گرێ بداتەوە بە هیوا و ئاواتە گەورە و پیرۆزە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

مەرجی سەرەکی و حەتمی بۆ بەرقەرار بوون و تەشەنەکردنی ئازادی و سەربەستی ڕاستەقینە لەنێو کۆمەڵگادا، چالاکی هوشیارانەی مرۆڤەکانە لە قەڵەمڕەو و سنووری بەرهەمهێنان و کاروباری سیاسیدا. بێگومان چالاکییەکیش کە سەرچاوەکەی و پشت بەستن و خاڵی تەوەری لە ناسین و بەکارهێنانێکی شایستەی تیۆری مارکسیزم لینینیزمەوە هاتبێت.

تیۆری مارکسیزم - لینینیزم دەربارەی پێداویستی و ئازادی لە وڵاتە سۆسیالیستیەکاندا، بەشێوەیەکی فراوان بەکارهێنراوە و لەم جۆرە وڵاتانەدا ئازادی تەواوەتی بەرقەرارە. بێگومان ئەمەش بەرهەم و ئەنجامی سەرکەوتنی شۆڕشی سۆسیالیستی و هەوڵ و قوربانیدانی ئارەمانانەی جەماوەرە. جەماوەری وڵاتە سۆسیالیستیەکان بەوەی کە بوونەتە خاوەنی ڕاستەقینە و شەرعیی وڵاتەکانی خۆیان و شارەزا بوون لە پێداویستییە مێژووییەکان، بڕوا و هەلێکی فراوان و بێ سنوریان لەبەردەمدایە بۆ بنیادنانی هوشیارانەی مێژوویی خۆیان.

ئازادی لەسایەی سیستەمی سۆسیالیستیدا پرۆسەی پێداویستییە مێژوویی و یاسا بابەتییەکان ڕەت ناکاتەوە؛ لە سۆسیالیزمیشدا پێداویستیی حەتمی کۆڵەکەی کۆشش و هەوڵی سەربەستانەی مرۆڤە، واتە لەمیشدا یاسا بابەتییەکان فەرمانڕەوان، بەڵام مەودای ئەم فەرمانڕەواییە بە شێوەیەکی هوشیارانە و بەهۆی مرۆڤەکانەوە خۆیانەوە بەکاردەبرێن.

مەتریالیزمی مێژوویی ، یان بەواتایەکی دیکە تیۆری زانستیانەی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی ، لەرێگای نیشاندانی رێگای راستەقینەی جەماوەر بەرەو داهاتویەکی خۆش گوزەرانترەوە ، مەترسی خستۆتە دڵی بۆرجوازیەت و کۆنەپەرستانەوە . لێرەدا لەبەر ئەوەی بۆرجوازیەت لەتوانای دا نییە رێ لەشەپۆلی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بەرەو قۆناغی کۆمۆنیزم بگرێ ، بۆیە زیاتر بەدوای بەهانەدا دەگەڕێ بۆ دروستکردنی کۆسپ لەبەردەمی مەتریالیزمی مێژوویی دا و هەوڵ دەدات لەو رێگەیەوە هەبوون و مانەوەی خۆی درێژە پێ بدات . بۆ ئەم مەبەستەش دەیەوێت پشت بە زاراوە وچەمکە بەتاو نوێکان ببەستێت بۆ چەسپاندنی بیروباوەڕ و پرنسیپەکانی خۆی ، لەوانە : " ئابوری نوێ " ، " ئایدیۆلۆجیای سەربەخۆ " .

ئەوەی شایانی باسە کۆمەڵێکی زۆر رێچکە و قوتابخانە هەن ، کە شارەگی بۆچوونەکانیان ئایدیالستیانەیە ، لەوانە :

* رەت دانەوەی یاسا بابەتیەکانی کاملبوونی کۆمەڵگا : ئاشکراترین تایبەت مەندی کۆمەڵناسی نوێی بۆرجوازی ، رەت دانەوە و بەدرۆخستنەوەی یاسا بابەتیەکانی گەشەکردن و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیە . بێگرمان ئەو بۆچوونانەش خۆیان لەشێوە وفۆرمی جۆرا وجۆردا دەردەخەن ، وەك :

* قوتابخانەی دەرون ناسی " سایکۆلۆجیا " :

بەپێی تێڕوانینی ئەم قوتابخانەیە ، هۆکارەکانی دەرون بە پایە و فاکتەری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دەژمێردرێت . چەمکەکانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە ئارەزووەکان ، غریزە ... هتد . بە بڕوای لایەنگیرانی ئەم قوتابخانەیە ، بێ سەروبەرەیی و ئازار و چەوساندنەوەی مرۆڤ لە سیستەمی سەرمایەداری دا لە یاسا بابەتییەکانی سەرمایەداری و ئەنجامی خاوەنداریتی تایبەتی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە نییە ، بەڵکو بیماری و دەردەکە لەکەم وکوڕی شێوازی بیرکردنەوەی چینی کرێکارانەوەیە . هەروەها پێ لەبەر ئەوە دادەگرن کە بە چارەسەرکردنی شێوەی بیرکردنەوەی کرێکاران دەکرێ بیماریە گەورەکانی کۆمەڵگا چارەسەربکرێت و ، ئیتر بە هیچ شێوەیەك پێویست بە گۆڕینی رژێمی سەرمایەداری ناکات .

* میکرۆسۆسیۆلۆجی " وردە کۆمەڵ ناسی " ( کۆمەڵناسە ئەزمون باوەڕەکانیشیان پێ دەڵێن ) :

ئەمانەش یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی رەت دەکەنەوە . میکرۆسۆسیۆلۆجیەکان ئەم رەتکردنەوەیەیان بەشێوەیەکی زۆر ئاشکرا نییە ، بەلام لە نێو ئاستانەی دیاردە جەنجاڵ و ئالۆزەکانی ژیانی کۆمەڵگادا ، تەنها شتە گچکەکانی واقعیەتی سەرمایەداری لەبەرچاو دەگرن و ، لە

لێکۆڵینەوەکانیان دا خۆیان لەوە لادەدەن یاسا بابەتی و گشتییەکانی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگرن. ئەم کارە خۆی لەخۆی دا مانای بەرپەرچ دانەوەی زانستە و بەناسانی چارەسەکردنی مەسەلە گرنگەکانی سەردەمە، ڕوو وەرگێڕانە لە ناسینی یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی، تەنیا دەوێکە لەپێناو درێژەپێدانی بیروباوەڕە میتافیزیکییەکان دا. زۆر لە کۆمەڵناسە بۆرژواکان باوەڕی تەواویان بەوە هەیە، کە ڕووداو و ڕەوتە مێژووییەکان بەستراونەتەوە بە هێزی ئەودیو سروشتەوە. ( ئەرنولد توین ـ بی ) مێژوونوسی ئینگلیزی بڕوای وایە کە: ئامانجی مێژوو بەرقەرارکردنی فەرمانڕەوایی هێزەکانی ئەو دیو سروشتە، مێژووش بریتی یە لە "سروشتی ئیرادە و توانای ئەو"، واتە ئەودیو سروشت.

بەم شێوەیە ئایدیۆلۆگەکانی سەرمایەداری بە ڕەتدانەوەی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی، ڕەوت و ڕێڕەوی ڕاستەقینەی مێژوو جەواشە دەکەن، هەروەها سەرمایەداری شکۆدار دەکەن و ڕەنگ و بۆیاخی دیکەی لێ دەدەن و، تێدەکۆشن ڕێڕەو و چالاکییەکانی کۆنەپەرستی گەشەپێبدەن.

ناوەڕۆکی نازانستیانەی کۆمەڵناسی نوێی بۆرجوازی لەوەدایە، کە بە شێوەیەکی زۆر زەق و سەرسەختانە ئینکاری کاملبوونی واقیعیانەی مێژوویی کۆمەڵگا دەکات، بێگومان ئەویش بەهۆی کۆمەڵێك هۆکاری تایبەت بە خۆیەوە. ئەڵبەت دەبێت دەست نیشانی ئەوەش بکەین کە لە زەمینەی ڕووداوەکان دا، تیورییەکانی سەر بە کۆمەڵناسی بۆرجوازی، دەربارەی ڕەوتەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی مێژوویی، گۆڕانکاری گرنگی هێناوەتە کایەوە و لە ئەنجامی ئەوەش دا سیستەمی فیودالیزم گۆڕکرا.

سەردەمانێك کە سەرمایەداری لە قۆناغی گەشەکردن دا دەبێ، ڕوناکبیرە بۆرژواکان لەبارەی چەمکی پێشکەوتنخوازی و شتی وەها، هات وهاواریان دەبێ. ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەندێشەی پێشکەوتن و نوێخوازی لەلای بۆرجوازی چەکێك بوو بۆ گۆڕکردن و زاڵ بوون بەسەر سیستەمی کۆنی زەمینداری دا و، بەرقەرارکردنی سیستەمی سەرمایەداری. بەڵام کاتێك دێ و سەرمایەداری دەسەڵات دەگرێتە دەست، ئیتر "پێشکەوتن" بەپێی تێڕوانینی ئەوان بەشێوەیەکی یەك لایەنە دەبێت"، لێرەش دا ئایدیۆلۆگەکانی ئەم ڕژێمە دەکەونە چاك کردن و بتەوکردنی ڕژێمەکە: ڕژێمی سەرمایەداری، و دەرخستنی بەو شێوەیەی فاکتەری زەمینەیی ئازادی و یەکسانی و زامن کەری هیوا و ئامانجە بەرزەکانی مرۆڤایەتیە.

کۆمەڵناسی بۆرجوازی لەدەڵاقەی ئەو تێڕوانینەی سەرەوە ئەوە

هەواڵنامەی کتێب

دەرئەمات کە سەرجەم هیوا و ئاواتە کۆمەڵایەتییەکان و لایەنەکانی دیکە پێشکەوتووە و بوارەکانی ژیان پەرەی سەندووە و ئیتر ڕێگا و مەبەستێك بۆ پێشکەوتن لەبەردەم دا نییە . ئەمەش ئەنجامی هەبوونی ترسێکە لە دڵیان دا ، ترسی داهاتوو ئایندەیەك کە ئابووت بوونی بۆرجوازیەتی تیا ڕەچاودەکرێت ، هەروەها ئەنجامی ترسانە لە جیهان بینی نوێی کۆمۆنیستی .

کۆمەڵناسی نوێی بۆرجوازی چەمکی " گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی " لە بەرامبەر زاراوەی " پەرەسەندن " و " پێشکەوتن " و " فراوان بوون " و هەندێکی دیکە دادەنێت . ئەمەش ناتەواوە و گۆڕانی بنەڕەتی قۆناغی کۆمەڵگایە و زۆر لەو چەمکە سەرەتاییانە جیاوازە کە ڕۆژ لەژیانی کۆمەڵگادا ڕوودەدەن و هیچ کارتێکردنێکی بنچینەییان لە ڕەوتی مێژوویی دا نییە . ئەوانە دەیانەوێ بەم کارەیان شارەزایی مرۆڤ لە گۆڕانکارییە بنەڕەتییەکان لابدەن ، کە شۆڕشێکی هەمەلایەنی و فراوان لە کۆمەڵگادا دروست دەکەن . ئەم ڕەوت دانەوە و ئینکاریەی ئەوانیش لە تیۆری تاکڕەوی ئەوان دا دەبینرێ ، لەوانە : " جوڵانەوەی بازنەیی کۆمەڵگا " ، " تووچ دان " ، " گەڕانەوەی پێچەوانەیی " کە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی فراوانتر و زیاتر لەوڵاتی سەرمایەداری دا بەیت وبڵاوکردنەوەیان بۆ دەکرێت .

لە ساڵەکانی ۱۹۲۰ تیۆری " بازنەیی " ، بەهۆی ئایدیۆلۆجیای ئیمپریالیزمی ئەڵمانی یەوە و لە لایەن ( ئەسوالد ئەشپنگلەر ) دوە بڵاوبووەوە . ئەو ئایدیۆلۆگە لە کتێبەکەی خۆیدا بەناونیشانی " لەناو چوونی ڕۆژئاوا " هەوڵی ئەوەی داوە ئەوە بسەلمێنێ کە کۆمەڵگا ناتوانێت بەهیچ جۆرێك لەو " بازنە بەتاڵە " ڕزگاری بێت ، کە لەسێ قۆناغی گرنگ : " پەیدابوون یان دەرکەوتن " ، " بەرزبوون " ، " ئەمان " پێکهاتووە و بەشێوەیەکی گومان لێکراو دووبارە دەبنەوە . بە بڕوای ( ئەشپنگلەر ) سەرمایەداری ئەوپەڕی و لوتکەی شارستانییەت و فەرهەنگە ، بە لەناوچوون و بوکانەوەی ئەم قۆناغە ، مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە قۆناغی کێویەتی و دواکەوتن . بۆیە خەبات دژی سەرمایەداری تەواو بێهوودەیە ." ئایا بۆچی ئێمە باشترین بە خراپترین بگۆڕینەوە " ؟ کەواتە شۆڕشی پرۆلیتاری و سۆسیالیزم پێویست و مەبەست نییە و هێنانەسەرکاری ئەو سیستەمەش : سۆسیالیزم ، ستەمە . واتە کۆمەڵگا ناتوانێت بێ بنێتە قۆناغێکی نوێترەوە .

هەروەها تیۆری کۆنەپەرستانەی " جوڵانەوەی بازنەیی مێژوو " ی ( ئەرنۆلد تۆین ـ بی ) بۆ ئینکاری ئەزموونەی زانستیانە دەکات وناوی ناوە " ئەندێشە و خەیاڵێ بێ هوودەیی ترۆتی " . تۆین ـ بی دەیەوێ



هەواڵنامەی کتێب

لە ڕێگەی هێزەکانی یەوە بۆ سەر سۆسیالیزم ، ئەوە نیشان بدات کە هەرکێشەر و هەوڵدانێك بۆ گۆڕکردنی سەرمایەداری ، ئەنجامەکەی ئەناوچوون و نەمانە و ، کاریگەری دەبێت لەسەر هەرسهێنانی نارستانیەت ؛ بێگومان مەبەستیش لەوە ئەوەیە کە نەمری و حەتمیەتی ڕژێمی سەرمایەداری بسەلمێنێت ٠

## مێژوو کۆمەڵناسی بۆرجوازی تاوانبار دەکات :

هەروەك پێشتر دەستنیشان کرا ئایدیۆلۆگە بۆرژواکان ڕەوت و ئەپۆلی کاملبوونی مێژووی کۆمەڵگا بە بارێکی نەگونجاو لێك ئەدەنەوە ؛ ئەوان خۆشیان ئاگاداری ئەو یاسا کۆمەڵایەتی یە گشتیانەن کە بەپێی هەل ومەرجی بابەتی یانە گەشە دەکەن و لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی تر دەنگاو هەڵدەگرن ٠ لەگەڵ ئەوەشدا هات و هاواری ئەوەیانە کە هەرەس‌هێنان و پوکانەوەی سەرمایەداری گرێ بدەنەوە بە هەرەس‌هێنانی مرۆڤایەتی و جیهانەکانی دیکەوە ٠ بەلام واقیع ئەمانە بەدرۆ دەخاتەوە ؛ چونکە مرۆڤایەتی بەردەوامی بەبوون و پێشکەوتنی خۆی دەدات و بەپێی یاسا گشتی و بابەتی یەکان و بەجۆرێکی حەتمی ئەگاتە ئەوبەری درەوشانەوە : کۆمۆنیزم ٠

هەروەها کۆمەڵناسانی بۆرجوازی بەو شێوەی ماسەڵەکردنەیان ؛ ئامانج و مەبەستێکی دیاریان هەیە ٠ ئەوان دەیانەوێ بەربەستێك لەبەردەمی هەرەس‌هێنانی ڕژێمەکەی خۆیاندا دروست بکەن ، بۆ ئەوەی سەرمایەداری بەرقەرار بکەن و مارکسیزم - لێنینیزمیش : تاقە دەستور و زانستی نوێی کۆمەڵگا ، بدەنە دواوە ٠

لەو ڕاستی یانەی لەلای سەرەوە باسکران ، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەمباری سەرمایەداری سەرلێێوانە لە فریو و مەسەلەی جیاجیا بۆ بەردەوامی خۆیان و ، شاردنەوەی ڕووی ڕاستی بە دەمامکی زاراوەی جۆراوجۆری وەك : " سەرمایەداری گەلی " ، " خۆش گوزەرانی لە دەوڵەتدا بۆ هەمووان " ؛ هەر لەم زەمینەیەشدا دەتوانین نوێترین تیۆرێك کە ئەویش " یەکێتی پیشەسازی دەوڵەتی " یە ، بە نمونە بهێنینەوە ٠ بە پێی ئەم تیۆرە سەرمایەداری و سۆسیالیزم لە یەك ئاستدان ؛ واتە ولاتە سەرمایەداریە پێشکەوتووەکان و ولاتە سۆسیالیستی یەکان ، خاوەنی برێکی زۆرن لە پیشەسازی و تەکنۆلۆجیا و زانستی هەمەچەشن ٠ کەواتە دەتوانن لە ئاستێکی زۆر بەرزدا بەکارهێنان و پێداویستی یەکان مسۆگەر بکەن ٠

سەرجەم تیۆر دانەرە بۆرژواکان لەو ڕاستی یە لادەدەن کە: بنەمای

سەرمایەداری لەسەر خاوەنداریێتی تایبەتی دامەزراوە و زۆرترین بەشی جەماوەر لەژێر باری گرانی چەوساندنەوەدان ، بەلام سۆسیالیزم لەسەر خاوەنداریێتی کۆمەلایەتی دامەزراوە و هیچ جۆرە چەوساندنەوەیەکی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوەی تێدا بەدی ناکری".

سەرەرای ئەوانەش مێژوو خۆی بەلگە نەویستە و سەرتاپای راستی گەورەی مارکسیزم - لێنینیزم دەسەلمێنێت . زانست و ئەزمونە زۆر و زەبەندە کۆمەلایەتیەکان لە تەواوی رەوتی مێژوویی دا ئەوەیان سەلماندووە ، کە گەشەکردن و کاملبونی کۆمەلگا خۆی لە خۆی دا شەپۆلێکی بەرەسەندنی یەك لەدوا یەك و بەرەو پێشەوە چوونە وبەپێی ئەو یاسا بابەتیانە روودەدات کە بێ ویست و ئیرادەی ئادەمیزاد دەچێتە رێوە . مێژووی کۆمەلگاش بریتی یە لە زنجیرەیەکی بێ پایانی گەشەکردن و کاملبون ، گۆرانکاری و شۆرشە لە قۆناغ و فۆرماسیۆنێکی سادە و سەرەتایی یەوە بەرەو قۆناغ و فۆرماسیۆنێکی بەرزتروئالۆزتر .

گەشەکردن و پەرەسەندنی کۆمەلایەتی گرێدراوە بە پەرەسەندنی بەردەوامی بەرهەمهێنانی مەتریالی یەوە ؛ بەرهەم هێنان هەر لە سادەترین ئامێری وەك دار و بەردەوە کەمرۆڤی سەرەتایی بەکاری هێنا وەو لە پێناو مانەوەی خۆی و لەزۆرانبازی و ململانێ دژی هێزە سروشتیەکان سوودی لێ وەرگرتووە ، هەتاکو نوێترین ماشێن و ئامێری ئۆتۆماتیکی و ئەو ئامێرانەی بەهۆی کارەبا و ئەتۆمەوە کاردەکەن ، هەمیشە لەگۆران و بەردەوامی دان . ئەمانە هاوکات لەگەل پێشکەوتنی بەرهەم هێنانی سەرجەم لقەکانی دیکەی ژیانی کۆمەلگادا گەشە دەکەن و پێ دەنێنە قۆناغێکی نوێترەوە .

## سەرچاوەکان

ئەم بابەتە لەم سەرچاوەیەی خوارەوە وەرگیراوە و کراوەتە کوردی :
علم تکامل جامعه / ترجمه و تلخیص - حسن اصفهانی ، تهران - نشر بین الملل / ١٣٥٨ - ص ٧-٢٠ .

**مێژوو**

# مێژووی جولانەوەی کریکاری

**٣**

**کۆمەلێك زانا**

## گرنگی مێژوویی چالاکیەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم و شارەزایی کۆمۆنەی پاریس

### دامەزراندنی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم

### یەکەمین ڕێکخراوی جیهانیی جەماوەری پرۆلیتاریا

سەرهەلدانی کۆمەلەی کرێکارانی جیهانی : ئینتەرناسیونالیزمی یەکەم ، گرنگترین ڕوداو بوو لەمێژوویی جولانەوەی کرێکاری شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم دا . لێرەش دا سەرچەمی گەشەکردنی جولانەوەی کرێکاری جیهانی و چالاکی مارکس و ئەنگلز لەپەروەردەکردنی سیاسی پرۆلیتاریا و ڕێکخستنی ڕیزەکانی دا ، زەمینە خۆشکەری ئەو سەرهەلدانە بوو.

لەدوای شۆڕشە بۆرجوازیە دیموکراتیەکانی ١٨٤٨ – ١٨٤٩ ، جولانەوەی کرێکاری جیهانی پێی نابوە قۆناغێکی مێژوویی نوێوە . ئەو قوناغەش بەوە ناسراوە کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەخێرایی گەشەی ئەکرد . چونکە بەرهەمی جیهانی زۆربەی جۆرەکانی بەرهەمە پیشەسازیەکان لەماوەی ٢٠ سالی دوای ١٨٥٠دا ، بەرێژەی ١٠٠ – ٢٠٠ ٪ زیادی کردبوو ، پەیوەندیە ئابوریەکانی جیهان بەپەلە گەشەیان ئەکرد ، پرۆسەی سەرهەلدانی بازاری جیهانی بەرەو کامل بوون ئەچوو ، سەرمایەداریش بە

قوڵترین شێوە ڕەگی خۆی شۆڕکردبووەوە بۆنا و گشت بوارەکانی ئابووری لەوانە کشتوکاڵ ، وە بۆرجوازیەت ببووە بەهێزترین چین لەناو چینە چەوسێنەرەکاندا و دەسەڵاتی سیاسی خۆی پتەو کردبوو و بە یەکجاری پاڵی بە ئەریستوکراتیەتی دەرەبەگایەتیەوە نابوو بۆ دواوە : پلەی دووەم . سەرمایەداری بەخێراییەکی لەڕادە بەدەر گەشەی کردبوو ، بە تایبەتی لە ئینگلستان ، بۆرجوازیەتیش بەشێوەیەکی هەستپێکراو چەپی بوو ، بەتایبەتی لەووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا و ئیتالیا .

هەروەها پەنجا و شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم ، بەردەوامی گەشەکردن و زۆر بوونی ژمارە و ڕێکوپێکی ڕیزەکانی چینی کرێکاری بەخۆوە دیبوو ، بۆ نموونە: لە ئینگلستان ژمارەی کرێکاری پیشەسازی گەیشتە دوو ملیۆن کرێکار ، زۆربەی چینی کرێکار لەنێو حەماوەری وردە بۆرجوازیەوە سەریان هەڵدابوو . لە ئەنجامی بارودۆخی ئابووری ئاڵۆزو قورس و چەوساندنەوەی سیاسی ، خەباتی پرۆلیتاریا چالاک ببوو ، ڕێکخراوە سیاسیەکانی پێ گەیشتبوو ، ئەوە بوو لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا و ئینگلستان و ئەڵمانیا سەندیکا و کۆمەڵی هەرەوەزی و یانەی کرێکاری و ڕێکخراوە جۆربەجۆرەکانی تر دامەزران .

بە بڕوای ئەوە لە کۆتایی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکاندا ، سەردەمێکی بوژاندنەوەی نوێی جوڵانەوەی کرێکاری و دیموکراسی دەستی پێکرد . لە ساڵی ١٨٥٧ دا تەنگوچەڵەمەیەکی ئابووری سەری هەڵدا و زۆربەی وڵاتە سەرمایەدارەکانی گرتەوە و بووە تەنگوچەڵەمەیەکی جیهانی ، ئەمەش لە بنچینەدا بووە هۆی خراپ بوونی بارودۆخی ڕەنجدەرانی هەژار ، لە ناو بۆتەی ئەو تەنگوچەڵەمە ئابوریە جیهانیەدا ، تا ڕادەیەکی زۆر جوڵانەوەی مانگرتن لە وڵاتە ئەوروپیەکانی وەک: بەریتانیا ، فەرەنسا ، سویسرا ، بەلجیکا ، ئەڵمانیا ... هتد توندوتیژ بووەوە .

بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانیش لە پەنجا و شەستەکاندا تەکانێکی نوێی پێ درا و خەبات لە پێناو دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا پەرەی سەند . لە ساڵی ١٨٦٠ دا هەڵمەتی ڕزگاریخوازانەی غاریبالدی دەستی پێکردو بووە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئیتالیا لە ساڵی ١٨٦١ دا . ساڵی ١٨٦٣ ڕاپەڕینی ڕزگاریخوازانەی پۆلۆنیا دەستی پێ کرد و خەبات بۆ یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا گەشەی کرد .

لەماوەی نێوان ساڵی ١٨٦١ - ١٨٦٥ دا ، لە ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا شەڕی ناوخۆ بۆ ڕزگارکردنی قولەڕەشەکان لە کۆیلایەتی هەڵگیرسا . ئەوەی ڕاستی بێ مەبەستی ئەو خەباتە زەمینە خۆشکردن بوو بۆ بەردەوام بوونی گەشەکردنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری .

لەم بارودۆخەدا خەباتی چینایەتی کرێکاران توندوتیژ ببوو هاوکاری نێوان پرۆلیتاریا و داخوازیان بۆ یەکگرتن لە پێناو جێ بەجێ کردنی کاری بڕیاردەردا لەدژی بۆرجوازیەت زیاتر بوو.

ئینتەرناسیونالی یەکەم لەو کۆبوونەوە جیهانیە فراوانەدا دامەزرا، کە نوێنەری کرێکارانی وڵاتەکانی وەک: بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیاو ئیتالیا و پۆڵۆنیا، لە ۲۸ ی ئەیلولی ۱۸٦٤ دا لە لەندەن سازیان کردبوو. بەشداری بووانی کۆبوونەوەکە، لەوانە مارکس، زۆربەپەرۆشەوە بڕیاری پێکهێنانی ڕێکخراوی پرۆلیتاریای جیهانیان دەرکرد.

تیۆریە شۆڕشگێڕیەکەی مارکس و ئەنگلز و ئەو پرنسیپانەی ئینتەرناسیونالی پرۆلیتاریا کەدایان ڕشتبوو، لەگەڵ بنچینەی نێو کاریەکانی تایبەت بە ڕێکخستنی پرۆلیتاریا، بوونە بەردی بناغەی تیۆری ئینتەرناسیونالی یەکەم.

مارکس و ئەنگلز بەدرێژایی پەنجاو شەستەکان بەردەوام بوون لەسەر چارەسەرکردنی گرنگترین مەسەلەی تیۆری و سیاسی و، شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی قوڵیان دەربارەی ڕژێمی سەرمایەداری دا بەدەستەوە و هەڵوێستی کۆمۆنیستەکانیان بەرامبەر گەورەترین خەباتەکانی پرۆلیتاریاو ڕزگاری نیشتمانی دیاری کرد و هۆکانی تاکتیکی خەباتی چینی کرێکاریان دەست نیشان کرد. مارکس بابەخێکی تایبەتی ئەدا بەچەکدارکردنی پرۆلیتاریا بەتیۆرێکی ئابوری زانستی کاملی وەها کە بەقوڵی هۆکانی سۆسیالیزمی زانستی تیادا هاتبێ. ساڵی ۱۸٥۹ ماکس نامیلکەی "دەربارەی ڕەخنە لەئابوری سیاسی" بڵاوکردەوە، ئەوەش لینین وەتەنی سروشتێکی شۆڕشگێڕانەی قوڵی دا بەئابوری سیاسی. پێشەکیە بەناو بانگەکەی ئەو نامیلکەیە، فۆرمێکی بلیمەتانەی تیدایە کە ناوەڕۆکی نیرکاریەکانی مارکس دەربارەی گەشەکردن و یاساکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەرئەبڕێ.

ساڵی ۱۸٦۷ بەرگی یەکەمی دانراوە نەمرەکەی مارکس "سەرمایە" بڵاوکرایەوە، ئەوەش ڕوداوێکی هەتا بڵێی گرنگ بوو لەبواری گەشەپێدانی تیۆر و خەباتی پرۆلیتاریا لەدژی ڕژێمی سەرمایەداری. مارکس پاش دیراسەکردنی سەرمایەداری هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە و لە ڕێڕەوی گەشەکردنی دا، یاساکانی بەرەوپێشچوونی سەرمایەداری دۆزیەوە و سروشتی کاتی بەسەرچووی ئەو فۆرماسیۆنە کۆمەڵایەتیەی دەرخست. مەزنترین شوێن پەنجەکانی مارکس ئەوەبوو کەهۆی چەوساندنەوەی سەرمایەداری دۆزیەوە و تیۆرێکی بەڕاستی زانستی دارشت، ئەویش تیۆری زیدەبایی بوو. لینین نوسیویەتی: "نیرکاریەکانی لەمەڕ

زێدەبایی بەردی بناغەی تیۆرە ئابوریەکەی مارکسە " . مارکس لە " سەرمایە " دا ئەو ناکۆکیە دوژمنکارانەی دەرخستوە کە لەناو کۆمەڵی سەرمایەداریدا هەیەو لەرێڕەوی گەشەکردنی ئەو کۆمەڵگایەدا قوڵتر ئەبێتەوە . ئەوەشی سەلماندوە کە لەهەناوی کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ئەو هێزە دروست ئەبێ کە بەگۆڕهەڵگەنی سەرمایەداری ئەژمێردرێ ، واتە پرۆلیتاریا .

ئەوەی ڕاستی بێ مارکس و ئەنگلز تەنیا بناغەی تیۆری ئینتەرناسیۆنالی یەکەمیان دانەنا ، بەڵکو ئەوان ڕێکخەری بەکردەوە و سەرکردەو گیانی ئینتەرناسیۆنالیزم بوون و کارکردن تیایدا بالاترین پلەی چالاکی پراکتیکی شۆڕشگێڕی ئەوان بوو . چونکە هەر ئەوان بەڵگەنامە بەرنامەییەکانی ئینتەرناسیونالیان دارشت و ئەرك و تەکتیکەکانیان دیاریکرد و ڕۆڵی سەرکردایەتی پراکتیکی چالاکیەکانیشیان بینی . لەهەموو هەنگاوێکی ئەو کارەشدا مارکس و ئەنگلز ڕووبەڕووی مەسەلەی نوێی چارەسەر نەکراوی وەها ئەبوونەوە کە لەوەوپێش کەس چارەسەری بۆ نەدۆزیبووەوە .

ئەو کاتە جوڵانەوەی کرێکاری لەرووی ئایدیۆلۆجی و سیاسیەوە زۆر " سەرەتایی " بوو ، سۆسیالیزمی زانستی تەنیا لەناو ژمارەیەك کرێکاری پێشکەوتنخوازی کەمدا بڵاوبووبووەوە . زۆربەی چینی کرێکار هێشتا لەژێر کاریگەری بیروباوەڕی جۆراوجۆری لیبرالیزمی بۆرجوازی وسۆسیالیزمی تەوباوی و سۆسیالیزمی وردە بۆرجوازی دا بوون . بۆیە بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشەوە چوونی خەباتی چینایەتی کرێکاران پێویست بوو ئەو چینە لە کاریگەری سۆسیالیزمی وردە بۆرجوازی ڕزگاربکرێت . هەر لەبەر ئەو هۆیەش بوو مارکس لەکاتی دارشتنی یەکەمین دوو بەڵگەنامەدا : بەیاننامەی دامەزراندن و پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی ( ك . ك . ج ) هەوڵی دا بیروباوەڕە بنچینەییەکانی سۆسیالیزمی زانستی بەوشێوەیە دەربڕێ کە ڕێگوبێ لەهاتنە ژوورەوەی ئەو تەیارە سیاسیە جۆراوجۆرانەی لە ڕیزەکانی چینی کرێکاراندا هەبوون ، وەکۆششی کرد بۆ ئەوەی بەرنامەی ئینتەرناسیۆنالیزم لەسەر بنچینەی بەرنامەیەکی مەبدەئی و هەتا ڕادەیەکی چاك فراوان دابڕێژرێ کە هەموو تەیارەکان بگرێتە خۆی .

بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی کە مارکس ئامادەی کردبون ، پڕ بوو لەبیروڕای گرنگی مەزنی وەك هاوکاری و یەکێتی ڕەنجدەران کە بۆ سەرکەوتنی خەباتی پرۆلیتاریا پێویست بوون . مارکس لە بەیاننامەی دامەزراندن دا نووسیویەتی : " تاقیکردنەوە و شارەزایی ڕابردوونەوەیان دەرخستوە کە بەکەم گرتنی ئەو هاوپەیمانیە برایانەیەی پێویستە لە

نێوان وولاتە جۆراوجۆرەکاندا پێێك بهێنرێ و یارمەتیدەرە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوانیان لە خەباتدا بۆ رزگاربوون ، ئەبێتە هۆی شکستە خواردنی گشتی تێکۆشانی پەرش و بلاویان " .

مارکس بەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوە کە یەکێك لە توخمە جیاکەرەوەکانی کرێکاران ژمارەکەیانە ، بەلام ئەو ژمارە زۆرە بەبێ مل کەچی بۆ رێکخستن و زانست ، ناتوانێ ئەرکەکانی خۆی چارەسەربکات ، بۆیە یەکەمین ئەرکی کرێکاران بریتیە لە دامەزراندنی ئەو رێکخستنە .

لە پێڕەوی ناوخۆدا ئەوە هاتووە کە پێویستە ئەندامانی کۆمەلەی کرێکارانی جیهانی و هەریەکە لە وولاتی خۆی ، توانای تەواوی خۆی بۆ یەکگرتنی کۆمەلە کرێکاریە پەرش و بلاوەکان لە رێکخراوێکی نیشتمانی خاوەن دەزگای ناوەندی رابەریکردن بخاتەگەڕ و پەنجە بۆ دامەزراندنی حیزبی پرۆلیتاریە نیشتمانیەکانی داهاتوو راکێشێ . دوابەدوای ئەوەو لە کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالیزم لە لەندەن سالی ۱۸۷۱ و لە بریارەکانی کۆنگرەکەدا بەرەو مەسەلەیە درا و ئەم چەند تێ بینیە بە تۆمارکرا :

" ... ئەگەر چینی کرێکار لە حیزبی تایبەتی وەهادا خۆی رێك نەخستبێ کە بتوانێ بەرامبەر ئەو حیزبە کۆنانەی چینە چەوسێنەرەکان دایان مەزراندوە بوەستێ ، ئەوا ناتوانێ وەك چین دژی دەسەلاتی یەکگرتوی ئەو چینە تێبکۆشێ" .. رێکخستنی چینی کرێکار لە حیزبی سیاسیدا گرنگیەکی تەواوی هەیە بۆ دابین کردنی سەرکەوتنی شۆرشی کۆمەلایەتی و شادبوون بە ئامانجە کۆتاییەکانی : نەهێشتنی چینەکان " . ئەم بیروباوەرەش بووە یەکێك لە گرنگترین بیروراکانی جولانەوەی پرۆلیتاریای جیهانی .

پێڕەوی ناوخۆی کۆمەلەی کرێکارانی جیهانی مافی دیموکراتی فراوانی بەخشی بە لقەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم ، لێرەشدا پرنسیپی دیموکراتیەت لەگەل ناوەندێتی پێویست و یەکێتی چالاکی کرێکارانی گشت وولاتەکاندا پێکەوە گرێ درابوون. ئینتەرناسیۆنالیزم لە هەندێ وولاتدا لقی وەهای پێك هێنا کە بریتی بوو لە کۆی یەکێتی نیشتمانی و ئەنجومەنێکی فیدرالی سەرکردایەتی ئەکرد ، سەرجەمی ئەو یەکێتیە نیشتمانیەش کۆمەلەی کرێکاری جیهانی پێك ئەهێنا کە ئەنجومەنێکی گشتی بۆ خۆی هەلئەبژارد . دەزگای بالاو گشتی کۆمەلە بریتی بوو لە کۆنگرە کە لە نوێنەری کۆمەلە کرێکاریەکان پێك هاتبوو و سالێ جارێك ئەبەسترا . ئەوەی شایانی باسە تریدیونیەکان و کۆمەلەی هەرەوەزەکان و یارمەتی دوولایەنی و رێکخراوەکانی تر ، کە بۆ ماوەیەکیش نیشانە تایبەتیەکانی خۆیان پاراستبوو ، هاتنە ناو ریزەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمەوەو هەشت و

مری بەکۆمەڵ و وەرگرتنی بڕیارەکان بەکۆمەڵ بوونە پرنسیپی نەگۆڕی چالاکیەکانی دەزگا ڕابەریکەرەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم .

یەکەمین دوو بەڵگەنامەی ئینتەرناسیۆنالیزم گرنگیەکی مێژوویی نەگۆڕیان هەبوو، چونکە توانیان نەرم و نیانی و فراوانی دەربڕینی مەسەلەگشتیەکانی جوڵانەوەی کرێکاری پێکەوە کۆبکەنەوە بەو جۆرەش دەرگاکان لەبەردەمی پێکەوە گرێدانی مارکسیزم و جوڵانەوەی جەماوەری کرێکاران و، ڕزگارکردنی لەبیروباوەڕی سۆسیالیزمی ووردە بۆرجوازیدا خستە سەرگازی پشت . ئەو دوو بەڵگەنامەیە کە یەکەمین سەرکەوتنی ناوکی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕی بوو لەناو ئینتەرناسیۆنالیزمدا، ئەو پرنسیپە ئایدۆلۆجی و ڕێکخراوەییانەیان دارشت کەلەسەر بنچینەیەکی چینایەتی گەشەیان بە یەکێتی پرۆلیتاریای جیهانی ئەدا .

## خەباتی مارکسیەکان لەدژی تەییارە وردە بۆرجوازیەکان لە کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانیدا

نیشانەی جیاکەرەوەی چالاکی ئینتەرناسیۆنالی یەکەم بریتی بوولە: پێکەوە گرێدانی توندوتۆڵی چارەسەرکردنی داهێنەرانەی مەسەلە تیۆریە شۆڕشگێڕیەکان و تاکتیکی جوڵانەوەی پرۆلیتاریی و تێکۆشانی ئایدۆلۆجی مەبدەئی دژی کاریگەری بۆرجوازی و وردە بۆرجوازی لەسەر چینی کرێکار . ئەو کاریگەریەی دوی پێگەیشتنی ڕیزەکانی پرۆلیتاریا و کامڵ بوونی لەڕێگەی هاتنی توێژی نا پرۆلیتاریەوە بەچاکترین شێوە بەدەرکەوت . مێژووی ئینتەرناسیۆنالیزم پڕە لەنموونەی خەباتی بەردەوامی مارکسیەکان دژی فراکسیۆنە جۆراوجۆرەکان و کۆمەڵە "سۆسیالیزم"ەکان و بیروڕا "ووردەبۆرجوازیەکانیان" .

فراوانترین ڕێکخراوەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم، سەندیکاکانی ئینگلستان بوو، کەهەتا ڕادەیەکی زۆر لەلایەن بیروڕای "ڕەوتی تریدیونی رووت"ەوە کاری تێکرا بوو . ئەمەش تەییارێکی هەلپەرستی ناو جوڵانەوەی کرێکاری بوو، بۆرجوازیەتی ئینگلستان دوای شکستخواردنی جوڵانەوەی شارتیەکان سەپاندبووی . ئایدیۆلۆجیا و پراکتیکی ڕەوتی تریدیونی دەربڕی ویستی توێژەکانی سەرەوەی چینی کرێکاری ئینگلستان بوو، وەك بەرپەچدانەوەی بێ وێنەی شکستهێنانی جوڵانەوەی شارتیەکان بوو وخەباتی چینی کرێکارانی بۆداواکاری ئابووری و چاك کردنی بارودۆخە مەتریالیەکانی ئەندامانی سەندیکاکان گرت ئەکردەوە . زۆر جار سەرکردەی سەندیکاکانی ئینگلستان مانگرتنیان سازئەکرد و سیستەمی بارمەتی دوولایەنیان لەچوارچێوەی سەندیکاکاندا گەشەپێ ئەدا . بەلام

هەواڵنامەی کتێب

لەگەڵ ئەوەدا هیچ بایەخێکیان بە سیاسەت نەئەدا و دژی چالاکی سیاسی چینی کرێکار ئەوەستان وئەبوونە کۆسپی سەر ڕێگەی دامەزراندنی حیزبی شۆڕشگێڕی جەماوەری پرۆلیتاریای ئینگلستان .

بیروڕای " ڕەوتی تریدیونی ڕووت " لەلای سەرکردە سەندیکالیەکانی ئینگلستان ، کاری کردە سەر جولانەوەی کرێکاریی وولاتەکانی تر . چونکە ئەو سەرکردانە ئینتەرناسیۆنالیزمیان بە ئامرازی ڕزگارکردنی کرێکاران نەئەزانی . بەڵکو بە ئامرازی ڕێکخستنی یارمەتی دوولایەنی جیهانیبان دائەنا ، بە تایبەتی لەوخەباتەدا کە دژی هێنانی سەرکوتکەرانی مانگرتنەکان کە لەکیشوەری ئەوروپا ئەهێنران ، بەرپاکرابوو . مەبەستی چالاکی هەڵبەرستانەی ئەوان بوچەڵکردنەوەی ناوەڕۆکی چینایەتی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم بوو ، بۆیە مەترسیەکی جیدیان بۆ جولانەوەی کرێکاریی بەرەسەندوی جیهانی دروست ئەکرد .

لەناو ئینتەرناسیۆنالیزم دا خەباتێکی مەبدەئیانەیان دژی ڕەوتی تریدیۆنیزم بەرپاکردەوەوە بان دەرخستووە کە ئەو ڕەوتە و کارپێکردنی ، کۆسپ بوون لەسەر ڕێگەی چالاکی شۆڕشگێڕانەی کرێکاران و خەباتیان دژی دەسەڵاتی بۆرجوازیەت و ، لەجیاڕچێوەی ڕژێمی سەرمایە و کۆیلایەتیدا

چەوساندنەوە و ستەمی هەمیشەیی بەسەر چینی کرێکاردا ئەسەپێنن . لە ئەنجامی ئەو ململانێ توندوتیژە " ئۆجیر " ی سەرۆک ئەنجومەنی تریدیونیەکانی لەندەن لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی گشتی کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی لابرا . بەڵام خەبات ڕانەوەستا و بەدرێژایی مێژووی کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی خەبات لەدژی سەرکردەی تریدیۆنیەکان بەردەوام بوو .

لەلایەکی تریشەوە بیروڕا و چالاکی پراکتیکی بلانکی و لایەنگیرانی ، مەترسیان بۆ سەرجولانەوەی کرێکاری دروست کردبو . ئۆگیست بلانکی شۆڕشگێڕێکی پیلانگێڕی بەناوبانگی فەرەنسا بوو ، لەچەندین ڕاپەڕینی چەکداری دژی ڕژێمدا لەفەرەنسا بەشداری کردبوو . بلانکی و لایەنگیرانی باوەڕیان بە ڕیفۆرمی ئابوری و سیاسی نەبوو ، بەڵکو پشت ئەستور بەژمارەیەکی کەم پیلانگێڕی دابڕاو لەجەماوەر ، تەنیا خەریکی سازکردنی خەباتی چەکداری بوون . ئەوان دەرکیان بەگرنگی حیزب و سەندیکا و کۆمەڵەی هەرەوەزی و جولانەوەی جەماوەری کرێکاران نەکردبوو ، بەشداریکردن لەخەباتی ڕۆژانەی چینی کرێکاریان بەشتێکی گرنگ نەئەزانی و بەیان بەیاساکانی ململانێی چینایەتی و شۆڕش نەبردووەوە لەو باوەڕەدا بوون کە لە توانایاندا بە هەموو کاتێک شۆڕش هەڵگیرسێنن و هەموو شتێک لەسەر قارەمانێتی و هونەری کۆمەڵێک مرۆڤی شۆڕشگێڕ راوەستاوە، نەک جولانەوەی کرێکاری و جەماوەری فراوان .

مارکس زۆر بەچاکی گیانی شۆڕشگێڕی بلانکی هەڵسەنگاند ، بەڵام لە هەمان کاتدا بەتوندیجوو بەگژ تەکتیکی سەرچڵانە و ڕێگەی پیلانگێڕیدا کە زیانێکی گەورەی بەگەشەکردنی جوڵانەوەی جەماوەری کرێکاران و دامەزراندنی حیزب و ڕێکخراوەکانی پرۆلیتاریا ئەگەیاند .

هەروەها ئەپیارە ئەنارشیستیە ( ئاژاوەچیە ) ووردە بۆرجوازیەکانیش زیانێکی گەورەیان بەجوڵانەوەی کرێکاری ئەو سەردەمە گەیاند . خەباتی مارکسیەکان لەیەکەمین ساڵەکانی سەردەمی ئینتەرناسیۆنالیزمدا لەبنچینەدا دژی ئەو تیۆرە ڕاستڕەوە ئەنارشیستانەی پرۆدۆن بوو کە لەناو بەشێکی زۆری کرێکارانی فەڕەنسادا بڵاوببووەوە . پرۆدۆن دژی خەباتی شۆڕشگێڕی بوو و بەهەموو شێوەیەك ململانێی چینایەتیی ڕەت ئەکردەوە و دژیحیزبی سیاسی و دەوڵەت بوو ( جا بەهەر جۆر و شێوەیەك بێ ) و داوای دامەزراندنی " کۆمەڵی بێ دەسەڵات " : ئاژاوە چێتی ئەکرد ، وە لەوبڕوایەدا بووکەئەهێشتنی سەرمایەداری لەسەر گۆڕینی ڕژێمی " ئاڵوگۆڕکردن " ڕاوەستاوە . پرۆدۆن لەو بڕوایەدا بوو کە دامەزراندنی " هەرەوەزی بەرهەمهێنان " و ئاڵوگۆڕکردنی ڕاستەوخۆ لەنێوانیاندا ، بێ دەرەتانی ڕەنجدەران لەناو ئەبات و بەختەوەریان ئەکات . بیروڕاکانی پرۆدۆن لەوەدا پوختە ئەکرایەوە : کرێکاران و جوتیاران وردەوردە ولەڕێگەی ئەو هەرەوەزانەوە کە پێشنیاری کرد بوو ، ئەتوانن ببنە خاوەنی زەوی و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و ڕزگاری خۆیان بەدەست بهێنن ، نەك لەڕێگەی خەباتەوە دژی سەرمایەداری و پاشماوەی دەرەبەگایەتی . بیروڕاکانی پرۆدۆن دەربڕی بیروڕای بەشی مام ناوەندی ووردە بۆرجوازی بوون کە بەدەست چەوساندنەوەی سەرمایەدارە گەورەکانەوە ئەیان ناڵاند و دژیچەوساندنەوەکانیان ماتیان ئەگرت وهەوڵیان ئەدا موڵك و مافەتایبەتیەکانی خۆیان بپارێزن . ئەنارشیستی کۆنەپەرستانەی پرۆدۆنیەکان ، خەیاڵ پلاوی وردە بۆرجوازی دەربارەی مەسەلەی ڕێبازو ئاسۆی ئەو ململانێ چینایەتیەی نێوان پرۆلیتاریا و بۆرجوازی دەرئەبڕی .

لەیەکەمین کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالیزم داسالی ١٨٦٦ ، خەبات دژی پرۆدۆنیەکان دەستی پێ کردو لەسێیەمین کۆنگرەی ساڵی ١٨٦٨ دا بەشێوەیەکی یەکجارەکی لەڕووی فیکریەوە شکستەیان خواردو مایەپوچ بون .

لەئەڵمانیاش بیروڕاکانی " لاساڵ " کەلەهەندی ڕووەوە لەوەی " پرۆدۆن " ئەچون،زیانێکی زۆریان لەجوڵانەوەی کرێکاریدا . چونکە لاسالیش وەك پرۆدۆن گرنگی خەباتی چینایەتی و شۆڕشی پرۆلیتاریای بۆ ڕزگارکردنی ڕەنجدەران ڕەت ئەکردەوە و خەیاڵ پلاوی دەربارەی شیاوی

ڕزگارکردنی ڕەنجدەران لەڕێگەی گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی وردە وردە و لە جوارچێوەی دەوڵەتی بروسی کۆنەپەرست دا و ئەماوکاری کۆنەپەرستی، وە لە ڕێگەی هێنانەدی مافی هەڵبژاردنی فراوان و پێکهێنانی پەیوەندی بەرهەمهێنانەوە، لەناو کرێکارانی ئەڵمانیا دا بڵاوئەکردەوە. بەو جۆرە لاسال باوەڕی بەگۆڕینی وردەوردەی دەوڵەتی بروسی کۆنەپەرست بۆ " دەوڵەتی گەلی سەربەست " هەبوو. بەرنامەکەشی باوەڕی بە " بەشداری کردنی سۆسیالیستانەی دەوڵەت لەچارەسەرکردنی مەسەلە کۆمەلایەتیەکاندا " هەبوو، نەك وردوخاش کردنی دەوڵەتی بروسی کۆنەپەرست. مارکس و ئەنگلز سیاسەتی بەراوردکردنی لاسالیی لەگەڵ حکومەتی بسمارکی کۆنەپەرست وە ئەوخەیاڵ پلاوبەی دەربارەی ڕزگاربوون لەچەوساندنەوە لەڕێگەی یارمەتی دەوڵەتی بروسیەوە بڵاوبیبووەوە، لەگەڵ هەڵوێستی سەلبی لاسالیەکان بەرامبەر خەباتی چینایەتیان ناو نابوو " سۆسیالیزمی حوکمی پاشایەتی بروسی ".

لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا دوژمنێکی تری پەتر مەترسی دژی مارکسیزم لەناو ئینتەرناسیۆنالیزمدا سەری هەڵدا، ئەویش ئەنارشیزمی جەپرەوانەی باکۆنینیەکان بوو. باکۆنینیزم وەك پرۆدۆن داوای لەناوبردنی هەموو جۆرە دەسەلاتێکی دەوڵەت و دامەزراندنی کۆمەڵی ئەنارشیستی ئەکرد. باکۆنینیەکان باوەڕیان بوونی خۆڕسکیانەی تووخمە بۆگەنەکانی بڕۆلیتاریا و بڕۆلیتاریا لومپنەکانیان بەئامرازی گۆڕکردنی دەوڵەت و سەرمایەداری دائەنا. باکۆنین و لایەنگیرانی دەرکیان بەوە نەکردبوو کەچینی کرێکار هێزی بزوێنەری سەرەکی شۆڕشی سۆسیالیستیە، چونکە بەپێی بیروڕای باکۆنین، بڕۆلیتاریا ڕوی کردبووە " جۆری ژیانی بۆرجوازیانە ". باکۆنیەکان ئینکاری گرنگی جولانەوەی دیموکراتیان ئەکرد و شیاوی قۆناغی دیموکراتی گشتی یان ڕەت ئەکردەوە و بەتوندی ئەچوون بەگژ خەباتی سیاسی دا و بەکارێکی دەستکرد و بەزۆر سەپێنراو دابراو لەژیان و خەباتی ڕەنجدەرانیان ئەدایە قەڵەم. باکۆنین خەباتی سیاسی ( وەك حیزبی سیاسی ) بەچەکی تایبەتی بۆرجوازی ئەزانی نەك هی بڕۆلیتاریا. مەترسی باکۆنینەکان لەسەر ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم لەوەدابوو کەئەوانە ئەیان ویست دەست بەسەر ئینتەرناسیۆنالیزم دا بگرن و بیروڕا ئەنارشیستیەکانی خۆیانی بەسەردا بسەپێنن، بەڵام لەم بوارەدا مارکسیەکان بەتوندی بەرپەرچی باکۆنینیەکانیان دایەوە.

مارکس و ئەنگلز زۆربەتوندی دژی کارەهەڵوەشێنەرەوەکانی باکۆنینەکان وەستان و داکۆکیان لەهاوکاری ئینتەرناسیۆنالیستانەی

پرۆلیتاریا کردو ، کەموکورِی ئایدیۆلۆجیاو سیاسەتەکانی باکۆنیستەکان و زیانەکانیان لەسەر جولانەوەی کرێکاری دەرخست و ئابڕوازە چەوتەکانی چالاکی فراکسیۆن خوازانەیانیان ریسواکرد . خەباتی مارکس و ئەنگلز و لایەنگیرانیان دژی باکۆنینەکان شوێنەواری ئەنارشیزمی لەناو ریزەکانی جولانەوەی کرێکاری جیهانی دا هەلتەکاند . ئەم خەباتە بارمەتی ئەوەی دا کاریگەری بیروڕاو بۆچونە چەوتە چەپڕەوییە سەرجل و گۆشەگیریەکان لەنێوڕیزەکانی کرێکاراندا بەگشتی ، کەم ببێتەوە .

لەهەلومەرجی ئێستادا ، کەلایەنگیرانی نوێی باکۆنینەکان لە ئارادان ، رەخنەی مارکس و ئەنگلز بۆئەو ئەیبارە گرنگیەکی تایبەتی هەیە . هەروەها ئەو رەخنانەی سەرکردەکانی جولانەوەی کۆمۆنیستی هاوچەرخ ئاراستەی باکۆنینیەکانی ئەکەن ، گرنگیەکی زۆری هەیە . جاك دوگلۆ " لەیەکێك لەدوایین دانراوەکانی دا ، رەخنەیەکی کاریگەری لە باکۆنینەکان گرتووە و ئەو رەخنەیەی رابردوو و ئێستای ئەوانی گرتووەتەوە . دۆگلۆ نووسیویەتی ئەلێ : " باکۆنینە ئەنارشیستەکان بەوە ناسراون کەرِێزی جەماوەر ناگرن و بەبێ شەرمانە بەهانەی جۆراوجۆر و هەندێجار دژبەیەکەکانی خۆیان بەپێی " مەعمیل " ولەپێناو پاکانەکردن بۆ سیاسەتە هەمیشەچەوتەکانیان ئەهێننەوە ، کە بەهاوکاری توخمی هەتاڕادەیەکی زۆر گومان لێکراو جێ بەجێ ئەکرێ .

جگەلەوە باکۆنینیەکان بەوە ناسراون بەسەرسەختانە ئەچن بەگژ هەموو ئەوانەدا کەلەچالاکیە گومان لێکراوەکان وپیلانەملشکێنەکانیان رازی نەئەبوون . جێی سەرسورمان نیە دابڕاووەدەرکراوەکان لە رێکخراوە کرێکاری و سەندیکاکان و ، بەکرێگیراوەکانی رژێمی بۆناپارت و توخمە تاوانبارەکانی تر پەنا بەرنەبەر باکۆنینیەکان ، وبەئاشکرا لەژێر پەردەی ئەنارشیزمدا ، چالاکی وەها کاربێ بکەن کە شورشگیرانەبوو لەرولەتدا ، بەلام لەراستی خزمەتی چینە دەسەلاتدارەکانی ئەکرد " .

ئەم وەسفەی باکۆنینیەکان راستەوخۆ بۆ توخمە ئەنارشیستە هاوچەرخەکان و چەپڕەوە توندڕەوەکان راستە کەلە ئەنارشیزمی کۆنەوە شتی زۆریان وەرگرتووە . بەلام تاقیکردنەوەکانی مێژوو ، نەزۆکی و زیانی بیروڕاو تاکتیکی ئەنارشیزمەکانی دەرخستووە هەرچەندە بە رستەی چەپڕەوی پوچە لێپ دلپۆشرابن .

یەکەمین زەبری ئاراستەی باکۆنینیەکان کرا ، لەچوارەمین کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالیزم دا بووە کەسالی ١٨٦٩ بەسترا و تیایدا مشتومڕ لەسەر ئەو بیروڕایەی باکۆنین کرا کەئەلێ : رێگەی لەناوبردنی سەرمایەدار بەناو نەهێشتنی میرات داتێ ئەپەڕێ ( باکونین ئەلێ

هەواڵنامەی کتێب

سەرمایەداری ئەوکاتە دائەتەپێ کە یاسایەک بۆ نەهێشتنی میرات لە دەوڵەتی بۆرجوازیدا هێنرابێتە ئاراوە ) . مارکسیەکان ئەوباوەتەی پێشنیاری ووردوخاشکردنی بورجوازیەت و دەوڵەتەکەی لەسەر دەستی بۆرجوازیەت ئاشکرا کرد . کاتێ باکۆنین ئەزۆکی هەوڵدانەکانی خۆی بۆ دەستگرتن بەسەر سەرکردایەتی ئینتەرناسیۆنالیزمدا بۆ دەرکەوت ، پەنای بردە بەردەوەستکردنی فراکسیۆنێکی تایبەتی و ڕازی نەبوو مل کەچ بێ بۆ بڕیارەکانی ئەنجومەنی گشتی ئینتەرناسیۆنالیزم . ئەوە بوو لە کۆنگرەی لاهای ( ١٨٧٢ ) دا سەرکردە باکۆنینیەکان لە کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی دەرکران .

بەوجۆرە مارکس و ئەنگلز لە ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەمدا ، خەباتێکی بێ وچانیان لە دژی هەموو جۆرە تەیبارە ووردە بۆرجوازیەکانی ناو جوڵانەوەی کرێکاری بەرپاکرد و بەتوندی گۆڕینی خەباتی چینایەتی شۆڕشگێڕی بە جۆرەها بیروڕای هاوکاری لە نێوان چینە دژ بە یەکەکانیان تاوانبار کرد و ، خەیاڵ پڵاوی ڕیفۆرمیستانەی تریدیۆنیەکانی ئینگلستان و لایەنگرانی لاسال و برۆدۆنیەکانیان دەربارەی گۆڕینی ئاشتیانەی سەرمایەداری بە سۆسیالیزم و سیاوی "چاک بوونی" بنەڕەتی سەرمایەداری لەگەڵ مانەوەی بنچینەی ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی دا ڕیسوا کرد . لە هەمان کاتدا مارکسیەکان ڕەخنەیان لە تەکتیکی سەرچڵانەو ڕستەی شۆڕشگێڕی بوچەڵی ساختەی تەیبارە چەپڕەوە وردە بۆرجوازیەکان گرت و ڕەوتی گۆشەگیری و دۆگماتیزمیان دەرخست . مارکس و ئەنگلز خەباتێکی بێ وچانیان دژی ئەو کارە هەڵوەشێنەرەوانەی باکۆنینیەکان بەرپاکرد ، کە ئەیان ویست جوڵانەوەی پرۆلیتاریای جیهانی پارچە پارچە بکەن .

ڕەخنەی دامەزرێنەرانی کۆمۆنیزمی زانستی بۆ بیروڕا و تاکتیکی ووردە بورجوازی ، یارمەتی ئەوەی دا تێڕوانینی پرۆلیتاریا بسۆدنیا لە لای جوڵانەوەی کرێکاری بچەسپێ .

## بەشداریکردنی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم لە گەشەپێدانی تیۆری و تاکتیکی خەباتی پرۆلیتاریادا

ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم لە ماوەی ساڵەکانی ژیانی خۆی دا ، بەشداریەکی زۆری کرد لە گەشەپێدان و شیکردنەوەی تیۆر و پراکتیکی پرۆلیتاریادا . ڕۆڵی گەورەی ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ کۆنگرەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم ، کە تیایاندا مشت ومڕ لەسەر مەسەلە بنەڕەتیەکانی جوڵانەوەی پرۆلیتاری کرا . لێرەش دا بیروڕاکانی بەیاننامەی دامەزراند ،

کە مارکس دەربارەی پێویستی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە دەری بڕیبوو ، گرنگیەکی مەبدەئی مەزنی هەبوو . کۆنگرەی جنێف ( ١٨٦٦ ) ئەو بیروڕایەی پەسەندکردو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە دانا بەمەرجێکی گرنگی ڕزگاری ئابوری لە چوارچێوەی کۆمەڵگای سۆسیالیستی دا .

ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم بایەخێکی گەورەی ئەدا بەمەسەلەی خەبات لە پێناو دیموکراتیەتدا و بە قۆناغێکی گرنگی دائەنا بۆ هەنگاونان بەرەو بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە . ئەنگلز گاڵتەی بەو ئەنارشیزمە " چەپڕەوانە " ئەکرد کەداوای ئەوەیان ئەکرد خەبات لە پێناو دیموکراتیەت و مافەکومەڵایەتیەکان و سەربەستی ڕۆژنامەدا نەکرێ ، چونکە ئەو خەباتە بەڕای ئەوان " لەباوەڕبوون بەڕژێمی دەسەڵاتدار خراپترە " و نوسیویەتی : " سەربەستی سیاسی و کۆبونەوەو نوسین و ڕۆژنامەگەری چەکی ئێمەن . ئەشێ کاتێ بیانەوێ ئەو چەکەمان لەدەست بسەنێنن ، ئێمە دەستەوەستان بین و واز لەسیاسەت بهێنین ؟ ئەوان ئەڵێن هەموو کارێکی سیاسی لەباوەڕبوون بەڕژێمی دەسەڵاتدار خراپترە .

بەڵام ئەگەر ئەو ڕژێمە ئەو ئامرازانەمان بداتێ کەبۆ خەبات دژی خۆی بەکاری ئەهێنین ، ئەوا بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە مانای باوەڕکردن بە ڕژێمی دەسەڵاتدارنییە " . دامەزرێنەرانی مارکسیزم کاریان بۆئەوە ئەکرد چینی کرێکار بگەیەننە ئەو بیروایەی ئابێ بێ باکانە بەرامبەر ئەو هەل و مەرجە بوەستێ کەخەباتی چینایەتی تیادا ئەشکاتە ; واتە هەلومەرجی کۆنە پەرستی و سەربەستیە دیموکراتیەکان . وەچینی کرێکاریان فێری ئەوە ئەکرد کەخەبات کردن لەپێناو فراوان کردنی دیموکراتیەتو تۆکمەکردنەوەی، لەبوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا شۆڕشی سۆسیالیستی دورناخاتەوە ، بەڵکو نزیکی ئەخاتەوە .

یەکێک لەدەستکەوتە مەزنەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم بریتی بوو لە ڕوون کردنەوەی مەسەلەی مانگرتن و سەندیکاکان . ئەوە بوو کۆنگرەی جنێف ( ١٨٦٦ ) بڕیارێکی بەناونیشانی " یەکێتیە کرێکاریە سەندیکالیەکان ( تریدیونیەکان ) - ڕابردوو ئەمرو و داهاتوویان " دەرکرد . مارکس خۆی ئەم بڕیارەی نووسی و سەرنشتی چینایەتی جوڵانەوەی سەندیکالیی دووپات کردەوە و گرنگترین ئەرکەکانی سەندیکاکان و شێوەو ڕێشگەی خەباتیانی داڕشت .

کۆنگرەی بروکسل ( ١٨٦٨ ) دوای مشت و مڕ لەسەر مەسەلەی مانگرتنەکان ، ئەو سەرئەنجامەی داڕشت کەئەڵێ : مانگرتنەکان ئەگەرچی ناتوانن ببنە هۆی ڕزگارکردنی یەکجارەکی کرێکاران ، بەڵام بۆململانێی

نێوان کارو سەرمایە پێویستن . وە ئینتەرناسیۆنالیزم راستەوخۆ بەشداری کرد لەرێکخستنی هاوکاری پرۆلیتاریا لەخەباتی مانگرتندا .

هەروەها لەکۆنگرەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم دا پلە و پایەی رێکخراوە هەرەوەزیەکان لەجولانەوەی رزگاریخوازانەی پرۆلیتاریادا روون کرایەوە . ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ ئەو هۆیەی بیروڕای بیناکردنەوەی کۆمەڵ لەرێگەی هەرەوەزەکانەوە لەناوجولانەوەی کرێکاری ئەوکاتەدا بلاوبووە بەتایبەتی لەبەر چالاکیەکانی لایەنگیرانی برۆدون و لاسال و ئۆین . بەیاننامەی دامەزراندنی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم بەنجەی بۆ گرنگی ئەم تاقیکردنەوە کۆمەلایەتیەمەزنانە " راکێشاوە و ئەوەی روون کردۆتەوە کە " هەرچەندە کاری هەرەوەزی لەرووی مەبدەئیەوە شاکار بێ و لەرووی کارپێکردنەوە بەسودبێ ، بەلام ناتوانێ بەرەسەندنی مۆنۆپۆلەکان ، کەبە یەك بەدوای یەکی ئەندازەیی ( متوالیةهندسية ) ئەچێتە پێشەوە ، بوەستێنێ و جەماوەر رزگاربکات . بەلکو ئەگەر بازنەدات بەسەر ئەو تاقیکردنەوەی کۆششی هەندێ کرێکار بەرێکەوت ئەیهێنەئارا ، ئەوا ناش توانی تارادەیەکی هەستپێکراو باری گرانی بێ دەرەتانیش سوك بکەن.

هەروەها " رێنوێنی کەرەکە "ی کەمارکس پێشکەشی نوێنەرانی یەکەمین کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالیزمی کرد ، پەنجەی بۆ گرنگی هەرەوەزەکانی بەرهەمهێنان راکێشاوە ، بەلام ئەوەشی دووپات کردۆتەوە کە ئەم سیستەمەی هەرەوەزی " هیچ کاتێك ناتوانێ کۆمەلی سەرمایەداری بگۆرێ ، چونکە ئەو گۆرانکاریە پێویستی بەگۆرینی بنچینەکانی رژێمی کۆمەلایەتی هەیە" .

دوای ئەوەی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم هەلسا بە دیراسەکردنی گرنگترین مەسەلەکانی خەباتی چینی کرێکار لەچوارچێوەی رژێمی سەرمایەداریدا ، بایەخی بەهەندێ مەسەلەی بنەرەتی دا بۆ هێنانەدی شۆرش .

مارکس و ئەنگلز ئەو حوکمەیان دارشت کە ئەلێ : چینی کرێکار ئەتوانێ بەرێگەی ئاشتیانە و نائاشتیانەش شۆرشی سۆسیالیستی بهێنێتەدی . مارکس پەنجەی بۆ ئەوە راکێشاوەکە : " کۆمەل فۆرمێکی دیاریکراو ناچەسپێنێ بەسەر جولانەوەسیاسیەکاندا ، بەلکو تەنیا داوای ئەوەئەکات ئەو جولانەوانە رووەو یەك ئامانج بچن . چونکە لەوانەیە راپەرین لەوشوێنە شێتی بێ کەجولانەوەی ئاشتیانە ئەبێتە هۆی شادبوون بەئامانجەکان لەرێگەیخیراترو دلنیاترەوە " .

مارکس و ئەنگلز یەکەمین کەس بوون تیۆری راپەرینی چەکدارانەیان بۆ پرۆلیتاریا دارشتووە ، بەلام شان بەشانی ئەوەش پەنجەیان بۆگرنگی شێوەی

پەرلەمانی خەباتی پرۆلیتاریاش ڕاکێشاوە. مارکس ئەڵێ: "ئابێ بەشداری کرێکاران لە پەرلەمانەکاندا بە مەسەلەیەکی بێ بایەخ دابنێین، چونکە حکومەت دوژمنمانە و ئەبێ بە هەموو ئامرازێکی گونجاو کە دەستمان ئەکەوێت بەرەنگاری ببینەوە. هەموو کرێکارێك کە ئەچێتە ناو پەرلەمانەوە ماناى سەرکەوتنە بەسەریدا، بەڵام لەم بوارەدا ئەبێ خەڵکی دیارو چاك بۆ ئەو مەسەلەیە هەڵبژێرین". دامەزرێنەرانی مارکسیزم لەو بڕوایەدا بون کە بەخەباتی پەرلەمانتاری پرۆلیتاریا ناتوانێ سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، ئەگەر لەگەڵ کاری گەلی فراوان ونا پەرلەمانتاریدا گرێ نەدرابێ. هەروەها پرۆلیتاریایان فێری گرنگی بەکارهێنانی هەموو شێوەکانی خەبات کرد - خەباتی ئاشتیانە و نا ئاشتیانە، پەرلەمانتاری و ناپەرلەمانتاری - ئەمڕۆش حیزبە مارکسیە لینینیەکان هەتا ڕادەیەکی زۆر ڕێ نوێنی ئەو سەرئەنجامانە ئەکەن.

مارکس و ئەنگلز کرێکارانیان بەگیانی چاوپۆشی نەکردن لە چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و ستەمی نەتەوایەتی پەروەردە ئەکردو ئەوەیان دوپات ئەکردەوە کە ئەریتە بەرزەکانی سۆسیالیزم لەگەڵ چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی دا ناکۆکن. وە لەو بڕوایەدا بوون کە ئەرکی سەرشانی کرێکارانی هەموو وڵاتێکە بێ هیچ مەرجێك داکۆکی لە خەباتی گەلانی ڕزگاریخواز بکەن، چونکە ئەو هاوکاریە بۆ ڕزگاری کۆمەڵایەتی پرۆلیتاریا خۆشیان پێوەستنە. مارکس و ئەنگلز لەو دروشمەوە کە ئەڵێ: "ئەو نەتەوەیەی نەتەوەیەکی تر ئەچەوسێنێتەوە سەربەست نیە" ئەو بیروباوەڕەیان دەرخستووە کە خەبات لە پێناو ڕزگاری نەتەوە چەوساوەکاندا، بەشێکی گرنگی لەپێڕان نەهاتووی ئەو خەباتەیە کە لە پێناو ڕزگاری پرۆلیتاریای نەتەوە کۆلۆنیالیستەکاندا بەرپاکراوە. هەروەها ئەو دوو بلیمەتە پشتێکی زۆریان بەخەباتی ڕزگاریخوازی گەلی پۆلۆنیا بەستبوو. لێنینیش هەڵوێستی ئینتەرناسیونالیزمی یەکەم بەرامبەر خەباتی گەلی ئایرلەندەی هەڵسەنگاندوە و بەنمونەیەکی شاکاری هەڵوێستی پرۆلیتاریای نەتەوە چەوسێنەرەکانی جولانەوەی ئیشتمانی دنیای داناوە. مارکسیەکانیش بەشێوەیەکی جوان گرنگی ئەو خەباتە شۆڕشگێڕیەیان هەڵسەنگاندوە کە ئەو کاتە جەماوەری گەل لە ئاسیا بەرپایان کردبوو و بەمژدەی ئەو جولانەوە ڕزگاریخوازە چاوەڕوان کراوەیان دانا کە ئەیتوانی ببێتە هاوپەیمانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێری وڵاتەکانی ئەوروپا.

دروشمی ئەمری "کرێکارانی جیهان یەکگرن!" بووە دروشمێکی خەباتکاری ئینتەرناسیونالیزم و مارکس و ئەنگلز جێ بەجێ کردنی ئەو

دروشمەیان بەئەرکێکی مێژوویی ئینتەرناسیۆنالیزم دائەنا . مارکس ئەوەی دووپاتکردەوە کەیەکێتی لەناماچەدە هەرتەکانی کۆمەڵە ئەوەیە "کرێکارانی وولاتە جۆراوجۆرەکان وائەبێ بکات هەست بەوە بکەن برا و هاوڕێن و لەریزی یەك سوپادا خەبات ئەکەن بۆ ڕزگاری خۆیان ، جگەلەوە وایان لێ بکات بەو جۆرەش کاربکەن " . بەوجۆرە یەکێتی کاری جوڵانەوەی ڕێکخراوی پرۆلیتاریا بووە مەرجێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی لەخەباتی چینایەتی دژی بۆرجوازیەت دا .

کاتێ مارکس و ئەنگلز خەباتی بێ سازشکارانەی خۆیان لە دژی پەرتی نەتەوەپەرستی و شۆڤێنیزمی بۆرجوازی بەرپا ئەکرد ، پرۆلیتاریایان فێری ئەوە ئەکرد کە بەرژەوەندی نیشتمانی ڕاستەقینە بەرژەوەندی گەشەکردنی شۆڕشگێڕی بێشکەوتنخوازی نەتەوە بەگشتی دیاریکراو و چینی کرێکارەکەی ، لەگەڵ بەرژەوەندی ئینتەرناسیونالیزم دا ناکۆك نیین ، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەتەواوی جووتن لەگەڵیدا . ئەنگلز ئەوەی بۆ پرۆلیتاریا ڕوونکردۆتەوە کە بیروڕای نیشتمانی ڕاستەقینە لەجوڵانەوەی کرێکاریدا بیروڕای ئینتەرناسیۆنالیستی ڕاستەقینەیە لەهەمان کاتدا .

مێژوی گەشەکردنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی ، ڕاستی دەستووری مارکسیەکانی کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی دەربارەی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریای دووپاتکردۆتەوە و کۆمۆنیستەکان هەرلەکۆنەوە ، هەتا ئێستا بەخۆڕاگرانە تێکۆشاون بۆ هێنانەدی هاوکاری پرۆلیتاریانە لە چالاکی پراکتیکی خۆیاندا . لەهەلومەرجی ئەمڕۆش دا ، ئامۆژگاریەکانی مارکس و کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی دەربارەی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریا ، گرنگیەکی یەکجار مەزنی هەیە بۆ سەرکەوتنی سەرجەم خەباتی دژ بە ئیمپریالیزم . پەرەسەندنی بێ شوماری هوشیاری نیشتمانی خۆیی گەلانو چینی کرێکار ، پێویستی بەچارەسەرکردنی ڕاست و دروستی پەیوەندی نێوان لایەنی نیشتمانی و ئینتەرناسیۆنالیستی هەیە لە جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی کرێکاران دا . شارەزایی مێژوویی ئەوە دەرئەخات کەناکۆکی نێوان دو لایەنی نیشتمانی و ئینتەرناسیۆنالیستی ، واتە بەگرنگ گرتنی لایەنی نیشتمانی یان خستنە بشتگوێ ی لەملمانێ ی چینایەتی دا ، زیان بە بەرژەوەندی جوڵانەوەی کرێکاری تاکەتاکەی وولاتەکان و سەرتاسەری جیهان ئەگەیەنێ . سەرئەنجامی مارکسیزم دەربارەی کۆکردنەوەی ڕاست و دروستی هەردوولایەنی نیشتمانی و ئینتەرناسیۆنالیستی لەجوڵانەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی دا ، یارمەتی حیزبە کۆمۆنیستەکان ئەدات ڕیزەکانی بەرەی جیهانی تێکۆشەرەکان لەدژی ئیمپریالیزم پتەوبکەن .

هەمیشە مارکسیەکان لەکاتی خەبات لەپێناو ئەرێتە بەرزەکانیاندا ،

بایەخێکی تایبەتیان داوە بەپاراستن و چەسپاندنی ئاشتی و، داوایان لە پرۆلیتاریا کردووە وریابن بەرامبەر سیاسەتی دەرەوەی حکومەتە بۆرجوازیەکان. مارکس لە بەیاننامەی دامەزراندندا لەوە دواوە کە چینی کرێکار ئەبێ "نهێنیەکانی سیاسەتی نێونەتەوەیی بەدەست بهێنێ و چاودێری چالاکی دیبلۆماسیانەی حکومەتەکەی بکات و لەکاتی پێویستدا و بەهەموو ئامرازێك دژی بوەستێ". بریاری کۆنگرەی جنێڤیش (۱۸٦٦) داوای کردوە سوپای هەمیشەیی هەڵوەشێنەتەوە و گەل لە شێوەی ملیشیای گەلیدا چەکدار بکرێ.

ئینتەرناسیۆنالیزم لە رێگەی سیاسەتی برۆلیتاری بۆ خەبات لە پێناو ئاشتی نێوان گەلان، روبەڕوی سیاسەتی جەنگە بۆرجوازیەکان بووەوە. بەرێکەوتیش نەبوو مارکس کۆنگرەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی بە کۆنگرەی ئاشتی ناو ئەبردەوە. مارکس جوڵانەوەی پرۆلیتاریا و مارکسیزمی بەرپا ئەکرد. پرۆلیتاریای جیهانی بەهێزێکی بڕیاردەری بەتوانا ئەزانی بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و کۆتایی پێ هێنان بە گێژاوی جەنگ، وەنوسیویەتی: "لە دوا ئەنجامدا هاوپەیمانی کرێکارانی هەموو وڵاتەکان جەنگ لە ریشەوە دەرئەکێشێ... لەبری کۆمەڵی کۆن بێ دەرەتانی ئابوری و نەنگیتی سیاسی یەوە، کۆمەڵێکی نوێ ی وەها دروست ئەبێ کە ئاشتی نێونەتەوەیی یەکێك لە پرنسیپەکانی ئەبێت، چونکە لەلای هەر گەلێك لەو گەلانە یەك دەسەڵاتدار ئەبێت ئەویش بریتیە لە کار". وە مارکسیەکان ئەوەیان ئاشکرا کردوە کەخەبات کردن لە پێناو ئاشتیدا، بەشێکە لە "خەباتی هاوبەش لە پێناو رزگاری چینی کرێکاردا".

جوڵانەوەی کۆمۆنیستی هەتا ئەمرۆ پێڕەوی ئەو سەرئەنجامە ئەکات. چونکە دروشمی خەبات لە پێناو ئاشتیدا، کە ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم دەری بڕیبوو، هەتا ئێستا گرنگیەکی تایبەتی هەیە و، ئەو خەباتە یەکێکە لەمەسەلە هەرە گرنگەکانی ئەم سەردەمە. ژیانیش راستی و دروستی مارکسیزمی دوپات کردۆتەوە، ئەمەش نەك بەتەنیا لەبەر ئەوەی خەبات لە پێناو ئاشتی و کاروسۆسیالیزمدا پێکەوە گری دراون، بەڵکو لەبەر ئەوەشە کە کۆمۆنیستەکانی لایەنگیری مارکس، چالاکترین و خۆڕاگرترین لایەنگری ئاشتین. ئەمرۆ رزگارکردنی مرۆڤایەتی لە مەترسی جەنگی جیهانی ماڵ ویرانکەر، هەتا رادەیەکی زۆر گرێ دراوە بەخەباتی کۆمۆنیستەکان و وڵاتە سۆسیالیستەکانەوە کە دژی ئیمپریالیزمی تاوانبار بەجەنگ هەڵگیرساندن و دەست درێژی بەرپایان کردووە.

لە کۆتاییشدا ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم سەرئەنجامی گرنگی

دەربارەی کۆمەڵێك یاسای بیناکردنی سۆسیالیزم هەڵهێنجا ، کەهەتا ئەمڕۆ گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە . ئەوەبوو لەکۆنگرەی لۆزان دا (١٨٦٧) بۆ یەکەم جار بڕیاری گۆڕینی خاوەنداریتی هەموو ئامرازەکانی گواستنەوە و پەیوەندیکردن بۆ خاوەنداریتی دەوڵەت هاتبوو . لەکۆنگرەی بروکسل یش دا (١٨٦٨) کۆمیتەیەکی تایبەتی بڕیارێکی دەربارەی بەکار هێنانی گشت کان و هەڵکەن و هێڵی شەمەندەفەر و ڕێگای ماشین و هەموو ئامرازەکانی تری گوێزانەوە و پەیوەندی دەرکرا . لەڕێڕەوی ململانێی توندوتیژیش لەگەڵ پرۆدۆنیەکاندا ، گرنگی خۆماڵی کردنی زەوی دووپات کرایەوە . لەکۆنگرەی بازلیش دا (١٨٦٩) جارێکی تر بڕیار دەربارەی نەهێشتنی خاوەنداریتی زەوی و خۆماڵی کردنی زەوی دووپاتکرایەوە .

## ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم و کۆمۆنەی پاریس

لەسەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ، پرۆلیتاریای جیهانی و ڕێکخراوەکەی : ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم ، بەهۆی جەنگی فەرەنسا و بروسیاوە دووچاری ئەهامەتیەکی پڕمەترسی ببون . چونکە پێویست بوو کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی هەڵوێستی بەکردەوەی خۆی بەرامبەر جەنگ دیاری بکات ، ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە جەنگەکە خۆی لەڕووی سروشتەکەیەوە ئاڵۆزبوو . هۆی سەرهەڵدانی جەنگەکە ململانێی نێوان بەرژەوەندیە دژ بەیەکەکانی چینە دەسەڵاتدارەکانی فەرەنسا و بروسیا بوو . ئەوەبوو لەکۆتایی شەستەکاندا ، ناکۆکی نێوان ئەو دوو لایەنە هەتا ڕادەیەکی زۆر ، وەك ناکۆکیەکانی ناو فەرەنسا خۆی ، لەتوندوتیژ بووندا بوو . دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی فەرەنسا هیوایان وابوو لە ڕێگەی جەنگی سەرکەوتوانەی بچوکەوە ، پایەکانی خۆی لەناوەوە و لە هەموو ئەوروپا پتەو بکات . بەوجۆرە دەسەڵاتدارەکانی فەرەنسا مەبەستی ڕەگەز پەرستانەو زۆرداریانەیان هەبوو . لەهەمان کاتدا حکومەتی بروسی بسمارك ئەی ویست لەڕێگەی جەنگەوە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا بهێنێتەدی ، بە هەموو ئامرازێك و بۆ هەڵگیرساندنی جەنگی چەکداریانە ، فەرەنسای وروژاندبوو . ئامانجی داپەروەرانە و ئیجابی (لەڕووی مێژووییەوە) کەئەتەوەی ئەڵمانیا ئەی خواست ، بەڕێگەی فروفێڵ و جەنگی ڕەگەزپەرستانە هاتەسەردی . هەموو ئەوانە هەتا پلەیەکی زۆر داڕشتنی تاکتیکی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەمیان بەرامبەر جەنگ ئاڵۆز کردبوو .

لەحوزەیرانی ١٨٧٠ دا جەنگی فەرەنسا و بروسیا هەڵگیرسا . حکومەتی هەردوو دەوڵەتەکەش هیچ کارێك نەما بۆ ئامادەکردنی چینی

کرێکار و جوتیاران بە ژەهری شۆڤێنیزم و خستنەگەڕیان لەناو ئاگری جەنگەکەدا و لەخزمەتی بەرژەوەندیە چینایەتیە ڕەگەزپەرستیەکانی خۆیاندا ئەیان کرد بێ . لەکاتی ئەو نەهامەتیە پڕمەترسیەدا ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم بەسەرکردایەتی مارکس و ئەنگلز بەشێوەیەکی شاکارانە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر جەنگ دەربڕی . کاتی هەڵگیرسانی جەنگەکە ، مارکس و ئەنگلز لە یەکەم بانگەوازی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم دا بانگی کرێکارانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانیان کرد بۆ خەبات دژی ڕەوتی سەربازانە و پیلانی پەلاماردانی شەڕخوازانەی چینە دەسەڵاتدارەکانی فەرەنسا و لە گرنگی داکۆکی کردنی لە مەسەلەی یەکگرتنەوەی ئەڵمانیاوە دەستیان پێکرد بوو کەلەڕووی بابەتیەوە ، مەسەلەیەکی پێشکەوتنخوازانە بوو . لە مەسان کاتیشدا سەرنجی چینی کرێکاریان بۆ ئەوە ڕاکێشا کە نەهێڵن ئەڵمانیا جەنگەکە بکاتە جەنگێکی دەستدرێژکەرانە . وەکاتی ئەو جەنگە لە ئەنجامی هەڵەی سەربازەکانی بروسیا گۆڕا بۆ جەنگی ستەمکارانە و هێزەکانی بروسیا دەستیان کرد بە داگیرکردنی زەویەکانی فەرەنسا ، مارکس و ئەنگلز لە بانگەوازی دووەم دا ، ئامانجی ئەو دەستدرێژیەی حکومەتی بروسیای کۆنەپەرستیان ئاشکراکرد و ڕا پەڕین بۆ پاراستنی سەربەخۆیی نیشتمانی فەرەنسا .

بانگەوازی یەکەم و دووەمی ئەنجومەنی گشتی ئینتەرناسیۆنالیزم دەربارەی جەنگی فەرەنسا و بروسیا جێی بایەخ پێدانی جەماوەری فراوانی کرێکاران بوو ، وەبارمەتی ئەوەیان دا پرۆلیتاریا خۆیان لەخرۆشاندنی شۆڤێنیستانە لابدەن و لەناوەڕۆکی ساختەی ئەو پڕوپاگەندیە بگەن کە ئەیویست سروشتی دەستدرێژکەرانەی جەنگەکە بزربکات . لەم بوارەشدا مارکس بانگەوازی بۆ کرێکاران بڵاوکردەوە بۆ خەباتکردنی کاریگەرانە دژی جەنگی دەستدرێژکەرانە .

بیروڕای بنچینەیی ئەو دوو بانگەوازە کە بەزمانی جۆراوجۆر بۆ ڕەنجدەران بڵاوکرابەوە بریتی بوو لەوەی : ڕەوتی سەربازانە و جەنگی دەستدرێژکەرانە لەگەڵ بەرژەوەندی پرۆلیتاریادا ناکۆک و ناتەبا بە . مارکس پەنجەی بۆ ئەنجامە پڕمەترسیەکانی جەنگی ئەورووپا ڕاکێشا و لەو بڕوایەدا بوو کە ئەکرێ پیلانی شەڕخوازانەی سەربازەکان لەڕێگەی خەباتی چالاکانەی چینی کرێکارەوە پووچەڵ بکرێتەوە ، وەباوەڕی تەواوی بەوەهەبوو کە هاوپەیمانی نێوان کرێکارانی گشت وڵاتەکان لەدوا ئەنجامدا ڕیشەی هەموو جۆرەکانی جەنگ لەبنەوە دەرئەهێنێ .

ئەزموونی داڕشتنی تاکتیکی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم دەربارەی جەنگی فەرەنسا و بروسیا گرنگیەکی گەورەی هەبوو بۆ گشت جوڵانەوەی

کرێکاری پاش خۆی. بەڵام سەرکردە ڕاستڕەوەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی دووەم لەکاتی یەکەمین جەنگی جیهانیدا، خیانەتیان کرد لە هەڵوێستی مارکسیزم بەرامبەر جەنگی دەستدرێژکەرانە و بوونە لایەنگیری جەنگ، وە هەر حیزبە کۆمۆنیستەکان توانیان هەتا ئەمڕۆ و بەسووربوونەوە پێڕەوی ئەو پرینسیپانە بکەن کە ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەمدا ی ڕشتبوون: پرنسیپەکانی خەبات دژی شەڕی ستەمکارانە. ئەمڕۆش شارەزایی مێژوویی جوڵانەوەی کۆمۆنیستی هاوچەرخ یارمەتی ئەوە ئەدەن تاکتیکی هەمەلایەنە بەرامبەر مەسەلەی جەنگ و ئاشتیدا ڕێژن.

فەرەنسا لەو جەنگەی دژی پروسیادا دوچاری شکستەیەکی خێرابەهات. ئەوە بوو لە ٢ ی ئەیلولی ١٨٧٠ دا هێزەکانی فەرەنسا لەگەڵ لویس بۆناپارتی ئیمپراتوردا خۆیان دا بەدەستەوە و کاتێ ئەم دەنگ و باسە گەیشتە پاریس، گەل ڕاپەڕین و لە ڕۆژی ٤ ی ئەیلول دا ڕژێمی پاشایەتیان ڕوخاند و حکومەتێکی بۆرجوازی دەسەڵاتی گرتە دەست کە ناوی خۆی نابوو "حکومەتی بەرگری نیشتمانی" ئەوەی ڕاستی بێ ئەو حکومەتە "حکومەتی خیانەتی نیشتمانی" بوو، بەهەرجی سەرشۆڕانە لەگەڵ سەرکردایەتیی پروسیادا پەیمانی ڕێکەوتنی مۆرکرد بۆ ئەوەی خۆی تەرخان بکات بۆ بەگژاچوونی شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسا.

ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم و دوو سەرکردە مەزنەکەی جارێکی تر ڕووبەڕووی فرمانێکی ئاڵۆزبوونەوە بۆ دیاریکردنی هەڵوێست بەرامبەر جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی پەرەسەندوو لە فەرەنسا. مارکس و ئەنگلز دەرکیان بەوە کردبوو کە هەلومەرجی بابەتی و خۆیی شۆڕشی پرۆلیتاری لە فەرەنسا پێ نەگەیشتووە، بۆیە مارکس پرۆلیتاریای فەرەنسای بەرامبەر هەڵگیرساندنی ڕاپەڕینی پێش وەخت وریا کردەوە. بەڵام چالاکی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر بەردەوام بوو و لە پەرەسەندا بوو و حکومەتی بۆرجوازی هەستی بە دوو دڵییەکی جیدی ئەکرد بەرامبەر گەشەکردنی ڕووداوەکان و گەیشتە ئەو ڕادەیەی بڕیار بدات پاریس بدات بەدەست ئەڵمانیەکانەوە. تاقە هێز کە هەڵوێستی نیشتمانی شۆڕشگێڕی هەبوو، "پاسەوانەکانی نیشتمانی" بوو کە ڕەنجدەران ئەوکاتە لەگەڵ کۆمیتەی ناوەندیدا یان مەزراندبوو، هەردووکیان ڕێکخراوی نوێنەری گەلی چەکدار بوون. حکومەتی بۆرجوازی بەسەرۆکایەتی "تیێر" هەوڵی دا ئەو پاسەوانانە چەک بکات و دەست بەسەر ئەو تۆپانەدا بگرێ کە بە پارەی ڕەنجدەرانی پاریس کڕا بوون، بۆیە وەک بەرپەچدانەوەی ئەو هەنگاوە، دانیشتوانی پاریس و لە پێش هەموویانەوە پرۆلیتاریا لە ١٨ ی ئازاری ١٨٧١ دا ڕاپەڕین و لە ئەنجامی ئەوەش کۆمۆنەی پاریس سەری هەڵدا.

کۆمۆنەی پاریس یەکەمین شۆڕشی پرۆلیتاری و یەکەمین دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا بوو لەمێژوودا . ئەگەرچی تەمەنی کورت بوو ( ۷۲ ڕۆژ - لە ۱۸ ی ئازارەوە هەتا ۲۸ ی ئایار ) بەڵام شوێن پەنجەیەکی گەورەی لە مێژووی خەباتی شۆڕشگێری پرۆلیتاریادا بەجێ هێشت . کۆمۆنە لەئەنجامی قوڵ بونەوەی ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان لەفەرەنسا و چالاکی جوڵانەوەی کرێکاری جیهانی و ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم و بڵاوبونەوەی بیروباوەڕی مارکسیزم لەڕیزەکانی پرۆلیتاریادا سەری هەڵدا .

پاش ڕوخاندنی دەسەڵاتی بۆرجوازیەت ، کۆمیتەی ناوەندی پاسەوانەکانی نیشتمان حکومەتی شۆڕشگێریکاتی پێکهێنا و بەرگری ئەو ئوخمانەی سەرکزنکرد کەدژی شۆڕش بوون و بەوشێوەیەش جێ بەجێ کردنی هەنگاوی شۆڕشگێری مسۆگەر کرد .

ڕۆژی ۲۶ ی ئازار هەڵبژاردنی کۆمۆنە لەپاریس کرا و ، زۆربەی ڕێکخراوە شۆڕشگێڕیەکان کورسیەکانی کۆمۆنەیان بەدەستهێنا ( ۶۵ کورسی لەکۆی ۸۶ کورسی ) ، هەروەها ۲۶ کرێکار بۆ کۆمۆنە هەڵبژێردران ، بەڵام کورسیەکانی تر بۆ پیشەگەر و مامۆستا و پزیشک و ڕۆژنامەگەر و پارێزەر بوو . لەناو ئەندامەکانی کۆمۆنەدا ( ۱۸ ) بلانکی و ( ۱۲ ) پرۆدۆنی و ( ۱۰ ) پرۆدۆنی چەپ و ( ۱۹ ) دیموکراتی شۆڕشگێڕ بەبێ نا یەعقوبی هەبوون و ( ۳۲ ) ئەندامیش لەئەندامانی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم بوون . بەوجۆرە دەرئەکەوێ کۆمۆنە لەڕوی پێکهاتنی کۆمەڵایەتیەوە نوێنەری کرێکاران و وردەبۆرجوازی بوو .

گرنگی مێژوویی کۆمۆنەی پاریس بریتی بوو لەڕوخاندنی دەوڵەتی بۆرجوازیەت و گۆڕینی بۆ دەوڵەتی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا . چونکە لە ۲۹ ی ئازاردا کۆمۆنە بڕیاری دا سوپای هەمیشەیی هەڵوەشێنێتەوە و بگۆڕدرێ بەپاسەوانی نیشتمانی ، واتە چەکدارکردنی گەل ، لەئەنجامی ئەوەش پۆلیسی بۆرجوازی لەناوبرا . هەروەها کۆمۆنە کنیسەی لەدەوڵەت جیاکردەوەو بڕیاری دا سەروەت و سامانی کەنیسە بگوێزرێتەوە بۆ دەوڵەت . عان بەمانی ئەوانە پرۆسەی بیناکردنی ئۆرگانی دەوڵەتی نوێ : ئۆرگانی دەوڵەتی پرۆلیتاری دەستی پێکرد . سیستەمی دەوڵەتی پرۆلیتاری لەسەر بنچینەی پرنسیپی هەڵبژاردنی هەموو لێپرسراوەکانی بەرپرسیاری و گۆڕینیان و بەڕێوەبردنی بەکۆمەڵ ڕاوەستا بوو . ئەندامانی کۆمۆنەی پاریس پرنسیپی بۆرجوازیەت لەسەر دابەشکردنی دەسەڵاتەکان یان ڕەت ئەکردەوەو وەک یەکێتی دەسەڵاتی یاسادانان و جێ بەجێ کردن خۆی چەسپاند و لەناو ئەندامەکانی خۆیدا ( ۱۰ ) کۆمیتەی پێکهێنا ، لەوانە کۆمیتەی جێ بەجێ کردن ( لەدوایدا گۆڕا بۆ کۆمیتەی ڕزگارکردنی

کۆمەڵایەتی ) کە بەگشتی ڕۆڵی بەڕێوەبردنی مەسەلەکانی ئەبینی ؛ بەو جۆرە ئەندامانی کۆمۆنە نموونەی دیموکراتیەتی ڕاستەقینەیان : دیموکراتیەتی پڕۆلیتاریا ، پێشکەش ئەکرد .

کۆمۆنەی پاریس هەر لە یەکەمین ڕۆژەکانی دامەزراندنیەوە دەستیکرد بەجێ بەجێ کردنی هەنگاوی کۆمەڵایەتی و ئابووری گرنگ . یەکەم هەنگاوی لە بواری بڵاوکردنەوەی ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا هەڵهێنا . چونکە ئەو دامەزراوە پیشەسازیانەی خاوەنەکانیان بەجێیان هێشتبوو ، درانە دەست یەکێتی بە کرێکاریەکان ، ئەوەبوو بەڕێوەبردنی کار لەلایەن کرێکارانەوە لەو دامەزرانەدا دەستی پێکرد و چاودێری کرێکاری لەسەر چاپخانەی نیشتمانی و کارگەی چەك لە لۆڤەر دانرا .

هەروەها کۆمۆنە هەنگاوی بۆ چاك کردنی بارودۆخی فراوانترین توێژە ڕەنجدەرەکانی دانیشتوان هەڵهێنا و بایەخی دا بە پاراستنی کاری کرێکار و کرێ گرتەکان و قەڵاچۆکردنی بێ کاری و نەهێشتنی جیاوازی گەورە لەنێوان کرێ کانیدا . یەکێك لەو بڕیارانەش بریتی بوو لەدیاری کردنی لایەنی زۆری مانگانەی کرێگرتەکانی دەوڵەت بە (٦) هەزار فرەنك لەسالێکدا ، ئەوەش یەکسان بوو بەمانگانەی کرێکارێکی شارەزا . شان بەشانی ئەوەش هەلومەرجی کاری کرێکاران چاك کرا و لایەنی کەمی کرێی زۆرەملێ کارپێکرا و مانگانەی کرێگرتە بچووکەکان زۆرکرا .

هەروەها کۆمۆنە بڕیاری ئەوەی دا ئەرزی کرێ خانووەکان بۆ ماوەیەك دوابخرێت و کرێی خانوی ماوەی نێوان ( یەکی نیسان و یەکی حوزەیرانی ١٨٧١ ) لابرێ و پارەی ڕەهنکراوەکانیش بگێڕدرێتەوە بۆ خانووەکانیان . بڕیاریشی دەرکرد کومپیالە بازرگانیەکان بە قیست و بەماوەی سێ ساڵ بدرێتەوە ، ئەمەش بایەخدان بوو بە بەرژەوەندی ئەو وردە بۆرجوازیانەی مایەپوچی هەڕەشەی لێ ئەکردن .

جگە لەوانە کۆمۆنە هەندێ هەنگاوی لە بواری فێرکردن و ڕۆشنبیری و ڕوناکبیری دا هەڵهێنا . پرۆسەی جیاکردنەوەی قوتابخانە لە کەنیسە دەستی پێ کرد و فێرکردنی سەرەتایی خۆڕایی و زۆرەملێ جێ بە جێ کرا . هەروەها لەماوەی کۆمۆنەی پاریس دا چالاکی ڕێکخراوە دیموکراتیە کۆمەڵایەتیەکان: سەندیکاکان ، یانەکان ، لقەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم و ئەوانی تر لەسەر ئاستێکی فراوان دەستی پێکرد .

ئەندامە جۆراوجۆرەکانی کۆمۆنە ، بەشێوەی جیاواز جێ بەجێ کردنی هەنگاوە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانیان چارەسەر ئەکرد . لە ئەنجامی ئەوە کۆمۆنە دابەشبوو بۆ زۆرایەتی ( بلانکیەکان و یەعقوبیە نوێکان ) و کەمایەتی ( برۆدۆنیەکان ) و ، ناکۆکی دەربارەی مەسەلەی

ناوەندێتی و سنووری دەسەڵات ، ئەلاجۆکردنی شۆڕشی جەواشە ئەوەندە توندوتیژتر بووەوە ، کە " کەمایەتی " لەسەردەمێکدا تا مادەی کۆبوونەوەکانی کۆمۆنە ئەئەبوو . ئەو ناکۆکیانە و نەبوونی ڕوونی بەرامبەر ژمارەیەك مەسەلەی مەبدەئی بۆ گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە ، بووە هۆی سەرهەڵدانی کەم و کوڕی و هەلەی ترسناك لەناو چالاکیەکانی کۆمۆنەدا . بەلام لەگەڵ هەموو ئەو مەسەلانەی سەرەوەشدا شارەزایی کۆمۆنە گرنگترین پەندە بۆ پرۆلیتاریای جیهان و لەچەندین شۆڕشی پاش کۆمۆنەدا بەکارهێنرا بۆ دابین کردنی سەرکەوتنی چینی کرێکار لەخەبات دا بۆ هێنانەدی دەسەلات ، لەوانە شۆڕشی ئۆکتۆبەر . جا با بزانین ئەو پەندانەی کۆمۆنەی پاریس چی بوون .

ئەندامانی کۆمۆنە بوایان دا بەوەی حکومەتی بۆرجوازی لەپاریسەوە هەڵبێ بۆ ئەرسای و هیچ هەنگاوێکی کاریگەرانەیان نەنا بۆ خنکاندنی مۆلگای شۆڕشی جەواشە لەئەرسای و لەکاتی گۆڕەپیدا . مارکس نووسیویەتی : " بەهۆی ویژدانەوە دەرفەتیان لەدەست دا و حەزیان نە ئەکرد شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسێنن ، وەك ئەوەی تیبیری لەرادەبەدەر شێوا و لەڕێگەی هەوڵدانی بۆچوك کردنی خەڵکی پاریس ، شەڕی ناوخۆی هەڵنەگیرساند بێ " . ئەوە بوو بۆرجوازیەتی کۆنەپەرست سوودی لەوە وەرگرت و جارێکی تر هێزەکانی خۆی کۆکردەوە و لەدەرفەتێکی لەباردا جەنگی خوێناوی دژی پاریسی ڕاپەڕیو بەرپاکرد . شارەزایی کۆمۆنەی پاریس ئەوە بیری هەموو شۆڕشگێڕەکان ئەخاتەوە کە ئەبێ خەباتی کاریگەر و خێرا و بێ بەزەییانە دژی شۆڕشی جەواشە بکرێت و لەبێشکەدا گۆڕبکرێت .

ئەندامانی کۆمۆنە پەلەیان کرد لەهەڵبژاردنی کۆمۆنە و دامەزراندنی حکومەتی شۆڕشگێڕی کاتی دا . بۆیە مارکس پەنجەی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کە : " ... کۆمیتەی ناوەندی زۆر زوو وازی لەدەسەلاتەکانی خۆی هێنا ، ئەوەش بۆ ئەوە بوو شوێن بۆ کۆمۆنە خۆش بکات و ، بەهۆی " پاکی " هەتا ڕادەی گومان لێکراوەوە بوو " . ڕەچاوکردنی ئەم پەندەی کۆمۆنە لە ڕۆژگاری ئێستاماندا گرنگیەکی کەمی نیە . وەك ئاشکرایە هەموو دوژمنەکانی دەسەلاتی چینی کرێکار ، کۆمۆنیستەکان بەوە تاوانبار ئەکەن ـ ئەگەر دەسەلاتیان گرتە دەست ـ ئەوا دیموکراتیەت پێشێل ئەکەن ، وە داوای هەڵبژاردنی کتوپڕ ئەکەن بۆ ئەوەی بوار بەکرێکاران نەدەن کاری ڕوونکردنەوە لەناو دانیشتواندا ئەنجام بدەن . بەو جۆرەش مانەوەی لایەنگیرانی ڕژێمی سەرمایەداری و پاڵ پێوەنانیان بۆ دەزگاکانی یاسادانان لەڕێگەی دەنگی ئەو کەسانەوە مسۆگەر ئەکەن ، کەهێشتا لەژێر کاریگەری بۆرجوازیەت و وردەبورجوازیەت ڕزگاریان نەبووە . لێرەشدا

کۆمۆنە هەمیشە ئەوەمان ئەهێنێتەوە یاد کە هەموو پەلەکردنێك لەو جۆرە مەسەلەیەدا خزمەتی دوژمنانی شۆڕش ئەکات.

لەبەر ئەوەی کۆمۆنەی پاریس تەیباری سیاسی جۆراوجۆری تێدا بوو، بۆیە لەبواری جێ بەجێ کردنی سیاسەتی یەکگرتوو و توندوتۆڵدا دچاری گیروگرفت هات. چونکە بۆ نموونە کۆمۆنە لەسەر داواکاری پرۆدۆنیەکان وازی لەوە هێنا دەست بەسەر سەروەت و سامانی بانکی نیشتمانیدا بگرێتەوە لەو کاتەدا کە زۆر پێویستی بە پارە هەبوو تەنیا (٦٥) ملیۆن فرەنکی لەکۆی (٣) ملیار فرەنك لە بانك وەرگرت، کەچی دوژمنانی شۆڕش پارەیەکی زۆریان لە بانك وەرگرت بۆ بەکراچونی پاریس راپەڕیو. ئەم پەندەی شۆڕشگێڕەکانی فەرەنسا بۆ خەباتگێڕانی دژی دەسەڵاتی سەرمایەداری یەکجار گرنگ بوو، ئەوە بوو کۆمۆنیستەکان لە ڕێ ڕەوی شۆڕشە سۆسیالیستەکانی روسیا و وڵاتە دیموکراتیە گەلیەکاندا بەخێرایی و توندوتیژی لقە گرنگەکانی ئابوریان خۆماڵی کردو بۆرجوازیەتیان لە بنکەی مادی دەسەڵاتی خۆی بێبەشکرد.

ئەندامانی کۆمۆنەی پاریس نەیان توانی پەیوەندی لەگەڵ جوتیاران و دانیشتوانی شارەکانی تری فەرەنسا بکەن و، سەرکردایەتی سەربازی کۆمۆنەش هەتا ماوەیەکی دورودرێژ تەکتیکی بەرگری سەلبی پێڕەوی ئەکرد. هەروەها ئەندامانی کۆمۆنە تین و تاوی تەواویان نەبوو بۆ قەلاچۆکردنی دوژمنانی شۆڕش. هەموو ئەو مەسەلانەش تواناى تێکۆشانی کۆمۆنەیان لاواز کرد. ئەم پەندە مەبدەئیەی کۆمۆنە هەر لەکۆنەوە هەتا ئەمڕۆ لە لایەن حیزبە کۆمۆنیستەکانەوە رەچاو ئەکرێ بۆ داڕشتنی ستراتیج و تاکتیکەکانیان. دیراسەکردنی ئەم لایەنەی شارەزایی کۆمۆنە ئەوەمان نیشان ئەدات کە ئەبێ گەشە بە سیاسەتی فراوانترین هاوپەیمانی نێوان چینی کرێکار و توێژە رەنجدەرە ناپرۆلیتاریەکانی دانیشتوان بدەین و هێزە شۆڕشگێڕەکان لە کاتی بڕیاردەردا ببێتە هێرش بەری بەتین و لە سیاسەتی سەرکوتکردنی بەرگری شۆڕشی جەواشەدا خۆڕاگر بین.

لە ٢١ ی ئاباردا هێزەکانی شۆڕشی جەواشە بە پشتگیری و یارمەتی هێزەکانی ئەڵمانیا لە نزیك پاریس جێ گیربوون و هێڵی بەرگری کۆمۆنەیان شکاندو دوای هەفتەیەك بە تەواوی دەستیان گرت بەسەر شارەکەدا. ئەوەی راستی بێ کۆنەپەرستی زۆر بەدڕندانە پاسەوانەکانی کۆمۆنەی پاریسی ئەکوشت. ئەوە بوو (٣٠ ـ ٤٠) هەزاری بێ دادوەری هەڵواسی کە چەندین ژن و منداڵیشی تێدا بوو. سەرهەڵدانی کۆمۆنە لە هەلومەرجێکی ناوخۆیی و دەرەکی نالەباردا، لاوازی فیکری و ڕێکخراوەیی پرۆلیتاریا، نەبوونی هاوپەیمانی لەگەڵ جوتیاراندا، هەڵەکانی لەچالاکی ئەندامانی کۆمۆنەدا

هەواڵنامەی کتێب

دروست بوون ، هەموو ئەوانە بونە هۆی شکستەخواردنی یەکەمین دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا لەمێژوودا .

ئەگەرچی مارکس و ئەنگلز سەرنجیان بۆ هەڵگیرسانی پێش وەختی راپەڕینەکە راکێشا بوو ، بەڵام لەگەڵ ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەمدا بە گەرمی پشتگیریان لەشۆڕشی پرۆلیتاریای فەرەنسا کرد و ، ئەندامانی ئینتەرناسیۆنالیزم وەك فارلین ، فرانکل ، دیمتریێگا و ئەوانی تر رۆڵی گرنگیان لەناو کۆمۆنەدا وەرگرت و بەچالاکانە بەشداری گشت هەنگاوەکانیان کرد و زۆربەیان لەجەنگ و سەنگەردا گیانی خۆیان بەخت کرد . دوو سەرکردەی پرۆلیتاریای جیهانی ، کۆمۆنەی پاریسیان بەکۆرپەی رۆحی ئینتەرناسیۆنالیزم دائەنا ، وەهەموو وزەو شارەزایی خۆیان بۆ یارمەتیدانی ئەندامانی کۆمۆنە خستبوە گەر . مارکس زۆر بەپەرۆشەوە چاودێری گەشەکردنی شۆڕشی ئەکردو ، بەوردی دیراسەی ئەو دەنگ و باسانەی ئەکرد کەلەپاریسەوە پێی ئەگەیشتن . مارکس و ئەنگلز لە مشت و مڕی ناو کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی گشتی دا مانای مەزنی کۆمۆنەیان ئاشکرا ئەکرد .

مارکس و ئەنگلز دوچاری گیروگرفتێکی زۆر هاتن بۆ دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ پاریس دا ، کەکەوتبووە ناو ئەڵقەی گەمارۆدانەوە ، وەلە رێگەی ئامۆژگاری و رەخنەگرتن لەهەڵەکانیانەوە ، یارمەتی کۆمۆنەیان ئەدا . مارکس نامەی بۆ سەرتاسەری دنیا ناردو تیایدا گرنگی رێکخستنی پشتگیری هەمەلایەنی بۆ کۆمۆنە دووبات کردەوە . هەروەها مارکس لەنامەیەکدا بۆ فرانکل و فارلین ، سەرنجی کۆمۆنەی راکێشاوە بۆ هاوکاری و هاوپەیمانی نێوان کۆنەپەرستی فەرەنسا و بروسیا بۆ کپ کردنەوەی کۆمۆنە .

ئەنجامی چالاکی مارکس و ئەنگلز ، بیروراکانی کۆمۆنە توانی لەدرۆ و دەلەسەکانی رۆژنامەگەری بۆرجوازیەت دەرباز بێ و بگاتەناو کرێکارانی وڵاتە جۆراوجۆرەکانەوە . تەنانەت لەرایخستاخی ( پەرلەمان ) ئەڵمانیادا ، ووتوویێژی بیبل ( سەرکردەیەکی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا و ئەندامی رایخستاخ ) دەربارەی داکۆکی کردن لەکۆمۆنە دەنگی ئەدایەوە و بەجۆش وخرۆشەوە ئەیوت : " لەوبڕوایەدا ین کە پرۆلیتاریای ئەورووپا بەگشتی و هەموو ئەوانەی لە دەروونیاندا خۆشەویستی سەربەستی و سەربەخۆیی ئەژی ، چاوەڕوانی پاریس ئەکەن . ئەگەرچی ئەمڕۆ پاریس بگیرێتەوە ، بەڵام ئەوەتان بیر ئەخەمەوە کەخەباتی پاریس تەنیا شەڕێکی زۆر بچوکی ریزەکانی پێشەوەیە ... " . بەهۆی ئەو وتوویێژەوە تاوانی " خیانەتی مەزن " ئاراستەی بیبل کراو خرایە بەندیخانەوە . هەروەها کۆماریبەکانی ئینگلستان و نوێنەری دیموکراتیەت لەجەزائیر لایەنگیری کۆمۆنەیان

کرد و شۆڕشگێڕەکانی ڕوسیا، پۆلۆنیا، مەجەر، ئیتالیا، بەلجیکا
لەسەنگەرەکانی پاریسدا جەنگان .

مارکس و ئەنگلز و لینین زۆر بەقوڵی دیراسەی شارەزایی کۆمۆنەی پاریسیان کرد . ئەوە بوو مارکس لەدوای ئەو ڕوداوە شۆڕشگێڕیانە، یەکێک لەدانراوە مەزنەکانی کۆمۆنیزمی زانستی دانا کە لەحوزەیرانی ١٨٧١ دا بلاوکرایەوە: واتە " شەڕی ناوخۆ لەفەڕەنسا " . وەتیایدا پەندەکانی کۆمۆنەی بلاوکردۆتەوە و بەردەوام بووە لەسەر گەشەپێدانی فێرکاریەکانی ململانێی چینایەتی و شۆڕش و دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا . لینینیش لە دانراوەکانی خۆیدا، بەتایبەتی لەدانراوی " دەوڵەت و شۆڕش " دا شی کردنەوەیەکی قوڵی دەربارەی پەندەکانی کۆمۆنە دەربڕیوە . شارەزایی کۆمۆنەی پاریس، کە لەدانراوەکانی دامەزرێنەرانی مارکسیزم ـ لینینیزم دا باسکراوە، بەشداریەکی گەورەی لەداڕشتنی تیۆری شۆڕشگێڕی پڕۆلیتاریای جیهاندا کرد .

## گرنگی مێژوویی کۆمۆنەی پاریس

تەمەنی یەکەمین دەسەلاتی چینی کرێکار لەمێژودا درێژنەبوو و زوو ڕوخا، چونکە هەموو پێداویستیە بابەتی و خۆییەکان بۆ چەسپاندن و گەشە کردنی ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕی جەماوەری سازونامادە نەببوو . لینین وتەنی: سەرکەوتنی تەواوەتی بەلای کەمەوە پێویستی بەدوو مەرج هەبە: گەشەکردنی جیهانی هێزەکانی بەرهەمهێنان و سازکردنی پڕۆلیتاریا، ئەم دوو مەرجەش سالی ١٨٧١ لەفەڕەنسا لەئارادا نەبوون . ئەمەوەش سەرچاوەی لایەنی لاوازی و هەلە ناسراوەکانی کۆمۆنەیە کە بووە هۆی لەناوچونی . بەلام لەگەل ئەوەشدا کۆمۆنەی پاریس گرنگیەکی مێژوویی گەورەی هەیە . چونکە ڕاستی و زیندوێتی فێرکاریەکانی مارکسیزم دەربارەی پەیامی شۆڕشگێڕی چینی کرێکار و حەتمیەتی گۆڕان بۆ چینێکی بالادەست لەڕێگەی بەدەستهێنانی دەسەلاتی سیاسیەوەی سەلماند . هەروەها کۆمۆنە لەپراکتیکدا چەندین یاسای گرنگی شۆڕشی سۆسیالیستی دەربڕی، وەک: مەسەلەی دەسەلاتی دەوڵەت و فێرکاریەکانی مارکسیزم دەربارەی دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریای لەبواری تیۆرەوە خستە بواری کار پێکردنی شۆڕشگێڕانەوە و بەتاقیکردنەوەی شۆڕشگێڕانە سەلمێنران .

کۆمۆنەی پاریس بەکردەوە ئەوەی سەلماند کە دەوڵەتی پڕۆلیتاری ئەبێ شێوەیەکی نوێی دەوڵەت بێ و خزمەتی چەوسێنەران نەکات، بەلکو لەخزمەتی جەماوەری فراوانی گەلدا بێ، کە لە چەوساندنەوەی سەرمایەداری ڕزگاریان بووە .

سەرنەکەوتنی کۆمۆنەی پاریس جارێکی تر ئەو سەرئەنجامەی دووپات کردەوە، کە مارکس لەسەر بنچینەی شارەزایی شۆڕشی ١٨٤٨ دەربارەی گرنگی هاوپەیمانی پتەوی نێوان چینی کرێکار و جوتیاران بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی سەرکەوتوو، بەدەستی هێنابوو.

کۆمۆنەی پاریس ئەوەی بۆ هەموو جیهان دەرخست کەچینی کرێکار ئەتوانێ نیشتمانپەروەری شۆڕشگێڕانە و ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری پێکەوە کۆبکاتەوە. چونکە سیاسەتی نیشتمانی ڕاستەقینە، سیاسەتی ئینتەرناسیۆنالیزمی قووڵ لەهەمان کاتیدا. هەروەها کۆمۆنە ڕەوتی سەربازانە و جەنگی دەستدرێژکەرانەی ڕیسواکرد و بانگی ڕەنجدەرانی کرد بۆ خەبات کردن لەپێناو کۆماری کۆمەڵایەتی جیهانیدا.

گرنگترین سەرئەنجام کە لە چالاکی ئامێنەرانەی کۆمۆنەو هەڵوکەوت و کورتەکانی دەستمان ئەکەوێ، گرنگی بوونی حیزبی سیاسی شۆڕشگێڕی سەربەخۆی چینی کرێکارە، حیزبێك کە بتوانێ سەرکردایەتی خەباتی چینی کرێکار بکات و بەرەو سەرکەوتنی بەرێت.

هەڵپەرستە ڕاستڕەوو "چەپڕەوەکان" تواناییەکی زۆریان بۆ شێواندنی مێژووی کۆمۆنەی پاریس خستەکار. لادەرە ڕاستڕەوەکان ئەیانەوێ کۆمۆنەی پاریس بەدیاردەیەکی ڕواڵەتی و یاخی بوونێکی ڕێکخراوی وەها بدەنە قەڵەم، کەکوسپ بوو بێ لەڕێگەی گەشەکردنی جوولانەوەی کرێکاری فەرەنسادا. هەڵپەرستە چەپڕەوەکانیش سروشتێکی ڕەها ئەدەن بەشێوەکانی خەباتی چەکداری و لایەنی ئیجابی کۆمۆنەی پاریس تەنیا لەوەدا ئەبینین کە ئەندامەکانی چەکیان هەڵگرت و بۆ بەگژاچوونی بۆرجوازیەتی کۆنە پەرست ڕاپەڕین. ئەم هەڵپەرستانە ئەو واقیعە پشت گوێ ئەخەن کەشەڕی ناوخۆ لەلایەن بۆرجوازیەتەوە سەپێنرابوو بەسەر کرێکارانی پاریسدا.

مەسەلەی کۆمۆنەی پاریس جێی بایەخ پێدانی هەموو کۆمۆنیستەکانە. لینین ئەڵێ: "هەتا ئێستاش لەناخی هەریەکێکماندا ئەژی"، چونکە "مەسەلەی شۆڕشی کۆمەڵایەتیە، مەسەلەی ڕزگاری سیاسی و ئابووری تەواوی ڕەنجدەرانە، مەسەلەی پرۆلیتاریای جیهانە بەگشتی. بۆیە مەسەلەیەکی ئەمرە".

حیزبە کۆمۆنیستەکان و گشت پێشکەوتنخوازەکانی جیهان، جارێکی تر گرنگی چەسپاوی کۆمۆنەی پاریسیان لەبیرەوەری سەدساڵەیدا دووپات کردەوە. گۆڤاری "مەسەلەکانی ئاشتی و سۆسیالیزم" بەڵە براغ کۆنگرەیەکی تیۆری جیهانی پێکهێنا بۆ ئەو ڕووداوە مێژوویە. لـــــــ



هەواڵنامەی کتێب

ڕۆژەکانی ئاهەنگی ئەو بیرەوەرییەدا ، باس لە ڕۆڵی دیاری کۆمۆنەی پاریس لە مێژووی جیهاندا کراو ، بە قوڵی گرنگترین پەندەکانی شیکرایەوە . دۆگلۆ ، سەرکردەی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسا و جوڵانەوەی کۆمۆنیستی جیهانی نووسیویەتی : " یەکەمین پەند کە پێویستە چینی کرێکار لە شارەزایی پڕ شانازی کۆمۆنەی پاریس هەڵی هێنجێ ، گرنگی مسۆگەرکردنی هەبوون و گەشەکردنی ئەو حیزبەیە کە لە هەموو شوێنێک پرنسیپەکانی مارکسیزم - لێنینیزم وەرئەگرێ و فێرکارییەکانی مارکس و ئەنگلز و لینین تێ ئەگات و ئەتوانێ بیان باتە ناو ڕیزەکانی چینی کرێکار و جەماوەری فراوانی گەلەوە " .

هەروەها پەند و سەرئەنجامە هەڵهێنجراوەکانی تری کۆمۆنەی پاریس گرنگی تایبەتی خۆیان هەیە ، لەوانە : گرنگی شۆڕشی سۆسیالیستی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا ، هاوکاری نێوان پرۆلیتاریا و جەماوەری ڕەنجدەری تر و جوتیاران و توێژە ناوەنجییەکانی تری دانیشتوان ، بوار نەدان بە ڕاڕایی هەڵپەرستانە ، پتەوی و خۆڕاگری و بەتین لە خەباتی دژی شۆڕشی چەواشەدا . جگە لەوانە بڵاوکردنەوەی شارەزایی کۆمۆنە بووە هۆی پتەوبوونی ڕیزەکانی جوڵانەوەی کۆمۆنیستی لەسەر بنچینەی پرنسیپەکانی مارکسیزم - لێنینیزم و ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریا .

## ئینتەرناسیونالیزمی یەکەم دوای کۆمۆنەی پاریس
## گرنگی مێژوویی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم

دوای سەرکوتکردنی دڕندانەی کۆمۆنەی پاریس ، پۆلیس کەوتە گەڕان بەدوای ئینتەرناسیۆنالیزم و گشت ڕێکخراوەکانی چینی کرێکاراندا . مارکس و ئەنگلز لە هەلومەرجی هەڵمەتی ژەهراوی درۆهەڵبەستنی بۆ ئینتەرناسیۆنالیزم دا ، وەک جاران لە سەرکردایەتی جوڵانەوەی کرێکاری ئەورووپا و جیهاندا مانەوە . ئەرکە سەرەکییەکانی ئەو کاتە بریتی بوون :

پتەوکردنی یەکێتی جیهانی چینی کرێکار ، دەستکردن بە ڕێکخستنی حیزبە سیاسیە نیشتمانیەکان ، سوود وەرگرتن لە وانەکانی کۆمۆنە بۆ چالاکی جوڵانەوەی کرێکاری . ئەوانە ئەو مەسەلانە بوون کە لە کۆنگرەی ئینتەرناسیۆنالیزم دا لە لەندەن ( ١٨٧١ ) جێی مشت و مڕ و لێکۆڵینەوە بوون .

بەرهەمی سەرەکی کارەکانی کۆنگرەکە بریتی بوو لە بڕیارێک " دەربارەی کاری سیاسی چینی کرێکار " . ئەو بڕیارە سەرلەنوێ گرنگی یەکخستنی هێزی پرۆلیتاری دووپات کردەوە ، چونکە کۆڵەکەیە بۆ " خەبات دژی دەسەڵاتی سیاسی خاوەن زەوییە گەورەکان و سەرمایەدارەکان "

هەواڵنامەی کتێب

هەروەها بڕیارەکە هەوڵدانی باکوونینەکانی بۆ دورخستنەوەی کرێکاران لە خەباتی ڕێکخراوی سیاسی ڕیسواکرد . لێرەشدا ئەو بەشە تایبەتییەی بڕیارەکە کە لە مەسەلەی دامەزراندنی حیزبە سیاسیە نیشتمانییە سەربەخۆکانی پرۆلیتاریا و ڕۆڵی لە جوڵانەوەی کرێکاریدا ئەدوێ ، گرنگییەکی گەورەی هەیە .

بڕیارەکانی کۆنگرەی لەندەن کە دژی گۆشەگیری نوسرابوو ، یارمەتی پتەوبوونی یەکێتی و ڕێکخستنی چینی کرێکاریاندا . ئەو بڕیارانە پرنسیپەکانی دیسپلینی حیزبی و ناوەندێتی دیموکراسییان بۆ ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم دووپات کردەوە ، هەوڵدانەکانی شۆڕشگێڕە ئانارشیستە وردەبۆرجوازییەکانیان ڕەتکردەوە ، کە ئەیان ویست خۆیان لە بەرپرسیاری بەرامبەر چینی کرێکاری جیهان دەربازبکەن .

دوای کۆنگرەی لەندەن ، باکوونینیە ئانارشیستەکان ، هێرشەکانی خۆیان لەسەر مارکس و ئەنگلز و ئەنجومەنی گشتی ئینتەرناسیۆنالیزم توندوتیژکرد و چەندین تەیاری دژ بە مارکسیزم لەگەڵ باکوونینیەکاندا یەکیان گرت بۆ دژایەتیکردنی ئینتەرناسیۆنالیزم و ، دوا بەدوای ئەوانەش باکوونینیەکان " کۆنگرەی خۆیان " لە سویسرا بەست و سەربەخۆیی تەواوی خۆیان لە لقەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم ڕاگەیاند .

کۆنگرەی پێنجەمی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم لە لاهای ، بە ململانێی یەکی توندوتیژ لەگەڵ باکوونینیەکاندا ئەچوە ڕێوە ، ئەو کۆنگرەیەی کە بڕیارەکانی بەرهەمی بنچینەیی کاری کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی لە ماوەی هەشت ساڵدا دەرخست . نزیکەی (٧٠) نوێنەر لەو کۆنگرەیەدا ئامادە بوون ، لەوانە نوێنەرانی لقەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم لە ئینگلستان ، فەرەنسا ، ئەڵمانیا ، بەلجیکا ، دانیمارک ، هۆڵەندا ، سویسرا ، ئیسپانیا ، مەجەر ، نەمسا ، ئەمەریکا . ئەوەش مانای گەرمی چالاکی ئینتەرناسیۆنالیزم بوو کە لق و یەکێتییەکانی هەزاران ئەندامیان هەبوو .

ئەنجامی چالاکییە مەزنەکانی مارکس و ئەنگلز و لایەنگیرەکانیان هەموو هەوڵدانەکانی باکوونینیەکان بۆ دەستگرتن بەسەر سەرکردایەتی ئینتەرناسیۆنالیزم دا هەڵوەشێنرایەوە . ئەوەبوو ئینتەرناسیۆنالیزم چالاکی پارچەپارچەکردن خوازی باکوونینیەکانی تاوانبارکرد، چونکە لەگەڵ ئەرک و ئامانجەکانی جوڵانەوەی کرێکاری جیهانی دا نەئەگونجان و لە ئەنجامدا سەرکردە باکوونینیەکان لە ئینتەرناسیۆنالیزم دەرکران . وەک دەرئەکەوێ مارکسیەکان لەو کۆنگرەیەدا توانیان سەرکەوتنی فیکری و ڕێکخراوەیی بەسەر تیۆرەکانی پێش مارکس: سۆسیالیزمی تەوباوی، بەدەستهێنن و

لەسەر داواکاری مارکس لە دوای کۆنگرەکە نیویۆرك بووە شوێنی نیشتەجێی ئەنجومەنی گشتی . ئەوەی ڕاستی بێ چالاکیەکانی کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی پاش کۆنگرەی لاهای دوایی پێ هات ، چونکە لەو کاتەوە ئیتر کۆمەڵە وردە وردە ڕۆڵی خۆی وەك ڕێکخراوی جیهانی چینی کرێکار لە دەست دا ، بۆیە لە ساڵی ١٨٧٦ دا ئینتەرناسیۆنالیزم هەڵوەشێنرایەوە . هۆی ئەو هەڵوەشاندنەوەیەش ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم ئەوکاتە ئەرکی مێژوویی خۆی تەواو کردبوو و زەبری لە شێوەکانی سۆسیالیزمی پێش مارکسیزم وەشاندبوو ، وە سەرکەوتنی گرنگترین پرنسیپەکانی کۆمۆنیزمی زانستی لە جوڵانەوەی ڕێکخراوی کرێکاریدا مسۆگەر کردبوو . باروودۆخی مێژوویی نوێی پاش کۆمۆنەی پاریس ( واتە گەڕانی هێزە کۆنەپەرستەکانی جیهان بە دوای ئەندامانی ئینتەرناسیۆنالیزم لە لایەکەوە و گرنگی گواستنەوەی بۆ شێوەی ڕێکخراوەیی نوێی چینی کرێکاری جیهان و دامەزراندنی حیزبە کرێکاریەکان لە هەر یەکێك لە وڵاتەکاندا لە لایەکی ترەوە ) وای لە سەرکردەکانی ئینتەرناسیۆنالیزم کرد بگەنە ئەو ئەنجامەی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم هەڵوەشێننەوە . بەڵام ئەو هەڵوەشاندنەوەیە مانای وازهێنان نەبوو لە پرنسیپەکانی هاوکاری پرۆلیتاریای جیهان ، بەڵکو مارکس لەم بارەیەوە بۆ " زۆرگە " ی نووسیبوە : " ڕووداوەکان و گەشەکردنی حەتمی و ئاڵۆزی بارودۆخەکە ، ئەوانە هەموو وای پێویست ئەکرد ئینتەرناسیۆنالیزم بە شێوەیەکی چاکتر بژێنرێتەوە " .

سەرهەڵدان و چالاکیەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم ، گەشەکردنێکی چونیەتی بوو لە ڕێڕەوی خەباتی پرۆلیتاریادا . چونکە لە کاتێکدا جوڵانەوەی پرۆلیتاری پێش شەستەکانی سەدەی نۆزدەهەم بە قۆناغی خۆرسکی دا تێ پەڕی و لە ڕووی فیکری و سیاسیەوە هێشتا پرش و بڵاوبوو ، ئینتەرناسیۆنالیزم هات و یارمەتی گەشەکردنی خەباتی ڕێکخراو و هوشیارانەی پرۆلیتاریای دا و پێداویستیەکانی تێکەڵ کردنی سۆسیالیزم و جوڵانەوەی جەماوەری پرۆلیتاریای ساز و ئامادە کرد .

ئینتەرناسیونالیزم باوەڕ بە خۆبوونی پرۆلیتاریای جیهانی پتەو کرد . چونکە کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی لە کاتی ڕابەرکردنی جوڵانەوەی پرۆلیتاریای جیهانی دا ، هەتا ڕادەیەکی بڕیاردەر یارمەتی ئەوەی ئەدا چینی کرێکار لەسەر ئاستێکی فراوان و وەك هێزی پێشڕەوی سەردەمی خۆی بچێتە پێشەوە . لێرەدا ئەنجومەنی گشتی پەنجەی بۆئەوە ڕاکێشاوە کە " ئینتەرناسیۆنالیزم بە درێژایی دە ساڵ دەستی گرتبوو بەسەر هەموو لایەنێك لە لایەنەکانی مێژووی ئەوروپادا ، ئەو لایەنانەی داهاتووی تیادا

بەدی نەکرا ... " .

ئەنجامی چالاکی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم ، بۆ یەکەم جار پەیوەندی پتەوی هاوکاری و یارمەتی خوازانە لەنێوان جولانەوەی کرێکاری وولاتە جۆراوجۆرەکانی دنیادا دروست بوو . چونکە ئەو ڕێکخراوە کرێکاریانەی ئەو وولاتانە کەسەریان هەڵدابوو لەڕیزەکانی کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانیدا یەکیان کرت . ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم پەیوەندی هەبوو بەجولانەوە کرێکاریەکانی ئینگلستان ، فەرەنسا ، ئەلمانیا ، سویسرا ، بەلجیکا ، نەمسا ، مەجەر ، ڕوسیا ، وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ، هوڵەندە ، دانیمارك ، ئیسپانیا ، پۆرتوگال ، ئیتالیا ، مەغریب ، بولگاریا و ڕومانیاوە . هەروەها ئینتەرناسیۆنالیزم دوولقی لەئەرجەنتین و مەکسیك هەبوو ، ئەندامەکانی لەبەرازیل و ئۆرگوای و ئیلیش کاریان ئەکرد . مارکس بۆ یەکێك لە سۆسیالیستەکانی ڕۆمانیای نوسیوە : " سیاسەتی ئینتەرناسیۆنالیستانەی هاوبەش بۆتە شتێکی گرنگ " . جگە لەوە ئینتەرناسیۆنالیزم توانی بەرە بەپەیوەندی فراوانی نێوان کرێکارانی وولاتە جۆراوجۆرەکان بدات و هەست و مری بە کۆمەڵ و پرنسیپی پێرەوی کردنی هێڵی بۆکۆمەڵ بریاردان و جێ بەجێ بکات . ئەنجامی خەباتی کۆمەڵەی کرێکارانی جیهانی ، پرنسیپەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریا توانی بەناخی جولانەوەی کرێکاریدا بچێتە خوارەوە و ببێتە سەرچاوەی هێزو پێویستی هەبوونی ئەو . لێنین ووتەنی : ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم بنچینەکانی خەباتی پرۆلیتاریا و تێکۆشانی جیهانی لەپێناو سۆسیالیزم دا چەسپاند ، بۆیە لەمێژووی خەباتی کرێکاری بۆ هێنانەدی ڕزگاری بەنەمری ئەمێنێتەوە .

هەروەها ئینتەرناسیۆنالیزم گرنگیەکی کەمی نەبوو لە پتەوکردنی ناوکی سەرکردەو ڕێکخەرو ئایدیۆلۆگ و پرۆپاگەندەکەرو نووسەر و بوێژەکاندا و لەهەموو ئاستە جۆربەجۆرەکانی خەباتی جیهانیەتی پرۆلیتاریادا . ئەوە بوو زۆربەیان لەدوایدا بوونە سەرکردەی پرۆلیتاریی ڕاستەقینەی جولانەوەی سۆسیالیستی جەماوەری . لەناو ئەو کۆمەڵە مەزنەدا کە بیروباوەڕی سۆسیالیزمی زانستیان بۆنا و جەماوەری فراوانی ڕەنجدەران ئەبرد ، بیبل و بیکر و فارلین و لۆبۆن و ڕۆگە و لافارگ و لیبکنخت و فرانکل و لیسنەر و نوێنەرە نەمرەکانی وولاتە جۆراوجۆرەکان ڕۆڵێکی ئابیەتیان ئەبینی .

پێش دامەزراندنی ئینتەرناسیۆنالی یەکەم ، مارکسیزم تەنیا یەکێك بوو لەتەیارە جۆراوجۆرەکانی سۆسیالیزم . بەڵام ئەنجامی چالاکی ئینتەرناسیۆنالیزم ئاتاری مارکس سەرکەوتنی گەورەی بەسەر شێوە

جۆرا وجۆرەکانی سۆسیالیزمی وردە بورجوازی دا بەدەستهێنا و تەنانەت مەسەلەی سەرکەوتنی مارکسیزم لەجوڵانەوەی کرێکاری دا لەنیوەتی سەدەی نۆزدەهەمدا بووە واقیعێك .

شایانی باسە بەلای داهەزرێنەرانی کۆمۆنیزمی زانستیەوە سەرکردایەتیکردنی چالاکی کۆمەلەی کرێکارانی جیهانی ، سەرچاوەی بەردەوامی گەشەپێدانی تیۆری مارکسیزم بوو . ئەنگلز وتەنی ، ژیانی مارکس بەبێ ئینتەرناسیۆنالیزم وەك " موسێلەی بێ نقیم وەهایە " . بلیمەتی تیۆری مارکس و ئەنگلز و تێکەلاوبوونی ئەوان بەکاری رێکخراوەیی بێ سنوور بۆ گەشەپێدانی ستراتیج و تاکتیکی جوڵانەوەی پرۆلیتاری ، تیۆری مارکسیزمیان بەرزکردەوە بۆ ئاستێکی نوێی گرنجا و لەگەڵ پێداویستیە مێژوویەکانی سەردەم دا .

چالاکی ئینتەرناسیونالیزم و رۆلی گرنگی جوڵانەوەی پرۆلیتاریای جیهانی دووچاری شێواندن و مێژووی ئایدیۆلۆگەکانی بۆرجوازیەت و ریفۆرمیزم بووەوە. نووسەرە بۆرجوازیە هارچەرخەکانی دژ بە کۆمۆنیزم لایەنی بێ دەنگی ئەگرن ، یان لەبابە و رۆلی مارکسیزم لە مێژووی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم دا سروشتی حینایەتی شۆرشگێرانەی ئەو رێکخراوە و بنچینەی بابەتی ململانێی نەبیارە جۆرا وجۆرەکانی ناوی ، گرنگی مێژوویی جیهانی کەم ئەکەنەوە . هەروەها لەرۆلی مارکس لە ئینتەرناسیۆنالیزمدا کەم ئەکەنەوە و سروشتی دیموکراتیانەی گشتی چالاکیەکەی دووپات ئەکەنەوە و هەوڵ ئەدەن ململانێ کانی مارکس و ئەنگلز بەشەری کەسێتی بدەنە ئەلەم و رەوتی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریای ئەوان بەسوك سەیرکردنی بەرژەوەندی هەندێ نەتەوە نیشان بدەن.

بەلام هیچ ساختەکردن و شێواندنێك ناتوانێ لەگرنگی مێژوویی جیهانی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم کەم بکاتەوە . چونکە ئەو سەد و چەند سالەی بەسەر دامەزراندنی ئەودا تێ پەڕیوە ، هێزی بەگردەوەی مەزنی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریای دەرخست ، کە ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم بناغەی بۆ دانا بوو . ئەمرۆش مارکسیە - لینینیەکان چاکترین نەریتەکانی کۆمەلەی کرێکارانی جیهانی بەرێز ئەگرن ، ئەوەتا لە بابەتەکانی پەیمانگای مارکسی - لینینی سەر بەکۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی سۆڤیێتی دا ، لەبابەتی " سەدسالەی ئینتەرناسیۆنالیزمی یەکەم " دا ئەوە هاتووە : " ئەمرۆ بەتایبەتی پرنسیپە شۆڕشگێڕیەکانی ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاریا ، کەکۆمەلەی کرێکارانی جیهانی ڕای گەیاند ، گرنگیەکی زیندوو و گەورەیان هەیە . جێ بەجێ کردنی ئەو پرنسیپانەش مەرجێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی کۆمۆنیزم " .

# کۆڕێك لە نەمسا

لە ماوەی نێوان ١-١٢ ی ئەیلولی ئەمساڵدا ، کۆمیتەی بەڕێوەبردنی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن کۆڕێکی فراوان و چەندین کۆبونەوەی چەند قۆلّی لە نەمسا ( شاری ڤیەنا ) سازکرد بۆ باسکردنی ئەو هەلومەرجەی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتنی تیّدا دامەزرا و ئەو ئاقارە فیکریەی کە گۆڤاری " یەکگرتن " پێڕەوی دەکات .

لە کۆڕە فراوانەکەدا ، کە چەندین کوردی پێشکەوتنخوازی پارچە داگیرکراوەکانی کوردستان بەشداریان تیّدا کرد ، پاش باسکردنی مەبەستەکانی بنکە ، گفتوگۆ و مشت ومڕێکی زۆر لەنێوان ئامادەبوان و سەرپەرشتی کەرانی کۆڕدا سازکرا ، هەموو ڕاستیەکان بۆ ئامادەبوان دەرخرا ، تێبینی و پێشنیار و ڕەخنەکانی هەموو لایەك ڕەچاوکرا وبڕیار لە کارەکانی داهاتووی بنکە و گۆڤاری " یەکگرتن " دا سودیان لێ وەربگیرێ . لە کۆبونەوە چەند قۆلّیەکانیشدا هەمان ئەو مەسەلانەی پێشو لەگەلّ هەلومەرجی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کوردستان و چەپە شۆڕشگێڕەکان باسکران و پەیوەندی و هاوکاری یەکتر برپاردرا .

ئێمە سوپاسی هەموو ئامادەبوانی کۆڕەکە دەکەین و ڕێزی یارمەتی هەموو ئەو دۆستانە دەگرین،کە یارمەتی سازکردن و سەرکەوتنی کۆڕەکە و کۆبونەوەکانیان دا و بەلّێن بۆ هەموو لایەکیان دوپات دەکەینەوە هەمیشە جێی ڕەزامەندی مرۆڤە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان بین و بەردەوام هەولّ بدەین بۆ ئەوەی بنکەی ڕۆشنبیری یەکگرتن ببێتە مەلّبەندی کۆبونەوەی مرۆڤە چەپ و پێشکەوتنخوازەکان و گۆڤاری " یەکگرتن " بکەینە تریبۆنێکی ئازاد و نەترس بۆ دەربڕینی بیروڕای ئازاد ، زانستی ، دیموکراتی ، پێشکەوتنخواز ...هتد . جا ئاواتەخوازین بتوانین ئەم بەلّێنە جێبەجێ بکەین و هیوادارین هەموولایەك هاوکاریمان لەگەلّدا بکەن بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو ئاواتە .

داوای لێبوردن دەکەین بۆ دواکەوتنی دەرچونی ئەم ژمارەیەی گۆڤاری " یەکگرتن " . ئەوەی شایانی باسە دواکەوتنەکە دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ هۆی هونەری و سەرقالّی دەستەی نوسەران بە هەندێ چالاکی بنکەی ڕۆشنبیریی یەکگرتنەوە لە ئەوروپا . هەروەها سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە لە بەشی پاشکۆی" ئەدەب و هونەر"دا جێی ژمارەی لاپەڕەکان لەڕوی هونەریەوە هەلّەیە و لەکاتی مونتاج دا ڕوی داوە و لەکاتی ڕاکێشانیدا دەرکی پێکراوە بۆیە هیواداریین بمان بەخشن .

پاشکۆی
ئەدەب
و
هونەر

# یەکگرتن

ژمارە ٤ تشرینی ٢ / ٩٨٧

بابەتەکان:

* ئەدیب و دەروەستی
* کەلچەری کوردی لە دوورەولاتی دا
* گیژەن : تیا بزرکردنی بنەمایەکی بنچینەیی هونەر
* شێرکۆ بێکەس : ڕوخساری شاعیرانەی تێکوشانی گەلەکەمان
* زیندانی سێ
* نەبێژن مەچ ژنێیە ؟!
* وتارێک
* چوار پارچە شیعر
* سەرچۆپی
* ڕامانێک

ئەدەب

# ئەدیب و دەروەستی

— وەباوکی هەریار

ئەدیب ئەو مرۆڤەیە کە فورسایی ئەرك و پەیامی ئەدەب دەکەوێتە سەر شانی و ، لەبەرامبەری ئەو مرۆڤانە وەستاون کە خاوەنی ویست و توانای کارپێکردنی ئەوجۆرە چالاکیەنین ، لەم بوارەدا پێویستە ئەوەی خاوەنی تێڕوانین وهوشیاری و توانا و ئیرادە بێ ، خاوەنی توانای بەکارهێنانی خامەش بێت . تێڕوانینی ئەدیب بەشێکە لە فیکرو زەوق و هەڵبژاردنی خۆی و بە پرۆسەیەکی تاکێتی کۆمەڵایەتی دا تێ دەپەڕێ و ، ئەندێشەی خۆیی ڕۆڵی تایبەتی لە دروستکردنی داهێنان و جوانکاریەکانی دا دەبینێ . ئەم تێڕوانینە یاخود توانای هەڵبژاردن و ڕیزکردنە ، یارمەتی ئەدیب دەدات ئەو بابەتانە هەڵبژێرێ کە دەبەوێ سەرلەنوێ و بە شێوەیەکی نموونەیی ترو پڕ ماناترو کامڵ تر دا یان بڕێژێتەوە . چونکە ئەدیب ئەندێشەی تایبەتی خۆی سەر دەکات و هەموو داهێنانێکی ، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکانی ژیان و گێڕانەوە و پەیوەندیەکانی بە قوڵایی ناخی خۆیەوە و بەستنەوەی هەموو شتێك بە ژیانی کۆمەڵایەتی جوارەوە و خۆیەوە . هەر ئەم کۆششەیە ئەدیب لە خەڵکی تر جیا دەکاتەوە و بەرهەمی ئەو کۆششەشە نرخ و پایەی تایبەتی بۆ دروست دەکەن لە کۆمەڵگادا .

ئەدیب یاخود هونەرمەند بۆ هێنانەدی بەرهەمەکانی خۆی ، پەنا دەباتە بەر ئەو ئامراز و تەکنیکە هونەریانەی لە سەردەمەکەیدا پەیدا دەکرێ ، واتە هەوڵ دەدات دا بەشکردنی کارو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ئەو سەردەمە بکا ڕیەێنێ کە تیایدا دەژی . بەڵام لەهەمان کاتدا بە شێوەیەکی تەنگنەزەرانە خۆی بەو مەسەلەیەوە نابەستێتەوە ، بەڵکو هەوڵ دەدات بازیان بەسەردا بدات و جێ یان بهێڵێ . هەر لەبەر ئەوەشە

دەبینین لەهەمان ئەوکاتەدا کەکرێکاران لەئەنجامی دابەشکردنی کار ، دوچاری کۆسپ و تەگەرەی لەوجۆرە دەبن جوڵەیان کەم دەکاتەوە ، ئەدیب یاخود هونەرمەند هەوڵ دەدات ناوەڕۆکی گشتی ژیان و چالاکیە کۆمەڵایەتیەکانی سەردەمی خۆی هەڵبهێنجێ . لێرەشدا لەبەر ئەوەی ئەدیب خاوەنی هەست و سۆزێکی ناسك و هوشیاری و تێڕوانینێکی چالاکانەیە ، بۆیە بەپێویست بەشداری لەکاری چینی کۆمەڵایەتی سەردەمەکەی خۆیدا دەکات و بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتیش بەشداری لەو کارەدا کردووە .

خودێتی ئەدیب لەوەدانیە خاوەنی تاقیکردنەوەیەکە کەلەبنچینەدا لەگەڵ ئەوەی ئەوەکانی سەردەمەکەیدا یان کۆمەڵەکەیدا جیاوازە . بەڵکو زیاتر لەوەدایەکە توندو تیژترو هەستترە ، ڕوونترە لەهەستکردن و هوشیاریدا و ، دەبێ بەوجۆرە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بدۆزێتەوە ، کەخەڵکی هەستیان پێ بکەن و تێیان بگەن . ئەنانەت ئەو ئەدیبانەی بەزەتیش هەست بەخودێتیان دەکرێ ، هەر لەبەرژەوەندی کۆمەڵدا کاردەکەن . چونکە تەنیا باسکردنی ئەو هەست و سۆز و ڕووداوانەی لەوەو پێش کەس دەرکی پێ نەکردون ، مانای ئەوەیە ئەدیب لەخودی گۆشەگیر و تەنیایی خۆیەوە بەرەو کۆمەڵچووە و یارمەتی ئەوەیداوە خەڵکی لەڕێگەی کەسێتی و خودێتی ئەوەوە لەکۆمەڵ بگەن . بەوجۆرە ئەدیب هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئەدەبەکەیەوە ئەو شتانە بۆ خەڵکی دەربخات ، کەلەوانی جیا دەکاتەوە ، واتە جیهانی ئەندێشە و ئێش و ئازار و خۆشەویستی کە تەنیا خۆی بەدەستیەوە دەناڵێنێ و تەنیا خۆیشی خاوەنی ئەو هوشیاری و ئامرازەیەکە بەهۆیانەوە دەتوانێ دەریان بڕێ . لێرەشدا هەموو ڕووداوێکی تایبەتی یان گشتی ، دەبێتە پەنجەرەیەك و ئەدیب لە بەردەمی جیهاندا دەیخاتە سەر گازی پشت . بەو پێیە ئەدیبی داهێنەر بە شێوەیەکی تایبەتی بەدەست پێداویستی و ویست و ئامانجی دەوڵەمەندەوە دەناڵێنێ و دژی هۆکانی ئەو هەژاریە خەبات دەکات ، کەبەدرێژایی مێژوو ڕێگەیان لەدەوڵەمەندبوون و گەشەکردن گرتووە ، ئەگەرچی هەندێجاریش خەباتەکەی شێوەی ئالۆز و نادیاری لەبەرامبەر لەناوبردنی ناوەڕۆك هەڵگرتووە . بەواتایەکی تر ئەدیب دەربڕی هەستی مرۆڤایەتیە بۆ دەوڵەمەند بوونی مرۆڤ ، چونکە هەژاری و بێ دەرەتانی و چەوساندنەوە ئەو مەسەلەیە لەبەردەمی توانا و ئاسۆی مرۆڤدا ئیفلیج دەکات . هەروەها بەرەنگاربونەوەی ئەدیب بۆ چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرداری ئەو توانا و ئاسۆیەی لەلا فراوانتر دەکات .

بێگومان بازدانێکی چونایەتی لەنێوان چەمکی خودێتی و هێنانەدی

بابەتیانەدا هەیە، بەڵام ئەو بازدانە مانای دابڕانی ناژیرانەی نێوان دوو ڕاستی میتافیزیکی یانەنییە، بەڵکو مانای نزیکبوونەوەی ئەو خودێتی یە یە لەناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و لەساتێکی دیاریکراودا.

شێوەی هەڵبژاردنی بابەت لەلایەن ئەدیبەوە گرێدراوە بە پێکهاتنی کەسێتی ئەدیبەکە خۆیەوە و ئەدیب ناتوانێ لەڕووی یەکێتی و دەوڵەمەندیەوە لەواقیعی بەکردەوە بکات و ڕەفتاری لەگەڵدا بکات، ئەگەر لە ڕ[illegible] ئاقاری گەشەکردنی نەگەیشتبێ. واتە بابەتێتی هەمیشەیی، ئەنجامێکی گرنگە و نەبێ هەتا ڕادەیەکی زۆر زیانی تایبەتی ئەدیب و تاقیکردنەوەکانی وەک مرۆڤ و هونەرمەند لایەنێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی دیاریکراو دەربخات، وە دەبێ هەموو ئەمانەی خۆی لەگەڵ ئەوکاتە کۆمەڵایەتی و مێژووییەوگەشەکردنی دا گرێبدات. لێرەشدا هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی یا خود هونەری نییە بتوانی بە شێوەیەکی گونجاو واقیع ڕوون بکاتەوە، ئەگەر نەیتوانی ئەرمەیەکی دیاریکراو ئاراستەکراو بۆ ئامانجێکی دیاریکراو بنوێنێ. ئەو مەسەلەیەش بەپێی کات و کەسایەتی جیاواز لەڕێگەی شێوە و شێوازی جۆراوجۆرەوە خۆی دەردەبڕێ.

پێویستە ئەدیب لە ئامانج و ئاراتەکانەوە بێ هەڵگرێ، چونکە بەبێ ئەوە وێنەکانی وەک زنجیرەیەکی کاتی و دوور لە هەڵبژاردنی ڕاستی لێ دێت. بۆئەوەی بتوانێ بنووسێ و مەسەلەکانی ئاخۆ خۆی دەربڕێ، دەبێ ئەو وشانە بەکاربهێنێ کە خەڵکی لەگەڵیاندا ئاشنان و تێ یان دەگەن. بەو جۆرە هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی دەتوانێ لەڕێگەی وێنە و وشە و ئیقاعەوە پەیوەندی نێوان بیروڕا و هەست و سۆز لە ئاخنیاندا دروست بکات و بیرو ڕاو هەستی وەهامان لەلا دروست بکات، کە دەبنە هۆی گۆڕانکردنمان بۆ وەرگرتنی هەڵوێستی دژایەتی یان لایەنگیری بەرامبەر مەسەلەیەکی دیاریکراو. بەو جۆرە ئەدەب لایەنی کۆمەڵایەتی و لایەنی خودێتی دەبینێت، چونکە ڕێگەی بابەتێتی ئەدەب بەناو بازی بوون بەخودێتی ئەدیبدا تێدەپەڕێ. بەو پێیەش ئاوێنەی مرۆڤی کۆمەڵایەتی و مرۆڤی تاک لە بەردەمی ئەدیبدا قوت دەبێتەوە، هەندێ جار دەربڕی ئەوەی یەکەم دەبێ و هەندێ جاریش ئەوەی دووەم. لێرەشدا بۆ ئەوەی ئەدیب بتوانێ ڕێبازێکی ڕاست بۆخۆی بدۆزێتەوە، دەبێ باوەڕی بە پیرۆزی ئەو مەسەلانە هەبێ کە ژیانی خودی تاک و خودی کۆمەڵایەتی دا یان دەهێنێ. لەو بڕوا هەبوونەشدا کاتێ ئەدیب ڕوودەکاتە جەماوەر و خوێنەرانی خۆی، نەتاودرا وە مەرجیەکانەوە دەست پێ ناکات. چونکە ئەگەر ئەو نەیتوانی شتێک لەناو خوێنەرانی خۆی دا بجوڵێنێ کە سەربەخۆ بێ لە سیستەمی ویست و هەڵچوون و حەزە تایبەتییەکان و ڕووداوە دووبارەکراوەکانی ڕۆژکاری ئەوا ئەدەبەکەی دەبێتە ئەدەبی بێ پڕ

پاگەندە و ڕوخاندن و چەسپاندنی هوشیاری ساختە و تێکەڵاوبوون لەگەڵ خەون و خودی خەیاڵاوی و تەنیا ڕواڵەتی مرۆڤ دەردەخات. بلیخانۆف لەم بارەیەوە نووسیویەتی: " ئەگەر هونەرمەند خۆی لەهەژان و پێکدادانەکانی ژیان دوورخستەوە و چارەڕوانی کات و هەژان و پێکدادانی تری کرد، ئەوا لەما بەپرچی زیاتر هیچی دەست ناکەوێ چونکە هەر کات و شوێنێك خەمێك و کاری تایبەتی خۆی هەیە و لەهەلومەرجی کۆمەڵایەتی جیاوازدا هەست و سۆزی جیاوازی دەبێ. بۆیە پێویستە لەو ڕوانگەیەوە سەیری مەسەلەکە نەکرێ کەدەبێ ببێ، بەڵکو لەو ڕوانگەیەوە سەیری بکرێ کەهەبووە و ئێستا هەیە ". ئینجا بلیخانۆف درێژە بەقسەکانی خۆی دەدات و دەڵێ " هەر چۆنێك بێ، دەتوانین بەدڵنیاییەوە بڵێین کەلێهاتوویی هەموو هونەرمەندێکی ڕاستەقینە زیاتر دەبێ، ئەگەر بتوانێ بیروڕا پێشکەوتنخوازیە باوەکانی سەردەمی خۆی هەڵگرێ و لەقوڵایی ناخی دا جێ گیربن و بشتوانێ وەك هونەرمەندێکی ڕاستەقینە دەریان ببڕێ ".

بەو جۆرە بۆمان دەردەکەوێ ئەدیبی ڕاستەقینە هەوڵ دەدات لەڕێگەی بەخشینی کەرامەتی گەورەترەوە بەمرۆڤ، ڕێگای چاکتری ژیان نیشان بدات. ئەوەش بۆ هەموو ئەو کاتانە ڕاستە کەئەدیب تیایاندا دەربڕی وێنەی کۆمەڵی پێگەیشتوو هیوای کۆمەڵێکی نوێ بوون. بۆیە دەتوانین بڵێین وشەی " فێرکردن " و " پەروەردەکردن " دوو وشەی جیاوەنین بۆ ناولێنانی ئەدیب، چونکە ئەگەر ئەدیب توانی بەسەر هونەرەکەی خۆیدا بشکێ، ئەوا دەتوانێ زۆرتر لەو دوو وشەیە پێشکەش بکات.

* * *

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەدیبەکان بەپێی شێوەی کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان ڕەفتاریان کردووە و هەڵوێستەکانیان لەلایەن ئەو کۆمەڵگایانەو جۆری جەماوەری خوێنەرو داواکاری کۆمەڵایەتیەوە کاریان تێ کراوە، بەڵام هەمیشە زۆربەیان وەك ویژدانی کۆمەڵەکانی خۆیان ماونەتەوە. ڕێبازی ئەدیب ئەوەیە ببێتە ویژدان، لێرەشدا هەتا ئەدیبەکە داهێنەرتربێ، زیاتر دەتوانێ لەکارەکانی خۆیدا ڕەچاوی ویژدان بکات، واتە ڕەچاوی دەنگی ناڕامی و دوودڵی بکات. یەکێکی تر لەئەرکە سەرەکیە زۆروزەبەندەکانی ئەدیب ئەوەیە مرۆڤ بێت و بەك چرکەش ئەوە لەیادنەکات چونکە بەیامی ئەدەب وئەدیب ئەوەبە ببنە ویژدانی سەردەمەکەی خۆیان.

سەرهەڵدانی ئەدەب لەبەر ئەوە نەبووە مرۆڤێکی بەهرەوەر هاتۆتە دنیاوە بۆ گێڕانەوەی سەرگوزشتە، یان مرۆڤێکی داهێنەر دەستی کردوە

بەنووسینی نامیلکە بۆ خەڵکی . بەڵکو ئەدەب وەکو هونەر لەئەنجامی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆحی مرۆڤایەتی هاتووەتە ئاراوەو شان بەشانی دەربڕینی بیروڕا بەرامبەر جیهان ، داهێنانیشی هێناوەتە ئاراوە . بۆ نموونە شاعیرێکی زیرەك و هەست و سۆز ناسکی وەك ڕەسول حەمزاتۆف ورنویەتی گەلەکەی ، ئەویش ڕۆمیۆجولیەتی تایبەتی خۆی هەبووە ، بەڵام لەبەر ئەوەی شکسپیریکیان نەبووە ، بۆیە دنیا هیچی دەربارەی ئەو مەسەلەیە نەبیستووە .

بۆ ئەوەی ئەدیب بتوانێ داهێنانی ئەمر بهێنێتە ئاراوە ، پێویستە لەڕێگەی بەرهەمێکی مرۆڤانەوە ئەوە دەربڕێ کە: سەرەکی و ناسەرەکیە ، تراجیدی و کومیدیەو ، بەر شێوەیە ئەنجامی بدات کە وێنەکانی لەلایەن ڕێڕەوی مێژووەوە دوپات بکرێتەوە . هەر لەبەر ئەو هۆیەشە دەبینین زۆرکەم ئەبێ پیری بەی بە بەرهەمەکانی هەندێ ئەدیب نەبردووە . لێرەشدا هۆی هێنانە بەرهەمی نموونەیەکی ئەمر لەلایەن نووسەرێکەوە ناگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نووسەرەکە بایەخی بەرووداوە ڕۆژانەکان داوە ، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی نووسەرەکە توانیویەتی لەڕێگەی دیاریکردنی ئامانجێکی بەرزەوە باز بەسەر ئەو ڕووداوانەدا بدات و جێ یان بهێڵێ . لەدایکبوونی بەرهەمی ئەمر گرێ دراوە بەتێڕوانینەوە بۆ جیهان . تێڕوانینێکی بنا ریسکراو و دینامیکی لەو جۆرەی کە بتوانێ شوێن پەنجەیەك بەسەر مێژووەوە بەجێ بهێڵێ . شان بەشانی ئەوە هەندێ نووسەر هەبوون ئەگەرچی بەرهەمیان زۆر بووەو توانیویانە وەسفی لایەنەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ بکەن ، بەڵام نەیان توانیوە یەك نموونەی ئەمر جێ بهێڵن .

هەڵوێستی ئەدیب هەمیشە لەنێوان لایەنگیری کردن و ڕەتکردنەوەی واقیعی کۆمەڵگا و سەردەمەکەی خۆیدا دەخولێتەوە ، بۆیە کارێکی هەڵەیە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەدیبەکان بۆ واقیعی کۆمەلایەتی و مێژوویی لە بەك تای ئەرازوودا دابنێین . چونکە لەوانەیە ئەو ڕەتکردنەوەیە ڕوت بێ ، لەوانەیە دیاریکراو بێ ، لەواتەشە لەئەنجامی بێ توانایی ئەدیب بۆ دەرك کردن بەتۆنا غێکی نوێی گەشەکردن یان دیاریکردنی قوڵی ڕەوشتێکی کۆنەپەرستی ماوەیەکی دیاریکراو هاتبێتە ئاراوە . وەك دەستوورێکی گشتی هەمیشە ڕەتکردنەوەی ڕوت و بێ توانایی بۆ دەرکردنی ڕاست و دروست تەبا بوون ، ڕەتکردنەوەی دیاریکراو و تێڕوانینی ڕاست و دروست بۆ پاشکەوتوویی ماوەیەکی دیاریکراو تەبا و جووت بوون ، بەڵام ئەمە یاسایەکی گشتی چەسپیو نەبووە .

بەدوای یەکهاتنی شاکارەکانی ئەدەب لەڕێڕەوی ژیانی مرۆڤایەتی دا دوو مەسەلەی گرنگی خستۆتە بەردەمی ئەدیبەکان : یەکەم مەسەلەی



هەواڵنامەی کتێب

داواکاری کۆمەڵایەتی ، دووەم مەسەلەی هوشیاری. دەربارەی مەسەلەی یەکەم ڕوو بە ڕووی چەمکێکی بەناوبانگ دەبینەوە ، ئەویش بریتیە لەوەی داواکاریەکی جوانکاری کۆمەڵایەتی لە ئەدەبدا هەیە . بۆیە لەلایەکەوە دەبینین چینە دەسەڵاتدارەکان بەهۆی کاریگەری خۆیان لە ڕێگەی سەروەت و سامانەوە ، سروشتی تایبەتی خۆیان بەداواکاریە کۆمەڵایەتیەکە بەخشیووە و لەلایەکی تریشەوە دەبینین زۆربەی شاعیر و چیرۆکنووسە گەورەکان بەرهەمەکانیان بۆ ئەو جەماوەرە هێناوەتە ئاراوە کەچاوەڕوانی دەکەن و لەبری پاداشتی دەدەنێ . بەوجۆرە " داواکاری " جوانکاری بنچینەیە بۆ بیناکردنی کۆمەڵایەتی و سروشتێکی تایبەتی دەبەستێ و پێویستی بەجۆرێکی تایبەتی ڕەزامەندی و ڕازیکردن دەبێ . هەروەها " داواکاری " خۆی دەخزێنێتە ناو ناوەڕۆکی پراکتیکی ئەدەبەوە ، ئەمەش لەبەر ئەوەیەکە : ١ - ئەو داواکاریە ، داواکاریەکی ئابوریە و لەلایەن " کۆمەڵێک بەرخۆرەوە " دەربڕاوە کەپەیوەندیان بەچین و توێژی دیاریکراوەوە هەیە و خاوەنی توانای کڕینن . ٢ - ئەو داواکاریە وەك داواکاریەکی فیکری و ئایدیۆلۆجی مانای گرنگی دەربڕین و وێنە گرتنی نموونەکانە . ئەمەش داواکاریەکی جوانکاریە ، بەڵام لە بنەڕەتدا پەیوەستبە ئابوریەکان جیانا کرێتەوە . لێرەدا پێویستە بەنجە بۆ ئەوە ڕابکێشین کەئەو داواکاریە هەتا ڕادەیەکی زۆر ناوەڕۆك و شێوەی ئەدەبی دیاری کردوە و لەناو کۆمەڵگاشدا " زەوق " ی جۆراوجۆر و ئاقاری جیاجیا هەبووە کە لەلایەن کۆمەڵێکی دیاریکراو و چین و توێژی دیاریکراوەوە دەربڕاوە. دەربارەی مەسەلەی دووەم : مەسەلەی هوشیاری ، ئەوەی ڕاستی بێ سەردەمە گەورەکانی هونەر و ئەدەب ، چەندین ئەدیب و هونەرمەندی مەزنیان هێناوەتە ئاراوە ، بەڵام زۆربەی ئەوانە لەڕابردوودا لە بارودۆخێکی ناهوشیاری دیاریکراودا ژیاون ، یان " لە بارودۆخێکی هوشیاری دیاریکراودا ژیاون " و زۆربەی داهێنەرەکان بەتەواوی لە چیاکێشەکانی خۆیان و هۆکانی سەرکەوتن و ژێرکەوتنی خۆیان نەگەیشتبون و بێ ئاگایانە کاریان دەکرد . لەم بوارەشدا نەریتی قوتابخانەیەك یان ئایدیۆلۆجیەتێ " داواکاریەکی " دیاریکراو و پشتگیری دەکردن . بەڵام ئەمڕۆ کە پێمان ناوەتە سەردەمی هوشیاریەوە : هوشیاری کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی ، ئەو بارودۆخەی ڕابردوو لەئارادا نەماوە ، چونکە بەتێڕوانینی ئەو جۆرە هوشیاریە جیهان وەك خۆی دەبینرێ ئەمە لەلایەك ، لەلایەکی تریشەوە دەبینین ئەو هوشیاریە بۆ کەسێك دەسازێ کە بەرامبەر جیهان دەوەستێ و وەك خۆی دەیبینێ و لەڕێگەی ئامرازی تایبەتیەوە هەوڵ بۆ تێگەیشتن و گۆڕینی دەدات . لێرەدا دەتوانین

ئەوە بلێین کە ژیانی مرۆڤ ئامرازێکە بۆ گۆڕینی مرۆڤ بۆ مرۆڤێکی هوشیارو و ئامرازێکیشە بۆ پەرەپێدانی ئەو هوشیاریە . هەروەها هەبوونی مرۆڤ جوڵانێکە ئەو توانایە دەردەبڕێ کە بەپێی چەمکی گشتی ژیانی ئەو دیاری دەکەن . لەمەش ئەو نیشانەیە هەڵ دەهێنجین کە مرۆڤ لەگیان لەبەرەکانی تر جیادەکاتەوە ، ئەویش بریتیە لە سەربەستی و توانای بەرپەچ دانەوەی واقیع و کارتێکردنی بەپێی چەمکی گشتی دیاریکراو . جا لەبەر ئەوەی هەموو گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی کە کاردەکاتە سەر ئەو بارودۆخە ، پرنسیپێکی نوێ دەسەپێنێ ، بۆیە دەردەستی مێژوو مانای دەروەستی مرۆڤە بەگۆڕینی هەمیشەیی ئەو پرنسیپانەی بۆ هێنانەدی یەکگرتن و شێلگیری هەلومەرجی خۆیان بەکاریان دەهێنن ، بەواتایەکی تر ئاقاری هەستپێکراو لە مێژوودا بارودۆخی گشتی مرۆڤ لە پەیوەندیەکی ناهوشیارانەی خۆڕسکی لەگەڵ ژیاندا دەگۆڕێ بەهەڵوێستێکی هوشیارانەی وەها کە مرۆڤ تیایدا کۆششێکی بەردەوام بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەریدا دەکات و وردەوردە ژیان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی پلان و نەخشەی هوشیارانەی ڕێژەی کۆمەڵایەتی سیاسیەوە .

بەو جۆرە مەبەستی ڕیفۆرمی هوشیارانەو قوڵایی و هەمە لایەنیەکەی دیاردەیەکە لەگەڵ مێژوودا پەرەدەستێنێ . ئەمەش مانای ئەوە نیە کۆمەڵگاکانی ڕابردوو ئەو مەبەستەیان بەخۆوە نەدیوە ، بەڵکو لەو کۆمەڵگایانەدا ئەو مەبەستە لەشێوەی ڕەفتاری ڕۆحی وەها دا بووە ، کە هەوڵی داوە تێڕوانینی ڕەفتاری ڕۆحی ی مرۆڤ بۆ جیهان بگۆڕێ و لە ئەنجامی ئەوەش پێکهاتنی دەروونی خۆیان بەرامبەر جیهان گۆڕیوە . بەڵام لە مێژووی مرۆڤایەتی دا ، مەبەستی ڕاشکاو بۆ گۆڕینی واقیع هەتا سەردەمی نوێ مەسەلەیەکی ڕوون و ئاشکرا نەبووە و بەشێوەیەکی تەوباویانە دەربارەی ژیان و کۆمەڵگای نوێ ، دەستی پێکردوە . قبوڵ کردنی مێژوو وەک جوڵانەوەیەک کە هوشیاری مرۆڤایەتی چڕدەکاتەوەو زاخاوی دەداتەوە ، مانای تاک دەدات بەسۆزەوە بەرەو ڕووی مێژوو و جیهان بڕوات و تیایدا تاک خودی خۆی دەدۆزێتەوە ، لەبەرەنگاربوونەوەی هەڵنایەت ، پەنا نابات بەرئەفسانەو ڕامانی لەو جۆرەی کە هوشیاری سڕدەکات وەهەبوونی ساختەدەکات . ئەوەش هەست و زەینی تاک پێکەوە گرێ دەدات و یەکێتی یەکی گشتی پێ دەبەخشێ ، چونکە ئاستی هۆشیاری فراوان دەکاتەوەو ڕادەی بەرز دەکاتەوە مانایەک دەدات بەمێژوو و یارمەتی مرۆڤ دەدات بالادەستی تیادا بەدەست بهێنێ .

بەو جۆرە دەروەستی بەواتا قووڵەکەی بریتی دەبێت لە کۆتەنجامی فرمانی کۆمەڵایەتی ئەدەب و ئەو هوشیاریەی بەدرێژایی ڕۆژگار کامڵ

بوەو لەرەوشت و تێڕوانین و مەیلی هوشیارانەی ئەدیبەوە هەڵقوڵاوە. هەر لەبەر ئەوەشە دەروەستی بریتی دەبێت لەپراکتیکێک لەرێگەی ئەو سەربەستیەوە کەدەزانێ پێویستیەکی هوشیارانەیە.

ئارنیست فیشەر لەم بوارەدا نووسیویەتی: "ئەدیب یاخود هونەرمەند پەیامێکی کۆمەڵایەتی دوولایەنی هەیە: پەیامێکی ڕاستەوخۆ کەهار یان یەکێتی یان یەکێك لەدەستە کۆمەڵایەتیەکان دەی سەپێنن، پەیامێکی ناڕاستەوخۆ لەتاقیکردنەوە یەك هەڵقوڵاوەکەلەناخی هوشیاری کۆمەڵایەتی خۆیەوە هاتووە. لێرەشدا مەرج نیە ئەو دوو پەیامە جووت و تەبابن. چونکە ئەگەر ناکۆکی نێوان ئەو دوانە زیادی کرد، ئەوا نیشانەی ئەوەیە ناکۆکیەکانی ناو ئەو کۆمەڵە پەرەی سەندوە، بەلام ئەو ئەدیب و هونەرمەندەی پەیوەندی بەکۆمەڵێکی خۆگرتووەوە هەیە و سەر بەئەو چینەیە کەهێشتا نەبوەتە کۆسپ لەبەردەمی گەشەکردندا، هەست بەوە ناکات سەربەستی لێ زەوت کراوەو ڕێگە لەو کۆمەڵە بابەتە نەگیراوە کەپێویستە ئاوریان لێ بداتەوە.

لەسەردەمی هاوسەنگی دا وادەردەکەوێت کۆمەڵ لەیەکێتی یەکی تۆکمەدایە و بەرژەوەندیەکی دیاریکراو وەك بەرژەوەندی کۆمەڵ بەگشتی خۆی دەنوێنێ، ئەدیب و هونەرمەندیش لەبارودۆخێکی خەیاڵ پەلاوی سیحراوی دا کاردەکات و پێشبینی ئەوە دەکات کۆمەڵێکی نوێ بەیەکجاری هەموو ئەوەکان بگرێتە خۆی. بەلام کاتێ خەیاڵ پلاوی ئەو پێشبینیە دەردەکەوێ و یەکێتیە ڕواڵەتیەکەی هەڵدەوەشێتەوە، وەکاتێ خەباتی چینایەتی توندوتیژ دەبێتەوە و ناکۆکی و چەوساندنەوەکانی بارودۆخی نوێ، جۆرێك لەناڕامی توندوتیژ دەهێننە ئاراوە، ئالەو کاتەدا بارودۆخی هونەرو ئەدەب، هونەرمەندو ئەدیبەکان ئالۆزترو گرانتر دەبێت".

شێوە و سروشتی کۆمەڵگاکان، شێوە و سروشتی دەروەستی دیاری دەکەن. جیاوازیەکی چینایەتی لەنێوان ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە کەملململانێی دوژمنکاری کۆڵی کردوە و ئەو کۆمەڵگایانەی ئەو ململانێ یەی لەناوبردووە یان خەریکە لەناوی دەبات. لێرەشدا هەڵوێستی ئەدیبەکان لەو کۆمەڵگا جۆراوجۆرانەدا جیاوازیەکی بنەڕەتی لەنێوانیاندا هەیە، ئەوە مانای ئەوەنی یە سروشت و ئەرك و ڕۆڵی ئەدەب گۆڕانی بنەڕەتیان بەسەردا هاتووە.

بارودۆخی ئەدیبەکان لەکۆمەڵگایەکی چینایەتی دا، لەنێوان دوو لایەندا دەخولێتەوە. چونکە بارودۆخی ئیجابی لەواقیعی کۆمەڵایەتی دا بەردەوام نابی و ئەدیبە دڵسۆزەکان هەست بەکەم ز کوری و هەڵەی

نوێ دەکەن و دەبنە دوژمنی ئەو هێزە کۆنخوازانەی دەیانەوێ ئەو هاوسەنگیە گۆڕاوە بپارێزن وە ئەدیبەکان دەکەونە ململانێ وە لەگەڵ ئەو مەسەلە دواکەوتوانەدا و خەبات دەکەن بۆ کۆمەڵێکی کامڵترو پێشکەوتووترو بەختەوەرتر . هەر ئەم تێڕوانینەش بوو وای لە کۆڵنگوود کرد ئەو ڕۆڵە بەوجۆرە پێناسە بکات : " پێویستە لەسەر هونەرمەند خاوەنی سروش بێ ، ئەمەش بەو مانایە نەکە پێش بینی هەبێ بۆ هەموو ئەو مەسەلانەی ڕوو دەدەن یان دێنە پێشەوە ، بەڵکو بەو مانایەی هەموو نهێنیە عاراوەکانی ناخی خۆی بۆ جەماوەرەکەی دەربخات و ئەرکی سەر شانیەتی وەك هونەرمەند پڕبەدەمی خۆی و بێ بۆڵەوخوتە قسە بکات . لیرەشدا مەبەست دەرخستنی نهێنیەکانی دڵی مرۆڤ نی یە ، وەك تیۆری تاکێتی دەیەوێ دەری بخات . بەڵکو مەبەست قسەکردنی هونەرمەندە بە ناوی ئەو جەماوەرەوە کە لە نێوانیاندا دەژی ، چونکە نهێنیەکانی کۆمەڵ ئەوەیە کە دەبێ باسیان لێ وە بکرێ . هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کۆمەڵ پێویستی پێی هەیە و هەر کۆمەڵێك ئەم ئامرازەی لەدەست بچێ ، خۆی هەڵدەخەڵەتێنێ و دوچاری ئەو نەفامیە دەبێ کە وەك مردن وایە . لیرەشدا شاعیر لە ڕێگەی ڕاچێتەی دکتۆرەوە چارەسەری ئەو نەفامیە ناکات ، بەڵکو لە ڕێگەی سیحرەکەیەوە . هونەر ئەو ئامرازەیە کە کۆمەڵ لەو نەخۆشیە پڕمەترسیە ڕزگار دەکات کە پێی دەوترێ ( بۆگەنی ویژدان ) " .

هەتا ڕادەیەکی زۆر ڕۆڵ و دەروەستی ئەدیب لەو بارودۆخەدا ڕەخنە گرانە دەبێت . ئەوانەیە ئەو ڕەخنەیە ڕێگەیەك بێت بۆ بەشداری کردن لە گۆڕینی ئەو بارودۆخی مەنگی و پارچە پارچەبێی کۆمەڵ بە دەستیانەوە دەناڵێنێ . لێرەشدا ئەدیب لە جیهانێك دەدوێ کۆتایی پێ هاتووە و یەکێك دەردەخات کە تازە دەست پێ دەکات . چونکە ئەو ئەدیبەی کە لە مەنگی کۆمەڵەکەی و ڕەوی هەڵتووبی دامەزراوەکانی یاخی بووە ، باوەڕی بە گۆڕانی بەردەوام هەیە . لەم بوارەشدا ئەو ئەدیبە جگە لە بەهرەی نوسین و داهێنان ، پێویستی بە هەستێکی ڕەوشتیی نموونەیی هەیە . چونکە دەبێ ئەدیب لەو کۆمەڵگابەدا کە نەریتەکانی تیا پێشێل کراوە و مرۆڤی تیا بەند کراوە ، مرۆڤەکان بدات بۆ یاخی بوون و خۆشی لە ڕێگەی دەرخستنی ئەو ڕاستی و واقیعانەوە کە دەسەڵاتدارەکان و چینی بالادەست دەی شارنەوە ، ببێتە دەربڕی ئەو یاخی بوونە . ئەمەش وای پێویست دەکات ئەدیب نووسین بکاتە ئامرازی بەرەوڕەدەکردنی وەها کە ئامادە نەبێ ببێتە خزمەتکاری شێوازی دواکەوتوو و سەرەتایی و کۆنخوازی لەوجۆرەی لە مرۆڤایەتی و کەرامەتی مرۆڤ کەم دەکەنەوە و ویستی مان و گۆڕان و گەشە کردن و دەوڵەمەندی ژیان لەناو دەبات . ئەو ڕۆڵ و دەروەستیەش

ئەوەیە کەبەهرەی نووسینی دەوڵەمەند دەدات بەئەدیب بۆئەوەی بتوانێ بیبێتە قسەکەرێکی ڕەوان بەناوی ئەو ویست و پێداویستیە قەدەغە کراوانەی بەبێ ئەوان دەروەستی نهێنی و شاراوەدەبێ. هەرچی چۆنێك بێ ئەگەر هونەرمەند یاخود ئەدیب ویستی ئەرکە کۆمەلایەتیەکانی سەرشانی خۆی هوشیارانەوبەهەستێکی ڕاستگۆیانەوە جێ بەجێ بکات، دەبێ ئەوەی لە لا ڕوون بێ کەواقیع لەگۆڕاندایە و خۆیشی هەوڵ بدات بۆ هێنانەدی ئەو گۆڕانکاریانە. لێرەمەدا کاتێك هونەرمەند یان ئەدیب وێنەیەك دەربارەی کۆمەڵ پێشکەش دەکات، ئەوا بەو کارە ڕاستی خۆی نیشان دەدات. لەم بارەشدا یان دەبێ بەرامبەری بێ دەنگ بێ و دان بەخۆدا بگرێ، یان دەبێ هەوڵ بدات بۆ گۆڕینی، بەپێی ئەو ڕاستیەش ڕۆڵ و کاریگەری ئەدیب بەوە دەپێورێ تا چ ڕادەیەك دەتوانێ یارمەتی کۆمەڵ بدات لەخۆی بگات. چونکە هەر ئەو مەسەلەیە دەبێتە هۆی ئەوەی بتوانێ هەڵوێستی خۆی بەرامبەر ئەو توێژ و لایەنانە دیاری بکات کە لەبەرژەوەندیاندایە باروودۆخی بسار و وەستاو بەردەوام بێ.

لەم جۆرە کۆمەڵگا کۆنەوازو دواکەوتوانەدا، ئەشێ دەوڵەت بیبێتە ئەو لایەنەی لەهەموو کەسێك زیاتر ئامادە بێ بۆ کارپێکردنی ڕۆڵی هاندەر لە دژی ڕۆشنبیری بەگشتی و ئەدەبیاتیش بەتایبەتی. چونکە زۆر مەبەستیەتی ئەدەب و ئەدیب لەبواری بڕۆپاگەندەی خۆیدا بخاتەگەڕ و زیاتر بایەخ بەو شێوەی بەرهەمە ئەدەبیەکان دەدات نەك ناوەڕۆك وە هەوڵ دەدات شێوە بپارێزێ و ناوەڕۆك بخاتە ژێر چاودێریەوە و پێ بەندی بکات.

بلیخانۆف نووسیویەتی: "کاتێك دەسەڵاتی سیاسی بایەخ بەهونەر دەدات، زیاتر هانی هونەری براگماتیکی دەدات. ئەمەش شتێکی لۆژیکی یە چونکە بەرژەوەندی ئەو دەسەڵاتە لەوەدایە هەموو پارەوەکان لەخزمەتی ئەو مەسەلەیەدا بخاتەگەڕ کەسود بەخۆی دەگەیەنێ. جا لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی هەندێجار شۆڕشگێڕ دەبێ و زۆرجار کۆنەپەرست دەبێ بۆیە هەڵەیە بەو شێوەیە بیربکەینەوە کەبیرو بۆچونی براگماتیکی دەربارەی ئەدەب تەنیا لای شۆڕشگێڕەکان و ئەوانە بەدی دەکرێ، کە بەشێوەیەکی گشتی عادەتی بیروڕایەکی پێشکەوتنخوازانەن".

بەو پێیە دوو هێز هەن کاردەکەنە سەر ئەدەب، ئەوانەش بریتین لە: لاسایی کردنەوەو ڕەتکردنەوە. دەسەڵاتدارەکانی هەندێ دەوڵەت لە ڕابردو و ئەمڕۆشدا، هەمیشە سودیان لەهێزی یەکەم: لاسایی کردنەوە، وەرگرتووە و بەشێوەیەکی خۆڕسکیانە یان هوشیارانە هانی لاسایی کردنەوەیان لەئەدەبدا داوە و ئەو شێوە کۆنانەیان پاراستووە، کە یارمەتی مانەوەی دەسەڵاتی ئەوان دەدات، وە دەرکیان بەوە کردووە

هەواڵنامەی کتێب

دەتوانن لەو ڕێگەیەوە ئەو ئەرستە زەینیانە "عقلیّانە" بخەنە مێشکی خەڵکیەوە کە ئەو جۆرە ئەدەبەی لەسەر بنیات کراوە. مەبەستیشیان لەو کارە دۆزینەوەی بەهانەیەوانایی بە "معنوي" بۆ ئەو دەسەڵاتەی لەواقیعێکی وەستاوی مەیودا کاریان بۆ دەکرد. چونکە ئەوە ئەو مەسەلانەیە ئەیسەپێنن بەسەر ئەدیبەکاندا خزمەتی دەسەڵاتی کەسێتی و پایە و باڵادەستی ئەوان بکەن. لەبەرامبەر ئەو هەوڵانەشدا ئەدیبەکانی تر لەناو جوڵانەوەی ئۆپۆزسیۆنی دژی ئەو دەسەڵاتدا ڕانەدا، خۆیان بەناوەڕۆکەوە دەبەستنەوە وپێڕەوی ئەو شێوازانە دەکەن کە دژی شێوازە کۆنەکانن. لێرەشدا ناوەڕۆك و دەربڕین پێکەوە گرێ دەدرێن و ئیرادەی گۆڕین و نوێکردنەوە دەردەبڕن.

* * *

وەك لەوانەی پێشوە بۆمان دەردەکەوێ، ئایدیای دەروەستی تەنیا لەم سەردەمەدا سەری هەڵنەداوە و لەدایکبوونی چەمکێکی دیاریکراو یان تیۆرێکی سیاسی دەستنیشان کراویش نیە، وەك هەندی لێی دەدوێن. بەڵکو دیاردەیەکە پەیوەندی بەپەرەسەندنی هوشیاری ئەدیبەوە هەیە. بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە دەروەستی بەو ڕونیەی ئێستا بووە یان ئەو تیۆر و بیروڕایانەی سروشتی کۆمەڵگاکانیان دەرخستووە، باسیان لە مانا و گرنگی ئەو نەکردوە. ئایدیای دەروەستی گرێ دراوە بەبیروڕای پێشکەتنخوازی و سۆسیالیستیەوە و بۆتە بەشێك لەبەرهەمەکانی ئەو.

لێرەدا خوێنەر بۆی هەیە بپرسێ ئەو پرسیارە: دەروەستی، چۆن کاردەکات و لەکۆمەڵگا نوێکاندا: کۆمەڵگای پێشکەتنخوازو سۆسیالیستی، بەچ شێوەیەك کاردەکات؟ هەروەها مافی ئەوەی هەیە بپرسێ: چۆن هەر دوو تای تاکی داهێنەر و دامەزراوەکان و دەسەڵات یەکسان دەبن؟ چۆن هاوسەنگی لەنێوان تاك و کۆمەڵدا دەپارێزرێ؟ چۆن چارەسەری ناکۆکی نێوان هاندەری بزوێنەر ناخی ئەدیب و ڕۆتینی پراکتیکی ڕۆژانە دەکرێت؟ ئایا دەروەستی ئەدیب بەنەریتە بەرزەکانی کۆمەڵەکەیەوە، مانای ئەوەیە خۆبەخۆ و وەك ئەوەی لەتەوباریەتدا هەیە، بەتەواوی دێتەدی؟!.

ئەدیبی دەروەست کەخۆی بەنەریتە بەرزەکانی کۆمەڵی سۆسیالیستی یان پێشکەوتنخوازیەوە دەبەستێتەوە، دەروەستیەکەی خۆی لەگەڵ ڕێڕەوی واقیعی کۆمەڵایەتی داگرێ دەدات. ئەنجامی ئەوەش ئەوە هەڵ ئەهێنێن کەهەموو دیاردەیەکی نموونەیی بابەتی یان خۆیی، توخمێك دروست دەکات کەدەتوانێ تەکان بەگەشەکردن بدات و هانی بدات، یان

دوای بخات و بێ وەستێنێ. بەپێی ئەوەش ئەو ئەدیبەی بەهەموو توانا و بەهرەو باوەڕی خۆیەوە بەشداری دەکات لەدروستکردنی ژیان و جوانی نوێدا و ئەوە دەردەبڕێ کە لەناخی دا هەیە، نەك ئەوەی لێی چاوەڕوان دەکرێ دەری بڕێ. بەڵام لێرەدا هیچ ناکۆکیەك نیە لەنێوان ئەوەی لەناخی دا هەیەو ئەوەی لەخزمەتی کۆمەڵدایە. بەڵکو بەتەواوەتی تێهێنی کارە هونەریەکەی لەخزمەتی ئەودا دەبێ.

ئەوەی عابانی باسە فەیلەسوف و ئایدیۆلۆگە سۆسیالیستیەکان هیچ کاتێك هەوڵی ئەوەیان نەداوە یاسابۆ هونەرو ئەدەب دابنێن و دەست بگرن بەسەر ویژدانی هونەرمەند و ئەدیبەکاندا. بەڵکو هەمیشە لایەنگیری ئەدیبە شۆڕشگێڕەکانیان کردوەو ئامۆژگاریان کردون و هەوڵیان داوە ویژدان وهەست وسۆزیان بجوڵێنن، بەڵام هیچ کاتێك کاریان بۆ ئەوەنەکردوە سروشتی ئەوان کپ بکەنەوە و دەستکاری سەربەستیان بکەن.

هەواڵنامەی کتێب

لینین لەبواری سەربەستی ئەدەب دا نوسیویەتی: "ئێمە نامانەوێ ئەدیب تەنیا لەدەسەڵاتی پۆلیس ڕزگار بکەین، بەڵکو دەمانەوێ لەدەسەڵاتی سەرمایە و کۆت و زنجیری پیشەش ڕزگاری بکەین. سەرەرای ئەوەش دەمانەوێ لەخودی ئەنارشیستانەی خۆیشی ڕزگاری بکەین"

پراکتیکی شۆڕشگێڕی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی وای پێویست دەکات کۆمەڵگا سۆسیالیستی و پێشکەوتنخوازەکان چاوێك بەئاقیکردنەوەکانی خۆیاندا بخشێنن و دەسکەوتەکانی خۆیان هەڵسەنگێنن. ئەمەش تەنها لەبەر ڕۆشنایی دیدی مارکسیزم بۆ هونەر و ئەدەب مەیسەر نابێ، بەڵکو لەبۆتەی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاوانەی وورده بۆرجوازیش بۆی هەڵ دەبەستن. بۆیە پێویستە بەچڕی و لەرێگەی پەیوەندی دیالیکتیکانەی نێوان دەروەستی و سەربەستی یەوە باس لەو مەسەلەیە بکرێ.

کاتێك هونەرمەند یاخود ئەدیب "لۆژیکی" دەبێت، ئەوا دەتوانێ ڕۆڵی خۆی لەگەشەکردنی کۆمەلایەتی دا ببینێ. بەڵام کاتێك دەبێتە کۆسپ لەبەردەمی گۆڕانکاری حەتمی و ویژدانی مرۆڤایەتی و تەمێك لەبەردەمی بینینی ڕاستەقینەی ناکۆکیەکانی واقیع دا، ئەوا دەبێتە ئامرازێك بە دەست کۆنەپەرستیەوە. پەنابردنە بەر زەبن ڕوونی ناکێتی لەبواری دیاریکردنی سروشتی کاری هونەری و ئەدەبی دا، مانای دابڕانە لە هەموو شتێکی مێژوویی ئەو سەردەمەی دەبێتە هۆی هێنانەدی پڕ مەترسی ترین وەرچەرخان لەچارەنوسی مرۆڤایەتی دا. واتە دەروەستی: بە تەنگەوەهاتنی ئەدیب بۆ بەکارهێنانی ئاقیکردنەوەی نیشتمانەکەی (بەو شێوەیەی گەل تیایدا دەژی) لەبەرهەمە هونەریەکانی خۆی دا.

نموونەیەکە لەبواری هەموو مەسەلە جەماوەرییەکاندا جێ بەجێ دەکرێ و زیندوێتی ناوەڕۆکی ئەدەب دەگەیەنێ . ئەو ناکەسەی کە لەگەڵ مێژووی سەردەمەکەی خۆیدا نامۆیە گۆشەگیر دەبێ ؛ وەکاتێ مرۆڤ لەتوانایدا نامێنێ دەست بە بەردەوامی مێژووی جیهانەوە بگرێ ، یان نایەوێ دەستی پێوە بگرێ ، چاکترین ڕێگە بۆ ئەو ئەوەیە خۆی بەتاقە ڕاستی بنچینەیی وەستاو بزانێ و ببێتە ناوداتەوەی خودی خۆی . لێرەشدا ئەو مرۆڤە وەك شتی ووشك و خنکاو لەووشکی خۆیدا دەردەکەوێ و بەروخساری وەها خۆی دەردەخات کە دەرکی پێ ناکرێ .

دنیای مرۆڤ ، واتە بابەتی گشتی داهێنانی ئەدەبی ، یەکجارەکی تووشی لەت بوون دەبێ ئەگەر هاتوو یەکێك لەتوخمەکانی پێکهاتنی لێ داببڕێ . هیچ بابەتێکی هونەری یاخود ئەدەبی نییە ناوەڕۆکی فیکری نەبێت ، هەموو فیکرەیەکیش ناتوانێ ببێتە بنچینەی بەرهەمی هونەری و ئەدەبی . تەنیا ئەو مەسەلەیە دەتوانێ هونەرمەند و ئەدیب بجوڵێنێ کە بارمەتیدەر بێ بۆ نزیککەوتنەوەی خەڵکی لەیەکتری . لەبەر ئەوەی ئەدەب لەپێش هەموو شتێکدا دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە ، بۆیە دەبێتە خاوەنی ناوەڕۆکێکی گەورەی وەها کە بناغەی کاری ئەدەبی و هونەرییە . ئەو ناوەڕۆکەش دەرگا لەبەردەمی هەموو هێزە کانی بەرهەمهێنان و نوێ کردنەوەدا دەخاتە سەرگازی پشت . جا بۆئەوەی لەکاری ئەدەبی و هونەریدا نوێ کردنەوە و داهێنان مانا و ڕواڵەتی خۆیان هەبێ ، دەبێ بابەتەکە ڕوونترو قوڵتر بێ و نزیکتربێت لەبەکارهێنانی ئەو دیالەکتیکەی ڕێڕەوی مێژوو و مرۆڤی کۆنترۆڵ کردووە . خۆئەگەر لەبواری ئەدەب و هونەردا بەهانەن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو یاسایانە هێنایەوە کە گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کۆنترۆڵ دەکەن ، ئەوا مانای ئەوەیە بەناوی نوێ کردنەوە و سەربەستی داهێنانەوە دەروەستی لەناو دەبەین و تاوانباری دەکەین . ئێمەش دەزانین کەچۆن ئەو " نوێ کردنەوە سەربەستە " دەیەوێ لە ڕێگەی شێوازی " ڕواڵەتی " و " ڕستەبازی " و داهێنانی لەغزو نیشانەی تایبەتییەوە ، گەماروی ئەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییانە بدات . لێرەدا بلیخانۆف بەچاکی نیشانەکەی پێکاوە کاتێ ووتوویەتی : " مرۆڤ بۆ ئەوە نەخولقاوە بەتەنیا بژی ، نوێخوازەکان تەنیا خۆیان بەو شتانەوە نەبەستنەوە کەباوباپیرانیان دایان هێناوە ، ئەمەش جێی لۆمە نییە چونکە هەمیشە نوێ سەرچاوەی پێشکەوتن بووە . بەڵام لێکۆڵینەوە بەتەنیا بەس نییە ، ئەگەر هەموو مرۆڤێك توانای ئەوەی نەبێ شتی نوێ بدۆزێتەوە . بۆیە پێویستە مرۆڤ ئەوە بزانێ چون بە پیری ئەوەوە دەچێ ، بۆ ئەوەی لە فێرکارییەکانی زیانی کۆمەڵایەتی نوێ دوورکەوێتەوە " . لێرەدا پێویستە

سەرنج بۆ ئەوە ڕابکێشین ئاشناکردنی گەل لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خۆی دا، دروستکردنی تێڕوانین بۆ داهاتوو لەلایەن گەلەوە و لە ڕێگەی کاری ئەدەبی و هونەرییەوە لە دۆزینەوەی تەکنیکی نوێ بابەتی کەمترنییە .

ئایدیای دەرک کردنی هەمیشەیی بەبەردەوامی ( بەمانا مێژوویی و مرۆڤایەتییەکەی ) هەمەلایەکە ئەو زانیارییە زانیستیانە زەمینەیان بۆ خۆش کردووە ، کە بیر بەگشتی و بیری سۆسیالیستی بە تایبەتی بناغەکەیان داناوە . ئەمە جگە لەوەی گەشەکردنی زانیاری کە بەرەی بەهۆشیاری مرۆڤ دا رەو هەست و سۆزی قوڵکردۆتەوە ، توانای هەستکردنی تاکێتی گۆڕیوە بۆ توانای کۆمەڵایەتی . هەر لەبەر ئەوەیە لە کۆمەڵگا نوێکاندا ئەدەب بەشێوەیەکی قووڵ کاردەکاتە سەر کامڵ بوونی مرۆڤ و بەشداری دەکات لە دروستکردنی جیهانی زەین و ویژدان و کەسێتی کۆمەڵایەتی و هەڵوێستی مرۆڤ بەرامبەر جیهان و ڕێڕەوی گەشەکردنی .

بەپێی پرینسیپەکانی سۆسیالیزم ، ئەدیبی داهێنەر مرۆڤێکی سەربەستە ، بەڵام پێویستە لێرەدا وشەی سەربەستی بە مانا ڕاقیعیە هەستپێکراوەکەی وەربگیرێ نەك بەمانا ڕووتەکەی . چونکە ئەدیب ناتوانێ لە ڕێگەی بڕیاری " سەربەستی خۆی " وە ئەو هەلومەرج و سنوورانە بگۆڕێ کە سەردەمەکە و چینەکەی تیایدا دەژین . بەواتایەکی تر سەربەستی پێویتییە لەهۆشیارییەکی دیاریکراو لەڕووی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەوە . ئەو سەربەستییە لەدەرەوەی " پێویستی " بەوە ناناسرێ ، بەڵکو لە ڕێگەی زیاتر زانین و زاڵ بوون بەسەر یاسا بابەتییەکاندا : ئەو یاسایانەی کۆنترۆڵی کۆمەڵ دەکەن و ئەدەب دەبەن بەڕێوە ، دەناسرێ .

کاتێ ڕۆشنبیری یان چالاکی ڕۆشنبیری دەبێتە مافێکی دیموکراسی ، ئەوا هونەر و ئەدەبیش وەك توخمێکی زیادە و ڕازێنەرەوەی ژیانی ڕۆژانە نامێنێتەوە . بەڵکو دەبێتە مەسەلەیەکی گرنگ و هەوڵ دەدات سەرکەوتن و دەسکەوتەکان بپارێزێ و لەتێکچوونی کاتی و هەڵەتێگەیشتن و ناکۆکی بدوێ . جا لەبەر ئەوەی ئەو ناکۆکیانەی لەناو ژیانی کۆمەڵایەتیدا سەر هەڵدەدەن شتێکی سروشتین ، بۆیە ئەدیب دەتوانێ باسیان بکات ، بەڵکو پێویستە لەسەری لەهەموو لایەنێکەوە کاریگەریان لەسەر دەروون و ڕەوشتی دانیشتوان ڕوون بکاتەوە .

ئەگەر ئەدیب توانی باز بەسەر چەمکی سەرهەڵدان و پلەپلەبیدا بدات و دەستورێك دەربارەی نەمانی ناکۆکییەکان دەربڕێ ، ئەوا بەرهەمەکەی مەسەلەیەکی بنچینەیی و جەوهەری ژیان لەدەست دەدات ، ئەویش لەناوبردنی ئایدیای ناکۆکییە . ئەمەش مەسەلەیەکە بەیەکجار لەناو ناچێ ، بەڵکو هەنگاو بەهەنگاو وردە وردە لەناو دەچێ .

بێگومان ئام و چێژی دەروەستی کە بریتییە لە پڕی و جدیەتی مانای دامێنانی هونەری بەشتێکی جوان و پێگەیشتووی تێدا هەبوو ، ڕێگەی بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبێك خۆشکرد کە خاوەنی زمانێکی نوێی پڕ لە هەستکردن بەژیانەوە، بەڕاستگۆیی و بەرۆشەوە نووسراوەو ڕوحێکی مۆدێرن و تێڕوانینێکی نوێ دەربارەی ژیان دەداتە دەستەوە . لێرەشدا ئامانجی سیاسی دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی ناوەڕۆکی ئەدەب و بەشداری دەکات لەدروستکردنی قوڵی شێوەکەی دا . بەڵام پێویستە ئەم توخم و پرۆسەی گەشەکردنە هوشیارانەبن و بەشەکانیان یەکگرتوو و تەبابن لەگەڵ چەمکی گشتی بۆجیهان و سەربەستبن ، چونکە مەسەلەکە بە پێچەوانەی ئەوەوە ناچێتە ڕێوە . هەندێ جار و لەهەندێ بەرهەمدا ئەو ئاموچێژە چەمکێك دەربارەی کاریگەری کۆمەڵایەتی ئەدەب و هونەر دەچەسپێنێ کە ئەو پرۆسە وردە، سووك و ڕیسوا دەکات و دەبێتە هۆی شیکردنەوەی یەك لایەنی و میکانیکیانەی ئەرکی مێژوویی کۆمەڵایەتی هونەر و ئەدەب . بەو پێیە پەیوەندی نێوان بەرهەمی هونەری و سۆسیالیزم پێوەری ئەو مەسەلەیە نابێ، بەڵکو پەیوەندی نێوان بەرهەمەکەو ئەرکە ڕاستەوخۆکان: ئەرکی ڕۆژانە دەبێتە پێوەر . بەوجۆرەش سنووری نێوان ئەدەب و هونەر لەگەڵ پڕۆپاگەندەی ڕۆژنامەگەریدا ، نێوان ئەرکە سیاسیەکانی ئەدەب و هونەر لەگەڵ ئەرکەکانی ڕێکخەر و بزوێنەری جەماوەر لە سیاسەتی ڕۆژانەدا ، لەناودەچێت . لەیادکردنی سروشتی چۆنایەتی کاری هونەری یان ئەدەبی و لەبیرکردنی یاسا گشتیەکانی ، دەبێتە هوی بێزراوی ئەرکی کۆمەڵایەتی ئەدەب و هونەر و دروستکردنی پێشکەوتنی لەو جۆرە کەخزمەتی ئەدەب و هونەر و کۆمەڵیش ناکات . بە هەرحاڵ ئەو ئەدەب یان هونەرەی خەیاڵ پلاوی لەسەرو ڕاستی مێژوویی و کۆمەڵایەتیەوە دادەنێ ، ناتوانێ ببێتە دەربڕی ڕاستی واقیع و بە شێوەیەکی خۆیی وبست و ئامانج لەجێی واقیع دادەنێ . لێرەشدا جەماوەر زوو لەو جۆرە هونەرو ئەدەبە دووردەکەونەوە ، چونکە دژی هەستکردنی ئەوان و ژیانی ڕۆژانەیانە .

ئەگەر پەیوەندی لەگەڵ بابەتێتی دا بپچرا ، ئەوا ئەو پەیوەندیە دەبێتە هۆی پساندنی پەیوەندی دیالەکتیکانەی نێوان تیۆر و پراکتیك ، سەربەستی و پێویستی،وە یاخود ماوەی نێوانیان گەورەترو فراوانتر دەکاتەوە . ئیتر کاریە بنچینەییەکانی سۆسیالیزم ئەوە دوبات دەکەنەوە کەمەسەلە تیۆریەگەورەکان و ئامانجە مێژووییەکان لەسەر ئاستی نەتەوە یان جیهان ، گرێدراون بەمەسەلە پراکتیکیەکانی ژیانی ڕۆژانە و بێداویستیەکانی ئێستا و کاری سیاسیەوە و پەیوەندیان

لەگەڵ زنجیرەیەکی ئاڵۆز لە ئامرازی جۆراوجۆر هەیە. کەچی لەبەری ئەوە لەهەندێ ڕۆژگار وچەندین بەرهەمی ئەدەبی دا، پەیوەندی ڕاستەوخۆ و دوور لەبەکارهێنانی ئەو ئامرازانە هاتە ئاراوە، ئەوەش هاتە ئاراوە، ئەوەش بووە هۆی ڕاکێشانی چەوت و هەڵە. ئەوە بوو لەبری ئەوەی ئەو ئامرازانە ببنە ڕابەری پراکتیک، لەشێوازی ڕەق هەڵاتوودا گیریان خوارد و زیانی لەهەبوونی ئاکۆکی پوچەڵ کردەوە. وەك ئاشکرا بە مارکسیزم ناتوانێ ڕێنوێنی کەری کار و ڕابەری بەکردەوەو دیالەکتیکی و پراکتیکی ڕاستەقینە بهێنێتە ئاراوە، ئەگەر دوور لە هێزراوی و هەڵوێستی چەوت، دەرك بەپەیوەندی ئاڵۆزی نێوان واقیع و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی شادبوون بە ئامانجی مێژوویی نەکات و کاری پێ نەکات وە ئەگەر سوود لەواقیع وەرنەگرێ و تەنیا پشت بەزانست ببەستێ، ئەوا فیکرو ڕەفتار پێکەوە گرێ نادرێ، بەشێوە تەجروبەگەرانەی ڕووت و خۆ بەرستانە نەبێ. جا بۆ ئەوەی بەرهەمێکی ئەدەبی بتوانێ بەرەنگاری واقیعی بابەتی ببێتەوە، نابێ تەنیا پشت بەسەرچاوە تیۆریەکان ببەستێ، بەڵکو دەبێ بتوانێ بێ سۆکایەتی پێ کردن ئەو ئامرازانەش بەکاربهێنێ، کە بۆ تێگەیشتن لەواقیع گرنگن.

لەئەنجامی ئەوە ڕەوتێکی بەهێزی سوکایەتی پێکردن و بە ڕاستنی لاسایی کردنەوە "و هەڵهێنجانی کاتی هاتە ئاراوە. بەرهەمە ئەدەبیەکان کەوتنە پاش پێداویستیە پەرەسەندوەکانی خوێنەرەوە. زۆربەی ئەو بەرهەمانە کەوتنە سەیرکردنی مەسەلەکان لەباری ویست و پرۆژەکانەوە و داهاتوویان وەك ئێستا نیشان دەدا. بەو جۆرەش بەگشتی وازیان لەهەموو ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی هێناوە و کەوتنە ئاکۆکیەوە لەگەڵ تاقیکردنەوەی کەسێتی ئەو خوێنەرانەی ئیتر هەستیان نەدەبزوا و هیچ باوەڕێکیان پێ یان نەما بوو. نیشان بەنیشانی ئەوە باوەڕێکی چەوت هاتە ئاراوە دەربارەی ئەوەی بەرهەمی ئەدەبی ئیجابی کاریگەری ئیجابی لەسەر ژیان دەبێ و نموونەی سەلبیش کاریگەری خراپ و بەرمەترسی دەبێ، هەموو کەوتنە دوای بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لەوجۆرەی کە باوەڕی بەوە هەبوو گەش بینی مێژوویی بە "کۆتاییەکی بەختەوەرانە" دادەنرێ.

باسکردنی ئەو کەم و کوڕی و هەڵانەی دووچاری هەندێ بەرهەمی ئەدەبی دەروەست ببوو، یارمەتی ئەوە دەدەن چەمکی دەروەستی قوڵ بکرێتەوە و وەك یەکێك لەکۆڵەکە بنچینەییەکانی ئەدەب دەربخرێ. هەروەها ئەوە دەردەخەن کە کشاندنی نێوان ژیرخانی کۆمەڵ و سەرخانی فیکری لەلای زۆرکەس وەك تیۆرێکی ڕووت ماوەتەوە. ئەمەش ،انای ئەوەیە هەندێ لە ئەدیبەکان تیڕوانینی چاکیان نیە دەربارەی سروشتی دیالەکتیکی ئەو

ئەو ڕەوتە و کارلێکردنی بەردەوام و توانای سوتروبەکردن و دەوڵەمەند کردنی دولایەنی ، واتە ئێروانینێکی چاکیان نەبوو دەربارەی کارلێکردنی دیالێکتیکانەی دولایەنی نێوان هونەر و ئەدەب لەگەڵ کۆمەڵدا . بەکەم سەیرکردنی ناهوشیارانەی ئەدەب و هونەر ، بێبایەخ کردنی ڕۆڵی ئەدەب لەسەر ڕاپەڕینی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی سەرهەڵدان و یەکگرتنی بیروڕای خۆبینی و میکانیکی تەنگ نەزەر و بیروکراتی .

ئەوەی ڕاستی بێ چەمکی دەروەستی لە هەندێ وڵات و هەندێ کاتدا ، دووچاری پاشەکشە بووە و ئەدیبەکان کەمتر ، لەوەی پێویست بو بێ کەن " کاریان کردوە و زیاتر لەوە دواون کە " ناخیان دەسوتێنێ " . بەوجۆرەش ڕاستی ئەدەب بەشێوەیەك چەسپا کەوەك دۆزینەوەیەکی خۆشی جیهانیی زانیاری، کۆمەل دەربکەوێت و لەڕێگەی تاتیکسردنەوە و دەستکەوت و کارە چارەڕوان نەکراوەکانی خۆیەوە ئەو جیهانە دەوڵەمەند بکات .

هەواڵنامەی کتێب

| | | |
|---|---|---|
| دەروەستی | : | الالتزام |
| خودێتی | : | الذاتية |
| خۆیی | : | ذاتي |
| بابەتێتی | : | الموضوعية |
| بابەتی | : | موضوعي |
| کۆنخواز | : | محافظ |

## سەرچاوەکان

ئەم بابەتە لەلایەن " احسان سركیس " ەوە نوسراوە لەژمارە (١٢) ساڵی ( ١٩٧٢ ) گۆڤاری " دراسات عربية " دا بلاۆکراوەتەوە لەبەرگێڕسی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی .

## کەلتور

# کەلچەری کوردی لە دوورە وڵاتدا

د. جەمشید حەیدەری

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە شتێك نیە لە خۆوە بێ ، بەڵکو ئاکامی ڕەنگدانەوەی ئەو چەوساندنەوەیەی کەلچەری کوردی‌یە لە هەر چوار پارچەکەی کوردستان دا ؛ کە ڕووناکبیرە کوردەکانی ناچارکردوە نیشتمانی خۆیان جێ بهێڵن و ڕووبکەنە وڵاتانی دیکە ، وە یان پەنابەرنە بەر هەندێ لەو وڵاتە ئەورووپاییانەی کە بواری بلاوکردنەوەو کاری دیموکراتیانەی ئازادیان تێدا دەست دەکەوێ .

ڕۆشنبیرە کوردەکان ، هەر لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە ـ لە ئەنجامی توندوتیژتر بوونی ئەو کۆت و پێوەندانەی بوونەتە ڕێگر لە بەردەم دەربڕینی ئازادانەی بیروڕا و پێشخستنی زمان و بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان ؛ پەنایان بردۆتە بەر ( کۆچ کردن ) لەم حاڵەتەش دا ـ لەکاتی کۆچ کردن و پەنابەری دا ـ وڵاتە ئەورووپاییەکانیان هەڵبژاردووە ، کە شان بە شانی چالاکیە ڕامیاریەکان ڕێگای چالاکیە ڕۆشنبیریەکانیش پێ‌دا ون . ئەم بێشها تەش ، بۆیەکەمین جارە لەلای ڕۆڵەکانی (بەدرخان پاشا ) سەری هەڵدا ، کاتێ لەدوورە وڵات قۆڵیان لێهەڵکردو لەساڵی ۱۸۹۸ یەکەمین ڕۆژنامەیان بەزمانی کوردی ، لە قاهیرە دەرکرد.

چالاکیی ڕۆشنبیری کوردی ـ لە دوورە وڵات دا ، بووەتە نەریتێکی ناچارەکی ، ئەمەش سەبارەت بەو ڕەوتە سیاسییە شۆڤێنی و کۆنەپەرستی یەی ، هەرچوار ڕژێمە داگیرکەرەکەی کوردستان ، کە دەرهەق بە مافی گەلی کورد گرتوویانەتە بەر .

چالاکیی ڕۆشنبیری کوردی ، لە دوورە وڵاتدا ؛ لە ماوەی کۆتایی

سەدەی نۆزدەهەم تا دەگاتە ناوەڕاستی پەنجاکانی ئەم سەدەیە ، تەنیا ڕووناکبیرەکانی کوردستانی تورکیای گرتبووە* . . . بەڵام پاشان ، واتە لە ناوەڕاستی پەنجاکانەوە ، ڕووناکبیرانی پارچەکانی تریش- لە کوردستان ، بەگەڵ ڕەوتی ئەم کاروانە کەوتن ، بە تایبەتی دوای زۆر بوونی ژمارەی ئەو قوتابیانەی بۆ درێژەداتی خوێندنیان ڕوویان دەکردە ئەورووپا ، هەروەها دوای کۆچکردنی ڕۆڵە کوردەکانی کوردستانی تورکیا بۆ ئیش کردنو ، دوای پێکهێنانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیرییەکان - بۆ نموونە ( کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد - لە ئەورووپا ، ساڵی ١٩٥٦ ).

بەم شێوەیە ، لەم دە ساڵەی ئەم دواییەدا ، کۆچ کردنی ڕۆشنبیرانی سەر بە چەندین لایەنی سیاسیو خاوەن چەندین تایبەتمەندیی زانستی و هونەریی جۆراوجۆر ، ڕووی لە زیاد بوون کرد ، بەتایبەتی دوای کودەتا سەربازییەکەی تورکیا - ساڵی ١٩٨٠ ، وە دوای سەپاندنی شەڕی عێراق و ئێران بەسەر گەلی کورد لە ساڵی ١٩٨٠ ، وێڕای بەردەوامبوونی کردەوە نامرۆڤایەتییەکانو تواندنی سیاسەتی چەوساندنەوەو ، تواندنەوەی نەتەوەیی ، دژ بە گەلی کورد .

بزاوتی ڕووناکبیرو داهێنەرە کوردەکان - لە دوورە وڵاتدا ، لە چەندین بواری جۆرا و جۆری ڕۆشنبیری دامێیان دا خۆی دەنوێنێ ، کە ئەمانەن :

---

* ئەگەر چەمکی (دوورە وڵات - منفی) (بەگوێرەی کوردەکانی کوردستانی خوارود) وڵاتی تورکیاش بگرێتەوە ، ئەوا ( چالاکی ی ڕۆشنبیریی کوردی - لە دوورە وڵاتدا ) مێژوویەکی لەوە کۆنتری هەیە کە نووسەر دەستنیشانی کردووە : دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی دەربەدەر بوونی ( حاجی قادری کۆیی ) و ( نالی ) لە تورکیادا ، هەروەها دوای ئەوانیش : دەربەدەربوونو لە دوورە وڵات بەسەربردنی شاعیرو نووسەرە کوردەکانی ( نەوەی ئیتحاد و ترقی ) وە بە تایبەتی ( پیرەمێردی شاعیر ، کە لە نێوان ساڵانی ( ١٨٩٨-١٩١٨ ) لە تورکیا دەژیا ، وێڕای چەندین نووسەرو ڕووناکبیری کوردستانی خوارود ، چالاکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و تەنانەت ڕامیاریشیان هەبوو ، لەم بوارەدا ڕۆڵی کۆمەڵە ڕۆشنبیرییە کوردییەکانی ناو ئەستەمبوڵ و ڕۆڵی ڕۆژنامەی ( ژین ) ی پیرەمێردو ئەوانی تر ، لەبیر ناکرێن . بۆ شارەزایی زیاتر بڕوانە جەلیلی جەلیل : ڕاپەڕینی کەلتووری و نەتەوایەتی کوردەکان ، وەرگێڕانی باقی نازی و هەندێ نووسەری تر . "یەکگرتن"

هەواڵنامەی کتێب

لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ، ئەدەب (بە لقە جۆرا و جۆرەکانییەوە: چیرۆک ، شیعر . . . . . ) ، هونەر ( بە لقە جۆرا و جۆرەکانیەوە : شانۆ ، هونەری شێوەکاری ، گۆرانی ، فۆلکلۆر ، هەڵپەرکێ )، ڕۆژنامەگەری ـ گۆڤارە ئەدەبی و کۆمەڵایەتیەکان ، ڕۆژنامە سیاسیەکان ، بڵاوکراوە " دەوریەکانی" ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و کۆمەڵە ڕۆشنبیری و خوێندکارییەکان .. جگە لەمانە: کۆڕبەستن ، میهرەجانەکان ، پێشانگاکان ، هەروەها دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کوردی ... هتد .

ئەم چالاکییە ڕۆشنبیرییە جۆرا و جۆرانە : چالاکی هەمەکاری ەوەیان تاکەکەسین . ئەگەر تاکە کەسی بن ، ئەوا لە ڕێگای هەندێ لەو ڕۆشنبیرە کوردانەی دوورە وڵاتەوە ئەنجام دەدرێن ، کە هەوڵ و توانا زانستیەکانیان بەگەڕخستووە لە پێناو نووسین و بڵاوکردنەوەو وەرگێڕان بۆ سەر زمانی کوردی ـ لە هەموو ئەو بوارە جۆرا و جۆرانەی پەیوەندیان بە مێژووی کورد و کەلچەری کوردییەوە هەیە .. ئەمەش لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی چەندین لێکۆڵینەوە لە بارەی ئەو مەسەلانەی کە پەیوەندیان بە گەلی کوردو بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی و پەرەپێ سەندنی ئەدەبیات و زمانی کوردیەوە هەیە . ئەگەریش هەمەکاری بن : ئەوا لە ڕێگەی مەڵبەندو کۆمەڵە ڕۆشنبیریەکانەوە ئەنجام دەدرێن ، کە لە هەندێ لە وڵاتەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا پێکهاتوون ، بۆ نموونە : مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی ـ لە لەندەن ، ئامۆژگای کوردی ـ لە پاریس ، مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی ـ لە نەمسا ، ئامۆژگای کوردی ـ لە بۆن ... جگە لەمانە : هەندێ لەو چالاکییە ڕۆشنبیرییە تایبەتمەندانەی کۆمەڵە خوێندکارییەکانی دەرەوەی کوردستان و ، چالاکییە ڕۆشنبیریەکانی پارتە سیاسیە کوردییەکان و ، هەروەها پێکهێنانی دەزگاکانی بڵاوکردنەوەی کوردی ...

لێرەدا دەمانەوێ چەند تیشکێک بخەینە سەر هەریەکێک لەم چالاکی و بوارانەی کە لە سەرەوە ناومان بردن . ئەوەی شایانی باسە ئامانجی ئەم وتارە ، هەڵسەنگاندنو لێتوێژینەوە نیە ، بەڵکو لەبنەڕەتدا پێشچاوخستنی ئەم چالاکییە ڕۆشنبیریانەیە .. بە هیوای ئەوەی ، نوسەری ئەم وتارە ، لە بوارێکی دیکەدا بتوانێ بچێتەوە سەر شیکردنەوەی هەندێ لایەنی دیاریکراوی ئەم چالاکیانەو لە هەندێ لقە ئەدەبییەکان وردببێتەوە ـ واتە لە ئاستی هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەییانەی ئاستی هونەریی چیرۆکی کوردی و ڕێڕەوی پەرەسەندنی ـ لە دوورە وڵاتدا ، هەروەها دەستنیشانکردنی لایەنە چاک و خراپەکانی .

## چالاکی ئەدەبی :

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی رووداوە خوێناوییەکان لەکوردستان دا و توندتربوونی پێوەندەکانی سەربەستی و تاکەکەس و سەربەستی ی قەڵەم و دەربڕین و ؛ لە قالبدانی بیروڕاکان و ئاراستە کردنیان ، وە هاوکات لەگەڵ زیادبوونی سەرکوت کردنەوەی نیشتمانیەروەر و دیموکراتەکان و هەوڵدانی ڕژێم بۆ سەپاندنی ڕۆشنبیریی ڕژێمزالی ی خۆی - واتە ڕۆشنبیریی ڕژێمی دەسەڵاتدار ، هەروەها ڕاوەدوونران و گیران و لە سێدارەدانی ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن بیرە نووسەر و هونەرمەندەکان . . ژمارەیەکی زۆر - لەوانەی توانیان لە دەست چرنووکی ڕژێم ڕزگار ببن - ؛ ناچار بوون کەوا پەنا بەرنە بەر وڵاتانی دیکەی بۆ نموونە هەندێ لە وڵاتەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوا . .

هەندێ لە شاعیرو نووسەرە کوردەکان ، دوای ئەوەی کە بارودۆخ لە ئەورووپا بنەگری کردن ، هەوڵیان داوەو - بەردەوامیش هەوڵ دەدەن - کە سوود لەو ژینگەو سەربەستی یە ڕێژەیی یەیەی هەیە وەربگرن . لە سەرەتادا بە هەوڵدانی تایبەتییانەی خۆیان ، یان لە ڕێگای هەندێ ڕێکخراوە خوێندکارییەکانەوە ؛ دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانیان - شیعرو چیرۆک - بەڵام وردە وردە ، لەگەڵ ڕابووردنی ڕۆژگارو زیادبوونی ژمارەی ئەوانەی لە دەست دۆزەخی ڕژێمە دکتاتۆرە چەوسێنەرەکانی گەلی کورددا ڕزگاریان بوو و هاتنە دەرەوە، ئەمانە هەوڵیان دا تا ئەو جێگەیەی کە دەیانتوانی ئەو ڕووداوانەی هەن بە شێوەیەکی ئەدەبی بیکەنە بابەت ، بەتایبەتی کە بارو دۆخ گەیشتە ڕادەیەك کە بتوانرێ هەندێ ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردی دابمەزرێ ، وەك لە سەرەتادا باسمان کرد .

چالاکی یە ئەدەبییە کوردییەکان ، ئەمانە دەگرێتەوە :

چاپ و بڵاوکردنەوەی کۆمەڵە چیرۆك ، کۆمەڵە شیعر ، بڵاوکردنەوەی تاکە تاکەی چیرۆك لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییەکانی دژ بە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان . هەروەها ئەم چالاکییە بواری تریش دەگرێتەوە : (نوسین) و (وەرگێڕان) و سەرلەنوێ لەچاپدانەوەی هەندێ لە دانراوە کوردییە کلاسیکییەکان وەیان بەرهەمە هاوچەرخەکان ، هەروەها وەرگێڕانی هەندێ لە چیرۆك و ڕۆمانی ئەدەبی بێگانان بۆ سەر زمانی کوردی .

ئەو بەرهەمانەی تاکو ئێستا بەپێی ڕەگەزە ئەدەبییەکان ، یا لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ، یا چەشنی بەرهەمەکان و ژمارەکانیان ، لە چاپ دراون؟ دەتوانرێ بەم شێوەیەی خوارەوە هاوێر بکرێن :

١- شیعر ، ٢- چیرۆك ، ٣- لێکۆڵینەوەی زمانەوانی ، ٤- لێکۆڵینەوەی

ئەدەبی ە ئ- وەرگێڕان *.

### ١- شـــیعر :

شیعری هاوچەرخی کوردی- لەدوورە وڵاتدا : دەربڕینێکی قووڵــی واقیعی گەلی کورد و خەباتەکەیەتی لە پێناو ئازادی و دیموکراتیدا ، هەروەها بەری داری بەردەوامبوونی ئەو قوتابخانە شیعرییە نوێیەیە کە شاعیرەکانمان ، لە پێش هەموویشیانەوە شاعیری مەزن ( عەبدوڵڵا گۆران ) دایمەزراندو نەوەی پاشی ئەویش شوێن پێی کـــەوتن.

شـــیعری هاوچەرخی کوردی، بەناســکی و شەفافیەتێکی تایبەت بە زمانەکەمان دەناسرێتەوە ، وێڕای ئەو بۆن و بەرامە ڕۆمانسییەی هەیەتی ، بەڵام لە بۆتـــەی ڕیالیزمی شۆڕشگێڕانەدا خـــۆی دەدۆزێتـــــــــــەوە .

لەم دەســاڵەی ئەودوایییە ، لە دوورەوڵاتدا ، ســەرجـــــەمی بەرهەمەکانی شـــاعیری گەورەی کورد ( جـگەر خوێن ) بــە چــــاپ گەیەنرا . شـــاعیر لەم شیعرانەدا ، خەبات و تێکۆشانی گەلـــی کوردی- بەکرێکارو جوتیارییـــەوە،کردۆتە گۆرانییەك دژ بـــــــــــە چەوساندنەوەی نەتەوەیی و چینایەتی ، ڕۆڵی دەرەبەگ وهێزە کۆنەپەرستەکانی لەهەمبەرئەو نالەبارییەی کە گەلـــی کورد دووچاری بووە ، ڕیســـــوا کردووە . جگەر خوێن ، گۆرانی بۆ ئاشتی و برایەتی نێوان گـــەلان دەڵێ .

بەرهەمەکانی ( جگەر خوێن ) - لە ســوێد - لە حەوت بەرگان چاپ کراون ، ســەرباری بڵاوکردنەوەی کتێبێکی نووسراوی لەبـــارەی مێژووی کوردســـتان ( کتێبەکە بریتی یە لە تێخوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەی باســی کورد دەکەن ، کە شـــاعیر خۆی خوێندوویەتیانەوەو بیـــــــــرورِاو

* بەڕای ئێمە ، لە پاڵ ئەم لقە چالاکییە هونەری و ئەدەبیانـــەی نووســەر دەستنیشانی کردوون ، لێکۆڵینەوەو نووســراوە سیاســـــی و ڕۆشنبیرییەکانیش ( لە بواری چالاکی ی ڕۆشـــنبیریی کوردی- لـــە دوورە وڵاتدا ) :بەبەشێکی زۆر فراوان و بایەخداری چالاکی ی ڕووناکبیرانی کورد دادەنرێن ، کە دەتوانرێ بە " لێکۆڵینەوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان " ناوزەد بکرێن ، لەوانە : کتێبەکانی د. جەمال نەبەز ، دوو کتێبەکـــــەی مامۆستا کەریمی حوسامی ، هەروەها بەشێکی ئەو مشت و مڕ و لێکۆڵینەوەو وتارانەی ناو گۆڤارەکانی وەکو : ( بەیف ) ،( هەڵوێست ) ، ( یەکگرتن).

سەرنجەکانی خۆی لە بارەیانەوە دەربڕیوە ، واتە بە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی‌ی زانستی ناژمێردرێت ) .

ناوی ( جگەر خوێن ) لە جیهانی ئەدەبی کوردی‌دا ، بە تایبەتی لە بواری دیالێکتی کرمانجی ژووروودا ـ بەرز دەبێتەوەو دەگاتە پایەی شاعیرە کوردە هەرە گەورەکانی سەر بە دیالێکتی کرمانجی خوارووی وەکو ماموستا (هێمن ) و (هەژار ) لەکوردستانی رۆژهەلاتـ ـ راستی یەکەشی : ( مامۆستا هێمن ) دووابە دووای ( گۆران ) بەرزترین شاعیرانی کوردستان بوو " بە بۆچوونی نووسەری ئەم چەند دێرە " .

شانبەشانی ئەمانە ، بلاوکردنەوەی کۆمەلە شیعرو دیوانە شیعر لە لایەن شاعیرە گەنجەکانەوە ، کە بەشێك لەو شاعیرانە ، بە راستی : بە بنچەو پەرەپێدەری شێوەی هونەریی شیعری هاوچەرخی‌ی کوردی دووای گۆران لە قەلەم دەدرێن ( کە ئێستا ئەو شاعیرانە لە دوورە ولاتدا ژیان بەسەر دەبەن ) لەوانە : شێرکۆ بێکەس ، رەفیق سابیر ، ئەنوەر جاف ، عبدوللا پەشێو ، جەلالی میرزا کەریم ، کەمال میراودەلی . . . هەروەها ژمارەیەکی دیکەش لە شاعیرە گەنجە کوردەکان لە دوورە ولاتدا هەن بەرهەمە شیعرییەکانیان بلاوەکەنەوە لەوانە : فەرهاد شاکەلی ، رۆژان بەرناس ، مەفرووز مانی ، خەبات عارف ، موئەیەد طەیب ، رێبوار ، ناسر حەفید . . . هتد .

جی‌ی سەرنجە باسی ئەوەش بکرێ : شاعیر ( محمد رەسوول هاوار ) تاکو ئێستا ـ لەماوەی ئەو سالانەدا ، پێنج کۆمەلە شیعری خۆی بە چاپ گەیاندووە ، سەرەرای دووبەش لە بیرەوەری یە سیاسیەکانی خۆی .

٢ـ چیرۆك :

لە بواری چیرۆکی کوردی لەدوورە ولاتدا ، دەتوانین پەنجە توما ی ژمارەیەك لە کۆمەلە چیرۆکی چیرۆکنووسەکان بکەین ، کە لە ماوەی ئەو سالانەدا بلاوکراونەتەوە ، دیارترینیان کۆمەلە چیرۆکی ئەم نووسەرانەن : فازل کەریم ، باقی نازی ، د . زەهدی داودی ، فورات جواری ، محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان ، مەحموود باکسی ، محەممەد ئوزن ، حەمە سەلام عەبدوللا ، کەریم دانشیار . . . هەروەها هی تریش .

جێ‌ی سەرنجە کە ( د . زەهد داودی ) چیرۆك بە زمانی عەرەبی دەنووسێ ، بۆیە بەگرانی دەزانین کە بیخەینە خانەی ئەدەبی کوردییەوە . هەرچەند ، ئەم مەسەلەیە ، پێویستی بە لێکۆلینەوەیەکی



هەواڵنامەی کتێب

تایبەت هەیە ، ئەمەش لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری نووسەرە کوردەکان ، بە زمانی فارسی و تورکی و عەرەبی دەنووسن . لە داهاتوودا بیروڕای خۆمان لە بارەی ئەم مەسەلەیە ، لە وتارێکی سەربەخۆدا ، پێشچاو دەخەین .

٣ـ زمانەوانی :

ژمارەیەکی زۆر لەو توێژەرە کوردانەی لە ئەورووپا دەژین بەزاوقسە زانستییەکانی خۆیان تەرخان کردووە بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی بە هەردوو دیالێکتە سەرەکییەکەی کرمانجی ژووروو و کرمانجی خواروو وەلەم مەیدانەدا چەندین لێکۆڵینەوەو لێتوێژینەوەی زانستییان ئەنجام داوە ، لەوانە : لێکۆڵینەوەکەی دکتور جەمال نەبەز لە بارەی زمانی ستانداری کوردی ، لە چاپدرانەوەی گرامەری زمانی کوردی دکتور کامەران بەدرخان و جەلادەت بەدرخان و پرۆفیسۆر قەناتی کوردۆ ( کەردۆییف ) ، هەروەها چەندین وتار لەم بارەیەوە ـ لەلایەن مامۆستا ( رەشۆ زیلان ) ، مالمیسانیژ ، فەرهاد شاکەلی ، محەممەد بەکر ، رەشید سمۆ ، رۆژان بەرناس . . . . . هتد .

ئێستاش ، هەندێ لە هەڵبەتەوە رۆشنبیرییە کوردییەکان ، هەوڵ ئەدەن بۆ ئامادەکردنی شێوە فەرهەنگێکی تایبەت بۆ ( زمانی بینگانە ـ کوردی ) ، بەڵام تاکو ئێستا ، هیچ ئەوتۆ ئەنجام نەدراوە کە شایانی باس بێت .

٤ـ لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان :

لە سوێد ، دوو بەرگ کتێب ـ بە دیالێکتی کرمانجی ژووروو ، بە پیتی لاتینی ، لە بارەی مێژووی ئەدەبی کوردییەوە لە لایەن پیتۆلی کورد ( مامۆستا قەناتی کوردۆ ) بە چاپ گەیەنراوە . لێکۆڵینەوەیەك لە بارەی شاعیری گەورەی کورد ( ئەحمەدی خانی ) ، لە لایەن شاعیر (فەرهاد شاکەلی)یەوە بڵاو کراوەتەوە . هەروەها مامۆستا ( کەریمی حوسامی ) نامیلکەیەکی لە بارەی شاعیری کۆچ کردوو ( هێمن ) بڵاو کردۆتەوە . هەروەها لەسەر لاپەرەکانی ئەوگۆڤارە کوردییانەی لە دوورە وڵاتدا دەردەچن ، چەندین وتار لەبارەی چیرۆکی کوردی و رەخنەی ئەدەبییەوە ـ لە لایەن نووسەری ئەم وتارە و چەندین نووسەری کوردی دیکە ، بڵاوکراونەتەوە .

٥ـ وەرگێڕان :

وەرگێڕان ، بە کارێکی ئەدەبی و لە هەمان کاتدا بە هونەرێك



هەولێرنامەی کتێب

دادەنرێ . وەرگێڕ پێویستە شارەزاییەکی تەواوی لە هەدوو ئەو زمانەدا هەبێ کە لێ ی وەردەگێڕێ و بۆی وەردەگێڕێ . لەم بوارەدا پەنجە نومای هەندێ لەو کتێبانە دەکەین کە لە زمانی بێگانەوە تەرجەمەی کوردی کراون و ، بە پێچەوانەشەوە :

١- گۆران ، گوڵبژێرێکی شیعرەکانی ، تەرجەمەکراوە بۆ زمانی سوێدی.

٢- ڕۆمانی نینا ، هی نووسەرێکی ئازەری یە ، لە ئاڕسییەوە کراوەتە کوردی .

٣- ماڵئاوا لە چەك ، بەرهەمی ڕۆماننووسی بەناوبانگ ( ئێرنست هەمنگوای ) ، لە ئاڕسییەوە کراوەتە کوردی.

٤- شانۆنامەی ( کەللە سەر ) ، بەرهەمی شاعیر ( ناظم حیکمت ) لە عارەبی یەوە کراوەتە کوردی .

٥- شانۆنامەی ( ئارمابیی مارت ) هی نووسەری سویدی ( ستیگ داگەرمان ) لە سویدیەوە کراوەتە کوردی .

٦- شانۆنامەی ( تفەنگەکانی نەنە گارا ) ، هی برتۆلت بریشت ، و لە ئەڵمانییەوە کراوەتە کوردی.

هەروەها ژمارەیەکی تریش کە لە بەردەستی نووسەری ئەم چەند دێڕە نیین .

ئەو خسڵەتەی کە بەرهەمە ئەدەبیەکانی دوورەوڵات لەوانەی ناو وڵات جیا دەکاتەوە : ناوەڕۆکە ، واتە ڕەنگدانەوەی لایەنە گرنگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و خەباتی پاڵەوانانەی گەلی کورد لە پێناو ئازادی دا. هەر نووسەرێك لەو نووسەرانە ، هەریەکەو بە شێوازی خۆی و بەپێ ی بۆچوونە ئەلەفی یەکەی ، سروشتی ئەو خەبات و زۆرانبازی یە نیشان دەدا کە ڕۆڵەکانی کوردستان گرتوویانەتە بەر ، دژ بە داگیرکەرو ڕژێمە دکتاتۆرەکانی بوونەتە مۆتەکەی سەرسنگی گەلی کوردو گەلانی تری ناوچەکە .

## چالاکی هونەری :

لێرەدا مەبەستمان چالاکییە هونەرییە جۆراو جۆرەکانە ، وەکو:

١- ئەو شانۆگەرییانەی پێشکێش دەکرێن لە لایەن تیپە شانۆیی یە کوردییەکان - لە وڵاتە ئەوروپاییەکان دا ، بۆ نموونە : لە هۆڵەندا ، لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ، سوێد . لێرەدا ، سەبارەت بە نەبوونی کەرەستەو سەرچاوەی بەردەست - لەبارەی چالاکییەکانی تیپە هونەرییەکانی دەرەوەی سوێد - ، قسە تەنیا لەبارەی ئەوانەی ( سوێد ) دەکەین .

لە سوێد ، ( تیپی شانۆی کوردی ی دەرەوەی وڵات ) هەیە ،



هەواڵنامەی کتێب

هەروەها ( کۆمەڵەی هونەری کوردی ) - تیپی شانۆی کوردیی دەرەوەی وڵات - هەڵبەندی سوێد ، لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی ئەو دواییەدا ژمارەیەك لە شانۆگەری ی سەرکەوتووی پێشکێش کردووە. ئەو شانۆگەرییانە ، بەشێکیان : نووسینی نووسەرانی کوردو ئەوانی تریش : ( وەرگێردراو ) یا ( ئامادەکراو ) بوونە. ئەم تیپە لەمانگی ئازاری رابردوودا ، بەبۆنەی جەژنی نەورۆز ، دوو نواندنی شانۆیی ی لە لەندەن پێشکەش کرد .

لەم ساڵانەی دواییدا ، ژمارەی شانۆمەندە کوردەکان و ئەکتەرەکان ( لە دەرەوەی وڵات ) رووی لە زیاد بوون کردووە ، کە هەڵبەتا ئەگەر بێتوو یەك بگرن و پشتی یەك بگرن ؛ دەتوانن شانۆگەری ی گەلێك سەرکەوتوو پێشکێش بکەن . لێرەدا پێویست وایە ئاماژە بۆ ( دیاردەیەکی خراپ ) بکرێ لە بواری چالاکییە هونەرییەکانی دەرەوەی وڵات ، ئەویش ئەو لێك ترازاوییەی نێوان رۆشنبیرە کوردەکانە ، کە ئەم دیاردەیەش - بە بۆچوونی من ، رەنگدانەوەی ساڵانی ( شەڕی ناوخۆ ) و تاقمگەری ی نێوان هێزە سیاسییە کوردییەکانی ناو وڵاتە . ئومێدێکی زۆر گەورە لە ئارادا هەیە ، بۆ یەکگرتنەوەی سەرتاسەری تواناکان و ؛ دارشتنەوەیان لەناو سەنگەرێکی هونەری و رۆشنبیری ی هاوبەشدا .

سەرەرای ئەوە ، چەند هۆکارێکی بابەتی و تایبەتیش هەن ، کە بەکۆسپ دادەنرێن و هانی ئەوە نادەن شانۆگەری ی کوردی ، لە لایەن بینەرو ئاوارە کوردەکانەوە لە ئامێز بگیردرێت : لەوانە ( هۆکاری زمان ) یان دیالێکتە کوردییەکان . چونکە بەشێکی زۆری کادیرە هونەرییە شانۆمەندەکان ، بە دیالێکتی کرمانجی خوارووقسە دەکەن ، لە کاتێکدا زۆربەی بینەران : سەر بە دیالێکتی کرمانجی ی ژوورووون ( ئاوارەکانی کورد لە ئەورووپاو ئەمریکاو کەنەداو ئوسترالیا ، ژمارەیان دەگاتە نیو ملیۆن ، وە ٧٥ - ٨٠ ٪ لەو ئاوارانە لە کوردستانی باکورەوە هاتوون ؛ ئاشکرایشە کە هەموو ئەو رژێمە یەك بە دوای یەکتر هاتووانەی پاشی ئەتاتورك ، زمانی کوردییان قەدەغە کردووەو ، دان بە بوونی گەلی کورد نانێن ) . ئەوەی شایانی باسە ئەم دوو دیالێکتە ، بە دوو شێوە ئەلفبای جیاواز دەنوسرێن ( رۆڵە کوردەکانی کوردستانی باکوورو سووریە : بە ئەلفبای لاتینی ، ئەوانی کوردستانی باشوور و رۆژهەلاتیش : بە ئەلفبای عەرەبی ) . ئەم جیاوازیی دیالێکت و شێوەی نووسینەش ، رۆڵی تێکدەرانەی خۆی ، نەك هەر تەنیا لەم بوارەدا دەبینێ ، بەڵکو لە چەندین بواری رۆشنبیریی دیکەشدا ؛ رۆڵەکانی یەك گۆشت و یەك خوێنی میللەتەکەمان



هەواڵنامەی کتێب

بێ بەری دەکات لەوەی کەسوود لە بەرهەمی ڕۆشنبیرەکانی خۆیان وەربگرن .

لێرەدا دەمەوێ پەنجە بۆ هەندێ لەو تەقەلا شێلگیرانە درێژ بکەم ( سەرەڕای ئەوەی تەقەلای تاکە کەسیانەشن لە بواری کارلێککردنە ڕۆشنبیرییەکانی دوو دیالێکتەکە ) ، ئەمەش لەڕێگای گواستنەوەی ئەو نووسراوانەی بە پیتی لاتینی و دیالێکتی کرمانجی ژووروو نووسراون - بۆ سەر پیتی عارەبی و دیالێکتی خواروو ، وە بە پێچەوانەشەوە . ئەم تەقەلایانە ، پێویستییان بە کاری هاوبەشی هەمووان هەیە ، بۆ ئەوەی زەمینەیەکی هاوبەش خۆش بکرێت . لەسەر ڕۆشنبیرەکانی هەردوولاش وا پێویستە کە هەوڵێکی زۆر بدەن ؛ بۆ ئەوەی بتوانن نووسین و خوێندنەوە - بە هەردوو ئەلفبا و هەردوو دیالێکت - فێرببن ، هەروەها ( تریبۆنێکی ) هاوبەش بۆ ئەم مەبەستە لە دەرەوەی وڵات سازبکەن . خۆ سەرەڕای ئەوەی کە ناتوانری ئەم گیروگرفتەی پێ چارەسەر بکرێت . چونکە ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان ، بە هیچ شێوەیەک ڕێگەی پەرەسەندنی زمان و ڕۆشنبیریی کوردی نادەن ... جەماوەری کوردیش ، لە بەشە دابڕجەدابڕجەکراوەکانی کوردستاندا : ئەسیری دەستی ئەو ڕژێمانەن کە ئەلفبا ئەبجەدییەکانی خۆیانیان بە سەردا سەپاندوون ،( لە تورکیا و سوریاش ) چاپ و بڵاوکردنەوەیان بە زمانی کوردی لێ قەدەغە کراوە ، هەڵبەتا ڕۆشنبیران ، توانای ئەوەیان هەیە ئەم کۆسپ و تەگەرانە ، تەخت بکەن ( ئەم باسە ، پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و تایبەت هەیە ) .

٢ ) هونەری شێوەکاری و پەیکەرتاشی :

ژمارەیەکی بێ شومار لە هونەرمەندە شێوەکارەکانی کورد لە وڵاتە ئەورووپاییەکاندا دەژین بە تایبەتی لە ئیتالیا و ئیسپانیا و فەرەنسا ، هەروەها ژمارەیەکی تریش لە ئەڵمانیا و ئینگلتەرە و سوێد . لە ناو ئەم هونەرمەندانە ، ژمارەیەک - کەم تا زۆر ، پەیکەرتاشن .

ئەم هونەرمەندانە ، شانبەشانی کار کردن و نان پەیداکردنی ژیانی ڕۆژانەیان ، هەوڵ دەدەن بەهرەو توانا هونەرییەکانیان پەرە پێ بدەن و سوود لە پێشکەوتنی هونەریی مەڵبەندەکانی هونەری جیهانی وەربگرن . بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندانە ، ئەگەر تێکەڵێ ( ئاوێتەی ) خەسڵەتەکانی کەلەپووری نیشتمانیانەی هونەری کوردی و ڕۆژهەڵاتیانە بێت ، ئەوا لە هەمان کاتدا وێڕا وێڕای خەسڵەتەکانی کەلەپووری هونەری ئەورووپیش و ڕێبازەکانی ، بەرێوە دەڕۆن و کار لە یەکتر دەکەن... بەرهەمەکانیان : خەباتی میللەتەکەمان پیشان دەدەن لە



هەواڵنامەی کتێب

پێناو ئازادی و ئاشتی دا ، دژ بە فاشییەت و جەنگ . وێنەی جۆراو جۆری زیندووی سروشتی جوانی کوردستان ، هەروەها مەرگساتی میللەتەکەمان وێنە دەکێشن، کە بەدەست ڕژێمە فاشی و کۆنەپەرست و دکتاتۆرە دەسەلاتدارەکانەوە ، تووشی لەناوچوونی بە کۆمەڵ هاتووە.

لەماوەی ئەم چەند ساڵانەدا ، ژمارەیەکی زۆر لە هونەرمەندە کوردەکان ، لە چەندین پایتەختی وڵاتە ئەوروپییەکان دا ، پێشانگای تابلۆکانی خۆیان کردۆتەوە و سەرکەوتنێکی ناوێزەیان وەدەست هێناوە . چەندین داهێنەری کورد خەڵاتی ڕێزلێنانیان لە هەمبەر کارە هونەرییەکانیان وەرگرتووە .

لەماوەی ساڵی ڕابردوو و ئەمساڵ دا ، کۆمەڵێك هونەرمەندی کورد ، لەیەکێك لە ساڵۆنی پێشانگاکان - لە لەندەن ، پێشانگایەکیان بۆ ماوەی سێ ڕۆژ کردەوە ، پێشانگاکە : ( دە/١٠ ) هونەرمەندی کورد ، بەشداری ی تێدا کردبوو . هەروەها ، لە شاری ( فلۆرەنسا ) ی ئیتالیا ، ژمارەیەك لە هونەرمەندانی کورد ، پێکرا لەگەڵ هاوڕێ عیراقییەکانیان ، بەشدارییان لە پێشانگایەکی هاوبەش دا کرد ، کە لەناو ئەو کۆمەڵە هونەرمەندانەدا پەیکەرتاشی کورد ( فوئاد عەلی ) ، هەروەها هونەرمەندی تابلۆکێش ( ئازاد ئەحمەد ) و - ( بەهائەدین ئەحمەد ) بەشدارییان کردبوو .

ڕەخنەگری ئیتالیایی ( جیوفانی کاراندنیە ) ، لە پێشەکی ی نامیلکەی ڕێنوێنی ی ئەو پێشانگا ناوبراوەدا ، چەند دێڕێکی لە بارەی بەرهەمەکانی ئەم سێ هونەرمەندە نووسیبوو . لە بارەی ( بەهائەدین ئەحمەد ) ەوە ، نووسیبووی : " ئەم هونەرمەندە ، بێگومان ، ناسکترین هونەرمەندی ناو ئەم کۆمەڵە هونەرمەندەیەو لە هەموویشیان هەستەوارترە ، خەرمانەیەکی ڕیالیزمی ی جادووگەرانەی نیانی ڕەنگڕێژ کردووە : پڕ لە خەون و خوازە شیعرییەکانی* " .

لە بارەی ( ئازاد ئەحمەد ) یشەوە نووسیبووی : " وێنەکانی هێمایی و خێرا بزاوتن ، لە ئاستی جیاجیای ئەونۆ پێك دێن ، کە تینێك دەستنیشانیان دەکات . لێدانی بە جورئەتانەی فلچەکەی ؛ لەسەر پەکتەر بەکارهاتوون ، بۆ ئەوەی چەند ڕووبەرێکی شەفاف و چەند پلەوپلەیەکی نێو ڕەنگ ( Half Tone ) پڕبکەنەوە ، بە مەش پەیوەندییەکی ستاتیکی ی جوان لە نێوان ڕەنگ و تینێك لەگەڵ فیگەرە پێکداچووەکان دروست بووە ، کەوا گەرم و گوڕی و وزە و ژیان دەگەیەنێت ) **

---

* گۆڤاری " الثقافة الجدیدة " - ژمارە ١٨٤ ، ل ١٢٨-١٣٢ .

** هەمان سەرچاوە .

هونەرمەند ( مەحمەد کاکەیی ) کە لە گرافیك ئیش دەکات و دەرچووی ئیسپانیایە ، چەندین پێشانگای لە ولاتەکانی (پۆلۆنیا ) و ( سوید)و (یابان)دا کردۆتەوە ، هەروەها هونەرمەند ( عومەر تۆفیق ) چەند پێشانگایەکی لە ( بەرلین ) و ( ستۆکهۆلم ) کردۆتەوە .

جگە لەوانەی باس کران ، چەند هونەرمەندێکی ناوداری تری کورد لە ئەورووپا هەن ، لەوانە : رەمزی ( لە فەرەنسا ) ، لالە عەبدە ( لە فەرەنسا ) ، قەرەنی جەمیل ( لە ئیسپانیا ) ، پەیکەرتاش : کۆسرەت جەمال ( لە سوێد ) . شایانی باسە ، کۆسرەتی پەیکەرتاش ، کە پەیکەرێکی بەناوبانگی کاوەی ئاسنگەری لە ناوەراستی شاری سلێمانی دا دروست کردبوو کە رەمزێك بوو بۆ تێکۆشانی گەلی کوردمان دژ بە زۆرداران . . ئەم پەیکەرە ، بە پیلانی رژێمی فاشی ، تەقێنرابەوەو وردو خاش کرا . پەیکەرتاشی ئێوبراو ئێستا لە ( سوید ) دەژیت ، لە پێشبرکێیەکی هونەری دا بەشداری کرد : پێشبرکێی دامەزراندنی پەیکەرێك بۆ سیاسەتمەداری بەناوبانگ و سەرەك وەزیرانی پێشووی سوید ( ئۆلف پالمە ) ، کە بە ناچیزەیی‌یەوە لە بەرواری ۲۸/ ۲ / ۱۹۸٦ دا کوشتیان .

هونەرمەندە کوردەکان - لە دوورە ولات دا ، هەموو توانا کانی خۆیان بۆ خزمەت کردنی مەسەلەی گەلەکەیان بەمەگەر دەخەن ، هەروەها بۆ بەدیهێنانی پەیامی هونەر : هونەر لە پێناوی گەل ، لەپێناوی ئاشتی‌و ئاسودەیی ی مرۆڤ . بەم شێوەیە ، شایەنیانی هاوریّ هونەرمەندەکانیان - لە جیهان دا ، بەشداریی خزمەت کردنی مرۆڤایەتی ی پێشکەوتووخواز دەکەن .

## ۳) فۆلکلۆر - کەلەپووری نەتەوایەتی :

زۆربەی رۆژهەلاتناسەکان ، دانیان بەوەدا ناوە کە گەلی کورد : خاوەن فۆلکلۆرێکی دەولەمەندو تەنانەت ناوێزەیە ! بەلام ئەو بارودۆخەی کەمیللەتەکە تێیدا بە دەستیەوە نالاندوویەتی و دەنالێنێ ، رێگای نەدا وە کە ئەو فۆلکلۆرەی خۆی کۆبکاتەوە ( بەکورد ) .

فۆلکلۆر : داهێنانی میللی ی رەسەنە ، دەربری لایەنە کۆمەلایەتیەکانی گەلە ، دەربری داب و نەریتە نیشتمانییەکانی و نەبەردە خەباتگێرەکانیەتی . بریتی یە لە : هونەندبی میللی .

فۆلکلۆر ئەم بەشانە دەگرێتەوە : هەقایەت ، ئەفسانە ، گۆرانی ی فۆلکلۆری ، داستانی شیعری لیریکی ، پەند ، مەتەل ، هەلبەرکێ ، مۆسیقا ی میللی ، جلوبەرگ... هتد .



هەواڵنامەی کتێب

بایەخ دان بەم لایەنەی کەلەپوور و کەلتووری کوردی ـ لەدوورە وڵاتی دا ، بە لەبەرچاو گرتنی دووریی ڕۆڵەکانی گەل لە خاك و واقیع و گەلەکەمان ، لەوەدا خۆی دەدۆزێتەوە : پارێزگاری کردن و پەرەپێدانی هەندێ لە لایەن و داب و نەریتە نەتەوەییەکانمان ، بە تایبەتی گۆرانـــی و هەڵپەڕکێ و مۆسیقا ٠

بۆیە لە ئەورووپا ، چەندین تیپی هەڵپەڕکێ و گۆرانیی کـــوردی پەیدا دەکرێن ، لە میهرەجانە نەتەوەیی و جەژنە نیشتمانییەکاندا بەشداری دەکەن و ، داب و نەریتە نیشتمانییەکانیان دەخەنەڕوو : بۆ پێناساندنی ڕوخسار و سیمای هونەرە میللییەکانیان بە خەڵکی دنیا ٠ ٠ لێرەدا سەبارەت بەنەبوونی سەرچاوە ، پەنجە نومای تەنیا چەند دانەیەك لە تیپە کوردییە موسیقایی و فۆلکلۆرییەکانی ـ ئەوانی سوێد ، دەکەین : تیپی گۆڤەند ، ژەنگار ، گزنگ ، تیپی ئافرەتانی کـــورد ٠

وێڕای ئەمانە ، ناوی چەند گۆرانیبێژێکی کورد ـ لەوانەی لـــە دوورە وڵاتدا دەژین ـ ، چ لە ئاستی کوردستاندا و چ لە ئاستی ئەورووپادا ، دەدرەوشێنەوە ، لەوانە : شڤان ، گوڵستان ، دەلال ، جوان حاجۆ ، بریندار ، ناسری ڕەزازی ٠ ٠ ٠ هی تریش ٠

## ڕۆژنامەگەری :

وەك لەسەرەتاشدا وتمان : ڕۆژنامەگەریی کوردی ، بنـــج و بناوانێکی دێرینی هەیـــە ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ٨٨ ساڵ پێش ئەمڕۆ ، کاتی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە دوورە وڵاتدا دەرچووە ٠ لەم ساڵانەی دواییدا ، ئەندامان و لایەنگیرانی ڕێکخراو و کۆمەڵـــە ڕۆشنبیری و حزبە سیاسییەکان ـ ئەوانەی ناچار بوونە نیشتمان بەجێ بێڵن و ، شانبەشانی تاکەکەسە نیشتمانپەروەر و ڕۆشنبیرە نیشتمانپەروەرەکان ، چالاکانە ، دەستیان کردۆتە دەرکردنی ڕۆژنامـــە و گۆڤاری کوردی ، بۆ دەربڕینی بیروڕا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیـــان ، هەروەها ڕێگەی ئەوەیـــان گرتۆتە بەر کە بەزمانی کوردی بنووســـن و بڵاوبکەنەوە ؛ ئەرکی پەرەپێـــدانی زمانی کوردی بەجێ بگەیەنن ، چونکە ( زمانەکەمان ) لەناو وڵاتدا پێشێل کراوە و قەدەغە کراوە ٠

ژمارەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردییانەی لە ئەورووپا بە زمـــانی کوردی یا بە زمانەکانی ( عارەبی ـ کوردی ) ، ( فارسی ـ کوردی ) ، ( تورکی ـ کوردی ) دەردەچن ؛ زیاترن لە ( ٤٠ ) گـــۆڤار و ڕۆژنامـــە ،

هەواڵنامەی کتێب

لەناو ئەوانەدا هەن مانگانەن ، یا وەرزی-ن ، یا دەوری-ن .
جگە لەو بلاوکراوە دەورییانەی کە لەلایەن کۆمەڵە خوێندکاری یە کوردییەکانەوە لە ئەمریکاو کەنەدا دەردەچن .

چالاکیی ڕۆژنامەگەری ، بەشی زۆری ، لە سوێدو ئەلمانیای ڕۆژئاوا و فەرەنسا و ئینگلتەرە کۆبونەتەوە ، بەلام سوێد ، پلەی یەکەمی ( لە رووی ژمارەی ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەوە ) داگیرکردووە . هەموو مانگێك ، بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ، حەوت گۆڤارو ڕۆژنامەی تێدا دەردەچێ ، جگە لە بلاوکراوە دەوری-یەکان . شایانی باسە : گۆڤارێك بەزمانی سوێدی - لە لایەن ( کۆمەڵەی سوێدی - کوردی ) یەوە دەردەچێ ، هەروەها گۆڤاری ( پێشمەرگە ) و ( نیوو پێشمەرگە ) . لەپاڵ ئەمانە ، چەند دەزگایەکی بلاوکردنەوەی کوردی - لە سوێد هەن ، لەوانە : ژینانو ، ڕوژانو ، ئازاد ، هەنگاو ، تارا ؛ هەروەها دەبینین ئێستا مەلبەندی ( پێوەندگای ڕۆشنبیریی کوردیی کاوە - رابطة کاوە للثقافة الکردیة ) گوێزراوەتەوە سوێد . هەروەها لە دانیمارکیش هەر لە نزیکەی سالێك لەمەوبەر ، بنکەی ڕۆشنبیریی ( یەکگرتن ) دامەزراوە ، کە گۆڤارێکی وەرزیی تیۆری دەردەکەن بەناوی ( یەکگرتن ) ....تاکو ئێستا ـــــ سێ ژمارەی لێ دەرچووە .

گرنگترین دەستاوەردەکانی ئەم دەزگای بلاوکردنەوانە :
- ژینانو : تائێستا ١٢ کتێبی بلاوکردۆتەوە ، لەمانە : لەچاپدانەوەی تەواوی ژمارەکانی گۆڤاری ( ڕووناهی ) و ( ڕۆژانو ) ، کە کاتی خۆی لە چلەکاندا ، میر جەلادەت بەدرخان و کامەران بەدرخان ، لە سوریاو لبنان دەریان دەکرد . هەروەها دووکتێبی ماموستا کەریمی حوسامی ، یەکێکیان لە بارەی کۆماری دیموکراتی کوردستان ، ئەوی تریشیان ( بیرەوەرییەکانم - بەرگی یەکەم ) .
-ڕۆژانو : ١٣ کتێبی کوردیی بلاوکردۆتەوە ، لەوانە : شەش کتێبی شاعیری کورد ( جگەرخوێن ) و سێ کتێبی پرفیسۆر ( قەناتی کوردۆ ) ، لەگەڵ ڕۆمانێکی ڕۆماننووسی کورد ( عەرەبی شامیلۆف ) بەناوی ( قەلای دمدم ) ، لەگەڵ دیوانێکی شاعیری کوردی سۆڤیەتی (جاسمی جەلیلی) ، هەروەها کتێبێکی ( جەمیلەی جەلیلی) لەبارەی فۆلکلۆر و مۆسیقای کوردی . وەکو ڕەچاو دەکرێ : بەشی زۆری کتێبە لەچاپدراوەکانی ئەم دەزگایە ، نووسەرەکانیان ، نووسەری کوردی سۆڤیەتن .
- ئازاد : ٨کتێبی بلاوکردۆتەوە ، بەشی زۆری هی دکتۆر جەمال نەبەز-ن .
هەروەها مامۆستا ( محەمەد ئەمین بوز ئەرسەلان) گۆڤاری(زین )ی لە چاپداوەتەوە ، تا وەکو ئێستا سێ بەرگی لێ دەرچووە . ( گۆڤاری زین

لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبوڵ دەردەچوو ) . هەروەها مامۆستا ( محەممەد بەکر ) ٢٢٣ ژمارەی لە گۆڤاری ( هاوار ) ئامادەکردووە بۆ چاپکردن ( کە ئەم گۆڤارەش ، وەختی خۆی لە ساڵی ١٩٣٢ لە دیمەشق ، لەلایەن میر جەلادەت بەدرخانەوە دەردەچوو ) ، بەم زووانە - لەمانگی ئابی ١٩٨٧ - بەشی یەکەمی بڵاودەبێتەوە ، کە بریتی یە لە ژمارەکانی ١ تا ٧ لە ٢٤٨ لاپەڕەدا .

-پێوەندگای ڕۆشنبیریی کوردیی کاوە :

ئەم پێوەندگایە ، مەڵبەندەکەی لە(بیروت) بوو ، ئێستا گوێزراوەتەوە بۆ سوێد . تاکو ئێستا ١١ کتێبی بە زمانی عەرەبی لەبارەی کوردو کوردستانەوە بڵاوکردۆتەوە . پێوەندگای کاوە ، ئەو کتێبانە تەرجەمە دەکاتە سەر زمانی عەرەبی کە لە بارەی کورد ، بە زمانی بێگانە نووسراون - بەتایبەتیش لێکۆڵینەوە سۆڤیەتییەکان لەبارەی کوردو کێشە نیشتمانی یەکەیان .

-هەروەها مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی- لەلەندەن و ، ئامۆژگای کوردی - لە پاریس ، چالاکی ی گەلێك بەرفراوانیان لەڕووی بڵاوکردنەوەوە هەیە . مەڵبەندی ڕۆشنبیری کوردی - لەلەندەن ، دووگۆڤار دەردەکا بە ناوی ( پەیڤ ) و ( مەڵبەند ) ، وێڕای گۆڤارێکی هەواڵنامەیی بە زمانی ئینگلیزی .

ئامۆژگای کوردیی پاریس - یش ، خەریکی دەرکردنی گۆڤارە وەرزی یەکەیەتی - بە زمانی کوردی ( گۆڤاری هیوا ) ، هەروەها گۆڤارێکی تریش ( دراسات کردیە ) - بە زمانی عەرەبی ، فارسی ، تورکی ، ئینگلیزی ، وێڕای ئەمە ، ئامۆژگاکە ، بڵاوکراوەیەك ئامادە دەکا : ئەو نووسراوانە دەگرێتە خۆی کە لە ڕۆژنامەو گۆڤارە بێگانەکاندا لە بارەی کورد بڵاودەکرێنەوە ... تاکو ئێستا ٢٣ ژمارەی ئەو بڵاوکراوەیە دەرچووە . لقی ئەو ئامۆژگایەش لە شاری ( بۆن ) - لە ئەڵمانیا ، گۆڤاری ( مزگێنی ) بڵاو دەکاتەوە .

چالاکی یە ڕۆشنبیرییە کوردییەکان - لە دوورە وڵاتدا ، تەنیا ئەمانە ناگرێتەوە .. چونکە ، کۆمەڵەو ڕێکخراوە ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتییە کوردییەکان - لە دەرەوەی وڵاتدا ، بەردەوام کار دەکەن بۆ ئەوەی بۆنە نیشتمانی و کۆڕی سیاسی و ئەدەبی ی تێدا بگێرن .

لەماوەی ساڵانی پار و پێراردا ، چەندین (کۆڕ) لە لەندەن و هوڵەندە و ستۆکهۆڵم و کۆپنهاگن و شارەکانی تری ئەورووپا ، بەستراون لەبارەی : جگەرخوێن ، پرۆفیسۆر ئەناتی کوردو ، یەڵماز گۆنای ، هێمن ، کامەران موکری ، محەممەد ساڵح دیلان ، گۆران ، کوردناسی لە ئەورووپا ، ئابووری

سیاسی ، ڕۆژنامەگەری کوردی ،دیالێکتە کوردییەکان ، بیری نەتەوەیی ی کوردی ، مێژووی هاوچاخی کورد ، یادکردنەوەی کۆماری دیموکراتی کوردستان ... هی تریش .

ئەم کۆڕانە ، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆرە کوردە دوورە وڵاتەکان و لەلایەن هەندێ پیاوانی سیاسی و ڕۆشنبیریی ناسراوی کورد هەڵسوڕاون ، لەوانە : " مامۆستا کەریمی حوسامی ، دکتۆرجەمال نەبەز ، دکتۆر کەمال عەلی ، دکتۆر کەمال فوئاد ، دکتور فوئاد مەعسووم ، دکتۆر جەمشید حەیدەری ، دکتۆر فوئاد زێوەر ، مامۆستا کەمال میراودەلی ، شاعیر فەرهاد شاکەلی ، مامۆستا باقی نازی ، شاعیر مۆید طیب ، مامۆستا کەمال بورقای ، مامۆستا ڕەشۆ زیلان ، چیرۆکنووس محەممەد ئوزن ، نووسەر ڕەشید سمۆ ، مامۆستا محەممەد بەکر ، مامۆستا محەممەد ئەمین بوز ئەرسەلان ، شاعیر محەممەد ڕەسووڵ هاوار ... هی تریش .

## کۆتایی :

ئەم وتارەم ( لەبارەی چالاکییە ڕۆشنبیرییە کوردییەکان - لە دوورە وڵات دا ) لەژێرتیشکی ئەو زانیاری و سەرچاوانەدا ئامادەکردووە کە دەستم توانیویە بیانگاتێ ، هەروەها سەبارەت بە کورتی ی ئەو ماوەیەی کە دەبوایە وتارەکەی تێدا ئامادە بکەم ؛ نەمتوانی وتارەکەم بە هەموولایەکدا گیرایی بکەمو ، هەرهەموو چالاکییە داهێنراوەکانی ڕۆشنبیرانی کورد - لەدوورە وڵاتدا تومار بکەم . بەلام لەگەڵ ئەوەشدا ، واتێدەگەم . وتارەکە چەند تیشکێك دەخاتە سەر بارودۆخی ڕۆشنبیری کوردیی ئەمڕۆ لە دوورە وڵاتدا و ، خوێنەری عەرەب لە چالاکییە کوردییەکانی دوورە وڵات ، ئاگادار دەکاتەوە . کاشکی لەمەدا سەرکەوتبم .

د - جەمشید حەیدەری
٢٧ / ٧ / ١٩٨٧ ستۆکهۆلم

---

● ئەم وتارە لە بنچینەدا بەزمانی عەرەبی بۆ گۆڤاری ( البدیل)نووسراوە و لەلایەن نووسەرەوە بۆمان ڕەوانەکراوە ، ئێمەش وەرمانگێڕایە سەر زمانی کوردی و بلاومانکردەوە .

**شانۆ**

# گێژەن: تیا بزرکردنی بنەمایەکی بنچینەیی هونەر

ـــ فرهاد پیربال

هەڵسەنگاندنێکی رەخنەییانەی ئاستە رەمزییەکانی شانۆگەری ی گێژەن ـ کە لەلایەن تیپی ئاراراتەوە ، لە رۆژانی ٢٢و٢٣و٢٤/٨/١٩٨٧ ، لەستۆکهۆڵم پێشکەش کرا .

بەدرێژایی ئەو چەند ساڵانەی دواییی ، تاکو ئێستاهیچ ئیشێکی دەرهێنەر ( فازل جاف ) م نەدیوە ، کە ئاژاوەو مشتومڕێکی هونەری و رۆشنبیری و سیاسیی لەرادەبەدەری لەدوای خۆیەوە جێ نەهێشتبێ . هەموومان ئاژاوە و مشتومڕەکانی دوای پێشکەش کردنی ( پردی ئارتا ) و ( دووڕەگ ) و ... هتد ـ مان لەبیرە . ئەم دیاردەیە ، " لەم چەند ساڵانەی دواییی شانۆی کوردیدا " ، خۆئەگەر نیشانەیەکی پیرۆزەتیش و نیشانەی سەرکەوتنیش نەبێت ، ئەوا ـ بەلایکەمەوە ـ نیشانەی ئەوەیە کە ئەم هونەرمەندە ( هاوکار لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تر ) هەمیشە هەوڵ و توانا و بەهرەی خۆیان تاقی کردۆتەوە ، بۆ ئەوەی بتوانن ئەزموونێکی تازە پێشکەش بکەن و چەندشوێن پەنجەیەکی تازە بەسەر رەوتی هونەریی شانۆی کوردییەوە جێ بهێڵن !

لەم چەند دێڕەی خوارەوەدا ، هەوڵ دەدەم ـ بەکورتی ـ چەند سەرنج و بۆچوونێکی راگوزاری ، لەبارەی تەنیا چەندلایەنێکی ئەم تاقی کردنەوە گرنگە ـ لەشانۆگەریی گێژەن دا ـ پێشچاو بخەم .

وەک لەکرۆکی نوسراوەکەشم دا دەردەکەوێ : بنەمای بۆچوونەکانم ، دوورە لەبنەمای سیاسەتگەرانەی یەکلابینانە ، بەڵکو دەمەوێ ئەم ئیشە هونەرییە ، ئەم تاقیکردنەوە شانۆییە ، لەخانەی دیاریکراوی خۆیەوە

تەماشا بکەم : خانەی هونەر ، کەلتێکە لەلقەپاڵگبیە مرۆڤایەتیەکانی یەکەی شۆڕشگێڕیی نەتەوەکەمان .

لەپێزدا ، دەمەوێ پەنجەنوماییەو پەیوەندیە بکەم کەلەنێوان تێکستی نووسرا و دەرهێنراو ( پێشکەش کراو ) دا هەیە .

تێکستی شانۆیی ، هەر کەبردرا بەسەر شانۆ ، پێویستە ، سەرتاپای رەگەزەئەدەبیە نووسراوەکانی هەڵبگێڕدرێتەوە ، سروشت و زمانێکی تایبەت بەشانۆ پەیدابکات ، پێکهاتێکی تازەی ئەوتۆ بگرێتە خۆی ، کەبە رەگەزە شانۆییەکان و ئامرازە تەعبیریەشانۆییەکان ، پێش ئەم کاتە ، ئەو ئاشکرایی و بایەخەشانۆیی و بەهاستاتیکیانەی خۆیان نەبوو .

هونەرمەند ( فازڵجاف ) ، وەك لەئیشەی و لەئیشەکانی پێشووشیەوە دەردەکەوێ : یەکێکە لەو دەرهێنەرە کوردانەی ، کە بەشێوەیەکی تا بڵێی وردبینانەو داهێنەرانە ، لەم پەیوەندیە تێ دەگات و تەعامولی لەگەڵ دەکات .

لەم ڕووەوە ، بینەر کە ئەم کارەشانۆییەی تیبی ئارارات دەبینێ ( چ وەکودەرهێنانیچ وەکو نواندنی ئەکتەرەکان و، جێ بەجێ کردنی ڕەگەزە شانۆییەکانی تر ) هەست دەکا : ڕاستە ، شانۆیهاوچەرخی کوردی ، ئەو ڕۆژگارەی تێپەڕاندووە کە ( نواندنی شانۆیی ) تەنیا گواستنەوەیەکی ڕووکەشی تێکستە نووسراوەکە بێت! ئەو قۆناغەی جێ هێشتووە ، کە لەو خۆی بەسروشتی ڕەگەزە نووسراوەکانی تێکستەکە ببەستێتەوە ! " لەو دەچێ پێوەرە ستاتیکیەکانی هونەرە بەیەکترگرێ دراو و لە یەکتر نزیکەکان ؛ هارکات ـ لەگەڵ یەکتر بگۆڕێن و پەرەبسێنن " ! ئەگەر هاتوو شانۆنامەیەکی هاوچەرخ ، هەمان ئەو کەلەکە بوونی " باب ـــ ـەت " و " جولانەوە " و ڕووداوە زۆر و ئاپوورانە وەکو شانۆگەریەکانی ( مەرەزە ) و ( پیلان ) و ( هەبوونەبوو ) و ( چەخماخە ) ی تێدا بەدی نەکرا ، واتە ئەگەر بریتی بوو ـ بۆنموونە ـ لەگفتوگۆی کورت کورت یا درێژی نێوان تەنیا سێ کەسایەتی یا تەنیا دوو کەسایەتی .. ئەم دیاردەیە ، نیشانەی " لاواز " ی تێکستەکە نیە ، وە ڕێ لەوە ناگرێ کە کارێکی شانۆییی دەربڕ و بەرزی لێ دروست بکرێت ، بەڵکو بەپێچەوانەوە! باشترین بەڵگەی بەڕاست گەڕانی ئەم قسەیەش ، شانۆگەری گیژەنە !

شانۆگەری گێژەن ، ئەگەر خوێنەرێك شانۆنامەکە بە خوێندنەوە بخوێنێتەوە ، لەسەرەتادا وا هەست دەکات ئەم تێکستە بریتی بە لە گفتوگۆیەکی سێ قۆڵی و ، هیچ جۆرە بزاوتێکی کۆمەلایەتی و " جولانەوەیەکی " ئەوتۆی تیا بەدی ناکرێ .. هەروەها ، شانۆگەریەکە ـ وەکو بابەت ،

هەواڵنامەی کتێب

هیچ بابەتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو ، هیچ گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی ی بەپەل و پۆی تێدا بەزەقی بەدی ناکرێ ؛ دوورە لەو شانۆگەریيانەی ڕووداو و کارەساتی گەورەگەورە و دیاریان تێدا بەدوای یەکتردا دێن ؛ تەنانەت دەتوانین بلێین : لە بنەڕەتدا بریتی یە لە فیکرەیەکی سیاسی، هەڵوێستێکی سیاسی ڕووت !

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ، ئەو پێکهاتە تازەو پڕلەبزاوت و جموجوڵ و شێوەکارییە دەوڵەمەندەی کە دەرهێنان و نواندنەکە لە تێکستەکەوە هەڵیهێنجاوە و پێشکەشی دەکا - بەڕاستی : کەم نواندنی دیکە دەتوانێ بەو شێوە بەرزە گیانی بزاوت و شێوەکاری و ڕۆحی جوانی بەبەر تێکستی نووسراودا بکا .

شانۆگەریی گێتزەن - لەڕوی پێشکەوتنی دەرهێنانی شانۆی کوردییەوە ، شوێنی تایبەتی خۆی هەیە : لەڕووی پێکهێنان و بینای ئەندازەییانەی سەرتەختەی شانۆ ، دینامیکیەتی کەلوپەلەکان و سروشتی دابەش کردنیان و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەهەڵسوکەوتی کەسایەتییەکانەوە ، مانای سمبولیستانەی شوێن و کەلوپەلەکان ، جوانی و هارمونیەتی ئیقاعی شانۆگەرییەکە ، پێکهێنانی پێکهاتە شێوەکارییەکانی نواندن ، جۆرا و جۆری و ژمارەی ئاستەکانی حیوار و نواندن ، سوود وەرگرتن لە کاریگەرییەکانی دەنگ ( المؤثرات الصوتیة ) بۆ لەباتی دانانی دیکۆر و بۆ وێنەکێشانی زەمینە دەروونییەکەی چیرۆکەکە ، هەروەها ڕۆلبینینی جوانیبەخش و هارمۆنیەتی ڕووناکی ....

لەسەرەتای شانۆگەرییەکەوە - لەگەڵ کرانەوەی پەردەدا ، بینەری وردبین ، یەکسەر هەست بەوەدەکا کە ڕووبەڕووی دنیایەکی ڕەمزچن و سمبولیستانە بۆتەوە . زیرەکیی دەرهێنەر لەوەدایە : سروشتی سمبولیستانە و مانای ڕەمزاوی ، نەک هەر تەنیا لە نێو گفتوگۆی کەسایەتییەکاندا تواندۆتەوە ، بەڵکو ئەو زمانە شانۆیی و سمبولییەی لە هەمان کاتدا بەخشیوەتە شوێن و جێگا و کەلوپەلەکانیش ، بۆ نموونە : ( ئەو سەکۆ بەرزەی - لەسەرەتادا کابرای قەڵەو لەسەری دانیشتووە ) ! شوێنی بەرز - لە شانۆدا - واتای دیاریکراوی خۆی هەیە ، بە مانای " پلەوپایە " و توانا داری و بەرزی ئاستی چینایەتی و سیاسی دێ!

هەروەها ئەو پێپیلکە دارینەی کە شوێنە بەرزەکەی ناو باڕەکە بە شوێنە تەختانییەکە دەبەستێتەوە .. مانای سمبولیستانەی خۆی هەیە . ئەکتەر، ئەگەر لەم پێپیلکەیەوە هاتەخوارەوە ، بە مانای لاوازی و " دابەزین " و نزیکبوونەوەی لە تێکشکان و هەرەس دێ ، وە ئەگەر ئەکتەرێکی تر سەری کەوت ( وەک لە دیمەنی شانۆگەرییەکە بینیمان ) بە

مانای بەرزبوونەوە و ویستی بەپایەگەیشتنی دێ *..

هەروەها ( پێبلکە لەگوریس‌چنراوە ) : بەمانای دەروازەی ڕزگار بوون و بیرکردنەوە لەسەربەستی و گەیشتنە ئاوەدانی و ئازادی دێت - شوێنی سەکۆ نیمچە بەرزەکەی ناوەڕاستی شانۆش هەروا - کەکابرای درێژ لەسەرەتادا لەسەری پاڵی داوەتەوە .

بەم شێوەیە ، هەموو شوێن و جێگاو کەلوپەلێک ، هەر لەسەرەتاوە تا کۆتایی ، سروشتێکی دینامیکی و مانایەکی سمبولیستانەی خۆیان هەیە ... کەسایەتییەکانیش ، بەپێی پەیوەندیەکی سمبولیستانەی ستاتیکی ی ( نەخشە بۆ کێشراو ) لەگەڵ ئەو کەلوپەل و جێگایانە دەجولێنەوە و هەڵسوکەوت دەکەن . من لەم شانۆگەرییەدا ، کەم جولانەوەی ئەوهام بینی ، کەهەریەکەیان ، پێشوەخت ، حسێبێکی ستاتیکی و سمبولیستانەی نەخشە بۆ کێشراویان بۆ نەکرابێ !

بزوان و جولانەوەی ئەکتەرەکان ، پڕ لەواتای دەربڕ و جوان و دەولەمەند بوون .

بەدەنی ( لەشی ) ئەکتەرەکان ، وێڕای پێکهاتە شێوەکارییەکانی بەدەنی هەموویان بەیەکەوە ، کرابوون بە سەرچاوەی سەرەکیی نواندنەکە .. واتە : کرابوون بە ( چەقی پێشکەش‌کردنەکە ) .

ئەم ڕەوتەش ، بەگرنگترین دیاردەی تازەو دەستاوەردە هەڵبوێردراوەکانی شانۆی کوردی دەژمێردرێت - لەم شانۆگەرییەدا ، کە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو ئەنجام درابێ !

ئەم ئەزموونە هونەرییەی ئەم شانۆگەرییە - لەڕووی دەرهێنان و نواندنەوە ، ئەزموونە بەناوبانگەکانی دەرهێنەری پۆڵۆنی ( جرۆتۆفسکی ) مان بیر دەهێنێتەوە : لەڕووی ئەوەی کە قورسایی نواندنەکە بەتەواوەتی کەوتبووە سەرشانی ئەکتەرەکان و توانای بەگەرخستن و بەکارهێنانی بەدەنیان و جولانەوەکانیان !! چونکە - وەکو وتمان : چەقی پێشکەش کردنەکە ، لەلەشی ئەکتەرەکان و جولانەوەکانیان دا وە لەپەیوەندی ستاتیکیانەی نێوان لەش و جولانەوەی بەدەنی‌هەموویانەوە بە گشتی ،

* بۆیە دەبینین ، کاتێ ( کابرای بچووک ) بەسەر پێپلکەکە هەڵدەگەڕێت و سەردەکەوێتە سەر " سەکۆبەرزەکە " ، ( کابرای قەڵەو ) و ( کابرای درێژ ) بەتوورەیی و شپرزەییەوە ، زۆری لێ دەکەن و داوای لێ دەکەن " بێتە خوارەوە " :

- وەرە خوارەوە !

- نا !!

پاشان ، "دێتە خوارەوە" !

هەواڵنامەی کتێب

کۆببووە . ! بۆیە بەدڵنیایی یەوە ئەم قسەیە دەکەم - : گەر بەهاتایە شانۆگەرییەکە ئەو ئەکتەرە خاوەن تەجروبە و بەتواناو لێهاتووانە رۆڵیان تێدا نەدیبایە ، شانۆگەرییەکە - لەم ڕووەوە ئەو جوانی و سەرکەوتنەی وەدەست نەدەهێنا !

لەلایەکی تریشەوە - هەر لەم ڕووەوە ، پێکهاتەشێوەکارییەکانی لەشی ئەو ئەکتەرانە ، کەمن دەتوانم بە ( پێکهاتەبەدەنییەکان ) ناوی ببەم ، ڕێبازی دەرهێنانی ( ما برختۆلد ) مان بیردێنێتەوە . چونکە دەرهێنەری ئەم شانۆگەرییە ، لەڕێبازی دەرهێنانی خۆیدا - وەك بینیمان - پشتی بەتیۆری کەفوکوڵ کردنیسۆزمەندانە ، واتە پشتی بە ( تیۆری هەڵچوونەدەروونییەکان ) نەبەستبوو ، بەڵکو لەجیاتی ئەوە ، هەوڵی دابوو پشت بەجوڵانەوە و دەربڕینە بەدەنییەکان ببەستێت ؟ واتە جوڵانەوە و کۆکردنەوەی بەدەنی ئەکتەرەکان پێکەوە ( لەیەك تابلۆدا ) بکاتە بنەمای پێکهاتنی ( جوانی ) ! راستییەکەشی : پێکهاتە بەدەنییەکانی ئەکتەرەکان ، بەدرێژایی ی دیمەنە جیاجیاکانی شانۆگەرییەکە ، لەتاستێکی هێند بەرزو جوان دا خۆیان دەنواند ؟ کەزۆربەیان دەتگوت لەتابلۆی تەشکیلی ی هونەرمەندێکی تەشکیلی یەوە سەرچاوەیان گرتووە .

دەرهێنەر لەگرتنەبەری ئەم ڕێبازی دەرهێنانە ، توانیبووی ( پێکهاتە بەدەنییەکانی ئەکتەرەکان ) لەکەمترین شوێن دا ، وەلەجوانترین شێوەدا ، لەتازەترین دیمەنی دەربڕی مرۆڤایەتییانەدا بخاتە پێش چاو بینەرانەوە .

هەر سەبارەت بەبەکارهێنانی ئەم ڕێبازە دیاریکراوە بوو ، بینیمان : لەدەرهێنان دا ، ئەوەندە بایەخ بەمەسەلەی بەرجستەکردنی سۆزمەندانەی برسێتی یەکە و نیشانەکانی برسێتی ی کەسایەتییەکان نەدرابوو . بەمەش ، شانۆگەرییەکە ، لەدەست ئەوە رزگاری ببوو کە ئیقاعێکی خاو و خلیچ و سست وەربگرێ ، لەسەر ئیقاعێکی خۆش و گونجاو و هاوئاهەنگ بەرێوە دەرۆیی .

گفتوگۆی کەسایەتییەکان ( حیوارەکان ) ، لەسێ ئاستی دیاریکراوی هاوپەیوەنددا خۆیان دەنواند ، یەکەم : ئاستی مەنەلۆج ، واتە لەگەڵ خۆدووان . دووەم : ئاستی دوو قۆڵی ، واتە لەگەڵ یەکتردووانی کەسایەتییەکان . سێیەم : ئاستی ( لەگەڵ بینەر قسەکردن ) ، واتە پەیداکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ جەماوەر.... ( ئەم ئاستی سێیەمە ، لەچاو دوو ئاستەکەی پێشوو ، گرنگترو ناوێزە ترە ) .

بەشێکی دیاریکراو ، گفتوگۆ وحیوارەکانی(کابرای بچووك)و( درێژ ) ،

بەتایبەتیش بەشێکی زۆری حیوارەکانی ( کابرای تەڵەو ) ، لەجۆری ئەم ئاستی سێیەمە بوون .

بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە ( کەلەبنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ دەستاوەردە هونەرییەکانی هونەرمەندی ئەڵمانی - برتۆلت بریشت - ) ، ئەگەرچیش لەشانۆی کوردیدا شتێکی تازە نییە ، بەڵام لەڕووی سروشتی بەکارهێنانەوە ، لەم شانۆگەرییەدا بەجوانترین و بەرزترین شێوە بەکارهاتبوو .. زۆر بەوردی بەوە توانرابوو ئەو پەیوەندییە دروست بکرێ لەنێوان کێشە دەستنیشانکراوەکەی سەرشانۆ و جەماوەران . شانۆ لەڕێگای ئەم تەکنیکەوە ، پەیوەندییەکی دینامیکی و ڕاستەوخۆ و سروشتییانەی بەجەماوەرەوە پەیدا کردبوو . لەڕێگای بەکارهێنانی ئەم تەکنیکەوە ( بەکارهێنانی حیواری ئاستی سێیەم ) ، توانرابوو فیکرەی شانۆگەرییەکە ، واتە ( ڕەخنەگرتنە سیاسییەکە ) هەمووانی تر بکرێت و هەموو باروودۆخە سیاسییەکە بگرێتەوە .

هەروەها ئەم تەکنیکە یارمەتییەکی زۆری ئەوەیدا بوو کە ( شوێن ) واتا یەکی سمبولیستانە پەیدا بکات ؛ ئەم سمبولی کردنی شوێنەش - لەگەڵ خستنەڕووە سمبولی یەکەوە ، کەسایەتییە سمبولەکان : جوان و هاوئاهەنگ و گونجاو بکەوێتەوە !! بۆ نموونە : سەکۆی ناوەڕاستی شانۆگەرییەکە - لەسەرەتادا شوێنی تیا پاڵدانەوەی کابرای درێژە ، لەجێ یەکی تردا مێزی نانخواردنە ، کەجێ یاشیان لەناکاو دەگۆڕێت و دەبێتە شوێنی وتار خوێندنەوە و بڵندگۆی ئاخاوتن لەگەڵ جەماوەر * . ئەمە ، مانای ئەوەیە کەئەم شوێنە و شوێنەکانی تریش - لەسەر تەختەی شانۆدا : چەند ڕەمزێکن ، یاچەند شوێنێکی ڕەمزین ، چەند وێنەیەکی جۆراوجۆری یەك شوێنن .

بەکورتی : بەکارهێنانەکە - بەپێچەوانەی ئەوەی لەهەندێ شانۆگەریی تردا دیومانە - تەنیا لەپێناو " بەکارهێنان " نەبوو ، بەڵکو کۆمەڵێك بەرەوا نیشاندانی ( مبرراتی ) هونەریی خۆی هەبوو .

## لەڕوی هەڵبژاردنی تێکستەکەوە :

یەکێك لەخاسیەتە گرنگەکانی هەر دەرهێنەرێکی هونەرمەند : هەڵبژاردنە ، هەڵبژاردنی تێکستی شانۆیی ڕەسەن و بەرز و گونجاو .

---

* جێی سەرنجە : ئەم تەکنیکی شوێن گۆڕانە سمبولی یە ، لە شانۆنامەکانی - ئارتۆر ئەدامۆف - دا ، بەکجار زۆر ، وە بە جوانترین شێوە بەکارهاتووە . بڕوانە شانۆنامەی ( پرۆفیسۆر تاران )

لەم ڕووەوە ، بەڕەوای نازانم هیچ ڕەخنەیەك لەمەسەلەی هەڵبژاردنی ئەم شانۆنامەیەی ( سلاڤۆمیر مرۆژێك ) بگیرێ .. بەڵام لەبارەی هەڵبژاردنی و پاشان دووبارە بەجۆرێکی تر داڕشتنەوەی و " ئامادەکردنی " ، بەڕاستی ـ دەبێ بگوترێ : ئەم دیاردەیە لەبواری شانۆی کوردیدا شتێکی تازە نیە ؛ ماوەیەکی زۆرە بووە بەبارێ هەر نووسەرێك یا هونەرمەندێك ، دێ تێکستی شانۆنامەنووسێك سەروگوێ دەکات و بەناوی ئامادەکردنەوە پێشکەشی دەکات . باشە ئەگەر فیکرەو ڕووانینی شانۆنامەکەی بەدڵ نیە و بەڕاستی نازانی ، بۆچی هەرخۆی شتێکی تازە نانووسی ؟! وەئەگەر بەدڵێتی ، بۆچی هەمان تێکستەکە بەدەقی خۆی پێشکەش ناکا ؟!

.. پاساو دانەوەی ئەم دیاردەیە ، هەرچی شتێك بێ ، عەیب و عاری ئەوە ناشواتەوە کە ئێمە ، تائێستە ، متمانەمان بەهەوڵی خۆمان نیە و ، هێز و بڕستی وەستان لەسەر توانا و بەهرەی خۆمانمان نیە .

جگەلەمانەش ، " ئامادەکردن " : هەمیشە لەوە هەڵبژرکاوتری لێ دەردەچێ کە "ئامادەکار" بتوانێ گونجان لەنێوان ڕوانینی خۆی و ڕووانینی نووسەرە ئەسڵییەکە دروستبکات . هونەر ، واتە تایبەتمەندیی ڕووانینی هونەرمەندێك !

با ئەم مەسەلەیە دوور و درێژ نەکەینەوە ، من لەم بارەیەوە تێبینییەکم هەیە : تیپی ئارارات گەر بهاتایە تێکستە ئەسڵییەکەی ، بەدەقی خۆی پێشکەش بکردایە .. ئیشە هونەرییەکەیان ، سەرکەوتوو تر و " گونجاوتر " دەبوو . ئەمەش ، لەبەر چەندین هۆ ، بۆنموونە : وەك ئەمانەتێکی هونەری ، ڕووانینی سلاڤۆمیر مرۆژێکیان دەپاراست ، واتە ڕووانینە بنەڕەتییەکە تووشی ئەو ئاڵۆزکاوی و ناکۆکی و گۆڕانە نەدەهات ـ کە بە بۆچوونی من : تووشی هاتووە ـ ؛ ڕەمزەکان هەڵنەدەگەڕانەوە ، فیکرەی شانۆنامەکە بەدەقی خۆی ، خۆی پێشکەش دەکرد ... چونکە تیپی ئارارات ـ وەکو خۆشیان پەنجەنومایان کردووە : تێکستەکە لە بنەڕەتدا تێکستێکی پۆڵۆنی یە و نووسەرێکی پۆڵۆنی ( سلاڤۆمیر مرۆژێك ) نووسیویەتی ، پاشان دەرهێنەری تیپەکە بۆ شانۆی کوردی ئامادی کردووە و دەری هێناوە ..

چیرۆکی شانۆنامەکەش ، چیرۆکێکی ڕەمزییە : باس لەسێ ئینسانی ناو پاپۆڕێك دەکات ، کە پاپۆڕەکەیان لەکارکەوتووە و لەناوەڕاستی دەریادا " چەقی بەستووە ! " . ( چەق بەستنی پاپۆڕێك لەناوەڕاستی دەریادا و لەکارکەوتنی !! ) چەند لەڕووداوێکی ناماقووڵ دەچێ ، ئەوەندەش واتا یەکی ڕەمزیی هەیە : بەواتای چەقبەستنی کۆمەڵگایەك ، بەواتای لەکار کەوتن و ئیفلیج بوونی کۆمەڵگا یەکی مرۆڤایەتی !

کەواتە شێوەی شانۆنامەکە : شێوەیەکە لەشێوەکانی ( شانۆی ئامانوڵ ) بەڵام ناوەڕۆکەکەی ناوەڕۆکێکی ڕەمزییە ، ناوەڕۆکێکی ئامانجکارانەیە .

نووسەرە پۆلۆنییەکە ، هەر بەوەندە نەوەستاوە ، بەڵکو لەڕێگای ئەم چەقبەستن و ئیفلیج بوونەوە ؟ ناوەوەی ئەم پابۆڕەشی ( ناوەوەی ئەم کۆمەڵگا یەشی ) خستۆتەڕوو .

دەبینین - دوای ئەوەی هێرشی برسێتی ڕوولەسێ کەسایەتییەکەی ناو پابۆڕەکە دەکا - ( کابرای قەڵەو ، کەڕەمزی دەوڵەتە ) لەگەڵ ( کابرای درێژ ، کەڕەمزی داردەستەیی و چڵکاوخۆرییە ) لەبێناو ئەوەی لەدەست هێرشی کوشندەی برسێتی ڕزگاریان ببێت ، لەژێرەوە ڕێک دەکەون و بیردەکەنەوە کە بەهەر شێوەیەك بێت ( کابرای بچووك ، کە ڕەمزی میللەتە ) بخۆن !!

ئەوەندەی من ئاگادار بم : هێڵی بەیانیی چیرۆکە ئەسڵییەکە ، ئەمەیە . دراما و زۆرانبازییەکەش هەر ، تاکۆتایی شانۆنامەکە ، لەم خاڵەوە دەست پێ دەکات و هەر بۆ ئەم خاڵەش دەگەڕێتەوە : زۆرداری و چڵێسی و گیانی خراپەکاریی دەوڵەت ، لەئاست گەلی هەژار و بێ دەسەڵات!.

ئەوەی خستمانەڕوو ، وێنەیەکی بچووککراوەی چیرۆکە پۆلۆنییەکە بوو . خۆنەگەر چیرۆکەکە ، هەندێ ڕووداوی لاوەکی و کەسایەتیی لاوەکیی تریشی تێدا بێت ، وەکو ( خزمەتکار ) و ( هاتنی پۆستەچی بۆ گفتوگۆ ) و ... هتد، ئەوا هێڵی بەیانیی چیرۆکەکە و فیکرەی سەرەکیی چیرۆکەکە لەچوارچێوەی ئەم فیکرە بنەڕەتییە ناچێتە دەرەوە : ( ململانێی دەوڵەت دژ بەمیللەت ) یان ( هەوڵدانی دەوڵەت بۆ چەوساندنەوەو قووت دانی گەل و جەماوەر ) .

گرنگ : ململانێ و زۆرانبازییەکە لەنێوان دوو هێزی دیاریکراودایە : هێزێکی زۆردار و بەدنیهاد و چڵێسی ( دەوڵەت ) ، دژ بەهێزێکی « دەست و دڵ پاك » و چەوساوە ( میللەت ) !

وەکو ببینیمان : لەتێکستە ئەسڵییەکەدا ، کابرای قەڵەو ڕەمزی دەوڵەت و دکتاتۆریەتی دەوڵەتە ، کابرای درێژیش ڕەمزی داردەستەی دەوڵەت و چڵکاوخۆری دەوڵەتە ، کابرای بچووکیش ڕەمزی گەلە .

.. ئینجا ئایا ( ئەمانەتی هونەری و ئەدەبی ) داخوا ڕێگا بەوەدەدا ، کەئەم ڕەمزانە ، لەشانۆگەرییەکی « کوردی » دا ، سەرەوگێڕ بکرێتەوەو : کابرای قەڵەو لەگەڵ کابرای درێژ ، بکرێن بەچەند حیزبێکی گۆڕانخوازی کە هێشتا ( جاری خۆشیان ) نەبوونەتە دەوڵەت و ، تەنانەت دژبەدەوڵەت خەبات دەکەن ؟! ( ئەمە پرسیارێکی هونەرییە نەك سیاسی ) .

ئایا ئەم دەستکاری کردن و ئەم قەڵب کردنەوەیەی ناوەڕۆکی

ڕەمزەکان ، بەڕۆڵی خۆیان ، فیکرە و ڕووانینی شانۆنامەکە قەڵب ناکەنەوە و ، نایگۆڕن ؟! من وەك بینەرێك ، دووای ئەوەی شانۆگەرییەکی ( نووسینی سلاڤۆمێر مرۆژێك ) م بینی ، کەدێمەدەرەوە ؛ لەخۆم دەپرسم : ئایا داخوا ( سلاڤۆمێر مرۆژێك ) فەرقی لەنێوان ( دەوڵەت ) و ( حزبەکانی دژ بەدەوڵەت ) نەبینیوە ؟!

ئەم خاڵەگرنگە : مەسەلەیەکە ؛ دەبووایە ئامادەکاری شانۆنامەکە وردبینانەتر مامەڵەی لەگەڵ بکردایە ؛ بەلای کەمەوە ـ ئامادەکار ـ نەدەبوو قورسایی فیکری خۆی تا ئەو رادەیە بخاتەسەر تێکستەکە . پێویست وابوو بەهەستێکی لێپرسراوانەی گەورەترەوە تەرجەمەی زمانی ئەو هونەرمەندە پۆڵۆنی یە گەورەیەی بۆ جەماوەرانی کورد بکردایە .

لێرەدا واز لەم مەسەلەیەی ( ئەمانەتەهونەرییەکە ) دێنم و ، دێمە سەر کرۆك و ناواخنی تێکستە پێشکەش کراوەکە ( ئامادەکراوەکە ) خۆی .

بۆ ئەوەی منیش بڵێم ، ئاشکرایە : کاری هونەری و داهێنانی هەر هونەرمەندێکی نەتەوەکەمان ، ئەگەر بەڕووانینێکی سیاسی یا حزبایەتی ی دیاریکراو پێشچاوخرابێت ، ئەوا لەگۆشەنیگای ڕەخنەگرێك یا هونەرمەندێکی دیکەی خاوەن پێچەوانەی ڕووانینی سیاسی یا حزبایەتی ئەو : کارێکی نابەجێ و نزم ؛ پووچ و بێ بایەخە لەواتە مەسەلەکە ـ لەلای ئێمە ـ هەر بەتەواوەتی و بەئاشکرا ، ئاوهای لێهاتووە : عەکس بوونەوەو قەڵپ بوونەوەی چەمك و پێوەرە ئایدیۆلۆجییەکانی بواری " سیاسەت " بۆ ناو بواری هونەر و داهێنان . ئەمەیە گیروگرفتی پێشکەوتنی فەرهەنگ وهونەری ئێمە : بەچاوی حیزبێك ، یا بەچاوی سیاسەت و ئایدیۆلۆجییەتێك تەماشا کردنە هونەر و داهێنان !! ئەم گیروگرفتەش ، زیاتر لەچارەکە سەدەیەکە کەوتۆتە ناو داهێنەر و ڕەخنەگر و هونەرمەندانی کوردەوە ، گیروگرفتی چەندین نەوەی یەك لەدووای یەکی هونەرمەندان و نووسەرانی کوردی ئەم چەند دەیەیەی دووایی یە .. چارەسەرکردنیشی : ناکرێ ، تا ئەو کاتەی هەر هونەرمەندێکمان ، ڕەخنەگرێکمان نەیەتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەربڕینی ( ڕووانینی هونەری : ڕووانینێکی ئاسۆفراوانی ، لەهەمان کاتدا تابڵێی تاکرەووسەربەخۆیە ) جیاوازە لەگەڵ دەربڕینی ( ڕووانینی سیاسی یا ئایدیۆلۆجی ) ، وەتا ئەو کاتەی ـ هونەرمەند و داهێنەری کورد ـ ، ڕووانینە سیاسی یا حزبی یەکەی خۆی ، بەو ڕووانینەهونەرییە ئاسۆفراوانە ، بەو ڕووانینە تاکرەو و سەربەخۆیە نەگۆڕێتەوە !

ئەم گیروگرفت و کێشەیەمان ، بەبێ بۆنە و هۆ نەخستۆتە ڕوو ، بەڵکو : یەکێکە لەو گیروگرفتانەی کەشانی بەخشن و جوانی ،

شێوەکارییە بەرزەکانی ئەم شانۆگەرییە ناوبراوە ، ڕووبەڕووی بینەر دەبێتەوە .

باشتریش وایە ئەم مەسەلەیە لەڕێگەی یەکێك لەڕەگەزەهونەرییەکان خۆیانەوە پێشچاو بخەین : لەڕێگەی لێکۆڵینەوە لەڕەمزەکان و ئاستە سەمبولییەکەی شانۆگەرییەکە :

سەرەتای شانۆگەریی گێژەن ، بەم گفتوگۆ درامی یەجوانە دەست پێ دەکات :

کابرای قەڵەو : برسیمە .
کابرای درێژ : منیش برسیمە
کابرای بچووك : منیش برسیمە

جارێ نازانین ڕووانین و چنینی فیکری شانۆگەرییەکە چی یەو چۆنە ؟ تەنیا ئەوەندە دەزانین : سێ کەس ـ لەناو پاپۆڕێکی یەککەوتەو چەقیوی ناوەڕاستی دەریادا ـ برسییانە .. تەنیا دیاردەی ( برسێتی ) هەست پێ دەکەین .

بچووك : لەوڕۆژەوە پاپۆڕەکەمان تێك شکاوە و لەعالەم دابڕاوین .. ئێوە هەر خەریکی خواردنن . ورگ ، ورگ ، ورگ ، قەت بەوردی و ناقڵانە بیرتان لە داهاتوو نەکردەوە .

پاشان لەشوێنێکی تردا دەڵێ :

هەموومان تووشی داوێ یەك دەردەسەری هاتووین :
مەسەلەی برسێتی . ئەگەر بەوردی بیرنەکەینەوە ،
ئەوا هەرسێکمان چارەڕێ ی یەك چارەنووس ئەکەین !

لەم سەرەتایەدا ، هەڵوێست و ناوەڕۆکی کابرای بچووکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە لەهەمبەر برسێتی یەکە : هەڵوێستێکی چاکەخوازانە و بۆژەتیفانە ، کەبەیەکەوە بیربکەنەوە و ، هەوڵ بدەن چارەسەرێك بۆ ئەو تەنگ و چەڵەمە ترازیدییەها وبەشەی خۆیان بدۆزنەوە .

جێی سەرنجە ، بەنجە بۆ ئەوەش ڕابکێشین کە جوانترین دەربڕینی ستاتیکیانەی ئەم فیکرە لاوەکی یە ، واتە هەڵوێستی پۆزەتیفانە و چاکەخوازانەی کابرای بچووك ؟ بەزمانێکی ڕەمزی ، بەزمانێکی شانۆیی تا بڵێی بەرز ، لەسەرەتای شانۆگەرییەکەش دا هەست پێ دەکەین ـ کاتێ پەردە دەکرێتەوە .. دەبینین : کەسایەتی ی ناوبراو ، بەسەرا پێپلکە لەگوریس چنراوەکانی ناو پاپۆڕەکە ) هەڵگەڕاوەو چاودەگێڕێ ، دەڕوانێتە دوور ، دەڕوانێتە ئاسۆ دوورەکانی ئازادی و دەربازبوون و ڕزگاربوون ، ڕزگاربوونی یەکەوەیی ! ئەمە لەکاتێکدا کابرای قەڵەو ـ لەسەر بەرزترین

شوێنی ناو پاپۆڕکە "گۆشەگیرانە" دانیشتووەو " بیرلەخوی* دەکاتەوە، هەروەها کابرای درێژیش بەهەمان شێوە ، لەسەر سەکۆیەکی کەمێك لەهی ئەو نزمتر ڕاکشاوە و بێ هیچ جوولەیەك پاڵکەوتووە . ئەم دیمەنی سەرەتایە ـ سەرەتای پەردەکرانەوە ـ : چڕترین دیاردەی دەربڕینی سمبولیستانەی شانۆگەرییەکەیە .

کابرای قەڵەو : ئێوە پێویستە لەبارودۆخێکی ئاوا ناسك و دژوارا ..

کابرای درێژ : وە لەهەلومەرجێکی مێژوویی‌واخەتەردا کەهەڕەشە لەبوونمان دەکا ..

کابرای قەڵەو : ئەبێ زۆر بەوردی و زانستیبیانە ، بیر لەورگی من بکەنەوە !

لێرەدا بەسروشتی دابەش‌کردنی ئەم گفتوگۆیە ، ناوەڕۆك وهەڵوێستی کابرای قەڵەو و کابرای لاوازیشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ، وردەوردە ، بەرز بوونەوە درامی یەکەش‌ڕوولەزیادبوون دەکات ... تا ئەو کاتەی ( هەردووکیان ) لەژێرەوە ڕێك دەکەون کەبەهەر ڕێگایەك و هەرچی چۆنێك بێ ، بەیەکەوە ـ بۆ دەرباز بوون لەدەست برسێتی یەکەیان ـ هەوڵ بدەن " کابرای بچووك " بکەن بەتێچیری خۆیان و بیخۆن !

.. لەڕێگای بەردەوام بوون و درێژەدانی گفتوگۆی کەسایەتییەکانی شانۆگەرییەکەوە ، وردەوردە بۆمان دەردەکەوێ کە ( کابرای قەڵەو ) و ( کابرای درێژ ) تەنیا دوو مرۆڤی ئاسایی و ڕیالیستی نین ، بەڵکو ڕەمزن : ڕەمزی دوو هێزی سیاسی ، دووهێزی سیاسی مەیدانی خەبات*.!! هەروەها دیسان برسێتی یەکەش ، برسێتی یەکی ئاسایی نیە ، بەڵکو

---

* پێویستە پەنجە بۆ ئەوە درێژ بکەین کەشانۆگەرییەکە ( لەحیواری ئاستی سێ یەم دا ) واتە لەئاستی گفتوگۆ لەگەڵ جەماوەر دا ، ئەم کەسایەتییە سمبوولانە هەموانی تر دەکات و : دەیانکاتە ڕەمز بۆ هەموو پارتەسیاسی و سەرکردەسیاسیەکانی مەیدانی خەباتی سیاسی و چەکداری ! واتە تەنیا لەئاستی ڕەخنەگرتن لەیەك حزب و دووحزب .. نایانهێڵێتەوە . ڕەخنەگرتنەکە ، ئەگەرچی تەنیا دووهێزی سیاسی‌ی کردۆتە " نموونەی بەرچاو " ، بەڵام لەڕێگای بەکارهێنانی حیواری ئاستی سێ یەم ، ئەم ڕەخنەیەی ڕووبەڕووی هەموو حزبە سیاسییە جۆراوجۆرەکانی مەیدانی خەبات کردۆتەوە . بەم پێ یە ( کابرای قەڵەو ) و ( کابرای درێژ ) لەسنووری ئەوە دەردەچن کە بەڕەمزی هیچ دوو کەسایەتییەکی سیاسی‌ی" دەستنیشان کراو " لە قەڵەم بدرێن . جگەلەوەش ـ ئەوەندەی من ئاگام لێ بێ : لەتێکستە



هەواڵنامەی کتێب

ڕەمزە ، سەمبوولێکە : بۆ تەنگوچەڵەمەیەکی سیاسیی دیاریکراو ، تەنگوچەڵەمەی ( پەیوەندی نێوان گەل و حزبە سیاسییەکان ) !

ئێستا بەپێت بەستن بەتێکستە ئامادەکراوەکەی شانۆگەرییەکە ، دەتوانین واتای ڕەمزەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پیشان بدەین :

١ ـ کابرای قەڵەو ، واتە : سەرکردەی حیزبێك .

٢ ـ کابرای درێژ ، واتە : داردەستی ئەو سەرکردەیە ، بەسان سەرکردەی حیزبێکی لەیەکەم بچووکتر .

٣ ـ کابرای بچووك ، واتە : گەل " خەڵکی گیانفیداکار " .

ئێستا بابزانین ( کابرای قەڵەو ـ سەرکردەی حزب ) " لە تاو برسێتی خۆی و لەپێناو دەرباز بوون لەو برسێتی یە کوشندەیەی " چۆن قەلەگەڵ ( کابرای بچووك ـ میللەت ) دەکا ! وەچون بەدروشمی " تەڵەکەبازانە " هانی دەدات کەگیانی خۆی بەخت بکات :

ئەی ڕۆڵە بەجەرگەکانی نیشتمان ، سنگتان بۆ گوللەی دوژمن بکەنەوەو بەسەربەرزی هاوار بکەن : یا نیشتمان یاخود نەمان!

بەم حیوارەو بەچەند حیوارێکی چڕی دیکەی دوای ئەمە ، هاوکێشە و مانای سەمبوولیستانەی برسێتی یەکە ، ئاشکراترو ڕوونتر دەبێتەوە ، کەدەتوانین لەچەند خاڵێك دا بیانخەینەڕوو :

١ ـ مەسەلەی برسێتی یەکە ، ڕەمزی بارودۆخێکی سیاسیی تەنگوچەڵەماوییە : ڕەمزی ئەو پەیوەندییە ناهاوسەنگەی نێوان حزبەکان و گەلە .

٢ ـ واتە هاوکێشەیەك دروست بووە : کاتێ حزبە سیاسییەکان داوا لەخەڵکی هەژار و جەماوەر دەکەن کەلەگیانی خۆیان ببوورن وبێنە مەیدانی تێکۆشانەوە .. ئەمە ـ بەبۆچوونی شانۆگەرییەکە ـ بەواتای ئەوەیە : ئەو حزب و سەرکردە سیاسییانە تەنیا بۆ ئەوەیانە کەلەم ڕێگەیەوە مەرام و ئاواتی " خۆپەرستانە " و " چلێسانەی " خۆیان بەدی بهێنن ؟ تەنیا بۆ ئەوەیانە کەورگی برسیی خۆیان تێربکەن و جەماوەر وگەل بچەوسێننەوەو بخۆن ! وەکاتێکیش ئەگەر جەماوەر بەدەنگیانەوە بچێت و فەرمایشتی ئەم بانگەوازەیان بکات و گیانی خۆی بەخت بکات و سنگی بۆ گوللەی دوژمن بکاتەوەو بەسەربەرزی هاوار بکات ( یانیشتمان یاخود نەمان! ) ، ئەوا مانای ئەوەیە کە ئەو خەڵکە ( گەل و

---

ئەسڵییە پۆلۆنییەکەشدا ؛ هەمان دوو وشە بەکارهاتوون : ( کابرای قەڵەو ) و ( کابرای درێژ ) !

جەماوەر ) بەدەستی خۆی ، خۆی دەسپێرێتە ئەو " چلێس " و " چاوبرسی " و "خوبەرستانەوە" ، وە ڕێگا دەدات " بخورێت " .

٢ ـ لەشانۆگەرییەکەدا ، نە ( کابرای بحووك ـ گەل ) بەوە ڕازی دەبێت خۆی بسپێرێتە دەستبانەوە ، نەکابرای قەڵەو و درێژ ـ حزبە سیاسییەکانیش وازی لێ دەهێنن ! ململانێ و زۆرانبازییەکە بەردەوامە .. لەبەرئەوەی تەنگوچەڵەمەکە هێشتا چارەسەر نەکراوە .. برسییەتیەکە هێشتا چارەسەر نەکراوە ..

بۆیە جەماوەر ، پێویستە ململانێ لەگەڵ ئەو حزب و هێزە سیاسیانە بکات و ، بەدووای " ئازادی ڕاستەقینە "و" ئازادی خۆی " دا بگەڕێ ..

لەم شەڕە ساردەی نێوانیان دا ، لەناکاو ( پۆستەچی ) بەیدا دەبێ . پۆستەچی ( جلوبەرگی ڕەسمی ی دەوڵەتی لەبەردا یە ). ئاشکرایە ( پۆستەچی ) : ڕەمزی دەوڵەتە . وەکو لەحیوارێکی کابرای قەڵەو دا دەردەکەوی " لەوانەیەها تبێت بۆئەوەی پێکیان بێنێ و گفتوگۆیان لەگەڵ بکات ، بۆئەوەی بگەنە چارەسەرێك " . بەلام پاشان دەردەکەوێ کەکابرای پۆستەچی ( دەوڵەت ) یش ؟ وەکو ئەوان " برسییەتی " وهاتۆتە لایسان بۆ ئەوەی بزانی داخوا لەلای ئەوان هیچ خواردنێ ، شتێ دەست ناکەوێ ؟ !

بەهاتنی ئەم هێزەی دواییە ، واتە هێزی دەوڵەت ، ململانێ و زۆرانبازییەکە دەبەڕێتەوە تۆناغی کۆتایی . لێرەش بەدووا سمبولە سەرەکییەکان ( کەسایەتییەکان ) تەواو دەبن .

بەم شێوەیە ، بەبۆچوونی شانۆگەرییەکە : خەباتی چەکدارانە و تێکۆشانی سیاسی " نەتەوەیەك " ، لەلای حزب و پارتە سیاسییەکان و سەرکردەکانیان ، واتە ( خەبات بۆ خواردن و لەخشتەبردن و قووت دانی گەل و جەماوەر ! ) وە لەلای گەل و جەماوەریش ، واتە ( پێویستی خۆ ڕزگارکردن لەدەست پیلانەکانی ئەو حزب و پارتەسیاسیانەو ، تەنانەت پێویستی ململانێ لەگەڵ کردنیان ) .

سروشت و ناوەڕۆکی ئەم ڕەمزانە ، پەیوەندیان بەیەکترەوە و بەزەمینە ڕیالیستی یەکانی خۆیانەوە ، هەروەها تەرتیگە بشتنەهونەرییەی کە جۆنیەتی چنین و بەئەرك خستنیانی هێناوەتە بەرهەم ـ لەبواری پرۆسەی خوڵقاندنی هونەری دا ـ ڕووبەڕووی چەندین پرسیار و کێشە و خاڵی جۆراوجۆرمان دەکەنەوە کەلەم تێبینی و سەرنجانەی خوارەوەدا کورتیان دەکەینەوە :

١ ـ لەقاڵبدانی سیاسی کێشەی ژیان و تراژیدیای مرۆڤ :

ئامادەکاری شانۆگەرییەکە ، لەڕووانینی هونەری خۆی دا ـ بۆ ژیان ،

واتە لەچنینی زۆرانبازیی دراماکەدا ؛ دیارە : ئەوەندەی بایەخی بە ئاستە سیاسییەکە داوە ، ئەوەندە بە ئاستە فەلسەفی و فیکرییە فراوانەکەی ( ڕووانینی هونەری ) نەداوە .

لەم شانۆگەرییەدا ، ( کێشەی ژیان ) و ( تراژیدیای مرۆڤ ) لە قالبێکی سیاسی دراوە ، واتە زۆر ڕووکەشانە خراوەتە ڕوو ...

کێشەی ژیان و تراژیدیای مرۆڤ ، کراوەتە " کێشەی پەیوەندیی نێوان گەل و حزبە سیاسییەکانی گەل " !!

ئەم ڕووانینە یەکلابینە - بۆ کێشەی ژیان و تراژیدیای مرۆڤ ، بنیادترین عەیبیی چەمکی هونەریی شانۆگەرییەکەیە ! چونکە ڕووانینی یەکلابینانە ، یان با بڵێین ڕووانینێک کە تەنیا لەسەر یەک ئاستی " سیاسی"دا سەیری واقیع و کێشەی ژیان بکات ، لەنرخ و بەهای ( داهێنانی هونەری ) کەم دەکاتەوە .

بەم شێوەیە ، بنەمای دەربڕینی ( ڕووانینی ئاسۆفراوانی هونەری)؛ کە بە بنەمایەکی بنچینەیی دەژمێردرێت لە داهێنانی هونەریدا ، لەم شانۆگەرییەدا کراوەتە قوربانیی دەربڕینی فیکرەیەکی ڕەفزکەرەوەی یەکلابینانەی سیاسی ؛ فیکرەیەکی سیاسیی زۆر بچوک و ڕووکەش .. بە ڕادەیەک ڕووکەش ، کە ئیحتمالە هەر یاریەکی سیاسی و هەر گرووپێکی سیاسیی خاوەن بیچەوانەی بۆچوونە سیاسییەکەی ئەو ، بتوانن " بەیاننامەیەک! " ڕەتی بدەنەوە و تەنانەت دوور لەهەموو قیمەتێکی ڕەخنەگرانە - سیفاتی " خۆفرۆش " و " جاشێتی " بشی بدەنە پاڵ !

ئەوەیە : فیکرەی سیاسی ، چ گەورە چ بچووک ، چ زەرد چ سوور ، چ گەشبین چ ڕەشبین ، چ ئومێدەوار چ نائومێد .. ئەگەر بخرێتە جێگای ڕووانینی هونەرمەندانەی سەربەخۆوە ؛ هەمیشە ( هونەر ) لە خانەو سروشتی ڕەسەنی سنووردا ریخۆی دووردەخاتەوە و دەیباتە خانەی سیاسەتەوە !

٢ - سەرباری ئەمەش ، ئامادەکار ، کەهاتووە کێشەی ژیان و تراژیدیای مرۆڤی کوردی لەناو " دیاردەیەکی سیاسی " دا لە قالب داوە - لەناو دیاردەی ( پەیوەندیی نێوان گەل و حزبە سیاسییەکانی گەل دا ) لەم حاڵەتەش دا هەر ؛ ئەم دیاردەیەی ، یا ئەم بابەتەی - لە خستنەڕووە سیاسییەکەدا - لەسەر ئاستێکی فراوانی دیالەکتیکی تەماشا نەکردووە ، بەڵکو لەسەر ئاستێکی ڕۆمانسیانەی یەکلابینانە : نائومێدی و ڕەفزکردنەوەیەکی بەبێ بەدیل!

---

*لەحاڵی پێنجەم دا ، هەندێ نموونە بۆ بەڕاست نیشاندانی ئەم قسەیە ، پێشچاوخراون .



هەواڵنامەی کتێب

٢ - ڕەمزەکان، هەموویان؛ بەهەموو ئەو واتا و چەمکە مرۆڤایەتییانەی لەڕێگای خۆیانەوە دەیهێنن و پێشچاوی دەخەن، بۆ نموونە: چەمك و واتاکانی (خۆبەختکردن، ئازادی، لەخۆبوردوویی، بەرستێتی، نرخی تاکەکەس، پەیوەندی تاکەکەس بەگەلەوە، شەهید بوون، خۆشەویستی دایك، خۆشەویستیی نیشتمان، ئازایی، پالەوانێتی، سەربەستی...)

هەموو ئەو چەمك و واتا مرۆڤایەتییە جۆراوجۆرانە، لەکۆتاییدا؛ لەیەك خاڵدا بەیەکتر دەگەنەوە، تەنیا لەیەك خاڵدا و لەیەك نوقتەی ئامانجدا: نوقتەی ئامانجێکی سیاسی؛ ڕەفزکردنەوەی باروودۆخی سیاسی و، خەباتی سیاسی و، قیەمە سیاسییەکان!

ئەمە؛ عەیبێکی تری ڕوانینی شانۆگەرییەکەیە.. کەدەبووایە بەپێچەوانەوەی ئەمەوە بووایە: دەبووایە سیاسەت و باروودۆخە سیاسییە تەنگوچەڵەماوییەکە؛ وەکو هەر کەرەستەو دیاردەیەکی تری نێگەتیڤانەی ژیان سەیربکرایە؛ وەکو هەر ڕەگەزێکی تری پێکهێنەری ژیانە گەورە تەنگوچەڵەماوییەکە سەیربکرایە!

چونکە هونەر، چڕکردنەوەی ژیان نیە لەناو نوقتە ئامانجێکی سیاسیدا، چڕکردنەوەی ئەو هەموو تراژیدیا و ناکۆکی و کێشە سەرلەبەرانەی مرۆڤ و واقیع و نەتەوە نیە - تەنیا لەناو دەربڕینی ڕەفزکردنەوەی باروودۆخی سیاسیدا، بەڵکو (چڕکردنەوەیە) لەناو ڕوانینێکی هونەرمەندانەی بنیاتنەر و تازەی تاکڕەودا، لەناو ڕوانینێکی هونەریی هەموو لایەن و ئاسۆفراوان دا.

کەلەوکاتەشدا، بێگومان، واتا و قیەم و چەمکەکانی ژیان - ئەگەر ڕەفزیش بکرێنەوە، ئەوا بەدیلەکانیان، تازەبوونەوەکانیان، لەڕێگای ڕوانینە شەخسییەکەی نووسەردا، لەڕێگای جیهانە تازە بنیاتنراوەکەی هونەرمەندا؛ بەئاسانی دەدۆزرێنەوە!

ئێمە ئەگەر ڕێمان دا بە خۆمان کە (فیکرە) - لەهونەردا؛ بکەینە داردەستی ئەوەی کەلەڕێگایەوە خەباتی سیاسی و چالاکی حزبایەتیی نەتەوەکەمانی پێ "هەر بەجارێك" و "بەبێ بەدیلیش" ڕەت بکەینەوە... هەروەها ئەگەر قیەمە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و سیاسی و نەتەوەییە بەرزەکانی: لەخۆبوردوویی، ئازادی، مەترسی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان، شەهیدبوون، تێکۆشان، خۆبەختکردن... هەربەجارێك و بەبێ بەدیلیش ڕەت بکەینەوە، مانای ئەوەیە: ئێمە - لەکاتێکدا کەمومارەسەی چالاکیی هونەرییانەی خۆمان دەکەین -؛ هیچ ڕێز و بڕوایەکمان بۆ شەرعییەتی چالاکیی سیاسیی گەلەکەمان، هەروەها بڕوای هیچ بەدیلێکیشمان بۆ ئەو قیەم و چەمکە سیاسی و مرۆڤایەتییانە نەهێشتەوە؛ مانای ئەوەیە ئێمە

هونەرمان کردە ڕێگرێك لەبەردەم پرۆسەی پێشکەوتنی بیرو، پەرەسەندنی سروشتییانە و دەروونییانەی خەباتی سیاسیی نەتەوەکەمان؛ مانای ئەوەیە: لقێك لەلقە چالاکییە گرنگەکانی یەکەی شۆڕشگێڕیی نەتەوەکەی خۆمانمان ـ کە شانبەشانی هونەر، لەبزاوتن و ژیان و پەرەسەندن دا یە- ڕەفزکردەوە!

٤ـ شوبهاندنی تەنگوچەڵەمە سیاسییەکەی نێوان حزبەکان و گەل ـ بە (برسێتی)، وە شوبهاندنی چلێسی و خۆپەرستیی دوو کەسایەتییەکە (قەڵەوودرێژ) ـ بە ئامانج و ویستی حزبەسیاسییەکان: شوبهاندنێکی لەبار و گونجاو نیە.

چونکە مەسەلەی (برسێتی) وەکو دەزانین: تراژیدیایەکی هەمووانی یە، برسێتی یەکی شموولی یە، واتە: تەنگوچەڵەمەکە، یان با بڵێین (چلێسی و پێویستییەغەریزییە حەیوانییەکەی برسێتی) تەنگوچەڵەمەیەکی مرۆڤایەتی هاوبەش و سەرتاپایی یە، هەمووان دەگرێتەوە (واتەگەلیش دەگرێتەوە) نەك تەنیا حزبەکان.

لەم حاڵەتەش دا ـ بەپێی مەنطقی فیکرەی شانۆگەرییەکە ـ کابرای قەڵەو و کابرای درێژ پێویستە مافی خۆیان بێ کە بیر لەتێرکردنی ورگی خۆیان بکەنەوە!

لەسەرێکی دیکەشەوە ـ بەم شوبهاندنە دەستنیشانکراوە ـ ڕەوایییەکی موتڵەق دەدرێتە پێویستی و بوونی زۆرانبازییەکە، هەروەها هەر یەکەو هەوڵدانیان بۆ خواردنی ئەوی تر ـ لەپێناو تێربوون ومانەوەدا!!

لەم حاڵەوە دەگەینە ئەنجامێك: شانۆگەرییەکە، فیکرەی ململانێ بەك دەخاتەڕوو؛ ململانێ و زۆرانبازییەکی توندوتیژ لەنێوان حزبەسیاسییەکانی گەل. ئەم فیکرەیەش، لەزۆر ڕووەوە، فیکرەی (زۆرانبازی لەپێناو مانەوە) ی داروین ـ مان بیر دێنێتەوە.

لێرەدا پێویستە بەنجەنومای ئەوەبکەین، کەئەم فیکرەدەستنیشانکراوە؛ فیکرەیەکی تیۆریی سیاسیانەی ڕووتە● ؛ زادەی بیری سیاسەتمەدار و کۆمەڵناسە بۆرژواکانی کۆمەڵگای بێ باوەڕو داتەپیوی ئەورووپی و ئەمەریکی یە، وە لەئاستە کۆمەڵناسییەکەشی دا: فیکرەیەکی

---

●ئەم فیکرەیە، لەبنەڕەت دا فیکرەیەکی بواری زانستی بایۆلۆجیایە، بۆ یەکەمین جار زانای فەرەنسی (لامارك) پاشانیش (داروین) پەرەی پێ داو بەرزی کردەوە.
بیرمەند و سیاسەتمەدار و زانا کۆمەڵناسە بۆرژواکان؛ هاتن ئەم فیکرەیەیان لەبواری کۆمەڵناسی و سیاسەت و ئەدەب و هونەریش دا پەخش و بڵاوکردەوە.



هەواڵنامەی کتێب

کۆمەڵناسییانەی " گشتی " یە ، جگە لەوەش کۆن و سواو و یەککەوتەیە .

بۆ هونەر و هونەرمەندانی کورد ، جوان نەهاتووە فیکرەیەکی کۆمەڵناسییانەی " گشتی " ، یان سیاسییانەی تیۆریی ڕووت ، جگە لەوە " کۆن " و " یەککەوتە " و " سواو " بکاتە بنەمای هەڵچنینی ڕووانینی هونەریی خۆی● .

٥ - ( پۆستەچی ) ، کە ڕەمزی دەوڵەتە - دەوڵەتیش وەکو لایەنێکی گرنگ و تەنانەت سەرەکیی زۆرانبازییەکە - ، پێویست وابوو بایەخێکی زیاتر و تەعامولێکی ئەرکدارانە و وردبینانەتری لەگەڵ بکرابایە .

" دەوڵەت ! " ئەو دێوە گەورە و زەبەلاحەی ، نیتشە زۆری ڕق لێ بوو ! دەوڵەت ، ئەو دێوە چڵێس و کەلحۆ و ناشیرینەی - کە وەکو نیتشە دەڵێ : ( هەمیشە ، خۆی بە گەورەترین هێزەکانی سەر ڕووی زەمین دەزانێ ) .. بەتایبەتیش دەوڵەتێکی فاشیی وەکو عیراق ، پێویست وابوو لە زۆرانبازییەکەدا ، شوێنی ڕاستەقینەی خۆی بۆ دابنرایە ، کرابایەتە فاکتەرێکی سەرەکی و بنچینەیی لە زۆرانبازییەکەدا .

دەبووایە " تارادەیەکیش " ڕۆڵی نێگەتیڤانەی ( خراپەکارانەی ) دەوڵەتیش ، بۆ خواردنی گەل و ، تەنانەت بۆ خواردنی حزبەکانیش پیشان بدرایە و ، ڕیسوا بکرایە .

ئایا بۆچی - هەر لەسەرەتای شانۆگەرییەکەوە - ڕەمزەکان بە شێوەیەک نەچنراون کە دەوڵەتیش بەشێکی سەرەکی و بنچینەیی بێت لە ململانێ و زۆرانبازییەکەدا ؟ ئایا بۆچی دەوڵەتیش هەر - وەکو حزبەکان - شەڕ لەسەر خواردنی ( گەل ) ناکات ؟ خۆ دەوڵەتیش هەر - وەکو ئەوان - برسییەتی !؟ بۆچی سیفەتی نێگەتیڤانە ( سلبییەت ) بەو شێوە دیار و موتڵەق و ئاشکرایە لە دەوڵەتیشدا نییە ؟!●●

بەم شێوەیە دەبینین : پەیوەندییە سێ قۆڵییەکەی نێوان ( دەوڵەت ) و ( گەل ) و ( حزبە سیاسییەکان ) تا بڵێی شلوشۆق و ڕووکەشانە چنراوە . چونکە پەیوەندیی دەوڵەت بە حزبە سیاسییەکان و گەلەوە ، بە شێوەیەک چنراوە وەکو ئەوەی ( دەوڵەت ) بەشێک نەبێت لە زۆرانبازی و

● ( کردنە بنەما ) جیاوازە لەگەڵ سوود وەرگرتن . لێرەدا جێی خۆیەتی : یادی ( ئاوگووست ستریندبێری ) بکەینەوە ؛ کە چەند هونەرمەندانە و زیرەکانە توانیویەتی - بۆ هەڵچنینی ڕووانینی تایبەتمەندیی خۆی - سوود لە هەمان ئەم فیکرەیەی " زۆرانبازی لە پێناو مانەوە و بالادەستی " وەربگرێت .

●● من وای دەبینم : هۆی ئەم فەرامۆشی و سەرچپیغ چوونە فیکرییە ، ئەوەیە کە شانۆگەرییەکە وبستوویەتی - زیاتر ؛ ڕەفزکەرەوە بێت و ،

کێشەکە ؛ شتێکی دا بڕبێت و لەدەرەوەی ( بازنەی گەل و حزبە سیاسییەکان ـ لەدەرەوەی پاپۆرەکەدا ) بێت .. یان وەکو ئەوەی هێزەکانی زۆرانبازیەکە ( حزبەکان و گەل ) لەگەڵ ( دەوڵەت ) ، هەریەکەیان لەواقیعێکی جیادا ، لەکۆمەڵگایەکی تردا ، " لەدیوێکی تردا " بژین ، بەئێژینگەیەکی وەبەشیان نەبێ و هیچ پەیوەندییەکی ئۆرگانی بەیەکەوەیان نەبەستێتەوە !..

بەلام ـ بەداخەوە ـ دیارە : ئەمی ئەو نائومێدییە سیاسی و رەفز کردنەوە بێ بەدیلانەیەی " بارودۆخە سیاسییەکە " ؛ ڕێی لەوە گرتووە کەشانۆگەرییەکە " تەنانەت لەڕووانینە سیاسی یەکەشی دا " ئربسان و واقیع و چارەنووسی میللەتەکەمان ، لەسەر ئاستێکی دیالەکتیکی و بەرفراوان تەماشا بکات .

هەر بۆیە ، من وای دەبینم : ئەم شانۆگەرییە ، ئەگەر ـ وەکو وتمان : لەسەر بنچینەی رەفزکردنەوەیەکی بێ بەدیلانە و بەگیانێکی سیاسی نائومێدانەوە ئامادەکرابێ ؛ ئەوا ئەم جۆرە ڕووانینە سیاسییە ، تەسیرە ئێگەتیفەکەی بەتایبەتی " لەناو گەنجانی کوردی ئەوروپادا " لە تەسیرە پۆزەتیفەکەی زیاتر ڕۆڵی خۆی دەنوێنێ .

لێرەدا ، ئەگەر هەندێ کەس ئەم شانۆگەرییە بە ( شانۆی سیاسی ) ناوزەد بکەن ، ئەوا پێویستە بزانین : سیاسەتی بوونی ئەم شانۆگەرییە لەگەڵ سیاسی بوونی شانۆی سیاسیی ئەوروپی جیاوازیی هەیە .

شانۆی سیاسی ، بۆ نموونە لەلای ( پیتەر قایز ) پشت بە ڕووانینێکی ئاسۆفراوان و قووڵ ـ بۆ ژیان دەبەستێ ، پشت بە کێشەیەکی تراژیدیی بەپەلوپۆ و فراوان دەبەستێ : کێشەی خەباتی گەل و چینی چەوساوە دژ بەدەوڵەتی فاشی و سەرمایەداری !.. وە یان ( سارتەر ) لەشانۆگەرییەکانی دا ، بۆنموونە لە ( دەستەچەپەڵەکان ) دا ؛ کاتێ هاتووە حزبی شیوعیی فەرەنسای ئەوسای سەردەمی خۆی ڕیسوا دەکات و رەخنەی لێ دەگرێ .. ئەم ڕەخنەگرتن و ڕیسواکردنە ، لای ئەو ئامانج نەبووە ( وەیان ڕەفزکردنەوەیەکی بێ بەدیل نەبووە ) بەڵکو ویستوویەتی لەڕێگای ئەمەوە ؛ ڕووانینێکی هونەریی تازە ، ڕووانینێکی سەربەخۆی بنیاتنەر ، تەنانەت " فەلسەفەیەك " دەرببڕێ . دەتوانین

---

ڕەخنە لەهەندێ هەڵوێستی " دیاریکراوی " حزبەکانمان بگرێ ، وەکو مەسەلەی جەبهە و مفاوەزات و ... هتد .

بەلام مەخابن ئەم جۆرە ڕێبازی چنینەی ڕەمزەکان فیکرەی سیاسیی شانۆگەرییەکەی ، دووچاری عەیبێکی زۆر گەورە کردووە .

هەمان شت لەبارەی ڕۆمانە گەورەکەی دستۆفسکی - بەسەوە بڵێین ڕۆمانی (ئەهریمەنەکان*) .

بەڵام لە (گێژەن) دا ، ڕەخنەگرتن و ڕەفزکردنەوەی تێکڕای حزبە سیاسییەکانی گەلمان دەخرێتە پێشچاو ، بەڵام بەبێ هیچ بەڵگەیەکی فیکری - بۆ ئەو قیەم و واتا مرۆڤایەتی و چەمکە فیکری و سیاسیانەی ڕەفزیان دەکاتەوە ؟ واتە بەبێ ئەوەی کە هیچ ڕووانینێکی هونەرمەندانەی شەخسی و بنیاتنەر ڕۆح و ویژدانمان ڕابچڵەکێنێ .

## نـــــــوانـــــــدن :

... وەختی خۆی ، بەبیرم دێ - لە یەکێک لە ژمارەکانی گـــۆڤـــاری ڕۆژی کوردستان - وتارێکی ڕەخنەییم لەبارەی شانۆگەریی (پردی ئارتـا) خوێندەوە ، کە کۆمەڵێک " تۆمەت " و " ئینزار " ، سەبارەت بە فیکرەی شانۆگەرییەکە ، ڕووبەڕووی ئەو ئەکتەرانە کرابووەوە کە لە شانۆگەرییەکەدا بەشداریان کردبوو . ئەمڕۆ ، هەمان ئەو دیاردەیە - بەداخـــــەوە - دووبارە " لە نێوەندی گفتوگۆی ئەدەبی دا " بینراوە .

لەم ڕووەوە ، پێویستە ئەوە بزانین : هەڵسەنگاندنی فـیـکـرە و ڕووانینی تێکستەکە ، بەجیا دەکرێ ؟ هەڵسەنگاندنی بابەت و ڕەگـــەزە شانۆییەکانی تریش بەجیا . واتە : هەر ڕەخنەیەک پێویستە لە ئاستی بابەت و ڕەگەزە دەستنیشانکراوەکە خۆیدەوە هەڵبقوڵێ !

چونکە وەکو دەزانین ، شانۆگەری : کارێکی هەمووانییە ؟ هـــەر هونەرمەندێک بەرپرسی بەشێکی ، ڕەگەزێکی دیاریکراوی گـەیـانـدنـە هونەرییەکەیە .

چۆن لە حاڵەتێکدا ئەگەر (ئەکتەر) ڕۆڵی خۆی بەجوانی نەگێڕا ؟ ناتوانین ڕەخنە لە (دەرهێنەر) بگرین .. بەهەمان شێوەش ، ئەگـــەر عەیبێک لە فیکرەی شانۆگەرییەکە هەبوو ؟ ناتوانین (ئەکتەر) تاوانبـار بـکـەیـن .

خۆ ئەگەر بە پێچەوانەی ئەم بنەمایەوە بڕووانینە ئەم مەسـەلـەیـە ، ئەوا مانای وایە : ئەکتەرێک ، بۆ نموونە (قاسم عەزیز) ئەگـــەر سبەینێ لە شانۆگەرییەکی (سترندبێری - Strindberg) دا بەشداریی

---

* ئەم ڕۆمانەی دستۆفسکی ، سەرلەبەری زیانی دەروونـــی حزبـی (پتراشفسکی) - کە ڕێکخراوێکی سیاسیی ئەوسای دژ بە دەوڵەتـی قەیسەری بوو - دەخاتە ژێر نەشتەری ڕەخنە و ڕیسواکردن و عەیب و عـارەوە .

کرد ، ئەوا " ئەمجارەیان " قاسم عەزیزی ئەکتەر و ، هەموو ئەکتەرە بەشداربووەکانی تریش ـ بەپێی بیرورای ( یەکێتی ئافرەتانی سوبیدەوە ) یا ( یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە ) ، دەچنە ریزی " نەخۆش " و " سادی " و دژ بە ئافرەت و خاڵینانی توخمی ئافرەتانەوە !!

شامەبەستمان لەم قسانە ؟ ئەوەیە : هەر ئەکتەرێك ، بۆ پەرەپێدانی بەهرەو توانای هونەریی خۆی ؛ ئازادە لەوەی ـ لە رێگای هەر ئینیێکی هونەرییەوە ـ سوود لە شارەزایی و دەستاوەردەکانی " هەر دەرهێنەرێك " وەربگرێ .. وە ئازادە لەوەی توانا و بەهرەی خۆی لەگەڵ هەر جۆرە رێبازێکی دەرهێنانی شانۆیی یا لەگەڵ هەر جۆرە سروشتێکی نواندن ، تاقی بکاتەوە .

ئەکتەر ، تەنیا لە رێگای ئەم تاقیکردنەوە جۆراوجۆرانەوە پێش دەکەوێ و خۆی بنیات دەنێ ؛ نەك لەژێر سایەی جوویتەوەی کۆمەڵێك پێوەری سواوی شانۆییانەدا و ، خولانەوەی لەناو تەنها جوغزی بەستك خواردوودا ...

ئەو خاسیەتانەی ـ لای ئەکتەرەکان سەرنجیان راکیشام :

١ ـ کوردۆ گەلالی ( لە رۆڵی کابرای بچووك دا ) :
کارامەیی و توانای بەهرەمەندانەی ـ لە تەعبیرکردن ـ بە دەم و چاو و روخساری .. کە دەتوانێ ئەم خاسیەتەی ، بۆ رۆڵبینین لە سینەمادا پەرە پێ بدا .
هەروەها توانای لە دروستکردنی هاوئاهەنگی هارمۆنیەت لەگەڵ ئەو دەنگ و ئیقاعانەی کە لە دەوروبەرییەوە دەگەنە بەرگوێی .

٢ ـ قاسم عەزیز ( لە رۆڵی کابرای درێژدا ) :
دەسەلاتداریەکی تەواوی ، بەسەر تەختەی شانۆ و بەسەر رۆڵەکەی خۆی کە ئەم خاسیەتەی ، وای دەکرد زۆرجاران هەڵەی هەندێ هاورێکانیشی راست بکاتەوە . هەروەها زیندوویی و چالاکی ، نەرمی و بەتوانایی لەشی .

٣ ـ پشکۆ ناکام ( لە رۆڵی کابرای قەڵەودا ) :
گونجاوی و هێزی شانۆییانەی دەنگی ... هەروەها توانای لە چوونە ناو رۆڵەوە .

٤ ـ شیروان فەیسەل ( لە رۆڵی پۆستەچی دا ) :
توانای لە دروستکردنی کۆمیدیا . ئەم ئەکتەرە بۆ یەکەمین جارە لە ژیانی دا ، دێتە سەرشانۆ ، بەڵام بەهرەی سروشتی و خۆرسکانەی ؛ تابلۆی لایەقی و شایستەی ئەوەیە پەرەی پێ بدرێ !

لەکۆتایی دا هیوادارم ( تیپی ئارارات ) ئەم چەند سەرنجە
ڕاگوزاریەم بەسنگفراوانیەوە لێ وەربگرن ...
ویڕای سلاوڕێزم بۆ تیپی ئارارات و بۆ هەموو هونەرمەند و تیپێکی
شانۆیی و هونەری دیکەش - لەستۆکهۆڵم و لەدوورەوڵات دا ..
هیوای پێشکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازم
کۆپنهاگن : ۹۸۷/۹

هەواڵنامەی کتێب

**ڕێزلێنان**

# شێرکۆ بێکەس: ڕوخساری شاعیرانەی تێکۆشانی گەلەکەمان

یەکێتی ی نووسەرانی جیهان ـ ملبەندی سوید ـ ، هەموو سالێك ، خەلاتی ئەدەبی ی جیهانی ، بەناوی ( خەلاتی کورت تۆجۆلسکی ) دەبەخشێتە یەکێك لەو نووسەرە تێکۆشەرو پایە بەرزانەی کە لە ولاتی خۆیانەوە ڕاوەدوونراون !.. ئەمسال ، ئەم خەلاتە بەناوبانگە جیهانی یە ، لە ڕۆژی ۱٤ / ۸ / ۱۹۸۷ بەخشرایە شاعیری گەوری میللەتەکەمان ( شێرکۆ بێکەس ) .

بەخشرانی ئەم خەلاتە ـ بە شاعیری ئەم سەردەمەی نەتەوەکەمان ( شێرکۆ بێکەس ) مانا وەرۆکێکی دووفاقی و دوولایەنەی هەیە ؛ لە سەرێکەوە : دان پیانانە بە شەرعیەتو ڕەوایی ی تێکۆشانی گەلە چەوساوەکەمان و ناساندنی دۆزی نەتەوەییمان بە جیهان ، لەسەرێکی دیکەشەوە : پەنجە نوما کردنێکی ستاتیکیانەو هونەرییانەی دیاریکراوە بۆ پلەو پایەی داهێنەرانەی شیعرەکانی شێرکۆ و دەستاوەردە هونەرییە داتسقەکانی .

هەواڵەکان وا ڕادەگەیەنن ، کە چەند مانگێك لەمەوبەر ، لە ئیتالیا ، ڕۆژنامەیەکی ئیتالیایی ـ بەناوی ( لەنەتسوینی ) هەروەها ڕۆژنامەنووسێکی ئیتالیایی بەناوی ( لاورا شرادەر ) لە گفتوگۆیەکی ئەدەبی ی تەلەفیزیۆنی دا ؛ ڕایانگەیاندووە کە شیعرەکانی شێرکۆ شایانی خەلاتی نۆبڵ ـ ن !

ئەمە بیروڕای ئەدەبی ی خەلکی بێگانەیە ، خەڵکی ئەورووپی یە ـ لە بارەی شێرکۆ .. بیروڕای ئەدەبی ی سەرزەمینێکە ، گەلێکە

( گەلی ئیتالی ) ، کە " خاوەنی کەلە نووەری وەکو ( دانتی ) و ( لویجی بیراندیللۆ ) و ... هی ترن !!
شێرکۆ بێکەس ، ئەگەر ئەمڕۆ ڕوخساری شاعیرانەی تێکۆشانی گەلەکەمان بێ ، وە ئەگەر ئەو گەنجینە شیعرییە گەورەیە بێ کە ئەرووییان بە خۆی سەرسام بکات .. ڕەگ و ڕیشەکەی : لە ناو جەرگەی ولاتێکەوە ، خاکێکەوە ، گەلێکەوە سەرچاوەی گرتووەکە لە داهاتوودا چ زوو ، چ درەنگ ـ هەردەبێ خۆری سەربەخۆیی و سەرفیرازی .... بە چاو ببینێ !

هەواڵنامەی کتێب

هۆنراوە

# نە بێژن مە چ ژێیە؟!

خەلیل دهۆکی

هەواڵنامەی کتێب

باژێرێ من بتوزو تژە..
چیروکا من .
مینا داستانا ستێرا کاروان کوژە..
کینە ئیرو بکەنە گازی
هو دوژمن و بەس کالو زاروکا بکوژە..
لسەر کەلەخا
بەس بکەنەو بەس بگرێنژە ؟!
ئای کوردینو !! بسیار بکەن
کانیا خوشبا بو لمە نازێت .
بوهارا دەبکا کولیلکا چرا نائێت ؟
گەنجێ بو روژەکا هوسان ئیرو گەهن .
بوچی خو گوری ناکەتو لاوکا نابێت ؟
خو هشیارکەن
چ چلخانەیە هوین تێدا !!
ئەرێ ما کەس ئەما درێندا ؟!
بەس ڤەگێڕن و بەس بێژن
مە چ ژێیە !!
بێ لبەر پێلێن دەریا هو هار .
للاڤەلاڤی شەنگە ئومێد
دگەل کنارێ ئەناهیێ یە .

برسی چاڤ لنانێ ســـێلێ یە .
زاروی چاڤ لشیرێ دایکێ یە .
بەس ڤەگێڕن و بەس بێـــژن
مە ج ژێ یە ؟!
خەبات نە بەس جارەکێ یە .
کاروان نە بەس
کاروانیێ هـەر شـەڤێ یە .
مە ژڤانەک دگـەل رۆژێ یە .
چاڤا، مـە لێ یـە . .
چاڤا مـە لێ یـە . .

١٩٧٦

هەواڵنامەی کتێب

**هۆنراوە**

# زیندانی سێ

## پەنگر

جیهانی سێ
لە زیندانە دەستکردەکەی
جیهانی دوو و جیهانی یەک
لە پاڵ یەکدی خزێنراون
کۆیلە خەڵکی جیهانی سێ

* * *

زیندانەوان قامچی بەدەست
هەر قامچی یەو
لەسەر لاشە ئارام دەگرێ
زیندانەوان
مێژەر بەسەر
هەر مێژەرە و
زمانی خەڵکی دەبەستێ
زیندانەوان
پۆستاڵ لەپێ
هەر پۆستاڵە و
جێگا مۆری گرنج گرنج
لەسەر روومەت و دەم و چاو
جێ دەهێڵێ
زیندانەوان سەگ و کوورگ
درو چەتوون
بەلام هەموو ئەڵقە لەگوێ

* * *

هەواڵنامەی کتێب

جیهانی سێ
لە کۆلانێکی تەسک دا
بەسەر یەکدی دا کەوتبوون
لاشەی مرۆڤ و دەست و پێ

* * *

جیهانی سێ
لە کونجێکی هەشت بست بەرزی
بێ پەنجەرەی سارد و سڕدا
دایکێکی سنگ ڕەق هەڵاتوو
لە سەرما تا
وەکو شۆڕەبی دەلەرزێ
منداڵەکەی باوەشیشی
بۆ دڵۆپێ شیر
مەمکە سیسەکانی دەمژێ

* * *

جیهانی سێ
لەسەر شەقامی شارێکدا
هەموو ڕۆژێ
ئۆتۆمبیلێک ڕادەوەستێ
مل هوڕپێکی غەبغەبە دار
دێتە خوارێ و چاو دەگێڕێ
سێ چوار کچە لاوی ناسک
بۆ بەزمی شەوی داهاتوو
هەڵدەبژێرێ

* * *

جیهانی سێ
لە ناو سنووری خاکێک دا
هەر گوللەیە و
سنگ دەپێکێ
هەر لاشەیە و
بەسەر یەکدی دا دەکەوێ
هەر برایە و
هەڵدەواسرێ
جیهانی سێ

* * *

هەواڵنامەی کتێب

ئەوا ئەمن چاوم لێیە
لەسەر خاکی زیندانی سێ
دەستی بەربو
چەك هەڵدەگرێ
زمانی بەستراو دەدوێ
ڕاپەڕینەو
بەرەو شارەکەی خوێنین دێ
چاوم لێ یە
برواى هەڵواسراویان پێیە
ڕۆحی بە بەرداکراوە
چاوم لێ یە
گنستیان مەمکیان لێ ڕواوە
شیریان پێ یە
بۆ منداڵە برسی یەکەی
ناو کوخەکەیان هێناوە
چاوم لێیە لەگەڵ خۆیان
کۆترێکی سپی یان پێیە
باڵ کراوە
بۆ زیندانە تاریکەکەی
ژمارە ( سێ ) یان هێناوە

١٩٨٦

هەواڵنامەی کتێب

**هۆنراوە**

# وتاریك

پ . ف

هەواڵنامەی کتێب

گەڵای پاییز
تەبای گەڵای ڕۆحی پڕ ئێشی
لاتێکی سەر شەقامەکانت
کە دادەڕژی ،
تۆ ماوەت نیە
لەو جوانییە هەستی بەزەیی بزوێنەرە وردبیتەوە ـ ئینسانی سوورە ئەوروپایی !

شەمەندەفەری پەلەی وەزیفەت
تەبای ڕەشەبای تیژی کارێفێن ەکە دێو دەتبا
تۆ ماوەت نیە
ئاوڕ لەو ساتە گریاوانەی جێیان دێڵی بدەیتەوە ـ ئینسانی سوور ، ئەوروپایی !

کە بە کەنار ( دەریایەك ) دا
ڕادەبووریت
پێت ئاساییە گوێت لێ دەبێ : ناڵەو نرکەی !
شەپقە « ئەمەریکاییەکەت » دەکەیتەوە ـــــــــ ـەرو دەڕۆی ..
غەمی ئەوەتە :
چۆن زگی برسێتی و هەوا و هەوەسی سبەینێت پڕکەی ـ ئینسانی سوور ، ئەوروپایی !

گوڵ نا ، گوللەت
نەی نا ، نارنجۆکت
کتێب نا ، فرۆکەت ؛
( دۆشکە ) و ( دەبابە ) و ( کلاشنکوفەکانت ) بە دیاری دەنێریتە
ئەو سەرزەمینەی ناوی ئاسیا یا ڕۆژهەلاتە !
کەچی هەرخۆشت
هەرخۆشت بەو ئینسان و ولاتانەی ڕۆژهەلاٗت دەلێی :
" شەڕەنگێز " ، " بەدفەڕ " ، " جەنگخواز " ، " خۆخۆر " ـ ئینسانی سوورە ئەورووپایی

شەرەف نا ، نەوتیان
باوەڕ نا ، کانزایان
دڵ نا ، پارەیان
سۆزو پاکی و شەهامەت نا ، خوێنیان ؛
خوێنی ئەو ئینسان و ولاتانەی ئاسیا و ڕۆژهەلاٗت هەڵدەمژیتو
تەمرو بالکۆن و کۆشکو عیمارە چلچینەکانی خۆتیان بۆ بنیات دەنێی !
کەچی هەر خۆشت
هەر خۆشت بەو ئینسان و ولاتانەی ڕۆژهەلاٗت دەلێی :
" دواکەوتوو " ، " دز " ، " برسی " ، " سەرسەری " ـ ئینسانی سوور ، ئەورووپایی !

هەوڵنامەی کتێب

کە دەست دەدەیتە گلازە بیرەیەك ؛
بیرە نیە :
ئاخرین جامە ئاوی
ماڵە ئەریتریبەکی
ئاو لێ براوی
لەشەهەڵقرچاوی
بیابانە برژاوەکانی حەبەشەیە !

کە دەست دەدەیتە گلازە ڕیسکییەك ؛
ڕیسکی نیە :
فرمێسکی دایکە ڕەشپۆش ، پەنجەرە لێ شکاو
خانوو لێ لەناو ـ ئاگری چوارلا ـ تەمەنکراوەکانی کوردستانە !

کە دەست دەدەیتە گلاژە شەڕابێك ؛
شەڕاب نیە :
جوێنە ـ
خوێنی براتە ، خوێنی هاوڕێی کرێکاری خۆتە ، خوێنی هاونیشتمانی خۆتە
خوێنی ئینسانە ؛ خوێنی ئینسانە ؛ ئینسان ـ ئینسانی سوور ، ئەوروپایی !

گشت سپێدەیەك ، یا پێش نوستنێك
لە بیر ناکەیت ( کە بشۆیتو ) پاك کەیتەوە :
سەگت ، بشیلەت ، تەرەوێنت
یا ئاودەستخانەی ناو میترۆکانت ...

چ پاکوتەمیزییەکی « شارستانییانەی » سەرسوڕمێنەرە !
بەلاّم حەیف ، حەیف ....
لەباتی ی ناو میترۆ و ئاودەستخانەی وێستگەکانت ؛
لە باتی ی سەگەکەت :
ویژدانت ، بیرت ، زیانت ، ڕۆحت ؛
دلّت پاك کەوە ـ « ئینسانی سوور ئەوروپایی » !

کۆپنهاگن
١٩٨٧/١

هەوالنامەی کتێب

**هۆنراوە**

# چوار پارچە شیعر

ماگدالێنە لاگەرمان*
و: رزگار عبدالله

## کۆچی شەو

هەموو شتێك تاریکترە، هەمەجۆرترە، ترسناکترە
ناچارین سەر هەڵگرین
بەلاّم پۆیەکان بەدبەختتر هەنگاو دەنێن
ئێمە کۆمەك و هاوکاری یەکتری دەکەین

ڕوو لە خوار، خوارتر، دوورە دەستتر
بەڕۆژ لەبەر تیشکی خۆردا دەڕۆین
بەلاّم لە تەنیشتم، نزیکتریش
هەست دەکەم دڵت لێدەدا

ناوێرین بگەڕێینەوە
بۆ شوێنە دڵنیاو ڕۆشنەکان
بە تەقەلاّی کوێری شەوانە
ڕێگەیێکی نوێ لەتاریکی هەڵدەگرین

## نەناسراوەکە

ویستم بانگت کەم، بەلاّم بێ ناو بوویت
وەك پاییزە هەور لەگەڵ باران بۆ زووانگە هاتی

ئامێزی ماندووی هاوینەم بۆت کردەوە
بارانێکی مردوو ی سربە باوەشمدا بارای

ویستم بتگرم ، بەلاّم بێ جەستە بوویت
وەك بابێکی ونبوو لە کەنارە تەزۆکەکان هاتی
دەمویست " با " یەکە هەڵکاو ببێتە گەردەلوول
شەماڵێکی بڕیاری مەرگ دراو دەستەکانی تەزاندم

## نـــاڵـــە

ئاسمان شوورەی زیندانێکە
ئەی پایز ، ئازاد لێم گەڕێ
زیندانێکی سەرما بردە لەقەفەزەکەیدا ڕەق دەبێ
کە کۆچی پاساریەکان بەسەریدا ڕەت دەبێ .

هەوالنامەی کتێب

## بـــا

بەکوڵمی بە باران و ئەشك تەڕبوو
وەك دێوانە بە دوات کەوتم
بەلاّم با زوو هەڵی کرد و پەرێشانی کردم
با ئەگەرەیێکی کوشندە بوو

قیژەم لەدارستانە پاییزییەکەدا دەنگی دایەوە
بە لێوە لەرزە هاوارم کرد
بەلاّم با ڕوو لەزەوی تەوژمی دام
ڕەشەبا بەدار لێیدام

قیژاندم بگەرێوە درۆم کرد
من هی تۆم و کەسی تر نا
بەلاّم با بە باڵە هەرەشاوییەکانی
لەنێوچەوانی دام و هەڵفڕی

لە ئاکامدا ، لە ئەنجامدا پێتگەیشتم
لە دەروازە پێتگەیشتم
ئەوسا بە پێکەنینێکی سڕ ، هێمن وتت
بڕۆ ماڵ لەبەر با مەوەستە

★

## ماگدالێنە لاگەرمان MAGDALENA LAGARMAN

ژنە شاعیری سویدی "ماگدالێنە لاگەرمان" لە ١٩٠٤/١٢/٢٥ لە "مۆسکۆ" لەدایک بووە. ئەو کاتە دیکە ر باوکی لەوێ دەژیان. باوکی پرۆفیسوری مۆسیقا بووە، پاشان گەڕاونەتەوە سوید و "ماگدالێنە" لە قوتابخانەی فەرەنسی لە ستۆکهۆڵم خوێندوویەتی. بەر لەوەی مێرد بکا بەناوی "ماگدا هارتێنێلد"ەوە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان شیعر و وتاری ئەدەبی بڵاوکردوتەوە.

لە ساڵی ١٩٤٨ یەکەم کۆمەڵە شیعری بەناوی Etid tör svarta tanget چاپکردووە. ئەم چوار شیعرە لە کتێبی "شیعری نوێ Ny Lyrik1939" کە شیعری چوار شاعیری سویدییە، وەرگێڕدراون.

کورتە چیرۆک

# سەرچۆپی

ئەنوەر

بەدەنگی چەند تەقەی کتوپڕی ڕاچڵەکی و ناڵە لە پەنایەوە هەڵسا ، کە ئاوڕیدایەوە کار لە کار ترازابوو ! کەوتبووە سەر زەویەکە . گرموڵە بوو بوو ، خوێن جۆگەلەی بەستبوو . دوو تارماییش بە پرتاو خۆیان بە پێچی کۆڵانەکەی دەستی چەپدا کرد . نەیدەزانی چی بکات ، شڵەژاو و حەپەساو ، چەند ئافرەت و منداڵێش دوور و نزیک وەستابوون و چاوە ئەبلەقەکانیان تێبڕی بوو ، بەسەرسامیەوە سەیریان دەکرد .

" دەبوایە چاوەڕێی ئەم ڕووداوەم بکردبایە ؟! "

خۆی زۆر بێدەسەلات هاتە پێش چاو . بەسەریدا نوشتایەوە و خستیە سەر پشت .. ئەو هەر دەیناڵاند .. دەستی کونایە بەر باخەڵی ، هەستی بەبونی دەمانچەیەك کرد ، کە لە دەستەسڕێکی زەردەوە پێچرا بوو . بەڵام پاش چی ؟! سەری گرتە باوەش

ـ ئەوە .. ئەوانە .. ئەوانە ئەوان بوون ..!!؟

ڕەنگی مردووی لێ نیشتبوو . شلو مبێوا و ڕووخسار ئاڵۆزاو . کڵاوەکەی لەولاترەوە کەوتبوو و پێچی جامانەکەی سەری هاتبووە سەر چاوەکانی ! تەنها بە سەر وەڵامی دایەوە و تێیگەیاند : هەروایە .. خۆیانن . ملی لاربووە و گیانی دەرچوو . ئەم سەری هەڵبڕی ، خەڵکێکی زۆر تر لەچەند هەنگاوی هەردوو سەری کۆڵانەکەدا وەستابوون . ئافرەتێك بە قیڕەوە وتی :

- کوشتویشتەو ناتەوێ ڕابکەیت ...؟!

پیاوێك هەڵیدایە :

ـ کوشتنی یاسایە .. دەبێ "دوێل"* یان کردبێت...! لەسینەمـا و تەلەفزیۆندا زۆر لەم فیلمانە پیشان دەدرێن..!

دڵی پڕبوو، هەستی بە تەنیایی و نامۆییەکی مەرگبار دەکرد. سەرسام و ئاڵۆزاو و پەشۆکاو. وەکو بورکانێك تەقیەوە و هاواری کرد:

ـ من نەمکوشتووە .. ئەمە مامە .. مامم.

خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد. بەڵام ئافرەتێکی تەنورە و بلوز لەبەر، کە توند منداڵێکی بە سنگیەوە نووساند بوو گەڕایەوە، ئاوڕێکی دایەوە و بە دەنگە لەرزۆکەکەی وتی:

ـ خۆ کوژەر وەکو بەرزەکی بانان بۆی دەرچووە..؟!

کە وەڵامی نەبیست درێژەی پێدایەوە:

ـ ئەگەر بشگیرێ بەر دەدرێت .. میری خۆی هانی ئەم کارانە دەدات، خەڵك بەگژ خەڵکدا و ئەم شار بەگژ ئەو شاردا بچێت و ناو ناتۆرەی ناشیرین لەیەك بنێن ...

پشتی هەڵکردو لەچاو ون بوو.

عارەبانەیەکی یەك ئەسپی لەوێوە تێپەڕی .. کابرا بە پرتـاو دابەزی و هاتە پێشەوە، باوەشی بەلاشەکەدا کرد و بە بەلەپروزێوە وتی:

ـ ئادەی کوڕم ..! ئەوە چییە..؟! با بیگەیەنینە نەخۆشخانە..!

هاتەوە سەر خۆی

ـ ها..؟ نەخێر .. مەمنون، زۆریش مەمنون .. تێپەڕیووە ..! ئەگەر بارمەتیم بدەیت بیبەینەوە گوندەکەمان.

لە پرسەکەشیدا ئەوەندە خەڵك نەهاتبوون .. کەس خۆی هەڵنا قورتێنێتە ژیان و گیروگرفتی ئەو جۆرە مرۆڤانە..! دوای چەند ڕۆژێك نامەیەکیان بۆ هات:

"بەداخەوەین، ناشمانەوێ دوژمنایەتیەکەمان پەرە بێبدەین، بەڵام هەر کەسێك دەرزیمان پێدا بکات خەنجەر لە ورگی هەڵدەچەقێنین..!"

چەند کەس دەیانووت تۆڵەی دەکەینەوە، هەندێکیش ڕایان وا بوو ئەگەر نەتوانن کۆتایی بەم دوژمنایەتیە بێنن، هەوڵ بدرێت هیچی‌تر ڕوونەدات. ئەم بیری خۆی کردبۆوە، بچێتە شار، لە سوچێکدا دوکانۆچکەیەك دابنێت و دوور لە هەوای دوژمنایەتی و تۆڵە سەندنەوە! نەوەکانی پێبگەیەنێت و ژیانێکی هاکەزایی بەسەربەرن

" دوژمنایەتی بە ڕەگ و ریشەماندا چۆتە خوارەوە .. بۆ ناحەزانیش ئەم گورزەرانە شایی جنۆکانە .. ژن بە ژنیش چارەی نەکرد، نە خوێن



هەواڵنامەی کتێب

پێکەڵاو بوو ، نەسۆز و کەسایەتیش دروست بوو .. هۆش هەموو کاتێك کاری خۆی ناکات . ئاخ .. ئۆف ... "

دەستی ترازا ، لەجیاتی سوژنەکە بەرەگی ناوڕاستی گەلا توتنەکەدا بکات ، کردی بە گەڵاکەدا ، هەڵی دڕی و لەو دیویشەوە نوکەکەی چەقیە سەری پەنجەیەکی .

خورپەیەك بە دڵیدا هات و تکە خوێنی گەشی خزایە دەرەوە ، ماتبوو: " هەر خوێن و خوێن ڕشتن ، چەند جۆر خوێن ڕشتن هەیە؟! دەبا لەجیاتی خوێن ئاو لە دەمارەکاندا بوایە! کورە وەڵاهی ئاوڕشتنی بێهودە و خۆڕایش گوناهو نابەجێیە .. نا .. دەبێت ئاو لە خوێن بەنرختر بێت چونکە ئەگەر ئاو نەبووایە مرۆڤیش بەم جۆرە نەدەخولقا...! مرۆڤ چەندە زاڵمە .. وڵات هەیە خوێنی تێدا نەڕژابێت؟! دەڵێن خوێن ڕشتنی ڕەوا و ناڕەواش هەیە .. ئەمە یانی چی ؟! جارێك مرۆڤ زۆر نەرم و میهرەبان و باشەو ، جارێکیش دڵ ڕەق و زاڵم و بێ بەزەیی .. دیارە بەرژەوەندی مرۆڤ دەگۆڕێ !!.

ئاوڕێکی دایەوە . بزەیەکی کرد و دەمی پانکردەوە هەر وەکو " ڕیحان " ی هاوسەری مێشکی ئەمی خوێندبێتەوە و ئاگای لە بیرکردنەوەکەی بێت . ئەویش بۆی پێکەنیەوە ، ئینجا بەسەرسوڕمانەوە دەستی گرت و پەنجە خوێناویەکەی ئەمی بۆ دەمی خۆی برد ، بەڵام ئەم بە پەلە دەستی کێشایە دواوە و پرسی :

- چی دەکەیت ..؟

- هیچ خوێنی پەنجەت دەمژم .!

- بۆ ...؟ خوێن مژیت ..؟ یان دەتەوێت ببیتە خوێن مژ .!؟

- ئەی بەڕۆ ئەوە ئێك چوویت ..!؟

سەری هێنایە پەنا گوێیەوە :

- خوێن مژ ئاغا و بەگەکانن .. هەموو جارێك وا ناڵێیت ..؟!

دەنگێك لەو بەریانەوە هات :

- خاڵۆژن ، چی بووە ؟

- هیچ نوکی سوژنەکە سەرپەنجەی کون کرد .

سەرێکی باداو لەکار وەستا . پشتی نایە دیواری چینکەی کەپرەکەوە، تەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بۆ ماوەیەك چاوەکانی نوقاند . ئەمیش سیغارێکی پێچایەوە و دایگیرساند ، چەند مژێکی توندی لێدا و دووکەڵ بەر ڕوخساری گرت ، سووتۆی سیغارەکەی خستە سەر جێگای برینەکە و کەوتەوە کارکردن ، بەڵام لە خەیاڵیدا بە دەنگی " ڕیحان " پاشکۆی بیرکردنەوەکەی خۆی دەبیست :

ئاخ لەچی؟! دەتویست چی بلێیت؟! بۆ نالێیت مالێ بێ مێینەکی و قیرسچمەیی ئەویشم بەقوڕ گرت؟! دوژمنایەتی خەریك بوو گۆڕی وون دەبوو ، بەلام لە خۆرازی بوونی ئەو بووە هۆی تێداچوونی . زەماوەندی ژنی سێیەمی "عبدالله بەگ" بوو . "مزەفەر" یش کە خۆی بە یەکێك لە جوان مەرد و ئەسپ سوار و ناوداری ئەم ناوچەیە دەزانێت ، بەو پەڕی لە خۆرازی و لووت بەرزیەوە سەرچوپیکەی گرتبوو . ڕەشبەلەك گەرم و ئەویش بە تەواوی کەیف سازیەوە دەستەسرە ئاورشمینەکەی هەلدەسوڕاند . ئاو ئاویز بەچاوە حەیشەریەکانیەوە دەیڕوانیە ئافرەتەکانی سەر کەلەکە بەرد و بانیژەکان و سمێلە قنجەکەی بادەدا . کەبە هو مامت .. مامی ئینکارت وەکو شملێ شەر ڕۆیشت و سەر چوپیەکەی لێ سەند . ئەوەش بە دەست درێژی دادەنرێت و شتێکە لەوانەی خوێنی لەسەر دەرژێت ، بەتایبەتی لەناو خان و گەورەکانندا !

"مزەفەر" وا تێگەیشت ئەمە بەتایبەت کرابێت و بۆ ئەتك کردنی بێت .

توڕە و شەرمەزار دەستی بەرداو لە زەماوەندەکە چووە دەرەوە ، هەستی دەکرد شکێنراوە . تەنانەت منیش دیم کە برتاو بەرەو دەرەوەی کۆڕەکە دەڕۆیشت و تفێکیشی کردە سەر زەویەکە ، بەلام چەند کەسێ گوێیان لێ ببوو وتبووی:

"بەلێن بێت نەیەلم سەرچۆپیەکی تر بگرێت!"

---

● بەرامبەرێنێکە کە دوو کەسی ناحەزی یەکتری بەشێوەی یاسایی ـ ج یاسای میری یان یاسای کۆمەلگا ـ دەیکەن .

هەواڵنامەی کتێب

دوا لاپەڕە

# ڕامانێك

ئەحمەدی مەلا

کەمێك لە برینەکانمان ڕابمێنین و کەمێکیش لە ئێستامان ، ئەو کاتە دەزانین چەندێکمان دەوێت تاکو لە برین و ئێستامان نزیك ببینەوە دوو واقعیمان بەسەردا سەپێنراوە : واقیعی کوردستان لەلایەك ، واقیعی مەنفاش لەلایەکی ترەوە .

لەنێوان نیشتمان و مەنفادا لە مەنفایەکی تر دەگەڕێین ، ڕەنگە هەر مەنفایەکی تر بێت ، بە چاوی کتێبەوە ناتوانین لە واقیع بگەین : بەچاوی خۆمان کە کتێب لە پشتی یەوەیە، ئەگینا هەر وەکو " ئەحمەدییەکەی "شێخ مارفی نودیهی " لێ بەسەردێت ویستی بە فەرهەنگۆکەکەیەوە عارەبی فێری " ئەحمەدی " کوڕی بکات و لە سایەی ئەوەوە فەقێکانی تریش فێری عارەبی ببن ، ئەوانیش فەرهەنگوکەیان لەبەر کرد ، فێری عارەبیش نەبوون .

ئێمەش وەختە گشت کتێبەکان لەبەر بکەین و هێشتا لە واقیعی خۆمان نەگەیشتووین .

پرسیارێك : کێ گومان لە واقیعی کوردستانی دەکات؟

کەواتە کێ ئاگاداری کوردەکانی مەنفایە؟ سەدەها هەزار کورد لەسەر تاپای وڵاتانی ئەورووپا بڵاوبوونەتەوە ، بە ڕۆشنبیری جۆرا و جۆرو ، بە هیوای جیا جیاوە ، بە تێڕوانینی هەمەجۆرەوە . ئەگەر لە ئێستامان وورد ببینەوە هەزاران کورد دەبینین ، گشت ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی کە دەردەچن ، چەند لاپەڕەی بۆ ئازارو هیوا وهەبوونیان تەرخان کردووە ، چۆن خۆیان لەو گۆڤارانەدا دەدۆزنەوە ، چۆن خوێنەری ئەو گۆڤارانە زیاد دەبن لە کاتێکدا ئەو گۆڤارانە باسی ڕابردوویەك دەکەن کە هەمان پەیوەندییان لەگەڵیدا نەماوە ، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین پەیوەندی یەکی نوێ دروست بووە . پێویستە لەسەر بناغەی ئەو پەیوەندییە نوێیە نستەکان ئاراستەی خوێنەر بکرێت .

مەنفا نیشتمانێکی کاتی یە ، خاوەن ژیانێکی ترو دووری یەکی تر ، بۆ ئەوەی لە کوردستان نزیك ببینەوە ، لە خۆمان نزیك دەبینەوە ، باسێکی بارو دۆخی ئێستامان دەکەین ، تاکو لەناو مێژوودا بژین و لە برینەکانمان نزیك ببینەوە .

# YEKGİRTİN

KOVARE KÎ RÛŞENBÎRÎ TEORÎ YE

هەواڵنامەی کتێب

HEJMAR 4

1987

JI ALÎ BINGEHA RUSENBÎRÎ YEKGIRTIN VA TÊ DERKIRIN